

# تێگەیشتنی هەڵە لە زمان

دوکتۆر عادڵ محەمەدی

تێگەیشتنی هەڵەلەزمان

دوکتۆر عادڵ محەمەدی

# Misconception About Language

Adel Mohammadi,Ph.d

ئەم کتێبە بە پێی تیۆرییەکانی زمانناسی و هەروەها لە ڕێگەی وتووێژ لەگەڵ پسپۆڕان و شارەزایانی زانستە مرۆییەکان، بیرۆکە هەڵەکان سەبارەت بە زمان و تێگەیشتنی هەڵە لە زمان تاوتوێ دەکاتەوە:

بەشی یەکەم: کارلێکی زمانناسی لەگەڵ لقەکانی‌تر
بەشی دووهەم: زمان و جۆرەزمانەکان
بەشی سێهەم :سەبارەت بە تەندروستیی زمان و ئاخاوتن
بەشی چوارەم: حکوومەتی زمانی
بەشی پێنجەم: پێوەندیی مێتافۆرەکان لەگەڵ پرسە زمانییەکان

49books Publishing

ISBN 978-91-89818-27-9
9 789189 818279

تێگەیشتنی هەڵە لە زمان
دوکتۆر عادڵ محەممەدی
دیزاین: پەیام شوکری
شاڕۆخ ئەرژەنگی
هەڵەگری و نڤیسیاری: نەجمەدین براخاسی
چاپی دووهەم 2023 ستۆکهۆڵم-سوئد
چاپی (49books)
978-91-89818-27-9
مافی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە.

# پێڕست


پێشەکی ........ ٩

**بەشی یەکەم: کارلێکی زمانناسی لەگەڵ لقەکانیتر ........ ١١**

بازنەیزمانناسی ........ ١١

دەنگناسی وواچناسی (فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی) ........ ١٢

وشەناسی (مۆرفۆلۆجی) ........ ١٣

نەحو (سینتاکس) ........ ١٣

واتاناسی ........ ١٣

مەبەستناسی و شیکردنەوەی گوتار ........ ١٤

زمانناسیی کۆمەڵایەتی ........ ١٥

دەروونناسیی زمان ........ ١٥

دەمارناسیی زمان ........ ١٦

جۆرناسیی زمان (تایپۆلۆجیی زمان) ........ ١٦

زمانناسیی مێژوویی ........ ١٦

زمانناسیی کارەکی ........ ١٦

زمانناسیی کۆمپیوتەر ........ ١٧

زمانناسیی کاگنێتیڤ (زمانناسیی ناسینی) ........ ١٧

زمانناسیی مرۆڤناسانە ........ ١٧

زمانناسیی دادوەری ........ ١٨

زمانناسیی سیاسی ........ ١٨

زمانناسیی پەیکەرەیی ........ ١٩

زمانناسیی پەرەسەندنی ........ ١٩

زانناسیی بایۆلۆژیک (ژیوزمانناسی) ........................................................ ١٩
زانناسیی ژینگەیی ........................................................................... ٢٠
زانناسیی ئەدەبی ............................................................................. ٢٠
زانناسیی بیرکاری............................................................................ ٢١
زانناسیی ئابووری ........................................................................... ٢١
زانناسیی گەردوونی ......................................................................... ٢١
زانناسیی پەروەردەیی ....................................................................... ٢٢
فەرهەنگنووسی............................................................................... ٢٢
فەلسەفەی زمان .............................................................................. ٢٢
شێوازناسی.................................................................................... ٢٢
نیشانەناسی ................................................................................... ٢٣
زانناس کێیە؟ ................................................................................. ٢٦
**بەشی دووهەم: زبان و جۆرە زمانەکان** ............................................... ٣١
ڕوانگەی زماننەناسانەکان ..................................................................... ٣١
پێناسەی زمان................................................................................. ٣٢
زمان و زار ..................................................................................... ٣٥
زار و شێوەزار................................................................................. ٤٢
شێوازی ئاخاوتن و شێوەزمان ................................................................ ٥٥
جۆرەزمان ..................................................................................... ٥٦
سەرهەڵدانی زمان............................................................................ ٥٦
ئەفسانەی زمانی پەتی و پاراو............................................................... ٦١
دەستەواژەی «زمانی دایکی» ................................................................ ٦٧
ڕیشەناسیی ڕەمەکییانە و هەڵەبەریی ڕیشەناسانە........................................... ٧٢
**بەشی سێهەم: سەبارەت بە تەندروستیی زمان و ئاخاوتن** ............................. ٧٧

دژانبەریی ڕەچەتەگەرایی و وەسفگەرایی ........................................ ٧٧
1. پەتیگەریی زمانی ........................................ ٧٨
2. نووسینی بێهەڵە بەپێی ڕێنووسی ستاندارد ........................................ ٨٢
وشەی بانگکردن لە زماندا ........................................ ١٠٤
شێوازی نووسین ........................................ ١٠٧
جوانوێژی و ناحەزوێژی لە زماندا ........................................ ١٠٩
تێگەیشتنی هەڵە لە وەرگێڕان ........................................ ١١٢
**بەشی چوارەم: حکوومەتی زمانی ........................................ ١٢١**
گوتاری سیاسەتی زمانی ........................................ ١٢١
ئایدیۆلۆژیا زمانییەکان ........................................ ١٢١
ئایدیۆلۆژیای یەک زمان-یەک نەتەوە ........................................ ١٢٢
ڕەخنەیەک لەسەر ئایدیۆلۆژیای «یەک زمان-یەک نەتەوە» ........................................ ١٢٤
ناونانی زمانەکان ........................................ ١٤٩
نیۆلیبراڵیزم و کاڵاییکردنی زمان ........................................ ١٥٤
ناسنامەسازی بەپێی زمان ........................................ ١٥٧
**بەشی پێنجەم: پێوەندیی مێتافۆرەکان لەگەڵ پرسە زمانییەکان ........................................ ١٦١**
مێتافۆرەکان و پرسی زمان ........................................ ١٦١
ڕێکردی مێتافۆری لە ڕوانگەی باتیستێلاوە ........................................ ١٦٢
ڕێکردی سێڕەهەندی لە ڕوانگەی ڕویزەوە ........................................ ١٦٣
شیکردنەوەی مێتافۆرەکان لە زەینی خەڵکدا ........................................ ١٦٣
شیکردنەوەی مێتافۆری «زمان وەک نەتەوە» ........................................ ١٦٤
شیکردنەوەی مێتافۆری «زمان وەک سەرمایە» ........................................ ١٧٠
شیکردنەوەی مێتافۆری «زمان وەک بوونەوەرێکی زیندوو» ........................................ ١٧٤
شیکردنەوەی مێتافۆری «زمان وەک بیرکردنەوە» ........................................ ١٧٦

شیکردنەوەی مێتافۆری «زمان وەک شتێکی ئەنتیک»........................................................ **١٧٧**
شیکردنەوەی چەندێتیی مێتافۆرەکان.......................................................................... **١٨٦**
وشەنامە......................................................................................................... **١٨٩**
سەرچاوەکان: ................................................................................................. **١٩٧**

## پێشەکی

لەم ساڵانەی دواییدا، لەگەڵ پەرەسەندنی ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، بیر و بۆچوونە نازانستییەکان سەبارەت بە زمان و زمانناسی لەلایەن بەکارهێنەرانی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانەوە چڕتر بووەتەوە. بێگومان ئەمە بەو واتایە نییە کە لە ڕابردوودا ئەم بیر و بۆچوونە نازانستییانە نەبووە؛ بەڵام ئەمڕۆ پێداویستییەکانی چاپەمەنی بۆ هەمووان لە لایەک و میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەکی ترەوە، دەستڕاگەیشتن بە بابەتی هەڵە و زانیارییە ناڕاستەکان سەبارەت بە زمان ئاسانتر دەکەنەوە. هەر بۆیە کاتێک ئەم بیرۆکە هەڵە و بۆچوونە نازانستییانەم سەبارەت بە زمان دەبیست و دەخوێندەوە، بەپێویستم زانی لە کتێبێکدا بە ئارگیومێنت و بەڵگاندنێکی زانستییەوە وەڵامی ئەم بیر و بۆچوونانە بدەمەوە و بە شێوەیەکی داتاتەوەرانە بابەتەکان شرۆڤە و شیکاری بکەمەوە.

بەگشتی، ئەم بەرهەمە بەپێی تیۆرییەکانی زمانناسی و هەروەها لە ڕێگەی وتووێژ لەگەڵ پسپۆڕان و شارەزایانی زانستە مرۆییەکان، بیرۆکە هەڵەکان سەبارەت بە زمان و تێگەیشتنی هەڵە لە زمان تاوتوێ دەکاتەوە. بەشی یەکەمی کتێبەکە زمانناسی و لقەکانی زمانناسی پێناسە دەکات، هەروەها کار و ئەرکی سەرەکیی زمانناس دەخاتە ڕوو. بەشی دووهەم، پێناسەی زمان، زار، شێوەزار، شێوازی وتن و جۆرەزمانەکان لە ڕوانگەیەکی نوێوە شی دەکاتەوە و سەرچاوە و سەرەتای سەرهەڵدانی زمان لەگەڵ گریمانەکانی، دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. باسێکی تر دیرۆک و چیرۆکی زمانی بەرز و نزمە و چەمکەکانی زمانی دایکییە کە لە ڕوانگەیەکی نوێوە لێک دەدرێتەوە. بەشی سێهەم دەپەرژێتە سەر «ڕێنووسی هەڵە و ڕێنووسی ناهەڵە» و دواتر خەسارناسیی گۆڕانی ڕێنووس شرۆڤە دەکاتەوە. بەشی چوارەم لەسەر سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا زمانییەکان باس دەکات کە ڕەخنە لە بیرۆکەی «یەک زمان-یەک نەتەوە» دەگرێت. هەروەها ناسنامەسازیی زمانی و جۆراوجۆریی زمانی، تەوەری سەرەکیی ئەم بەشەیە. لە بەشی پێنجەمدا، باس لەو مێتافۆرانە دەکرێت کە سەبارەت بە پرسی زمان لە زەین و مێشکی خەڵکدا جێیان گرتووە.

لە کۆتاییدا بۆ ئەو مامۆستا و توێژەرانەی کە لە نووسینی ئەم کتێبەدا یارمەتییان داوم وەک دوکتۆر مەسعوود بینەندە کۆمەڵناس، دوکتۆر کامران مورادی کۆمەڵناس، دوکتۆر سەتار محەممەدی کۆمەڵناس، دوکتۆر ئاڤیر کەلهوڕ کۆمەڵناس، دوکتۆر ئیرەج مێهربەخش زمانناس و دوکتۆر پژمان بەرخورداری کۆمەڵناس و دوکتۆر عەلی سوڵتانی زمانناس و دوکتۆر سەردار فتووحی کۆمەڵناس و دوکتۆر زەهرا ئەبولحەسەنیی چیمە زمانناس، دوکتۆر کاوە قادری دەروونناس، دوکتور موجتەبا مونشیزادە زمانناس، دوکتور مێهدی سەجادی زمانناس، دوکتور ڕەزا ئەمینی زمانناس، دوکتۆر ئاران ئەمینی دوکتۆرای زانستی کۆمپیوتەر، دوکتۆر سادق محەممەدی زمانناس، دوکتۆر لەیلا ئەردەبیلی زمانناس و مرۆڤناس، دوکتۆر مەنیژە میرموکری زمانناس، دوکتۆر

محەممەد بازئەفکەن کۆمەڵناس، دوکتۆر هیوا وەیسی زمانناس، دوکتۆر ڕەحیم سورخی زمانناس و دوکتۆر ئەمیر محەممەدی مێژووزان، سپاس و پێزانینی خۆم دەردەبڕم.

هەروەها دەستخۆشی لە هاوڕێیانی زمانزان و وەرگێڕ کاک جەبار شافعی‌زادە، پووریا سادقی، مورتەزا مورادی و ئیسماعیل خودایی دەکەم کە لە نووسینی ئەم کتێبەدا هاوکارم بوون، بەتایبەت هاوڕێی ئازیز و زانام کاک سمکۆ حەیدەری، کاک خەلیل ئەحمەدی و مامۆستا عەباس بەختیاری و هەروەها خاتوو ژین قادری و دوکتۆر ڕەحیم سورخی و کاک بێهنام دورویی کە بە پێداچوونەوە و پێشنیارەکانی خۆیان ئەم بەرهەمەیان دەوڵەمەند کردەوە. هەروەها سپاسی هاوڕێیانی هێژا کاک هۆران حەلیمی و کاک ئەسعەد وەرمەزیار و خاتوو ئێریسا محەممەدی و سەرجەم ئەندامانی قوتابخانەی زمانکەدە دەکەم کە بۆ ئامادەکردن و ناساندنی ئەم کتێبە پاڵپشتم بوون. لە دوای هەمووی ئەم بەڕێزانەش سپاسی تایبەتی کاک نەجمەدین براخاسی (هەوار) دەکەم کە بەوپەڕی وردبینی و سەرنجەوە کاری هەڵەگری و نڤیسیارییەکەی بۆ کردم تا ئەم بەرهەمە بە کەمترین هەڵەوە بگاتە بەردەستی خوێنەران. هیوادارم ئەم کتێبە بتوانێ وەڵامێک بێت بۆ ئەو تێڕوانین و تێگەیشتنە هەڵانەی کە سەبارەت بە زمان دەردەبڕدرێن و دەخرێنە ڕوو.

## بەشی یەکەم:
## کارلێکی زمانناسی لەگەڵ لقەکانیتر

### بازنەیزمانناسی

دەتوانین «زمانناسی» وەک زانستی گشتیی زمان و هاوشانی ئەمەش، «بیرکاری» وەک زانستی گشتیی ژمارەکان بناسین. بە وتەیەکی دیکە، ئەگەر بیرکاریی ڕەها، هەمبارێکی ناوەندی لە دەسکەوت و میتۆدەکان بێت (وەکوو بوارەکانی مەکانیکی کوانتۆمی، کارەبا و ...)، هەر بە هەمان شێواز، زمانناسیش ڕاپۆرتێکی تیۆرییانە لە چییەتی زمانی مرۆیی ئاراستە دەکات. ئەو کەسانەی کە دەپەرژێنە سەر لقەکانی فێرکاریی زمان، وەرگێڕان، فەرهەنگنووسی، تاوتوێکردنی شێوازی ئەدەبی، مرۆڤناسیی کەلتووری، فەلسەفە و دەروونناسی و هتد، دەتوانن بەو جۆرەی کە پێویستیانە لە زمانناسی کەڵک وەربگرن. ئامانجی زمانناسی ئاراستەکردنی کۆمەڵێک تیۆری لەو پێکهاتە و سیستەمانەیە کە لەگەڵ دیاردەی زماندا گرێ دەدرێن و هەر بەشێک لەگەڵ بەشەکانی دیکەدا پێوەندییەکی چڕوپڕی هەیە. ئەو لق و بوارانەی دیکە کە پێوەندییان بە زمانەوە هەیە، ڕەنگە بەپێی پێویستییان لەم هەمبارە ناوەندییە کەڵک وەرگرن (دیکسۆن[١]، 2016: 11) و ئەمەش یەکێک لە نیشانەکانی گشتگیربوونی زمانە کە لە کۆڵینەوە و تاوتوێکردنیدا، توێژەرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و زانستە سروشتییەکان هەر یەکەیان لە تێگەیشتنی شێوەی بەکارهێنان و ئەرکی زماندا هاوبەشن و بەپێی ڕوانگە و میتۆدەکانی خۆیانەوە زمان تاوتوێ دەکەن (نیومار[٢]، 1998: 4-3).

پێدەچێ دەستەواژەی زمانناسی «Linguistics» لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەی زایینی و لە کاتی ڕیزبەندیی زانستەکاندا کەوتۆتە بەر باس. ئەم دەستەواژەیە لە لایەن دێنیسەوە[٣] لەگەڵ مێژووی ئەدەبیات، کتێبناسی، شوێنەوارناسی، ڕەخنەی ئەدەبی، ڕەوانبێژی، بووتیقا (تەکنیکی شیعر و هۆنراوە) و وەک بەشێک لە وشەناسی[٤] ڕیزبەندی کراوە. زمانناسی وەک خۆی بریتییە لە تاوتوێکردنی زمان، خەتناسی، ڕێزمان و وشەناسی. دەستەواژەی ئاماژەپێکراو، خێرا دەبێتە بنێشتە خۆشەی سەر زاری لێکۆڵەران و توێژەران و پێدەچێ کە دەوروبەری ساڵی 1800ی زایینی، دەستەواژەیەکی باو بووبێت. دەستەواژەی زمانناسی بۆ یەکەم جار لە فەڕەنسا و لە لایەن ش. نوودییەوە[٥] پێناسە دەکرێت و لە بەریتانیا و لە بەرهەمەکانی و. ویول[٦]دا بەکار هێنراوە (صفوی، 1392: 98-97).

---

[١]. Dixon
[٢]. Newmeyer
[٣]. Denis
[٤]. Philology
[٥]. Ch.Nodier
[٦]. W.Whewell

لە یەکەمین کۆنگرەی زمانناسیی لاهە لە ساڵی 1982دا، ئانتوان مییە[1] سەربەخۆیی زمانناسیی ڕاگەیاند؛ بەڵام هەر لەو کۆنگرەیەدا جەخت لەسەر پێوەندیی نێوانزمانناسی و زانستەکانی دیکە و پێویستبوونی کاری بەکۆمەڵ لە بوارە جۆراوجۆرە زانستییەکاندا کراوە. پاش کۆنگرەی لاهە، ئیدوارد ساپیر[2] هەڵوێست و کاردانەوەی بەرانبەر بە کۆنگرەی لاهە هەبووە و لەسەر ئەو بڕوایە بوو کەزمانناسی خوازراو یان نەخوازراو پێویستە بە شێوەیەکی بەرچاو و بەربڵاو لەگەڵ لقەکانی مرۆڤناسی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، فەلسەفە، مێژوو، فیزیا و فیزیۆلۆژی پێوەندی هەبێت؛ چونکە زمانناسیی هاوچەرخ ناکرێ سنووردار بکرێتەوە بۆ تیۆرییە سوننەتییەکان و ڕوانگەی تاکەڕۆییانە و کورتبینانە، دەبێتە هۆی بەلاڕێداچوونی زانست. هەر بۆیە ساڵی 1967 لە بوخارێست، پێوەندیی زمانناسی لەگەڵ زانستەکانی دیکە پێگە و نرخێکی تایبەتی پێ درا و ڕەنگدانەوەیەکی زیاتری هەبوو. ژان پیاژە[3] لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە دەکرێ زمانناسی وەک پێشکەوتووترین زانست بخرێتە ڕوو و هۆکاری ئەمەشی دەگەڕاندەوە سەر پێکهاتەی تیۆریکی و وردبینیی ئەو ڕۆڵ و دەورەی کە زمانناسی دەیگێڕێ و ئەو پێوەندییە بەنرخەی کە لەگەڵ لقەکانی دیکەی زانست هەیەتی (یاکوبسێن[4]، 1963: 27-25).

بەگشتی، زمانناسی وەک لقێکی پسپۆڕانە و سەرەکی، «زانستی گشتیی مرۆڤ سەبارەت بە زمانی ئاخێوەران» لە بوار و ڕوانگە جۆراوجۆرەکانەوە تاوتوێ دەکات. دەکرێ بەشێک لەم جۆراوجۆرییە بە شێوەیەکی بەرتەسک و لە بەرانبەردا بە شێوەیەکی بەربڵاو لە چوارچێوەی زمانی مرۆڤدا تاوتوێ بکرێت. لە چوارچێوەی بەرتەسکی زماندا جەخت لەسەر سیستەم و پێوەندیی دەروونیی زمان دەکرێتەوە کە بەزمانناسیی ورد[5] یان زمانناسیی تێورییانە یان تیۆریکی[6] تیۆریکی[6] ناو دەبرێت؛ بەڵام بەربڵاوترین بواری بابەتی زمان، ئەو بوارەیە کە زمان لەگەڵ لقەکانی دەرەوەی خۆی پێوەندیی دەبێت. بەم پێیە، زمان کاریگەری لەسەر هەندێ لە فاکتەرە ئاقارییەکان دادەنێت و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێکی دیکە لەو فاکتەرانەوە. ئەو لقەی زمانناسی کە لە ڕوانگەی پێوەندیی دوولایەنە لەگەڵ بنکەکانی دەرەوەی خۆی زمان تاوتوێ دەکات، وەک زمانناسیی درشت[7] پێناسە دەکرێت (زەندی، 1393 وەرگیراو لە لاینز[8]، 1981: 36).

**زمانناسیی ورد کە دەپەرژێتە سەر سیستەمی ناوخۆیی زمان، بریتییە لە:**

**1. دەنگناسی وواچناسی[9] (فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی)**

دەنگناسی دەپەرژێتە سەروەسفکردنی دەنگەکان (لەدێ فوگێد[10]، 2012: 2). بە وتەیەکی دیکە، زانستی تاوتوێکردنی دەنگەکانی زمانە مرۆییەکان کە شێوەکانی وەسفکردن، ڕیزبەندی و نووسینی دەنگەکان دەگرێتەوە، بە دەنگناسی ناوی لێ دەبەن (مودەڕس قەوامی، 1394 :13).

---

[1]. Antoine Meillet
[2]. Edward Sapir
[3]. Jean Piaget
[4]. Jakobson
[5]. Microlinguistics
[6]. Theoretical linguistics
[7]. Macrolinguistics
[8]. Lyons
[9]. Phonetics & Phonology
[10]. Ladefoged

ئەڵبەت کۆمەڵێک لە زمانناسان بە ڕوانگەیەکی کۆنەوە، لەسەر ئەو باوەڕەن کەدەنگناسی تایبەت بەزمانناسی نییە و لە بوارەکانی دیکەشدا کەڵکی لێ وەردەگرن؛ بەڵام واچناسی تایبەت بەزمانناسییە کە بە وتەی کار[١] (2008 :130) واچناسی تاوتوێکردنی سیستەمە دەنگییەکانی زمانی زمانی مرۆڤە و مودیلە واچییەکانی زمان شی دەکاتەوە. بەپێی ئەم پێناسەیە واچناسی، بەدەنگناسیی ئەرکی[٢] ناوی لێ دەبەن.

**2. وشەناسی (مۆرفۆلۆجی)[٣]**

وشەناسی یان مۆرفۆلۆجی لە سیستەمی زماندا پێکهاتەی وشە تاوتوێ دەکات. بە وتەیەکی دیکە، وشەناسی بەشێکە لە ڕێزمان کە پێکهاتەی ناوخۆیی وشە و یاسا و ڕێساکانی وشەڕۆنان تاوتوێ دەکات (کاتامبا و ئێستانهام[٤]، 2006 :2).

**3. نەحو[٥] (سینتاکس)[٦]**

نەحو یان سینتاکس پێکهاتەی ڕستە تاوتوێ دەکات. بە وتەیەکی دیکە، نەحو بەشێکە لەزمان کە دەپەرژێتە سەر شێوازی ڕێکخستنی سازێنەر و بەشەکانی ڕستە و یاسا و ڕێسای پێکهاتەی ڕستە تاوتوێ دەکات و ئەرکی زمانناس لە شیکردنەوەی پێکهاتەی نەحوی لە هەر ڕستەیەکدا، دەستنیشانکردنی هەر یەک لە سازێنەرەکان و بەشەکانی ڕستەیە و دیاریکردنی ئەوەی کە هەر سازێنەرێکی ڕستە دەگەڕێتەوە سەر کام بابەت و چ دەورێک دەگێڕێ (ڕەدفۆرد[٧]، 2009: 1).

لە ڕوانگەی سوننەتیدا، نەحو دەپەرژێتە سەر تاوتوێکردنی ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە پاش تێکەڵکردن و ڕێکخستنی وشەکان، ڕستە ساز دەکات و لە بەرانبەر مۆرفۆلۆجی (وشەناسی) دا دەردەکەوێت؛ بەڵام ڕوانگەی ئەمڕۆ، نەحو وەک تاوتوێکردنی پێوەندیی ناوخۆیی نێوان بەش و پێکهاتەکانی ڕستە و ڕێساکانی ڕێکخستنی ڕستە، دەستنیشان دەکات. لە قۆناغە سەرەتاییەکانی زمانناسیی بەرهەمهێنان، بەشی نەحو یەکێک لە سێ بەشی سەرەکیی (لەگەڵ بەشی واچی و بەشی واتایی) ڕێزمانە کە بریتییە لە یاسا و ڕێساکانی بەرهەمهێنانی پێکهاتە پێوەندیدارەکان بە نەحو یان سینتاکسەوە (راسخ مهند، 1393: 336)

**4. واتاناسی[٨]**

واتاناسی، لقێکە کە دەپەرژێتە سەرتاوتوێکردنی واتا و دابەش دەبێتە سەر سێ بەشی «واتاناسیی فەلسەفی»، «واتاناسیی لۆژیک» و «واتاناسیی زمانی». لە زمانناسیدا، سەرنجی سەرەکیی واتاناسان دەدرێتە سەر واتاناسیی زمانی (گندم‌کار، 1399: 278). بەگشتی، لە

[1]. Carr
[2]. Functional phonetics
[3]. Morphology
[4]. Katamba& Stonham
[5]. لە کوردیدا بۆ سینتاکس ڕستەسازی دانراوە کە بەپێی ئەوە لە پێکهاتەی ڕستەدا و لە داڕشتن و لێکدران و لە تێکەڵکردن لەگەڵ وشەگەلی دیکەدا جوان ناگونجێت، لێرەدا هەرئەو نەحو یان سینتاکسم داناوە.
[6]. Syntax
[7].Radford
[8].Semantics

واتاناسیدا، بابەتی واتا بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەستێن[1] تاوتوێ دەکرێت؛ واتە ئیش و کارمان لەسەر واتای وشەکان، دەستەواژەکان و ڕستە زمانییەکانە (چەپمەن[2]، 2012 :19).

لقە ئاماژەپێدراوەکان واتە «دەنگناسی»، «واچناسی»، «مۆرفۆلۆجی یان وشەناسی»، «سینتاکس یان ڕستەسازی یان نەحو» و «واتاناسی» کە بەبێ ئاوڕدانەوە لەسەر فاکتەرەکانی دەرەوەی زمان دەپەرژێنە سەر شیکردنەوەی سیستەمەکانی زمان، وەکزمانناسی ورد پێناسە دەکرێن کە تەوەری سەرەکیی توێژینەوە زمانناسانەکان پێک دەهێنن؛ بەڵام زمانناسیی درشت وێڕای ئەوەی کە خودی زمان دەگرێتەوە فاکتەرەکانی دەرەوەی زمانیش لە بەر چاو دەگرێت.

**ئەو لقانەی ژێرەوە کە دەکەونە ڕیزی‌زمانناسیی درشتەوە بەم شێوەی خوارەوە باس دەکرێن:**

**1. مەبەستناسی و شیکردنەوەی گوتار[3]**

مەبەستناسی لەسەر تاوتوێکردنی واتا دەکۆڵێتەوە، ئەو واتایەی کە ئاخێوەر یان نووسەری دەق ڕایدەگوێزێتەوە و بیسەر یان خوێنەری دەق لێکیدەداتەوە. لە ئەنجامیمەبەستناسیدا ئیش و کار زیاتر دەچێتەوە سەر شیکردنەوەی مەبەستی ئاخێوەران لە گوتەکانیان، نەک واتای خودی وشەکان یان دەستەواژەیەک کە بەکاری دەهێنن یان دەریدەبڕن. بەم شرۆڤەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مەبەستناسی واتە تاوتوێکردنی مەبەستی ئاخێوەر (یول[4]، 2000: 8).

شیکردنەوەی گوتار ئاماژەیە بۆ ئەو بابەتەی کە چلۆن ڕستەکان لە زمانی گوتن و نووسیندا دەبنە هۆی خولقاندنی یەکەیەکی واتاداری گەورەتر وەک گفتوگۆ و ئاخاوتن و یان جۆرەکانی دەقە نووسراوەکان و گوتراوەکان. ئەم ڕێکردە وەسفکردنەوە، لێکدانەوە، ڕوونکردنەوەی گوتارە ڕکابەرەکان بە بنەما و ڕێکارەکانی زانستی زمانناسی (وەک واتاناسی، نەحو یان سینتاکس، دەنگناسی، واچناسی، مۆرفۆلۆجی یان وشەناسی ومەبەستناسی) و زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کەلتووری۔کۆمەڵایەتی، زانستیدەروونناسانە-کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی، هێز، مێژوو، ئایدیۆلۆژیا، ڕیزبەندیی گوتاری، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، کردەگەرە کۆمەڵایەتییەکان[5] دەگرێتەوە. مەبەست و ئامانجی شیکردنەوەی گوتار لە ئاستیوەسفکردندا ئەوەیە کە دەق لە ناو بەستێنی نازمانی[6] و کۆمەڵایەتی۔کەلتووریيە جۆراوجۆرەکاندا چۆن پێک دێت و هەروەها بێژەر و بیسەر یان خوێنەر چۆن لەم دەقەدا بەشدار دەبن و چۆن دەتوانن بە پشتبەستن بە بنەما تیۆریکەکان و ڕێکارەکانی زمانناسی، واتا و دەوری بەشداربووان و وتەکانیان وەسف بکەن. بەگشتی، مەبەست لە شیکردنەوەی گوتار لە ئاستی وەسفیدا ئەوەیە کە دەق لە ناو بەستێنە کۆمەڵایەتی۔کەلتوورییەکاندا بە چ شێوەیەک پێک دێت و کردەگەرە کۆمەڵایەتییەکان بە چ شێوەیەک لە ناو ئەم دەقانەدا دەردەکەون و بە چ شێوەیەک دەتوانین بنەمای تیۆری و ڕێکارە زمانییەکان و دەوری کردەگەرەکان و هەروەها گوتەکانیان وەسف بکەین. ئاستی وەسفی بەپێی

[4] .Yule
[5].Social actors
[6]. Nonlinguistic context

[1]. Context
[2]. Chapman
[3]. Pragmatics & Discourse analysis

وەسفکردنی دەقەکانە و پێوەندیی بە هێز و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە نییە. یەکەمین کەسێک کە بە ڕوانگەی ڕەخنەگرانەوە هەڵیکوتایە سەر شیکردنەوەی گوتاری وەسفی، نۆرمەن فێرکلاف[1] بوو. بە بڕوای ئەو، کارێکی ساویلکانەیە ئەگەر گفتوگۆی نێوان تاکەکان لە ئاستی زمانیدا، بە شێوەی سەربەخۆو جیا لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگا (بابەتە گوتارییەکانی وەک هێز، ئایدیۆلۆژیا، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان) سەیر بکرێت؛ چونکە زمان و هێز و گوتار پێوەندیی دیالکتیکییان پێکەوە هەیە؛ واتە زمان گوتار ساز دەکات و لە جێی خۆیدا گوتاریش زمان ساز دەکاتەوە (آقاگلزادە، 1392:58-57).

### 2. زمانناسیی کۆمەڵایەتی[2]

زمانناسیی کۆمەڵایەتی پێوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵگا وەسف دەکات (وارداف[3]، 2005:1) و ئەو لقە لەزمانناسییە کە سەروکاری لەگەڵ زمان وەک دیاردەیەکی کەلتووری و کۆمەڵایەتی هەیە. بە وتەیەکی دیکە، زمانناسیی کۆمەڵایەتی لە بواری پێوەندیی زمان و کۆمەڵگاوە توێژینەوە دەکات و پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت دەروونناسیی کۆمەڵایەتی، مرۆڤناسی، جوگرافیایی مرۆیی و کۆمەڵناسی هەیە (ترادگیڵ[4]، 38:2000). جیاوازیی نێوان «کۆمەڵناسیی زمان»[5] و «زمانناسیی کۆمەڵایەتی» ئەوەیە کە زمانناسیی کۆمەڵایەتی توێژینەوەی زمان بە لەبەرچاوگرتنی کۆمەڵگا ئەنجام دەدات؛ واتەتاوتوێکردنی زمان لە پێوەندیی لەگەڵ کۆمەڵگادا ئەنجام دەدرێت؛ بەڵام کۆمەڵناسیی زمان توێژینەوەی کۆمەڵگایە بە لە بەرچاوگرتنی زمان؛ واتە لە کۆمەڵناسیی زماندا تەنیا توێژینەوەی زمان ئەنجام نادرێت؛ بەڵکوو فاکتەرەکانی بەدەر لە زمانیش لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت (هادسۆن[6]، 1996 :4).

### 3. دەروونناسیی زمان[7]

سەرچاوەی دەروونناسیی زمان دەگەڕێتەوە سەر زانستەکانی دەروونناسی، زمانناسی، کۆمپیوتەر، دەمارەکان و زانستی کاگنێتیڤ (کولز[8]،2011). بەگشتی، دەروونناسیی زمان زانستێکە کە لە شوێنی پێکگەیشتنی دەروونناسی و زمانناسیدا سەری هەڵداوە و بوارە ئاکاری و هۆشەکییەکان بەپێی ئەرکی زمان شی دەکاتەوە و هەروەها بریتییە لە تاوتوێکردنی پێوەندیی نێوان ئاڵۆزبوونی ڕێزمانی و ئاڵۆزبوونی دەروونناسانە و هەروەها هەوڵ بۆ سازدانی جیاوازیی نێوان ئەو شتەیە کە «ئاخێوەر لەسەر زمانی خۆی دەزانێت» و «شێوەی بەکارهێنانی زمانەکەیەتی» (نیلیپور و هاوکاران، 1392: 160-159).

---

1. Norman Fairclough
2. Sociolinguistics
3. Wardhaugh
4. Trudgill
5. Sociology of Language
6. Hudson
7. Psycholinguistics
8. Cowles

### 4. دەمارناسیی زمان[1]

دەمارناسیی زمان یان نیۆرۆلینگویستیکس لقێکی نێوانزانستییە لە زانستەکانی پزیشکی و زمانی کە دەپەرژێتە سەر بنەما توێگەرییەکانی (ئەناتۆمیکییەکانی) مێشک و زمان، یان پێوەندیی زمان و مێشک و هەروەها دۆزینەوەی هۆکاری کێشە و گرفتەکانی ئاخاوتن و زمان لە ئەنجامی ئەو خەسار و زەبرانە کە لە مێشک دەکەوێ. تاوتوێکردن لەسەر جۆرەکانی زمان-ئاڵۆزی، خوێندنئاڵۆزی، نووسینئاڵۆزی واتە ناتەواوبوون لە نووسین و خوێندن و گرفتەکانی دیکەی ئاخاوتن و زمان کە هۆکاریان دەگەڕێتەوە سەر زەبرلێکەوتنی سیستەمی ناوەندیی دەمارەکان یان گرفتەکانی مێشک، لە بازنەی تاوتوێکردنەکانی دەمارناسیی زماندا دەردەکەون (نیلیپور و هاوکاران، 1392: 132).

### 5. جۆرناسیی زمان (تایپۆلۆجیی زمان)[2]

جۆرناسیی زمان یان تایپۆلۆجیی زمان واتە ڕیزبەندیی زمانەکان بەپێی تایبەتمەندییە زمانییە هاوبەشەکان یان تایبەتمەندییە پێکهاتەییەکانیان (کرافت[3]، 2003 :1). لەسەر ئەم بنەمایە، جۆرناسیی زمان لە لایەکەوە جیاوازە لە ڕیزبەندیی پێکهێنەرانە کە هەوڵ دەدات ڕەچەڵەکی هاوبەش لە نێوان زمانەکاندا دەستنیشان بکات و لە لایەکی دیکەوە جیاوازیشە لەگەڵ ڕیزبەندیی ئەتنیکی کە زمانەکان بەپێی جوگرافیا، ژمارەی ئاخێوەران و گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە ڕیزبەندی دەکات. ئامانجی کۆتایی ئەم لقە ئەوەیە کە لایەنە هاوبەشەکانی پێکهاتەی زمان دیاری بکات و دواسنووری جیاوازییەکانی نێوان زمانە جۆراوجۆرە مرۆییەکان ڕوون بکاتەوە (راسخ مهند و دیگران، 1394 :138).

### 6. زمانناسیی مێژوویی[4]

زمانناسیی مێژوویی دەپەرژێتە سەر تاوتوێکردنی گۆڕانی زمانەکان و چۆنێتی و چییەتییان (کمپبل و میکسکو[5]، 2007 :77). بە وتەیەکی دیکە، ئامانجی گشتیی زمانناسیی مێژوویی تاوتوێکردنی چۆنێتیی گۆڕانی زمانەکانە و ئەوەی کە ئەگەری چ جۆرە گۆڕانکارییەکی زمانی لە ئارادایە (نغزگوی کهن، 1394 :203). لە ئەنجامی ئەم دەسکەوتە سەرسوڕهێنەرانەدا، توێژینەوەی زمان و پێشینەی کۆن و پێش مێژووی زمانەکان، بە ناوی زمانناسیی مێژوویی گەشەی کردووە (تراسک و میبلین[6]، 2000 :17).

### 7. زمانناسیی کارەکی[7]

زمانناسیی کارەکی، بوارێکی توێژینەوەیی نێوانزانستییە کە ئامانجەکەی دەبێتە تاوتوێکردن و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی زمان و بەهۆی سروشتی خۆی لەگەڵ لقەکانی دیکە وەک

---

[1]. Neurolinguistics
[2]. Linguistic/ Language Typology
[3]. Croft
[4].Historical linguistics
[5].Campbell & Mixco
[6]. Trask & Mayblin
[7]. Applied Linguistics

دەروونناسی، کۆمەڵناسی، دەمارناسی، فێربوون و فێرکاریی زمان و وەرگێڕان پێوەندییەکی چڕوپڕی هەیە (محمودزادە، 1394 :69). شمیت[1] لەسەر ئەو باوەڕەیە کە زمانناسیی کارەکی ڕوانگەی ئێمە سەبارەت بە زمان و چۆنێتیی فێربوونی زمان و هەروەها بەکارهێنانی زمان تاوتوێ دەکات (شمیت، 2002). ناسراوترین پێناسەی ئەم لقە تاوتوێکردنی تیۆریک و ئەزموونیی پرسەکانی جیهانی ڕاستەقینەیە کە زمان لە ناویدا بابەتێکی سەرەکییە (گروم و لیتڵمور[2]، 2011 .(5:

## 8. زمانناسیی کۆمپیوتەر[3]

زمانناسیی کۆمپیوتەر ڕێکردێکی نێوانزانستییە کە لە ڕوانگەی کۆمپیوتەرەوە پرس و بابەتە زمانییەکان تاوتوێ دەکاتەوە. ئامانجی سەرەکیی ئەم بوارە تێگەیشتن و وەبەرهێنانی زمانی سروشتییە لە چوارچێوەی ئاخاوتن و نووسیندا. بۆ گەیشتن بە ئەم مەبەستە، زانستی زمانی دەبێ بە شێوازێکی ئەلگوریتمی بێت کە دەفرایەتیی تێگەیشتن و دەکارهێنانی بە کۆمپیوتەر هەبێت. زمانناسیی کۆمپیوتەر بەشێکە لە زانستە کاگنێتیڤ و هۆشەکییەکان کە لەگەڵ بواری ژیریی دەستکرد وەک ژێرلقێک لە زانستی کۆمپیوتەر پێکداچوونێکی زۆری هەیە (شهریاریفرد، 1396).

## 9. زمانناسیی کاگنێتیڤ[4] (زمانناسیی ناسینی)

زمانناسیی کاگنێتیڤ یان لە کوردیدا زۆرجار بە «هۆشەکی، ناسیاری و ناسینی» ناوی لێ دەبەن، ڕوانگەیەکی نوێیە لەمەڕتوێژینەوە و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە پێوەندیی زمان و هزر (ئیوانز[5]، 2007: 22). بە واتایەکی دیکە، زمانناسیی کاگنێتیڤ ڕوانگەیەکە لەسەر توێژینەوەی زمان کە تێیدا توانا زمانییەکانی مرۆڤ لە توانا هۆشەکییەکانی دیکەی جیا ناکرێتەوە. لە ڕاستیدا زمانناسیی کاگنێتیڤ ڕوانگەیەکی جیاوازە بۆ زمان کە بەپێی ئەزموون و تێڕوانینەکانی مرۆڤە لە جیهانی دەوروبەری (عبدالکریمی، 1393 :102).

## 10. زمانناسیی مرۆڤناسانە[6]

زمانناسیی مرۆڤناسانە هاوئاراستە و هاوشانی «مرۆڤناسیی زمانناسانە[7]» کەڵکی لێ وەردەگیردرێ و زمان و ئاخاوتن لە بازنەی مرۆڤناسیدا تاوتوێ دەکات (هایمز[8]، 1963 :277). دورانتی[9] لە پێناسەیەکی گشتگیردا دەڵێت کە لەم لقەدا «زمان وەک سەرچاوەیەکی کەلتووری» و «ئاخاوتن وەک کردەیەکی کەلتووریی» تاوتوێ دەکرێت و بیرۆکەی سەرەکیی ئەم ڕوانگەیە وەهایە کە بەپێی بەکارهێنانی زمان لە بەستێنی کۆمەڵایەتیی سروشتیی خۆیدا، زمانناس دەتوانێ لە زمان و پێوەندییەکەی لەگەڵ کەلتوور باشتر تێ بگات (دانسی[10]، 2004 :7). بەگشتی، ئەم ڕوانگەیە زمان وەک دیاردەیەکی کەلتووری دەبینێت و لە گۆشەنیگای مرۆڤناسانەوە سەیری

---

[1].Scchmitt

[2]. Groom & Littlemore

[3] Computational Linguistics.

[4].Cognitive linguistics

[5]. Evans

[6]. Anthropological Linguistics

[7]. Linguistic anthropology

[8]. Hymes

[9]. Duranti

[10]. Danesi

زمان دەكات (دورانتی، 1997 :2). «زمانناسیی ئەتنیكی[1]» كە زمان لە بەستێنی كەلتووریدا تاوتوێ دەكاتەوە، وەک بەشێكی ئەم لقە دەژمێردرێت.

**11. زمانناسیی دادوەری[2]**

دەستەواژەی «زمانناسیی دادوەری» یان «زمانناسیی یاسایی»[3] ڕێكرد و ڕوانگەیەكی نوێیە كە چاودێرە بە سەر هەموو لقەكانی زمانناسی وەک دەنگناسی بۆ دەستنیشانكردنی ناسنامە، تەكنیكەكانی نووسینی دەقە یاساییەكان، واتاناسی و شیكردنەوەی گوتار كە ئاماژە بە ئامانجە پێوەندیدارەكان بە یاساوە لە دەزگاكانی دادگادا دەكات. بە وتەیەكی دیكە، زمانناسیی دادوەری لە لایەكەوە زانستی زمانی دەخاتە ڕوو و لە لایەكی دیكەشەوە پێداویستییەكانی یاسا و قانوون دابین دەكات. بەگشتی، لقەكانی زمانناسیی دادوەری، پزیشكیی دادوەری، دەروونناسیی دادوەری و كیمیای دادوەری هەموویان لەگەڵ یەک، لقی زانستیی زمانناسیی دادوەرییان پێكهێناوە كە لە كۆڕە زانستیی و یاساییەكانی ئەورووپادا زانستێكی گرینگە (آقاگلزادە، 1391: 25-26)؛ (گروت[4]،2003).

**12. زمانناسیی سیاسی[5]**

زمانناسیی سیاسی یەكەمین هەوڵ لە پێناو بەدیهێنانی لقێكی ئەكادێمی سەبارەت بە توێژینەوەی گوتاری سیاسی بوو. توێژینەوەی ڕەخنەیی زمان هاوكات لەگەڵ ناسیونالیسم سوسیالیسم (نازیسم) سەری هەڵدا و سەرەتا لە لایەن ویكتۆر كلێمپرێر[6] و ڕۆڵف سترێنبێرگر[7] جێبەجی كرا كە هەردووكیان ڕێخۆشكەری ئەم لقە نوێیە بوون. هەم كلێمپرێر و هەم سترێنبێرگر بەكارهێنانی وشەكانی سەردەمی دەسەڵاتی نازیسمیان پۆلێنبەندی و نموونەگیری و وەسف كرد: زۆربەی وشەكان واتای نوێیان وەرگرت و هەندێكیان وەكوو وشەوەرگرتن لە زمانەكانی دیكەوە، قەدەغە كران و هەروەها وشەگەلی نوێ پێكهێنران. سیاسەتی زمانی لێكچوو لە لایان حكومەتە تۆتالیتەرە كۆمۆنیستییەكانی پێشترەوە درێژەی پێ درا. كۆنترۆڵ و چاودێری زمان لەم ڕێگایەوە، پیشاندەری كۆنترۆڵ و چاودێری بە سەر "هزر و ئەندێشەی " تاكەكانی مرۆڤدا بوو. برخارت بەكارهێنانی زمانی سیاسی وەک دەستەواژە گشتییەكان و هەروەها بەكارهێنانی ئامرازە زمانناسانەكانی وشەیی وەک شێوازێک كە بەستێنە سیاسییەكانی وەسف دەكرد، خستە بەر باس (وۆداک[8]، 2012).

شیاوی ئاماژەیە ئەو كەسانەی كە پێیان وایە زمانناسی هیچ پێوەندییەكی بە سیاسەتەوە نییە، باشتر وایە بزانن ئەم هەڵوێستە تەواو هەڵەیە؛ چونكە زمان بۆ خۆی پرسێكی سیاسییە و ئەم دیاردەیە لە زمانناسیی سیاسی و شیكردنەوەی گوتاردا زەق و ئاشكرا دەبێتەوە. وەک ژۆزێف[9]

---

1. Ethnolinguistics
2. Forensic linguistics
3. Legal linguistics
4. Groot
5. Political linguistics
6. Victor Klemperer
7. Rolf Sternberger
8. Wodak
9. Joseph

دەڵێت هەر کردەیەک لە زمان، بە ئەگەرێکی زۆرەوە سیاسییە، تەنانەت ئەگەر بزوێنەی هۆشیارانەی سیاسی لە ناو وتەکانماندا نەبێت (ژۆزێف، 2007 :19)؛ بۆیە، هەروەک سیاسەت بابەتێکی زمانییە، زمانیش پرس و بابەتێکی سیاسییە (وودز[١]،2006 :53).

### 13. زمانناسیی پەیکەرەیی[٢]

زمانناسیی پەیکەرەیی بوارێکی لێکۆڵینەوەیە کە سەرقاڵی بەکارهێنانی پەیکەرە زمانییەکان و کەڵکوەرگرتن لە پەیکەرەکانی زمانە (کێنێدی[٣]، 1998: 1). زمانناسیی پەیکەرەیی لە ڕێگای تاوتوێکردنی قەبارەیەکی زۆر لە زانیاری و داتا سروشتییە زمانییە پاشکەوتکراوەکانی ناو بنکەکانی زانیاری، دیاردە زمانییەکان شی دەکاتەوە. ئەم بوارە لێکۆڵینەوەییە پاش تاوتوێکردنی داتا زمانییەکان لە ڕێگای مەکینەوە، دەپەرژێتە سەر دۆزینەوەی یاسا و ڕێسا شاردراوەکانی ناو ئاستە جۆراوجۆرەکانی زمان و لە لایەکی دیکەشەوە بە یارمەتی بەڵگەنامەی باوەڕپێکراو گریمانە و تیۆرییە زمانییەکان ڕەت یان پشتڕاست دەکاتەوە (میرزائی، 1400 :141). بە بڕوای مەکهێنڕی و ویلسۆن[٤] ئەم لقە تاوتوێکردنی زمانە «لەسەر بنەمای نموونەکانی بەکارهێنانی زمان لە ژیانی ڕاستەقینەدا» و «لە باتی ئەوەی کە لایەنێک لە زمان بێت و پێویستی بە وەسفکردن و ڕوونکردنەوە بێت، زیاتر جۆرێکە لە میتۆدناسی» (بەیکر و هاوکارانی[٥]،2006 :50).

### 14. زمانناسیی پەرەسەندنی[٦]

زمانناسیی پەرەسەندنی کە وەک «زمانناسیی داروینی»[٧]یش ناسراوە، بەرانبەر بە زمان ڕوانگەیەکی سۆسیۆبایۆلۆژیکاڵ[٨] واتە بایۆلۆژی (زیندەوەرناسی)ـکۆمەڵناسانەی هەیە. ئەم ڕوانگەیە زمانناسی وەک لقێکی زیندەوەرناسیی پەرەسەندن و دەروونناسیی پەرەسەندن سەیر دەکات کە زمانەکان وەک بەرهەمێکی سروشتی تاوتوێ دەکەن و خواست و ئاراستەی ئەم لقە لەسەر سەرچاوە و بووژانەوەی بایۆلۆژیکیی زمانەکانە. ئەم ڕوانگەیە لەگەڵ مرۆڤناسیی پەرەسەندن، زمانناسیی هۆشەکی و زمانناسیی بایۆلۆژیک، پێوەندییەکی چڕوپڕی هەیە. پرسیاری بنەمایی لەم ڕوانگەیەدا ئەوەیە کە پێکهاتە بایۆلۆژیکی، هزری و ڕەفتارییەکانی ژێرخانی زمانی مرۆڤ چۆن پەرەیان سەندووە؟ باب و کالی ئێمە کەی، چۆن و لە کوێ وەک ئاژەڵێکی زمانداریان لێ هاتووە و لەو کاتەوە تا ئێستا چی ڕووی داوە و چ گۆڕانکارییەک هاتۆتە ئاراوە؟ (مەک ماهوون، 2012).

### 15. زمانناسیی بایۆلۆژیک (ژیوزمانناسی)[٩]

زمانناسیی بایۆلۆژیک بوارێکە کە هاوکات و هاوشانی پێشکەوتنەکانی زانستی بایۆلۆژی پەرەی سەندووە. ئەم لقە دەپەرژێتە سەر تایبەتمەندییە بنەماییەکانی زمانی مرۆڤ و چۆنێتیی

1. Woods
2. Corpus linguistics
3. Kennedy
4. McEnery & Wilson
5. Baker &et al
6. Evolutionary linguistics
7. Darwinian linguistics
8. Sociobiological
9. Biolinguistics

گەشەکردن و پەرەسەندنیان لە جۆری مرۆڤ و یەک بە یەکی تاکەکانی مرۆڤدا. لەم بوارەدا پرسە ناسەرەکییەکان دەخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بۆ نموونە: چۆن زمان وەک ئامرازێک بۆ تێفکرین و سازدانی پێوەندی کەڵکی لێ وەردەگیردرێ؛ کام ڕێگا و کام ڕێڕەو و کام ڕێبازانەی مێشک، زمان بەرەو پێشەوە دەبەن؛ کام کۆمەڵە لە ژێنەکان بنەمای زمان پێک دەهێنن و هتد (فیروزی و دیگران، 1397).

**16. زمانناسیی ژینگەیی[1]**

زمانناسیی ژینگەیی دەستەواژەیەکی چەترییە سەبارەت بەو ڕێکرد و ڕوانگانە کە زمان و جۆرەکانی کارلێکە زمانییەکان دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە و شیکاری. ئەم ڕوانگەیە وەک ئامرازێک بۆ شیکردنەوەی زمان بە مەبەستی ئاشکراکردنی ئەو چیرۆکانەیە کە لەگەڵیان دەژین (ستیبی[2]، 2015 :202).

**17. زمانناسیی ئەدەبی[3]**

زمانناسیی ئەدەبی لەسەر تاوتوێکردنی زمان و دەقە شیعری و ئەدەبییەکان جەخت دەکات؛ واتە خوێندنەوەی شیعر و دەقە ئەدەبییەکان وەک بەشێکی دانەبڕاوی زمان دەبینێت (سیبووک[4]، (سیبووک[4]، 1960). سەفەوی باس لە دەستەواژەیەکی دیکە دەکات و وەک «زمانناسیی ئەدەبیات»[5] ناوی لێ دەهێنێت و ئەم دەستەواژەیە وەکوو دەستەواژەیەکی گشتی و بێناوەرۆک دەبینێت کە بۆ ئاماژەدان بە توێژینەوەی زمانناسەکان لە بواری ئەدەبیاتدا بەکار دەبرێت. ئەم دەستەواژەیە کاتێک دەتوانێ پاساوهەڵگر بێت کە ئەدەبیات بە جۆرێک سیستەمی نیشانەیی جیاواز لە سیستەمی نیشانەیی زمان دابنرێت. لە چەند دەیەی ڕابردوودا و بەتایبەت پاش سەرهەڵدانی ڕەخنەی پێکهاتەخواز، تیۆریدانەران و بیرداڕێژان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ئەو شتەی لە دەقە ئەدەبییەکاندا دەخرێتە ڕوو، جۆرێک دەور و ئەرکی تایبەتی زمانە. لە وەها هەلومەرجێکدا ئەگەر بڕوامان لەسەر ئەوە بێت کە زمانناسی لە بنەڕەتدا زانستی تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوەی زمانە، ئەو کات تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیات دەبێتە بەشێک لە بواری خوێندنەوە و توێژینەوەی زمان و لە ڕاستیدا وەک لقێک لە زمانناسی پێناسە دەکرێت. چاوخشاندنێک بە سەر بەرهەمەکانی بەرچاوترین و زەقترین تیۆریدانەران و بیرداڕێژانی بواری توێژینەوە ئەدەبییەکان، بەڵگەیە بۆ سەلماندن و پشتڕاستکردنەوەی ئەم داخوازییە (صفوی، 1395 :281).

---

[1].Ecolinguistics (ecological linguistics)

[2]. Stibbe

[3]. Literary linguistics

[4]. Sebeok

[5]. Linguistics of literature

### 18. زمانناسیی بیرکاری[1]

زمانناسیی بیرکاری لە ڕێگای کەڵکوەرگرتن لە چەمکە ئاماری و جەبرییەکانەوەدەپەرژێتە سەر تایبەتمەندییە بیرکارییەکانی زمان. بەپێی شرۆڤە و گێڕانەوەی لوری[2] (2007: 16) ئەم ڕوانگەیە تایبەتمەندیی بیرکارییانەی زمان و ئەو ڕێزمانانەیە کە بە شێوەی ئاماری زمانەکان تاوتوێ دەکات.

### 19. زمانناسیی ئابووری[3]

زمانناسیی ئابووری لقەکانی «ئابووری» و «زمانناسی» پێکەوە گرێ دەدات. ئەم بوارە نوێیە لە ڕێگای کەڵکوەرگرتن لە تەکنیکەکانی فێربوونی مەکینە، پێڤاژۆی زمانی سروشتی و ئابووریپێویەوە، دەپەرژێتە سەر کاریگەریی ئابووریی زمانی گوتن و نووسین. لە ڕوانگەی ئاقاگوڵزادەوە (1394 :338) زمانناسیی ئابووری ئەگەرچی تا ئێستا وەک ژێرلقێکی زمانناسی باسی لێ نەکراوە؛ بەڵام دەکرێ بڵێین لەم بوارەدا توانا و لێهاتوویی زمانییەکان وەک سەرمایەی مرۆیی پێناسە دەکرێن و زمان وەکوو کاڵایەکی گشتی سەیر دەکرێت. بەپێی ئەرکی زمان لە بواری پێوەندیی و گەیاندن و ڕاگەیاندندا و هەروەها لە بواری بیرکردنەوە و کارلێکی نێوان مرۆڤەکاندا، هەم زانستی ئابووری و هەم ئابووریناسان دەتوانن لە شیکردنەوەی ئابووریدا کەڵک لە زمان وەرگرن. ڕەفتارە زمانییەکان پێڕەوی کۆمەڵێک گۆڕاوە و بنەمان کە هەندێکیان لەگەڵ بنەما پێوەندیدارەکان بە مودێلە ئابوورییەکانەوە یەک دەگرنەوە. ئاراستەکردنی تیۆری و مودێل لە چوارچێوەی دەق و گوتار، ئابووریی زمان، ئاپتیماڵکردنەوەی زمان و لێکدانەوە و شرۆڤەدا کە بەشی دانەبڕاوی مودێلە ئابوورییەکانن و هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئابووریناسان وێڕای فەلسەفەی شیکاری، بپەرژێنە سەر بابەتگەلی وەک واتاناسی و مەبەستناسیی زمان و هەروەها پێکهاتەی مێتافۆرە ئابوورییەکان کە هەموویان لە جۆری زانستی زمانناسین، دەتوانن خزمەت بە زانستی ئابووری و ئابووریناسان بکەن هەتا وەکوو یەکێک لە فاکتەرە کاریگەرەکان بتوانن ڕێژەی سوود و گەڕانەوە تا بەرزترین ئاستی ڕێپێدراو بەرز بکەنەوە و ڕێژەی تێچووەکان تا نزمترین ئاست دابەزێنن.

### 20. زمانناسیی گەردوونی[4]

زمانناسیی گەردوونی یان «ئەستێرەوانی» یا «کەیهانی» بابەتێکی نێوانزانستییە کە بریتییە لە کەڵکوەرگرتن لە زانستی زمانناسی و بەتایبەت زمان و لۆژیک و بیرکاری بۆ داڕشتنی سیستەمێکی زمانی بەمەبەستی پێوەندیی سەتەلایتی و نێوانگەڕۆکی کە بنەمایەکی لۆژیکتەوەری هەیە (آقاگلزادە، 1394 :397).

---

[1]. Mathematical linguistics

[2]. Laurie

[3]. econo-linguistics

[4]. Astrolinguistics

**21. زماناسیی پەروەردەیی**[1]

زماناسیی پەروەردەیی بەرهەمی پێوەندیی زماناسی و زانستی پەروەردەیە و ئامانجیشی سازدانی پێوەندییە لە نێوان فێرکاریی زمان و پەروەردەی کۆمەڵایەتیدا (زندی، 1393).

**22. فەرهەنگنووسی**[2]

ئەگەرچی کۆمەڵێک لەسەر ئەو باوەڕەن کە فەرهەنگنووسی پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە زماناسییەوە نییە؛ بەڵام ئەم لقە جۆرێک تاوتوێکردنی زمانییە کە وشەدانی زمانەکان و هەروەها پێڕستێک لە دەستەواژەکانیان ئامادە دەکات و لە بواری وەرگێڕانیشدا هاوتای وشەکان لە زمانەکانی دیکەدا دابین دەکات (لوری، 2007 :15). وەک نموونە لە توێژینەوەی فەرهەنگنووسیدا پێویستمان بە کۆکردنەوەی زانیاری و داتا زمانییەکان هەیە (قطره، 1396 :87).

**23. فەلسەفەی زمان**[3]

ئەم لقە، زمان وەک بابەتێکی فەلسەفی سەیر دەکات و لە ڕوانگەی لۆژیکەوە دەپەرژێتە سەر توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە. لە ڕاستیدا ئەم ڕوانگەیە لە هەوڵی ئەوەدایە کە نیشانە گشتییەکانی زمان لە بواری فەلسەفییەوە شرۆڤە بکات کە ئەم ڕوانگەیە لەگەڵ «فەلسەفەی زماناسانە»[4] جیاوازە؛ چونکە فەلسەفەی زماناسانە لە هەوڵی ئەوەدایە تا بەپێی بەکارهێنانی هەر یەک لە وشەکان یان بەپێی پێکهێنەکانی دیکە لە زمانێکی تایبەتدا، بابەتە فەلسەفییەکان تاوتوێ بکات (صفوی، 1392 :113). بە وتەیەکی دیکە، فەلسەفەی زماناسانە، لقێک لە فەلسەفە نییە بەڵکوو ڕێکرد و شێوازێکە بۆ چارەسەرکردنی پرسە فەلسەفییەکان.

**24. شێوازناسی**[5]

شێوازناسی توێژینەوە و تاوتوێکردنی شێوازە زمانییەکانە. تەوەری سەرەکیی ئەم ڕوانگەیە دەچێتەوە سەر تاوتوێکردنی جۆرەکان و تایبەتمەندییەکانی زمان و پێکهێنەرەکانی وەک شێوەزمان[6] و شێوەزار، گفتوگۆ، ڕێزمان، درێژی و قەبارەی ڕستە و هتد (بەیکر و ئێلیس[7]، 2010: 142).

بەگشتی، شێوازناسی تاوتوێکردنی شێوازەکانی خولقاندنی واتا لە ئەدەبیات و دەقەکانی دیکەیە و لە ڕێگای زمانەوە بۆ گەیشتن بە وەها ئامانجێک؛ شێوازناسان داڕشتە و تیۆریی و چوارچێوەی زماناسانە وەک ئامرازەکانی شیکاری بەکار دەهێنن تا چییەتی و شێوازی ئەرکی دەق وەسف بکەنەوە کە چۆن لە ڕێگای وشەکانەوە دەگەینە واتاکانیان (نورگاد و هاوکارانی[8]، 2010 :1). شیاوی ئاماژەیە کە زانستی تاوتوێکردنی شێواز لە چەمک و واتای بەربڵاوی خۆیدا کە هەموو خولقێنراوە هونەری و تەکنیکییەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، دەتوانین لە توێژینەوەگەلی

---

1. Educational Linguistics
2. Lexicography
3. Philosophy of language
4. Linguistic philosophy
5. Stylistics
6. Register
7. Baker& Ellece
8. Norgaard&et al

وەک شێوازناسیی ئەدەبیات، شێوازناسیی فیلم، شێوازناسیی نژیارڤانی، شێوازناسیی شێوەکاری و هتد باسی لێوە بکەین (صفوی، 1395 :302).

**25. نیشانەناسی**[1]

نیشانەناسی تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوەی هەموو لایەن و تایبەتمەندییە نیشانەییەکان و بەکارهێنانیانە، بەتایبەت نیشانە زمانییەکان وەک وشەکان. دەتوانین نیشانەناسی دابەش بکەینە سەر سێ بەش: ڕستەناسی، واتاناسی و مەبەستناسی (ئێلۆت[2]، 2010 :174). شیاوی باسە کە نیشانەناسی، زانستێکی فرەلقییە کە تایبەتمەندییە وردەکانی بەپێی میتۆدناسی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا جیاوازە (عظیمی‌فرد، 1392 :190).

وەک دەبینن لە ئاستی زمانناسیی ورد و درشتدا ئاماژەمان بە کۆمەڵێک ڕیزبەندی کرد کە هەندێک لەم لقانە بۆ خۆیان دابەش دەبنە چەند بەشی دیکە و لە کتێب و سەرچاوە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا کەمتر ئاوڕ لەم ڕیزبەندییە دراوەتەوە؛ ئەگەرچی وەک لوری دەڵێ (2007 :16) ئەم ڕیزبەندییانە تەواو نین؛ بەڵکوو تەنیا ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە بابەتی توێژینەوە لە زمانناسیدا تا چ ڕادەیەک بازنەیەکی پان و بەرین لە خۆ دەگرێت. ئەوەش بزانین کە هەندێک لەم لقانە هەر یەک بۆ خۆیان داخوازیی ئەوەیان هەیە کە وەک لقێکی زانکۆیی سەربەخۆ و جیا لە زمانناسی بێنە هەژمار؛ بەڵام وەها تێڕوانینێک سست و بەرتەسکە؛ چونکە زمانناسی دەستەواژەیەکی گشتگیرە و لە ڕوانگەی ئێچیپسۆنەوە بازنەیەکی بەربڵاو لە بابەتەکان دەگرێتەوە و ئەستەمە کە سنوورەکانی بەڕوونی دیاری بکرێن (ئێچیپسۆن، 2012 :6-7).

بۆ نموونە لقی «تاوتوێکردنەکانی وەرگێڕان»[3] کە داخوازیی ئەوەی هەیە لقێکی جیاواز لە زمانناسییە و هەندێک کەس دەیانەوێ وەرگێڕان لە بازنەی دەسەڵاتی زمانناسی بێننە دەرەوە. ڕەنگە وەها ڕوانگەیەک خۆویستانە بێت؛ چونکە ئەم لقە تا هەشتاکانی زایینی لەگەڵ توێژینەوە زمانناسانەکان تێکەڵاو بووە (فرحزاد، 1394 :189) و چونکە وەرگێڕان وەک چالاکییەکی زمانی سەیر دەکرێت لێرەدا لۆژیک پێمان دەڵێ کە زمانناسی دەتوانێ توانای زۆر و دەربڕینی بیروڕای سەبارەت بە وەرگێڕان هەبێت، وەک جان کەتفۆرد زمانناس و واچناسی سکۆتلەندی لە کتێبی تیۆرییەک لەسەر وەرگێڕاندا دەڵێت: جوان دیارە هەر تیۆرییەک لەسەر وەرگێڕان باس دەکات دەبێ لە ناخی تیۆریی زمانییەوە واتە تیۆریی گشتیی زمانەوە بێتە دەرەوە (فاست[4]، 2003 :2-1).

زۆر جار بیستوومانە لێکۆڵەران، بیرمەندان و مامۆستایانی زانکۆ هەر یەک لەو لقە ئاماژەپێدراوانەیان بەپێی بیرکردنەوە و مەیلی خۆیان ڕیزبەندی کردووە و بەها و بایەخیان پێ داون، کە وەها تێڕوانینێک کە لقێک وەک نموونەی سەرتر و باڵا سەیر دەکات و لە چاو لقەکانی دیکە بەرزتر دەینرخێنێ، لە زانستدا هیچ پێگە و بنەمایەکی نییە و تەنیا لێکدانەوەیەکی ناڕاست لەسەر زمانناسی دەردەخات. نیۆمار (1988 :7 -6) تاوانباری ئەم پرسە بە خودی

---

[1]. Semiotics

[2]. Allott

[3]. Translation Studies

[4]. Fawcett

زماناسان دادەنێت کە هەر یەک بەپێی مەیل و خواستەکانی خۆیان لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان زمانناسی پێناسە بکەن و دەکەوتنە سڕینەوەی ئەو بوارانەی کە خۆیان پێیان ناخۆش بوو و ئەم بازنە پان و بەرینەیان چکۆلە دەکردەوە. بۆ نموونە بێنێدێتۆ کرووچە[1] فەیلەسووفی ئیتالی ڕەخنەی دەگرت لەو کەسانەی کە زمانناسییان لە پێوەندیی لەگەڵ کۆمەڵناسیدا تاوتوێ دەکرد.

بیرمەندانێک وەک ویلیام لێباڤ[2] کۆمەڵناسیی زمانیان وەک بوارێکی سەربەخۆ و جیا لە زمان نەدەبینی و بەرچاوتەنگبوونی هەندێک لە ڕێزمانخوازان بۆ پێناسەکردنی زمانناسی بووە هۆی ئەوەی کە زمانناسی تەنیا بازنەی پێکهاتەی ڕێزمانیی زمان بگرێتەوە کە وەها پێناسە و وەسفگەلێکی سنووردانەر، عەقڵانی و ژیرانە نەبوون. کەسانی وەک مایکڵ هالیدەی[3] و ڕابین لیکاف[4] ڕەخنەی توندیان دەگرت لەو زمانناسانەی کە هەوڵی سڕینەوەی بەشە کۆمەڵناسانە و دانوستانە کۆمەڵایەتییەکانیان لە زمانناسی دەدا و تەنانەت تاوانباریان دەکردن بەوەی کە وەها پێناسەکردنێک بۆ ئامانجی سیاسییە. بۆ نموونە دێل هایمز[5] زمانناسانی ڕەها و سەربەخۆی جۆرێک پێناسە دەکرد کە خزمەتکاری ئامانجە ئایدیۆلۆژیکەکانن و حاشا لە هەبوونی ئاخێوەران لە جیهانی کۆمەڵایەتیدا دەکەن. لەم ڕەخنانەدا نوام چۆمسکی لە چاو کەسانی دیکەدا هێرشی زیاتری کراوەتە سەر.

بەم شرۆڤەوە، لە ئاستی زمانناسیی درشتدا وەک بینیمان لایەنێک لە زمانناسی پێوەندیی لەگەڵ زانستە مرۆییەکان هەیە و لەگەڵ بابەتەکانی زانستە مرۆییەکان پێکەوە گرێدراون؛ واتە کۆمەڵێک لە زمانناسان دەچنە بوارێکی نزیک بە بواری کاری فەیلەسووفان و زمانناسی واشمان هەیە کە سەروکاریان لەگەڵ کۆمەڵناسی و مرۆڤناسیدا هەیە (مەتیۆز[6]، 2001 :12).

پێشتر گوتمان ساپیر گۆشەگیری و سەربەخۆیی زمانناسیی قبووڵ نەدەکرد. بە وتەیەکی دیکە، زمانناسی بەبێ لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی لقە نێوانزانستییەکان ناتوانێ وەڵامی پرسە زمانییەکان بداتەوە. هەر بۆیە فێردیناند دی سۆسێر[7] زمانناسی سەدەی بیستەم دەڵێت: زمان بۆ کۆمەڵگا بابەتێکی بەربڵاوتر و گرینگتر لەوەیە کە بە تەواوی ڕادەستی زمانناسان بکرێت (کامێرون[8]، 2005 :229). هەڵبەت ئەم لێدوانەی سۆسێر بەو مانایە نییە کە هەموو کەسێک ڕێگە بە خۆی بدات بە چوارچێوەیەکی نازانستی و بەبێ تیۆریی زمانناسی لەسەر پرسە زمانییەکان بدوێت. هەروەک هاج و کرێس[9] دەڵێن ئەگەر ئەو سنوورەی کە بە دەوری لقێک لە خوێندندا کێشراوە، بەربەستێک بێت لە بەردەم لێکۆڵینەوەی شیاوی ئەو لقەدا، دەبێ ئەو سنوورە بگۆڕدرێت. ئەگەر زمان لە بنەڕەتدا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونناسانەیە، ئەوە دەرچووانی لقی

[1]. Benedetto Croce
[2]. William Labov
[3]. Michael Halliday
[4]. Robin Lakoff
[5]. Dell Hymes
[6]. Matthews
[7]. Ferdinand de Saussure
[8]. Cameron
[9]. Hodge & Kress

خوێندنی زمان پێویستە گرینگی بە بەرهەمی دەروونناس و کۆمەڵناسان بدەن. بەپێچەوانەوە پێویستە دەروونناس و کۆمەڵناسەکانیش لە دیاردە زمانییەکان وەک بەشێک لە لێهاتوویی خۆیان لەو بوارەدا، ئاگادار بن و زانیارییان هەبێت (هاج و کریس، 1993 :3). بە وتەیەکی دیکە، توێژینەوە نێوانزانستییەکانی ئەمڕۆ لە بازنەی ئاکادێمیک و پەروەردەییدا دەورێکی بەرچاو دەگێڕن و لەم ڕووەوە زمانناسی جگە لە پسپۆڕایەتی و بەرنامەکانی خۆی، دەبێ کارلێک و پێوەندییەکی بەرچاوی لەگەڵ لقە زانستییەکانی دیکەشدا ببێت.

بەگشتی، ئەگەر لە دنیای ئەمڕۆدا زمانناسی بە زانستی زمان پێناسە دەکرێت، مەبەست لەم زانستە ڕێکاری شیکردنەوەی لۆژیکیانەیە کە تێیدا پێوەندیی نێوان پێکهاتەکانی زمان دەدۆزرێتەوە؛ واتە تاوتوێکردنی دیاردەکانی زمانناسی لە پێوەندی لەگەڵ یەکتردایە و هەروەها گرینگترین کار وەبەردەستخستنی تیۆریی زمانییە (شیروان، 1386).

بە ڕای لوری (2007 :17) وەکوو زۆربەی زانستەکان، بەڵگاندنەکانی زمانیش لە داتاکانەوە دەست پێدەکەن و بەرەو لای ئەو تیۆرییانە دەچن کە دەبێ شی و تاوتوێ بکرێنەوە. لوری زمانناسی لەگەڵ زیندوەرناسی و فیزیادا لە یەک هێڵدا پێناسە دەکات و بیروڕای وەهایە کە زمانناسی وەکوو زانستەکانی زیندوەرناسی سەرقاڵی ڕیزبەندیی ئەو دیاردانەیە کە بە شێوەی سروشتی ڕوو دەدەن. ئەم دیاردانە بریتین لە دەنگە زمانییەکان، وشەکان، زمانەکان و شێوازەکانی کارلێک و دانوستانی زمانەکان. لە فیزیادا بە دیتنی کەوتنی شتەکانەوە دەگەینە ئەنجامی هێزی ڕاکێشانی زەوی، هەروەها لە زمانناسیشدا بە دیتنی هەندێ هەڵسوکەوتی زمانیی تایبەت و ئاشکرا، بە تیۆریگەلێک دەگەین کە چۆنێتیی ڕوودانی ئەو کارلێکە زمانییە دەخەنە بەر باس. زمانناسانیش وەک زۆرێکی دیکە لە بیرمەندان، سەرەتا کۆمەڵێک گریمانە لەسەر پێکهاتەی زمان ئاراستە دەکەن و پاشان لە ڕێگای تاقیکردنەوەوە، گریمانەکان تاوتوێ دەکەن (ئەڵبەت تاقیکردنەوەکانیش خۆیان جۆراوجۆرن).

لە ڕوانگەی سالکییەوە[١] (2001) زمانناسانی پێش چۆمسکی، زیندەوەرناسییان وەک مودێلی کاری خۆیان داناوە؛ بەڵام دواتر چۆمسکی دەستنیشانکردنی ئەم مودێلەی بۆ زمانناسی پێهەڵە بوو و لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە فیزیای زانستی باشترین ئەنجامەکانی لێکەوتۆتەوە و بۆیە بڕیاری دا کە لە جیاتیی بایۆلۆجی، فیزیا وەک تەوەری کاری خۆی بەکار بهێنێت و لە کۆتاییدا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە دەکرێ ڕوانگە زمانییەکانی خۆی هەروەک زانستی فیزیا بەرەو پێش ببات (چۆمسکی، 1980 :10-8).

میتۆز (2003 :21) لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە زمانناسی لایەنێکی هەیە کە وەک «ساینس»[٢] دەژمێردرێت و ئەویش بریتییە لە تاوتوێکردنی دەنگەکان، چۆنێتی بەرهەمهێنان و وەرگرتنیان. لە کۆتاییدا سنووری نێوان «ساینس» و «زانستە مرۆییەکان»[٣] هیچ نییە جگە سنوورێکی لاڕێیانە.

[1]. Salkie

[2] Science

[3] Humanities

ئەگەر توێژینەوەی زمان «ساینس» نییە، دەتوانێ چی بێت؟ بەگشتی، تاوتوێکردنەکانی زمان لە بازنەی «ساینس»دا دەردەکەوێت.

**زماناناس کێیە؟**

ئەو کاتەی باسی زماناناس[1] دێتە ئاراوە، زۆربەی خەڵک پێیان وایە کە زماناناس کەسێکە بە ڕەوانی و پاراوی چەند زمان دەزانێ و زۆر بە ئاسانی پێیان دەئاخێوێ کە لەم ڕوانگەیەوە وشەی زماناناس قبووڵ ناکرێ و دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و سەرلێشێوان؛ چونکە پێویست ناکات زماناناس بە سەر چەند زماندا زاڵ بێت، ئەگەرچی پێویستە ئەزموونی زۆری لەسەر جۆرەکانی زمان هەبێت. کۆمەڵێکی تر پێیان وایە کە زماناناس پسپۆڕی زمانە و یارمەتی ئاخێوەران دەدات بۆ ئەوەی ڕستەکان باشتر دەربڕن (ئاکماجیان و هاوکارانی[2]، 2010: 1)، (ئێچیپسۆن، 2012: 7-4). لە ڕاستیدا زماناناسان پێیان خۆشە جیاوازییەک لە نێوان خۆیان و کەسێک کە چەند زمان دەزانێت دابنێن و بە هەڵە وەک وشەناسان[3] سەیر نەکرێن (جو ناپۆلی و شۆنفێڵد[4]، 2010 :21).

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بابەتی پێشوو و ئەو بابەتانەی ئاماژەمان پێ کردن، بەو بازنە پانوبەرینەی زماناسییەوە کێ دەتوانێ وەک «زماناناس» پێناسە بکرێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەتوانین بڵێین زماناناس کەسێکە کە خەریکی تاوتوێکردنی زانستی زمانە، ئەویش تاوتوێکردن و توێژینەوەیەک دوور لە دەمارگرژی و دوگماتیزم.

تێڕوانینی زماناناسان بۆ زمان، وەک تێڕوانینی ئەستێرەناسانە بەرانبەر بە جیهان یان وەک تێڕوانینی مرۆڤناسانە لەسەر خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی سیستەمی کەلتووریی مرۆڤەکان. لای ئەستێرەناسان قسەوباسی ئەو گەڕۆکانەی کە بە دەوری ئەستێرەکاندا دەگەڕێن گاڵتەجاڕییە و هەروەها جوان و شیاو نییە کە مرۆڤناسان کەلتوورێک بە نزم و ژێردەست پێناسە بکەن، تەنیا لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ کەلتووری خۆیان جیاوازە. هەر بەم شێوازە، زماناناسانیش لە جیاتیی ئەوەی کە بیانەوێ زمان بەپێی پێوەرە لەپێشەوە دیاریکراوەکان یان لەسەر بنەمای پێشداوەرییەکان تاوتوێ بکەن، زمان بەو جۆرەی کە هەیە وەسف دەکەن (فاسۆڵد و کانێرلینتۆن[5]، 2006 :7).

دەکرێ بڵێین کە ئەدیب، شاعیر، کەسێک کە کاری پێداچوونەوە و هەڵەچنی دەکات یان نووسەرێک کە لە بواری هۆنینەوەی شیعر و نووسینی چیرۆک یان ڕۆمان، کەسێکی ڕیشەناس کە بە شێوەی گشتی ڕەگ و ڕیشەی وشەکان تاوتوێ دەکات، گۆرانیبێژ و هونەرمەندێک کە کاروباری لەگەڵ نۆتەکانی مۆسیقایە، ئەو مامۆستایانەی کە وانەی زمانێکی تایبەت دەڵێنەوە (تەوفیرێکی نییە چ زمانێک بێت)، هیچیان ڕەواییدان و مەشروعییەتی ئەوەیان نییە کە ناوی زماناناس لەسەر خۆیان دانێن؛ بەڵام لە کۆمەڵگای خۆماندا تێگەیشتنێکی دروست و تەواو لەسەر

---

1. Linguist
2. Akmajian
3. Philologist
4. Jo Napoli & Schoenfeld
5. Fasold & Connor-Linton

زانستی زمانناسی لە ئارادا نییە و ئەم بوارە بۆتە گۆڕەپانی زۆرێک لەم نموونانەی کە ئاماژەمان پێ کرد.

بەم پێیە، ئاخێوەرانی زمانە جۆراوجۆرەکان نابێ لێکدانەوەیان وەها بێت کە هەر کەسێک بە کوردی یان فارسی یان تورکی و هتد شیعر دەهۆنێتەوە و یان چیرۆک دەنووسێت و یان لە بواری وەرگێڕان و نووسین بەو زمانانەدا توانا و کارامەیە، ئەبێتە زمانناسی ئەو زمانانە؛ چونکە وەها لێکدانەوەیەک لە زمانناس هەڵەیە. سەرەڕای ئەمە لە هەندێ جێگادا دەبینین کە کۆمەڵێک پێیان وایە زانستی زمانناسی واتە فارسیناسی، تورکیناسی، کوردیناسی و هتد و یان زمانناسی بە شێوەی فێرکاریی تورکی، کوردی، فارسی و هتدە. لە حاڵێکدا کە وەها بیرۆکەیەک هەڵەیە؛ چونکە زمانناسی پێوەندیی بە زمانێکی تایبەتەوە نییە و لەسەر یەک زمانی تایبەت توێژینەوە و خوێندنەوەی بۆ ناکرێ؛ بەڵکوو دەکرێ لە دەسکەوتەکانی زمانناسی بۆ هەر یەکە لەم زمانانە کەڵک وەرگرین و چەمکە تیۆریک و ڕێکردەکانی زمانناسی لە ڕێگەی هەرکام لەم زمانانەوە خۆماڵی بکرێنەوە.

شیاوی ئاماژەیە کە وەک زۆرێک لە زانستەکان، بنەما و بناغەی زانستی زمانناسی بە هەموو لقەکانییەوە، بە زمانی ئینگلیزییە و تیۆریدانەران و بیرمەندانی ئەم بوارە زیاتر سەر بە قوتابخانەکانی ئەمریکی و ئەورووپین و کەواتە ئاساییە کە زمانی ئەم بیرمەندانەش لە زانستی زمانناسیدا زیاتر ئینگلیزی بێت و لەسەر زمانی ئینگلیزی بڵاو بکرێنەوە. بۆ نموونە لە بوارەکانی شیکردنەوەی گوتار، مەبەستناسی و فەلسەفەی زماندا کەسانێک وەک جان ئاستین[1]، جان سرێل[2]، جۆرج یول[3]، ستیڤێن لێڤینسون[4]، کۆنت باچ[5]، هێربێرت پاڤێل گرایس[6]، لۆڕێنز. ئاڕ. هۆرن[7]، دەن سپێربێر و دیردرە ویلسۆن[8]، گای کۆک[9]، نۆرمەن فێرکلاف[10]، ڕاجێر فاولر[11]، مایکڵ هاڵیدەی، گونتر کرێس[12]، ڕابین لیکاف، سارا میلز[13]، دێبوورا شێفری[14]، تێئۆن ڤەندایک[15]، تێئۆ ڤەن لیوون[16]، ڕۆس وۆداک[17]، جیلیان براون[18] و ...؛ لە بواری نیشانەناسیدا کەسانێک وەک لوویی ترۆل یێلمزلێڤ[19]، ڕۆمەن یاکوبسێن[20]، فێردینان دێ سۆسێر[21]؛ لە لقی واتاناسیدا کەسانێک وەک چارڵز جی.

---

[1]. John Austin
[2]. John Searle
[3]. George Yule
[4]. Stephen Levinson
[5]. Kent Bach
[6]. Herbert Paul Grice
[7]. Lawrence R. Horn
[8].Dan Sperber and Deirdre Wilson
[9]. Guy Cook
[10]. Norman Fairclough
[11]. Roger Fowler
[12]. Gunther Kress
[13]. Sara Mills
[14]. Deborah Schiffri
[15]. Teun Van Dijk
[16]. Theo van Leeuwen
[17]. Ruth Wodak
[18]. Gillian Brown
[19]. Louis Trolle Hjelmslev
[20]. Roman Jakobson
[21]. Ferdinand de Saussure

فیلمۆر[١]، ڕەی جێکێندۆڤ[٢]، جۆرج لیکاف[٣]، جان سەعید[٤]، جان لاینز[٥]، فرانک ڕابێرت پاڵمێر[٦] و ...؛ لە بواری وشەناسی (مۆرفۆلۆجی)، ڕستەسازی (نەحو، سینتاکس) و جۆرناسیی زمان (تایپۆلۆجی زمان) دا کەسانێک وەک لێئۆنارد بلۆمفیلد[٧]، نوام چۆمسکی[٨]، جۆزێف هارۆڵد گرینبێرگ[٩]، ژاکووب واکەرناگێل[١٠]، ویلیام کرافت[١١]، ڕابێرت دیکسۆن[١٢]، زلیگ هەریس[١٣]، ئەندروو ڕەدفۆرد[١٤]، لیلیان هێگمەن[١٥]، مارک ئارۆنوف[١٦]، فرانسیس کاتامبا[١٧] و هتد. لە لقی دەنگناسی و واچناسیدا کەسانێک وەک پیتەر ڕۆچ[١٨]، پیتەر لێدیێ فۆگد[١٩]، مایکێل کەنستۆوویچ[٢٠]، جان کانیسێن یان کەتفۆرد[٢١]، فیلیپ کار[٢٢]، کەیت جانسۆن[٢٣] و ...؛ لە لقی زمانناسیی کۆمەڵایەتیدا کەسانێک وەک ویلیام لێباڤ، پیتر ترادگیڵ[٢٤]، جان گامپێرز[٢٥]، ڕۆناڵد وارداف[٢٦] و ... هەروەها لە لقەکانی دیکەی زمانناسیدا بیرمەندان بەرهەمەکانی خۆیان بە زمانی ئینگلیزی بڵاو کردۆتەوە و ئەگەر کەسێک بیەوێ لەم بوارەدا چالاک بێت پێویستە کە وشەنامە پسپۆڕانەکانی ئەم بوارە لەگەڵ تیۆری و ڕێکردەکانی زمانناسی بە زمانی ئینگلیزی بخوێنێتەوە و پاشان بۆ هەر زمانێک کە دەیهەوێ کەڵکی لێ وەربگرێت و لەگەڵ زمانی مەبەست خۆماڵیی بکاتەوە. کەواتە تەنیا کەسانێک دەتوانن لەم بوارەدا چالاک بن کە پلە و قۆناغەکانی ئەکادیمکیان تێپەڕاندبێ یان لەم چوارچێوەدا چالاکییان نواندبێت.

هەر وەک لە بابەتی پێشوودا ئاماژە کرا، زمان موڵکی تایبەت و تاکەکەسیی هیچ کەس نییە و نابێ ئیزن و چوونەناو لەم بوارەدا تەنیا بۆ زمانناس کراوە بێت؛ بەڵام ئەو کەسانەی کە دەچنە ناو گۆڕەپانی بابەتەکانی زمانناسییەوە، دەبێ بە ڕوانگەیەکی تایبەت و دیاریکراوەوە خەریکی شرۆڤەکردنی پرسە زمانییەکان بن. بیروڕاوبۆچوونی تاکەکەسی وەک «پێم وایە»، «بە ڕای من»، «من دەڵێم» و ... لە هیچ چوارچێوە و ڕوانگەیەکی زانستیدا جێگەی نابێتەوە. ڕەوتی بەڵگەهێنانەوە دەبێ هەمیشە بە پارێز و لەگەڵ «دەستەواژە پەرژینییەکان»[٢٧] بێت؛ وەک «پێدەچێ»، «ئەگەری ئەوە هەیە»، «ڕەنگە»، «بە ئەگەرێکی زۆرەوە»، «لەوانەیە» و نموونەی لەم چەشنە. ئەم دەستەواژەگەلە بە واتای ئەوەیە کە داخوازییەک بەپێی بەڵگاندنە

1. Charles J. Fillmore
2. Ray Jackendoff
3. George Lakoff
4. John I. Saeed
5. John Lyons
6. Frank Robert Palmer
7. Leonard Bloomfield
8. Noam Chomsky
9. Joseph Harold Greenberg
10. Jacob Wackernagel
11. William Croft
12. Robert Dixon
13. Zellig Harris
14. Andrew Radford
15. Liliane Haegeman
16. Mark Aronoff
17. Francis Katamba
18. Peter Roach
19. Peter Ladefoged
20. Michael Kenstowicz
21. John Cunnison "Ian" Catford
22. Philip Carr
23. Keith Johnson
24. Peter Trudgill
25. John Gumperz
26. Ronald Wardhaugh
27. Hedges

ڕێپێدراوەکانە نەک زانیارییەکی ڕەها و یەکلاکەرەوە (هایلەند و پاڵتریج[1]، 2011 :179). بە وتەی بیکەرتۆن[2] (2010 :14) بۆچوون و بیروڕاکان نابێ لەسەر بنەما ئایدیۆلۆژیکییەکان بن؛ بەڵکوو پێویستە بنەمای زانستییان هەبێت و بابەتە زانستییەکان وەک بڕوا و ئیمان نین. ئەو شتەی کە تا دوێنێ ڕاست و نەگۆڕ دەکەوتە بەر چاو، ڕەنگە سبەینێ ناڕاست و پووچ بێت؛ چونکە زانستی نوێ بەردەوام بەرهەم دێت و ئەم زانستە بڵێ و نەڵێی وێنەی ڕاستەقینەکان دەگۆڕێ.

کێشەی سەرەکی و بەرچاو کە لەگەڵی ڕووبەڕووین، دەربڕینی بیروڕای کەسانی ناپسپۆڕە لەسەر بابەتە تەواو پسپۆڕییەکانی زانست. وای دانێن هەر ئێستا، دانیشین و دەست بەزگمانەوە بگرین، وەک بڵێی زگمان دێشێ. هەر کەسێک کە بێتە لامان، دەبێتە پسپۆڕی بواری پزیشکی. یەکێک دەڵێ «ساردییە»، «لەتە نەباتێک بخۆ چاک دەبیتەوە»، یەکی تر هارەقی نەعنات بۆ دەنووسێ. یەکێک دەڵێ: «لەسەر زگت بخەوە، چاک دەبیتەوە». ئێستا بێین و لە قەراخ شەقام بوەستین و کاپووتی سەیارەکەمان بکەینەوە. هەمان پسپۆڕی بواری پزیشکی، خێرا دەبێتە پسپۆڕ و مەکانیکی ترۆمبێل و ئەگەر تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بین، پێش ئەوەی لە سەیارەکە دابەزین، چەند پسپۆڕی ڕووداوی هاتوچۆمان لێ کۆ دەبێتەوە و هەر یەک بە گەزی خۆیان دەیپێون و بیروبۆچوونی خۆیان دەڵێن. تەنانەت نرخی شووشەی لایتی (چرای) سەیارەکەش حەسێب دەکەن و لە زمانی پسپۆڕێکی بیمەوە ڕای خۆیان دەردەبڕن. لە تەکسیدا، هەموو کەس دوکتۆرای زانستە سیاسییەکانە، هەموو کۆمەڵناسن، هەموو دەروونناسن و ئەم دواییانەش هەموو بوونەتە زماناناس (صفوی، 1398 :101).

بەم ڕوانگەوە ئەگەر بمانەوێ لەسەر پرس و بابەتە تایبەتەکان بەبێ پسپۆڕایەتی و لێزانین یان بەبێ ڕوانگە و چوارچێوەی زانستی کە هەڵگری بورهانێکی زانستی نییە، بیروڕای خۆمان دەربڕین، بۆچوونەکانمان تاکەکەسین و قبووڵ ناکرێن. لە ڕوانگەی ڤەن لیوونەوە[3] لە شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەگرانەدا، بە بەکارهێنانی «دەسەڵاتی تاکەکەسی»[4] ناتوانین ڕەواییدان و مەشروعییەتی پێویست و تەواو بۆ بابەتە پسپۆڕانەکان بە دەست بهێنین؛ بەڵکوو پێویستە بەپێی «دەسەڵاتی پسپۆڕانە»[5] بیروڕای خۆمان دەربڕین؛ چونکە ڕەواییدان و مەشروعییەت لە ڕێگەی پسپۆڕایەتییەوە دابین دەکرێت نەک لە ڕێگەی پلە و پێگەی تاکەکەسییەوە (ڤەن لیوون، 2008).

ئەوەشمان لە بیر نەچێ ئەو پسپۆڕانەش کە لە بواری زمانناسیدا چالاکن، پسپۆڕی هەموو لقەکان نین؛ بەڵام لە هەموو لقەکانی زمانناسیدا خۆیان بەکەسایەتیی خاوەن بیروڕا دادەنێن و ئەو ڕەواییدان و مەشروعییەتە بە خۆیان دەبەخشن کە لەسەر هەموو لقەکانی زمانناسی بدوێن و لە خراپترین دۆخدا تووشی نەخۆشینی هەمووشتزانینن کە ئەم جۆرە پسپۆڕایەتییە زۆر

---

1. Hyland &Paltridge
2. Bickerton
3. Van Leeuwen
4. Personal authority
5. Expert authority

بەرتەسکە و ئەگەری مەترسی لەسەرە؛ چونکە بە وتەی نوام چۆمسکی لە گوتاری ئەقڵانی و لۆژیکی لە زانستە سروشتییەکان یان زانستە لۆژیکەکانی دیکەدا، بابەتێک بە ناوی «خوێندنەوەی هەموو شت»[1] بوونی نییە (چۆمسکی، 2000 :49).

سۆسێر لە کتێبی کۆرسی زمانناسیی گشتی[2]دا باس لەو خاڵە دەکات کە ئامانجی تاقانە و ڕاستەقینەی زمانناسی، توێژینەوە و خوێندنەوەی ڕەهای زمانە. لە ڕاستیدا و لەم وتەیەدا بواری بازنەی زمانناسی وەک خوێندنەوە و توێژینەوەی ڕەهای زمان دانراوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی فاکتەرگەلی وەک کۆمەڵگا و چینە کۆمەڵایەتییەکان، جوگرافیا، کەلتوور، ئەرک و دەوری زمان لە پێوەندییەکاندا.

لەم ڕوانگەیەوە، ئەم جۆرە زمانناسییە دەبێ وەک «دەروونبین»[3] لێک بدرێتەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەو زمانناسانەی کە زمان لە پێوەندییەکانی لەگەڵ فاکتەری وەک کەلتوور، دەروون، کۆمەڵگا، ئەرک و دەوری زمان لە پێوەندییەکان و بەکارهێنانەکاندا، گۆڕانکارییە مێژووییەکان و بابەتی لێکچووی ئەمانە تاوتوێ دەکەن، وەک زمانناسانی «پەڕانبین»[4] ئاماژەیان پێ دەکرێت؛ چونکە بابەتە زمانییەکان وەک خۆیان دەڵێن دەگەڕێنەوە سەر بابەتی گشتیتر، بنەماییتر و بەرزتر کە پێوەندییان بە زمانەوە نییە (دبیرمقدم، 1393 :11). کەواتە، دەتوانین بڵێین زمانناسانی دەروونبین زیاتر لە بازنەی زمانناسیی ورددا خەریکی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زمانن و زمانناسانی پەڕانبین زیاتر لە بازنەی زمانناسیی درشتدا زمان تاوتوێ دەکەن.

---

[1]. The study of everything

[2]. Course in General Linguistics

[3]. Immanent

[4]. Transcendent

# بەشی دووهەم:
# زبان و جۆرە زمانەکان

## ڕوانگەی زماننەناسانەکان

سەبارەت بە زانستی زمان و زمانناسی بەردەوام تاقمێک هەن کە بەبێ زانست و یان هۆشیاریی و ئاگایی زمانی، ڕاوبۆچوونی تاکەکەسیی خۆیان دەردەبڕن. ڕەنگە گێرەوکێشەکانی زمانناسی لێرەوە سەری هەڵدابێت کە بازاڕی زمان بەهۆی دڵخوازبوون و هۆگرایەتی، لایەنگری زۆری بە دەوری خۆیدا کۆ کردۆتەوە تا هەر یەک بەبێ لەبەرچاوگرتنی لق و بوارەکانی زمانناسی، لە ڕوانگەی خۆیانەوە سەیری زمان بکەن. بەڵام بەگشتی، هەموو ئەو کەسانەی کە لەسەر زمان دەنووسن، نە نازناوی زمانناسیان پێ دەبەخشرێ و نە لە چوارچێوەیەکی زانستیدا پرسە زمانییەکان تاوتوێ دەکەن؛ چونکە زۆرینەی ئەو کەسانەی کە لەسەر زمان دێنە گۆ، پێناسەیەکی دروستیان لە زانستی زمان نییە و تیۆری و بوارەکانی زانستی زمانناسی ناناسن. بۆ نموونە ئەو کەسانەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و یان لە دەرەوە، لەسەر بابەتە زمانییەکان دەدوێن، لە ڕوانگەی زمانناسێکی لێزانەوە، تێگەیشتنێکی سەرەتاییان لەسەر زمان هەیە یان وتەکانیان لەسەر بابەتی زمان نازانستییانەیە یان ڕاوبۆچوونەکانیان بە شێوەیەکی سەرەتایی و ئاسایی دەردەبڕن.

ئەو لقەیکە ڕوانگەی ئەم کەسانە تاوتوێ دەکات بە «زارناسیی دەرکی (ئیدراکی)»[1] ناوی لێ دەبەن کە بۆ خۆی بەشێکە لە «زمانناسیی ڕەشۆکی»[2] و دەپەرژێتە سەر توێژینەوە و تاوتوێکردنی بیروبۆچوونی کەسانی ناپسپۆڕ و زماننەناس لەسەر زمان (پرێستێن[3]، 1999). بە وتەیەکی دیکە، لەم لقەدا ئامانج ئەوەیە کە بزانن کەسانی زماننەناس چ بیر و بۆچوون و لێکدانەوەیەکیان سەبارەت بەجۆرەزمان و زارە جۆراوجۆرەکان هەیە. توێژینەوەکانی بواری زارناسیی دەرکی، ئەوە پیشان دەدەن کە کەسانێک هەن کە ناتوانن ڕاشکاوانە لەسەر ئەتنیک، چینە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەگەز و ... دادوەری بکەن؛ بەڵام بە ئاشکرا لەسەر زمانەکان دادوەری دەکەن؛ واتە گاڵتە بە جۆرەزمانەکان و زارە جۆراوجۆرەکان دەکەن یان زمانێک بەرانبەر بە زمانەکانی دیکە بەرزتر دەنرخێنن و جێگەوپێگەیەکی بەرزتری پێ دەدەن.

بەپێی وتەی پیلێر[4] (2016: 5) زمان دەتوانێ ببێتە ئامرازێک بۆ سەرهەڵدانی نادادپەروەرییە زمانییەکان؛ چونکە ئەگەرچی بنەمای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەسەر هەڵاواردنی ڕەگەزی، ئەتنیکی، خواستە ڕەگەزێتی و ئایینییەکانە؛ بەڵام لەم سەروبەندەدا زمان بەدەگمەن وەک بنەمایەک بۆ هەڵاواردنی تاک، کۆمەڵگا و نەتەوەکان دەبیندرێت.

[1]. Perceptual dialectology
[2]. Folk Linguistics
[3]. Preston
[4]. Piller

لەم پێوەندییەدا، ئەگەر بابەتە زمانییەکان لەسەر بنەمای پرۆگرام یان «بەرنامەی ئاگایی زار»[1]، وەک وانەیەک لە ناو سیستەمی پەروەردەدا و لە قوتابخانەکاندا جێگایان بۆ بکرێتەوە، ئەوەندە بە شێوەیەکی نازانستییانە زەق نابنەوە. بەرنامەی ئاگایی لە زارەکان ڕوانگەیەکی پەروەردە و فێرکارییە کە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ئاگایی زمانی و باشترکردنی تێڕوانینە زمانییەکان، چەمکە کۆمەڵایەتی-زمانییەکان فێری منداڵان دەکەن؛ بۆیە ئاستی هۆشیاری و ئاگایی زمانی ئاخێوەران سەبارەت بەبابەتە زمانییەکان دەچێتە سەر (ڕیسێر[2]، 2006). لە زۆرینەی وڵاتە ئەورووپییەکاندا ئەم وانەیە سەرەتا فێری مامۆستایان دەکرێت و پاشان قوتابییان لەسەر بابەتە زمانییەکان ڕادێنن. ئەم وانەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕوانگە و بۆچوونە نەریتییەکان و لێکدانەوە ناڕاستەکانی سەر زمانەکان کاڵ بێتەوە و لە نێو ئاخێوەراندا تێگەیشتنێکی دروست بێتە ئاراوە.

**پێناسەی زمان**

ئەگەر بپرسن کە زانستی زمانناسی چییە، زمانناسان خێرا دەڵێن کە بابەتی ئەم زانستە «زمان»ـە؛ بەڵام ئەگەر پرسیارەکە ئەوە بێت کە مەبەست لە «زمان» بۆ خۆی چییە؟ بیروڕای جیاوازی لێ دەکەوێتەوە (مارتینە[3]، 1984)؛ بۆیە بۆ پێناسەکردنی زمان دەبێ واتاکەی لە ڕوانگە جۆراوجۆرەکانەوە تاوتوێ بکرێت؛ چونکە هەروەک زیندەوەرناسەکان ناتوانن «ژیان» پێناسە بکەن، زمانناسانیش پێناسەیەکی یەکپارچە و یەکسانیان لەسەر وشەی «زمان» نییە. تا ئەو ڕادەیەی کە وەک دانسی دەڵێت پێناسەکردنی زمان شتێکی دژوار و ئەستەمە (دانسی، 2004:8).

لە ڕوانگەی نیشانەناسییەوە وشەی زمان بە هەر سیستەمێکی گشتیی ئاماژەدان دەوترێت کە دەتوانێ بە شێوەی کەلامی (گوتەیی)، مۆسیقایی، دیداری، جووڵاندنەوەیی و ... بێت. بۆ نموونە ئێمە دەتوانین باسی زمانی بیناسازی، زمانی مۆسیقا یان زمانی دیمەن بکەین. بەپێی ڕوانگەی سۆسێر پێویستە زمان پێوەندیی نێوان «دال (ئاماژەر[4])» و «مەدلوول (بەرئاماژەر[5])» دەربخات یان بەپێی ڕوانگەی یێلمزلف پیشاندەری پێوەندیی نێوان «دەربڕین» و «ناوەڕۆک»[6] بێت. بۆ نموونە بیر لە زمانی چرای ڕێنما یان "ترافیک لایت" بکەنەوە: سەوز، زەرد، سوور. لە ڕیزبەندی و هەلومەرجەکاندا، ئەم ڕەنگانە دالەکان پێک دەهێنن، لە حاڵێکدا مەدلوولەکانیان بریتین لە "بڕۆن، ئاگادار بن، ڕاوەستن". بە واتایەکی دیکە، زمان پێویستە بەردەوام هەڵگری فۆرم و ناوەڕۆک بێت کە دوو لایەنی پێکەوە گرێ دراون و جیا ناکرێنەوە. سۆسێر پاش ئاماژەدان بە زمانی ئاخاوتن (ئینگلیزی، فەڕەنسە، ئیتالی، کوردی و ...) لە نێوان لانگ[7] (زمان) و پارۆڵ[8] (ئاخاوتن)دا جیاوازی دادەنێت. ناوبراو وشەی لانگ بۆ پیشاندانی کۆمەڵەیەکی دەرهەست[9] لە

---

[1]. Dialect Awareness Program

[2]. Reaser

[3] .Martinet

[4]. Signifier

[5]. Signified

[6]. Expression & Content

[7]. Langue

[8]. Parole

[9].Abstract

یاسا و ڕێسا و گرێبەستە ژێرخانییەکانی زمان بەکار دەهێنێ، لە حاڵێکدا کە پارۆل پیشاندەری ئەو بەشە بەرهەست[1] و بەرچاوەیە کە تێیدا هەر ئاخێوەرێک لەم سیستەمە کەڵک وەردەگرێ (مارتین و ڕێینام[2]، 2000:79). بە وتەیەکی دیکە، بەکارهێنانە تایبەتەکانی لانگ کە دەدرکێت و بەرهەم دێت پێی دەڵێن پارۆڵ؛ واتە بەکارهێنانی زمان دەبێتە پارۆڵ (نۆرگاد و هاوکارانی، 2010: 110).

ئەم جیاوازییەی لانگ (زمان) و پارۆڵ (ئاخاوتن) زۆر نزیکەلە جیاوازیی «توانستی زمانی»[3] و «کردەی زمانی»[4] چۆمسکی؛ واتە ئەو شتەی سۆسێر وەک زمان (لانگ) ئاماژەی پێ دەکات، چۆمسکی وەک «توانستی زمانی» ئاماژەی پێ دەکات و ئەو شتەی سۆسێر ناوی ئاخاوتن (پارۆڵ) ی لێ دەنێت، چۆمسکی وەک «کردەی زمانی» ئاماژەی پێ دەکات. بە وتەیەکی دیکە، کردەی زمانی ئەو زانستەیە کە ئاخێوەران لەسەر زمانەکەی خۆیان هەیانە و بە شێوەیەکی شاراوە ئاگایی و هۆشیارییان بە سەر هەموو تایبەتمەندییە پێکهاتەییەکانی زماندا هەیە؛ بەڵام توانستی زمانی بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زمانە. مەبەستی چۆمسکی «بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زمان لە هەلومەرجە بەرهەست و بەرچاوەکاندا» بوو. بۆ نموونە ئەگەر من لە کاتێکی تایبەتدا بێمە ناو مەتبەخەوە و بڵێم «برسیمە»، ئەم ڕستەیە نموونەیەکە لە کردەی زمانی؛ بەڵام بۆ ئەوەی کە من ئەم ڕستەیە بڵێم و کەسی دیکەش لە مەتبەخدا لە ڕستەکەی من تێ بگات، پێویستە هەردووکمان زانستێکی هاوبەشمان لەو زمانە هەبێت کە من پێی دەئاخێوم و قسەی پێدەکەم. ئەم زانستە هەمان توانستی زمانیی من و توانستی زمانیی ئەوە. کەواتە، توانستی زمانی بریتییە لە «زانیاری و ئاگایی بێژەر و بیسەر بە سەر زمانەکەی خۆیاندا». هەر تاکێک لەسەردەمی منداڵیدا ئەم توانستە بەدەست دەهێنێت (مەتیۆز[5]، 2001 :103)؛ (چۆمسکی، 1965 :4)؛ (ستاینبێرگ[6]، 1993 :221).

لە زمانناسیی هۆشەکیدا، زمان لە ئەرکی هۆشەکیدا تاوتوێ دەکرێت. بە وتەیەکی دیکە، زمانناسیی هۆشەکی، زمان لە دەفرایەتییە هۆشەکییەکانی مرۆڤدا دەبینێتەوە (ئێونز[7]، 2007). ئەم ڕوانگەیە لە بیر و بۆچوونی واڵتێر بێنیامین[8] نزیکە کە لە ساڵی 1916ی زایینیدا «سەبارەت بە زمان و زمانی مرۆڤ» تیۆرییەک سەبارەت بەزمان ئاراستە دەکات کە پێگەیەکی بنەمایی لە ڕوانگەی ناوبراودا هەیە. بێنیامین لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە هەر نواندنەوەیەک لە هەبوون و ژیانی هزریی مرۆڤ، دەکرێ وەکوو جۆرێک زمان دەرک و فام بکرێ و لە دۆخی گشتیدا، هەموو پێوەندییە ناوەرۆکییەکانی مێشک کە دێنە ئاراوە، جۆرێک زمانن.

---

[1].Concrete
[2]. Martin & Ringham
[3]. Performance
[4]. Competence
[5]. Matthews
[6]. Steinberg
[7]. Evans
[8]. Walter Benjamin

لەگەڵ سەرهەڵدانی فەلسەفەی زمان، وشەی زمان بوو بە خاوەنی دوو واتای «گشتی» و «تایبەت». زمان لە واتای گشتیی خۆیدا وەک ئامرازی دەربڕینی بیرۆکە و گواستنەوەی هزر پێناسە دەکرێ و لە واتای تایبەتیی خۆیدا وەک ئامرازی سازدانی پێوەندیی پێناسە دەکرێت. لە وتاری کراتیلووسی ئەفلاتووندا کە یەکەمین دەقی بەجێماوی بواری فەلسەفەی زمانە، ئەفلاتوون بەلێبڕاوی جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکاتەوە کە ئاخاوتن لە ڕێگەی ناولێنانەوە جێبەجێ دەبێت. زمان لە بیروڕای هێراکلیتووس و پارمێنیدێسدا وەک «ناو»[1] ئاماژەی پێکراوە و لە باری مێژووییەوە وشەیەکی دیکە بۆ زمان بەکار هاتووە کە وەک «لوگوس»[2] ئاماژەی پێ دەکرێت، ئەڵبەت نەک بە واتای ئاخاوتن؛ بەڵکوو بە واتای مەعریفە (ناسینەوە)، تێفکرین و هەبوون بەکار دەهێنرێت. لەسەردەمی نوێدا و بەتایبەت لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمی زایینیدا زمان لە ئەندێشە فەلسەفییەکاندا پێگەیەکی بەرزتری پێ درا و هەر یەکە لە زانایانی ئەم بوارە، پێناسەیەکی جیاوازیان لەسەر زمان ئاراستە کرد (صفوی، 1392 :50-1).

شیکردنەوەی گوتار، زمان لە بەکارهێنان و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکاندا پێناسە دەکات (شفرین[3] و هاوکاران، 2001: 1) کە ئەم ڕێکردە گرێدراوە بە «ئەرکخوازی»[4]یەوە. ئەرکخوازەکان، سیستەمی زمانیی و پێکهێنەکانی ئەو سیستەمە، لە بەستێنی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و مێژوویی نزیک دەبینن و هەموو جۆرە هەوڵێک بۆ وەسفکردن و ڕوونکردنەوەی ئەم سیستەمە زمانییە بەبێ ئاماژەکردن بە وەها فاکتەرگەلێک پووچ دەبینن و و ڕەتی دەکەنەوە (راسخ‌مهند، 1394 :302). بە وتەیەکی دیکە، ئەرکخوازی، زمان پێوەند دەدات بە فاکتەرە دەرەکییەکانەوە و سەربەخۆبوونی سیستەمی زمانی ڕەت دەکاتەوە کە ئەم ڕوانگەیە دژی فۆرمخوازی[5]یە و بەتایبەت دژانبەری لەگەڵ زمانناسیی چۆمسکی دەکات کە تەنیا جەخت لەسەر فۆرم و ڕواڵەتی زمان دەکاتەوە. ڕوانگەی فۆرمخوازی زیاتر وەک ڕێزمانی بەرهەمهێنان[6] دەناسرێت و ئاماژەی پێدەکەن؛ واتە ڕێزمانێکی فۆرماڵ کە هەڵگری کۆمەڵەیەک لە ڕێساکانی دووبارەنووسینەوەیە[7] کە کۆمەڵەیەک ڕستە بەرهەم دەهێنن و ئەم کۆمەڵە ڕستەیە، بە زمان ناو دەبرێت (هەمان سەرچاوە، 197).

بەگشتی، چۆمسکی بڕوای وایە کە زمان لە سروشتی مرۆڤدا بە شێوەی زاتی دەردەکەوێت کە ئەڵبەت کۆمەڵێک ڕەخنە لەم ڕوانگەیە گیراوە، بەتایبەت لە لایەن وۆڵفگانگ تیۆبێرتەوە[8] (2010) کە لە کتێبی واتا، گوتار و کۆمەڵگادا، بەرەنگاری ڕوانگەی چۆمسکی لەمەڕ زاتیبوونی زمان دەبێتەوە و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەو زمانەی منداڵ فێری دەبێت، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و گوتارییە.

---

[1]. Onomata
[2]. Logos
[3]. Schiffrin
[4]. Functionalism
[5]. Formalism
[6]. Generative grammar
[7]. Rewrite rules
[8]. Wolfgang Teubert

پێناسەی زمان لە مەبەستناسیی زمانیدا، تاوتوێکردنی واتای مەبەستی ئاخێوەرە کە واتای مەبەست، خواست و نیاز، گریمانەکان و کردەقسەییەکان دەگرێتەوە و ئاخێوەران لە کاتی ئاخاوتندا کەڵکیان لێ وەردەگرن. بە وتەیەکی دیکە، لەم ڕوانگەیەدا کردەی ئاخێوەران سەبارەت بە زمان گرینگە و زمان لە ڕەوتی بەکارهێنانیدا پێناسە دەکرێت. لە ئەنجامدا مەبەستناسیی زمان زیاتر دەپەرژێتە سەر شیکردنەوەی مەبەستی ئاخێوەران لەسەر گوتەکانیان نەک واتای خودی وشەکان یان ڕستە و دەستەواژەیەک کە بەکاری دەهێنن یان دەریدەبڕن (یول[١]، ٢٠٠0: 8).

لە دەروونناسیی زمانیشدا تاوتوێکردن و تایبەتمەندییەکانی زمان کەمتاکورت دابەش دەبنە پێنج بەشەوە: سیستەمی دەنگناسی، پێکهاتەی وشە، پێکهاتەی ڕستە، واتا و بەکارهێنانی لە جیهانی واقیعدا. سێ بابەتی سەرەتایی پێکەوە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ دەروونناسیی زماندا هەیە (کولز[٢]، 2012 :18).

لە زمانناسیی مێژوویی و زمانناسیی کۆمەڵایەتیدا کە زارناسی[٣] وەک یەکێک لە لقەکانی هەژمار دەکرێت، زمان بەرانبەر بە زار[٤]، زار بەرانبەر بە شێوەزار[٥] دەردەکەوێت و لەم پێوەندییەدا پێکهێنەکانی دیکە وەک جۆرەزمان[٦]، زاری تاکەکەسی[٧]، شێواز و شێوەزمان[٨] تاوتوێ دەکات کە بۆ تێگەیشتن و شرۆڤەی زیاتر هەر یەک لەو پێکهێنانە تاوتوێ دەکەین. پێویستە بگوترێ کە زمانناسەکان لە باشوور، زیاتر چەمکی «زار» بەکار دەهێنن و لە ڕۆژهەڵاتیش زیاتر چەمکی «زاراوە» بەکار دەهێنن. لەم کتێبەدا لە چەمکی زار کەڵک وەردەگرین.

**زمان و زار**

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد پێناسەکردنی زمان ئاڵۆز و ئەستەمە. دومێرت[٩] دەڵێت: زمانناسان بەردەوام واتای «زمان»یان وەک پرسێک بینیوە کە کێشە ساز دەکات و مشتومڕی لەسەرە و ناکرێ بەئاسانی وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە ئایا شێوەیەکی تایبەت لە ئاخاوتن دەبێ وەک زمانێکی جیاواز ڕیزبەندیی بکرێت یان نا (دومێرت، 2001 :261) و یەکێک لە کێشەکانی دیکەش کە لە پاڵ ئەوە دێتە ئاراوە، جیاوازیی نێوان «زمان» و «زار»ە. ئەم پرسیارە کە چۆن دەتوانین زمانێک بەرانبەر بە زارێک پێناسە بکەین، یەکێک لە کۆنترین و سەرەکیترینی ئەو پرسیارانەیە کە زمانناسان لە خۆیان دەپرسن.

لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا زیاتر وشەی «زاراوە» بەکار دەهێنن و لە باشووردا لە وشەی «زار» کەڵک وەردەگرن. لەم کتێبەدا بۆ ئەوەی وشەی زاراوە لەگەڵ وشەی (terms) دا کە ئەم وشەش بە واتای زاراوەیە، تێکەڵ نەکرێت و فرەمانایی ساز نەکات، هەر وشەی «زار» بەکار دەهێنین.

[1].Yule
[2]. Cowles
[3]. Dialectology
[4]. Dailect
[5]. Accent
[6].Variety
[7]. Idiolect
[8].Style & Register
[9]. Deumert

لە پێناسەی زاردا دەڵێن: شێوەیەک لە زمان کە کۆمەڵێک سیمای تایبەتی ڕێزمانی، وشەیی و بێژەیی لەگەڵە (براون و میلەر[1]، 2013 :132).

ئەمڕۆ هیچ پێوەرێکی قبووڵکراوی جیهانی بۆ جیاکردنەوەی زمانێک لە زارێک لە ئارادا نییە (گۆسکێنز[2]، 2018) و لە ڕێکردی سوننەتی و کۆندا یەکێک لەو پێوەرانەی کە زۆر جار لەسەر جیاوازیی نێوان زار و زمان تاوتوێ کراوە، پێوەری «لێکگەیشتن»[3] یان «تێگەیشتنی دوولایەنە»یە. زارەکان لەسەر بنەمای لێکگەیشتن، پێویستە تێگەیشتنی بەرانبەر یان دوولایەنەیان هەبێت، لە حاڵێکدا کە زمانەکان لە بواری زمانییەوە ئەوەندە جیاوازن کە ئاخێوەران لێکگەیشتنیان نییە و لێک تێناگەن. بە وتەیەکی دیکە، ئەگەر «ئاخێوەری یەکەم» بتوانێ لە لێدوانەکانی «ئاخێوەری دووهەم» تێ بگات، کەواتە ئەو دوو کەسە بە زمانێکی یەکسان و لێکچوو دەئاخێون. ئەگەرچی جیاوازییە زمانییەکان و پێوەرە زمانناسییەکان زۆر وەک پێوەر دانانرێن و گرینگ نین؛ بەڵام ئەگەر دوو ئاخێوەر لە زمانی یەکتر تێنەگەن، کەواتە ئەم دوو زمانە لێک جیاوازن (ترۆزدیل[4]، 2010 :5).

لێکگەیشتن لە زارناسیشدا هەر لەسەر ئەم پێناسەیە دەچێتە پێشەوە؛ واتە ئەو کاتەی ئاخێوەرانی جۆرەزمانێکی تایبەت بتوانن لە قسە و لێدوانی ئاخێوەرانی جۆرەزمانێکی تایبەتی دیکە تێبگەن بەبێ ئەوەی کە پێشتر پێکەوە پێوەندیی زمانییان هەبووبێت و یان لە ڕێگای فێرکارییەوە فێر بووبن (چەمبێرز و ترادگیڵ[5]، 1998 :3).

کەواتە ئەگەر ئاخێوەرانی دوو یان چەند زمان بتوانن لە پێوەندیدا بەبێ هیچ گرفتێک لێک تێبگەن، لێکگەیشتن لە نێوانیاندا هەیە. بەڵام وەها پێوەرێک لە لایەن زمانناسانەوە زۆر ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و قبووڵ نەکراوە؛ چونکە پێوەری لێکگەیشتن هەڵگری کۆمەڵێک کێشە و کەموکووڕییە و ناتوانێ سنووری نێوان «زار» و «زمان» بە دروستی جیا بکاتەوە. ئەم پێوەرە کاتێک قبووڵکراو و پەسەند دەبێت کە لێکگەیشتنی دوو ئاخێوەر کە هەر یەکەی زمانێکی جیاوازیان هەیە، سەتاسەت بپچڕێ و پاشان بتوانین بڵێین کە ئەم دوو ئاخێوەرە زمانێکی جیاوازیان هەیە و بۆیە زمانناسان ئەم پرسە دەدەنە بەر ڕەخنە و بەرەنگاری ئەم پرسە دەبنەوە و بەڵگەشیان ئەوەیەکە لە هەندێ نموونەدا کەسانی پورتوگالیزمان دەتوانن لە ئاخاوتنی ئیسپانیزمانەکان تێبگەن؛ بەڵام لێکگەیشتنی زمانی پورتوگالی بۆ ئیسپانیزمانەکان ئەستەمە؛ واتە «تێگەیشتنی یەک لایەنە»[6] یان «تێگەیشتنی ناتەواو»[7] دەکەوێتە نێوانیان کە وەک «لێکنەگەیشتن[8]»یش ئاماژەی پێدەکەن و ئەمە دۆخێکە کە تێیدا ئاخێوەرانی زمانێکی یەکەم، لە زمانێکی دیکە تێدەگەن؛ بەڵام ئاخێوەرانی زمانی دیکە توانای لێکگەیشتنی زمانی یەکەمیان نییە

[1]. Brown & Miller
[2]. Gooskens
[3]. Mutual intelligibility
[4]. Trousdale
[5]. Chambers&Trudgill
[6]. Unidirectional intelligibility
[7]. Partial intelligibility
[8]. Non-mutual intelligibility

(کەمپبێل و میکسکۆ[1]، 2007 :132). ئاخێوەرانی سویسی بە جۆرەزمانە ئەڵمانییەکان وەک خۆیان دەئاخێون؛ بەڵام بە دەگمەن ئاخێوەرێکی ئەڵمانی دەبینرێت کە لە ئاخاوتنی سویسییەکان تێ بگات. هەروەها سویدییەکان و نەرویژییەکان لێکگەیشتنی تەواویان هەیە؛ بەڵام وەک دوو زمانی جودا و جیاواز دەژمێردرێن (چایڵدز[2]، 2012).

یان بە وتەی چەمبێرز و ترادگیڵ (1998 :4) زۆرێک لە دانمارکییەکان لە زمانی سویدی و نەرویژی تێدەگەن؛ بەڵام سویدی و نەرویژییەکان لێکگەیشتنیان بەرانبەر بە زمانی دانمارکییەکان کەمترە. یا وەک ورداف (2005 :31) دەڵێت لائوسییەکان بە باشی لە تایلەندییەکان تێدەگەن؛ بەڵام پێچەوانەکەی ڕاست نییە و تایلەندییەکان بە ئاسانی لە لائوسییەکان تێناگەن. لە کۆمەڵگای کوردستانیشدا بۆ نموونە ئاخێوەرانی هەورامی بەبێ هیچ فێرکارییەک جۆرەزمانەکانی کوردیی ناوەندی تێدەگەن لە حاڵێکدا ڕەنگە لێکگەیشتنی جۆرەزمانەکانی کوردیی ناوەندی لە هەورامی ئەستەم و قورس بێت.

بۆ ئەوەی بتوانین ڕێژە و ئاستی لێکگەیشتنی نێوان بێژەر و بیسەر لە دوو جۆرەزماندا دیاری بکەین و ڕێژەکەی بخەمڵێنین، پێویستە کەڵک لە کۆمەڵێک ئامراز و شێواز وەرگرین کە لە لێکۆڵینەوەی میرموکری و هاوکارانیدا (1399 و 1398) لەسەر جۆرەزمانە کوردییەکان بە وردی شرۆڤە کراوە. بۆ نموونە ئاستی توانای لێکگەیشتنی زمانی لە نێوان دوو جۆرەزمانی «بەدرەیی» و «مەهابادی»دا، کە دەگەڕێنەوە سەر دوو زاری کوردیی باشوور و کوردیی ناوەندی، بەپێی دەسکەوتەکانی ئەم توێژینەوە تا سەتا 43/17 لێکگەیشتنی زمانی لە نێوان ئەو دوو جۆرەزمانەدا هەیە کە هیچ پێوەندییەکی زمانییان نییە و بەبێ هیچ فێرکارییەک ئەو لێکگەیشتنە لە نێوان ئاخێوەرانیاندا هەیە و بە بڕوای لێکۆڵەران وەها دیاردەیەک زیاتر لەوەی کە پیشاندەری لێکچوونە زمانییەکان بێت، پیشاندەری هاوبەشیی کەلتوورییە لەگەڵ کەلتووری زاڵ و هەروەها کەلتوورە دراوسێکانی دیکەش. لێرەدا ئەگەر قبووڵ بکەین کە توانای لێکگەیشتن بە واتای ناسینی پێکهێن و بەشەکانی ڕستەی زمانی بەرانبەرە، بەبێ فێرکاریی و بەبێ ئەوەی کە یارمەتی لە زمانی نێونجی وەربگیردرێت، دەتوانین بڵێین کە لە نێوان دوو جۆرەزمانی کوردیی باشوور وکوردیی ناوەندیدا، لە وتووێژە سەرەتاییەکان و لە ئاستی زارەکیدا، ئاخێوەران توانای لێکگەیشتنیان هەیە.

سەرەڕای ئەوەش، ڕێژە و ئاستی توانای لێکگەیشتن دەگەڕێتەوە سەر کۆمەڵێک گۆڕاوەی دیکەش، بۆ نموونە ڕێژە و ئاستی توانای بیستنی ئەو ئاخێوەرانەی کە ڕووبەڕووی زمانەکانی دیکە دەبنەوە، ئاستی خوێندەواربوون، ویست و تامەزرۆیی پێویست و مەیل و خواستیان بۆ تێگەیشتنی زمانێکی دیکە، کاریگەریی هەیە. هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لێکگەیشتن بە ئاسانی نەتوانێ سنووری نێوان زار و زمان دیاری بکات و ناتوانێ بۆ ئەو پرسیارەی کە چی زمانە و چی زمان نییە، بەکەڵک و ڕێخۆشکەر بێت (چەمبێرز و ترادگیڵ، 1998 :4).

---

[1]. Campbell & Mixco

[2]. Childs

بەگشتی، لێکگەیشتن لەسەر زمان هیچمان بۆ ڕوون ناکاتەوە، تەنیا سەبارەت بەشتێک هۆشیارمان دەکاتەوە و ئەویش بریتییە لە توانای تێگەیشتنی ئاخێوەرانی «یەکەم» و «دووهەم» لە زمانە تایبەتەکان؛ بۆیە پێوەری لێکگەیشتنی زمانی یەکێک لە تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکانی ئاخێوەرانە و ئەم لێکگەیشتنە دەگەڕێتەوە سەر توانایی ئاخێوەران و ناکرێ بگشتێنرێت بۆ هەموو ئاخێوەران (هادسۆن، 1996).

بابەتێکی دیکە کە پێوەری لێکگەیشتن دەخاتە ژێر پرسیارەوە، کاریگەریی «فاکتەرە دەر-زمانییەکان» یان «فاکتەرە نازمانییەکان»[1]ـە. واتە فاکتەرە کەلتووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ئەم پرسە ئاڵۆزتر دەکەنەوە؛ چونکە بۆ جیاکردنەوەی زار و زمان، پێوەرە زمانییەکانی وەک "واچی-دەنگی" و "وشەیی-ڕێزمانی" ناتەواون و پێوەرە نازمانییەکانی وەک تێڕوانینی ئاخێوەران بۆ خۆیان، فاکتەرە نازمانییەکانی وەک پرسە سیاسی، کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانیش کاریگەری و دەستێوەردانیان دەبێت (گۆسکێن[2]، 2018). ئەم فاکتەرانە دەبنە هۆی ئەوەی کە پێوەرێکی یەکلاکەرەوەمان بۆ جیاکردنەوەی زار و زمان لەبەردەستدا نەبێت. بۆ نموونە زمانی فارسیی تارانی و زمانی فارسیی کابولی هەرچەند لێکگەیشتنیان هەیە؛ بەڵام لە بازنەی سنوورە سیاسییەکانی ئێران و ئەفغانستاندا هەر یەکەیان وەک زمانێکی پێوەر و ڕەنگە وەک زمانێکی جیاواز سەیر بکرێن. ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە سەر فاکتەرە نازمانییەکان و لەم بابەتەدا فاکتەرە زمانییەکان لەسەر ئەم دیاردەیە کاریگەری و دەورێکی ئەوتۆیان نییە (غفار ثمر، 1396 :111).

نموونەی پێچەوانەی دیکەش کە لێکگەیشتنی زمانی ڕەت دەکەنەوە، زمانە سکاندیناڤیاییەکانن کە ئەگەرچی لە نێوانیاندا لێکگەیشتنی زمانی هەیە؛ بەڵام هەر یەکە زمانێکی جیا و جیاوازن. سەبارەت بە جۆرەزمانە کوردییەکانیش وەک کایا[3] (2011) دەڵێت، زۆرینەی هەرەزۆری زازاکان ئەگەرچی لێکگەیشتنیان لە جۆرەزمانە کوردییەکان نییە بەڵام جۆرەزمانی خۆیان وەک کوردی پێناسە دەکەن و پاڤێل[4] (2008) دەڵێت کە زۆرێک لە ئاخێوەرانی زازاکی (و هەورامی) زمانی خۆیان وەک «جۆرەزمانێکی کوردی» دادەنێن؛ بۆیە ناوبراو جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکاتەوە کە بۆ گەیشتن بەم مەسەلە و ئەو پرسیارانە کە لەسەر پرسی «زمانی کوردی» دەکرێت، پێویستە فاکتەرە نازمانییەکانیش لە بەرچاو بگیردرێن.

بە بڕوای ترادگیڵ (2000 :17) لە ڕەوتی کەڵکوەرگرتن لە چەمکەکانی زمان و زاردا، پێوەری لێکگەیشتن و پێوەرە زمانییەکان لە چاو فاکتەرە سیاسی و کەلتوورییەکاندا کەمتر گرینگییان پێ دەدرێت. بە وتەیەکی دیکە، لەم بوارەدا ویستی ئێمە زیاتر لەسەر بنەمای فاکتەرە نازمانییەکان واتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە نەک فاکتەرە زمانییەکان. لاماس[5] و هاوکارانیشی (2007 :77)

[1]. Non-linguistic factors
[2]. Gooskens
[3]. Kaya
[4].Paul
[5]. Llamas

ئاماژە بەوە دەکەن کە ناکۆکی و دووبەرەکییەکانی نێوان زار و زمان زیاتر دەگەڕێنەوە سەر پرسە کەلتووری و سیاسییەکان، نەک لێکگەیشتن یان تایبەتمەندییە پێکهاتەییەکانی زمان.

دومێرتیش (2011: 261) بە کردەوە، پێوەرە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکان وەک فاکتەری پێگە و شکۆی جۆرەزمانەکان دادەنێت نەک پێوەرە زمانییەکان. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە پێوەندییەکانی هێز، مێژوو و نەتەوە و هەروەها ڕوانگەی ئاخێوەران دەتوانن کاریگەرییان لەسەر پێوەرە زمانییەکان هەبێ و جارجار لە بواری پێکهاتەییەوە شێوە لێکچووەکانی ئاخاوتن بەهۆی پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە وەک زمانی جیاواز و جیا ڕیزبەندی دەکرێن. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە زمانی هیندی و ئوردوو یان کرۆڤاتیا و سربیا بکەین. بەڵام هەندێ جار، زمانە چینییەکان (جۆرەزمانەکانی کانتۆنی و پێکەنی یان ماندارین) سەرەڕای ئەوەی کە پێکهاتەی لێکنەچوو یان نایەکسانیان لە نێواندا هەیە؛ بەڵام زیاتر وەک زار پێناسە دەکرێن. ڕوانگەی لوریش ڕاوبۆچوونەکانی پێشوو پشتڕاست دەکاتەوە. ناوبراو دەڵێت: زۆر دەبینین ئاماژە بەو پرسە دەکرێت کە جیاوازیدانان و جیاکردنەوەی زار و زمان، زیاتر جۆرێک دابەشکاریی سیاسییە نەک زمانی. سربیایی و کرۆڤاتیایی سنووری زارەکانی زمانی سربۆکرۆڤاتیاییان تێپەڕاندووە و بوونەتە زمانی سەربەخۆ و هۆکاری ئەمەش گۆڕانکارییە سیاسییەکان بووە. یان ڕەنگە لێکگەیشتنی ئینگلیزیی تاینسایدی و ئینگلیزی تێگزاسی زۆر ئەستەم بێت (لوری، 2007: 9). یان دوو عەشیرەتی پاپاگۆ[1] و پیما[2] لە دوو زمانی سوورپێستەکانی ئەمریکا، ئەگەرچی لێکگەیشتنیان هەیە؛ بەڵام لەبەر هۆکارە مێژوویی و سیاسییەکان، زمانەکانیان وەک دوو زمانی جیاواز دادەنێن. هەروەها ئاخێوەرانی هۆڵەندی و فلاندەری لێکگەیشتنی زمانییان هەیە؛ بەڵام هەر یەکەیان زمانی خۆیان بە زمانێکی جیاواز دەزانن (ئێکماجیان و هاوکارانی، 2010: 277).

ئاندرێ مارتینە[3] زماننناسی فەڕەنسی دیاردەی نازمانی کە لەم دابەشکارییەدا دەست وەردەدات وەک جەبرێک دەبینێ کە زمانناس جێبەجێی دەکات و جۆرەزمانەکان بەپێی چییەتی و بەکارهێنانیان یان بەپێی هەرێمی جوگرافیایی و کۆمەڵایەتییان لە چین یان گرووپێکدا جێگیر دەکات و دایاندەنێت (مارتینە، 1393: 214). ڕەنگە سەیر بێت؛ بەڵام هیچ کۆدەنگییەکی گشتی بۆ جیاکردنەوە و جیاوازیدانان لە نێوان زار و زماندا لە ئارادا نییە. ئەم دوو وشەیە لە ناو زمانناساندا تەنانەت وەک چەمکێکی زانستی ناژمێردرێن. بەپێی هۆکاری نازمانی و زیاتر لەبەر ڕوانگە کۆمەڵایەتی-سیاسی و ئایدیۆلۆژیکییەکان، خواست و داخوازی هەندێک ئەوەیە کە مۆرکی «زار» لەسەر زمانە جۆراوجۆرەکان دانێن. بۆ نموونە ئاخێوەرانی ئەڵمانی لە کۆڵن و دەڤەری باواریا هەردووکیان ئەڵمانین؛ بەڵام بەئەستەم لە یەک تێدەگەن و لێکگەیشتنی هاوبەشیان نییە (چایلدز، 2012).

---

[1]. Papago

[2]. Pima

[3]. André Martinet

لە ڕوانگەی سیاسیشەوە وەک ژۆزێف[1] (2007 :12) دەڵێت پرسیار لەسەر چییەتی زمان و یان ئەوەی کە چی زمانە و چی زمان نییە، لە ئەنجامدا پرسیارێکی سیاسییە. زمانناس بە وردی و بەپێی هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی ڕێژەی جیاوازییە پێکهاتەییەکان یان لێکگەیشتنی ئاخێوەران ناتوانێ وەڵامی وەها پرسیارێک بداتەوە. لە ڕاستیدا، زمان زارێکی بەهێزە؛ بەڵام ئەم هێزەی لە ڕێگەی فاکتەرگەلی دەرـزمانییەوە وەرگرتووە (وارداف، 2005:30). ماکس واینرایش[2] (1945) زیاتر وەک کەسایەتییەک دەناسرێت کە لە وتەیەکی بەناوبانگدا، زمان وەک زارێک پێناسە دەکات کە سوپا و هێزی دەریایی هەیە.

ئەوەی کە زمان چییە و تایبەتمەندییەکانی کامانەن، ئیدی ناگەڕێتەوە بۆ پێناسە سوننەتی و کۆنەکەی زمان؛ واتە ناکرێ سنووری نێوان زمانەکان لەسەر بنەمای لێکچوونە پێکهاتەییەکان یان لێکگەیشتن دیاری بکرێت. بە وتەی گامپێرز[3] ئەم تێڕوانینە لە دابەشکارییەکانی زار و زمانەکان، شانۆیەکی پەشۆکێنەر و ناڕوونە (گامپێرز، 1971 :20).

لە وتووێژێک لەگەڵ دوکتۆر پارسا بامشادی، زمانناس و لێکۆڵەری ئەم بوارەدا، ئەم پرسە بەم چەشنە تاوتوێ کرا کە بەپێی وتەی ناوبراو یەکێک لەو جیاوازییانەی کە زۆرترین مشتومڕی لە زمانناسی و بەتایبەت زمانناسیی کۆمەڵایەتیدا ناوەتەوە، جیاوازیی نێوان زار و زمانە. ڕەوتی ئاسایی وایە کە ئەم دوو چەمکە لەسەر بنەمای پێوەرێک بە ناوی «لێکگەیشتن» پێناسە دەکەن و دەڵێن ئەگەر دوو کەس پێکەوە قسە بکەن و لێک تێنەگەن؛ واتە بە دوو زمانی جیاواز قسە دەکەن؛ بەڵام ئەگەر سەرەڕای هەبوونی جیاوازییە وشەیی و ڕێزمانییەکان، بتوانن لێک تێبگەن کەواتە بە دوو زاری جیاواز کە سەر بە زمانێکن، پێکەوە دەدوێن.

ئەم پێناسەیە لەسەر بنەمای پێوەرە زمانناسانەکان دامەزراوە؛ بەڵام ئەو شتەی لە ڕیزبەندییە زمانییەکان و لە ناو خەڵک، ڕێکخراوە و بنکە جۆراوجۆرەکان و دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا بەدی دەکرێت نەک لەسەر بنەمای پێوەری زمانناسانە؛ بەڵکوو لەسەر بنەمای پێوەر و تێبینییە سیاسی و ئەتنیکییەکانە. بۆ نموونە، سەبارەت بە ڕیزبەندیی زارەکانی زمانی کوردی ساڵەهایە مشتومڕێک لە ئارادایە و هەندێک کەس هەورامی وەک زارێکی کوردی دادەنێن و هەندێکی دیکەش وەک زمانێکی جیاواز سەیری دەکەن. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە ئەگەر تەنیا پێوەری لێکگەیشتن ڕەچاو بکەین بە ئاسانی دەتوانین کۆتایی بەم قەرقەشەیە بهێنین؛ بەڵام چونکە فاکتەر و تێبینییەکانی دەرەوەی زمان لە ئارادان، گرفتەکە وەک خۆی ماوەتەوە. جیاوازیی نێوان دوو چەمکی «زمان» و «زار» لە ڕێکردێکی قووڵتری دیکەشدا تاوتوێ دەکرێت. زمان چەمکێکی «دەرهەست»[4] و هزرییە و زار چەمکێکی «بەرهەست»[5]ـە. ئەمەش واتە ئەو شتەی کە ئێمە قسەی پێ دەکەین و بەکاری دەهێنین نەک زمان بەڵکوو زارە.

---

[1]. Joseph
[2]. Max Weinreich
[3]. Gumperz
[4].Abstract
[5]. Concrete

به وتەیەکی دیکە، زمانێک لە زارەکانیدا دەردەکەوێت و دەنوێندرێت. بۆ نموونە، ئەگەر لێم بپرسن بە چ زمانێک قسە دەکەی؟ دەڵێم کوردی. پاشان ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە: کامە کوردی یان کامە زاری کوردی؟ ئەمەش پیشاندەری ئەوەیە کە ئەو شتەی بە کردەوە دەبینرێ زارە نەک زمان.

دەکرێ جیاوازیی نێوان زمان و زار وەک جیاوازیی نێوان مێوە و سێو سەیر بکەین. ئەگەر لێتان بپرسن: چی دەخۆن؟ و ئێوە بڵێن: مێوە، دەسبەجێ ئەگەری ئەو پرسیارەش دێتە ئاراوە کە چ مێوەیەک؟ مێوە چەمکێکی دەرهەستە کە لە سێو، پرتەقاڵ، هەمرۆ، هەنار و ...دا دەردەکەوێت. وتەیەکی زەریف و وردبینانەیە، ئێمە مێوەش دەخۆین و نایشیخۆین. سێو مێوەیەکە و کاتێک کە سێو دەخۆین بێگومان خەریکی مێوەخواردنین؛ بەڵام ڕاست ئەوەیە کە ئێمە سێو دەخۆین نەک مێوە. مێوە مۆرکێکی دەرهەستە کە ئێمە بۆ پۆلاندنی نموونە تایبەتەکانی خواردەمەنییەکان بەکاری دەهێنین (ئەڵبەت هەموو مێوەکانیش ناخورێن). پێدەچێ ئەم نموونەیە دەفرایەتی ئەوەی هەیە کە هەرایەکی فەلسەفی بنێتەوە. لێگەڕێین، گرینگ مەبەست و ناوەرۆکی وتەکەیە. مەبەست و ناوەرۆکی وتەکە ئەوەیە کە پێوەندیی نێوان زار و زمانیش هەروایە؛ واتە یەکێکیان چەمکێکی دەرهەستە کە لە ئەوی دیکەدا کە چەمکێکی بەرهەستە، دەنوێندرێت و دەردەکەوێت (پ. بامشادی، وتووێژی نووسەر، 11ی سەرماوەز، 1399ی هەتاوی).

دەتوانین بڵێین ئەنجام دەبێتە ئەوەی کە زمان و زار دوو وشەی لێڵ و ناڕوونن و هیچ کامیان پیشاندەری واتایەکی ڕوون و دیاریکراو نین (هاگێن[1]، 1996). واتای زمان لە باری هەستی[2]یەوە ڕوونە؛ بەڵام پێناسەیەکی تەواو و گشتگیر لەم وشەیە ئەستەمە (کەمپ بێڵ و میکسکۆ، 2007:91). وەک هەریس (2001) دەڵێت، کارێکی دروست ئەوەیە کە سیستەمی زمان نەبەینە ئەو ئاستەی کە لەگەڵ مۆرکی وەک «ئینگلیزی»، «فەڕەنسە» و «فارسی» و هتد بناسرێت؛ بەڵکوو دەبێ لە ئاستی زارەکان و جۆرەزمانەکاندا داینێین. بەو واتایەی کە زمان لە بنەڕەتدا هەمان زارە. مەک وۆرتەر[3]یش لەسەر ئەو خاڵە جەخت دەکاتەوە کە هیچ جیاوازییەکی بەرهەست ناکەوێتە نێوان زار و زمان و پێناچێ بیرۆکەی جیاوازبوونی زمانەکان لە زاراوەکان ژیرانە و لۆژیکی بێت. لە ئەنجامدا شتێک بە ناوی زمان بوونی نییە و ئەو شتەی هەیە زارە نەک زمان (مەک وۆرتەر، 2016).

لە پێناسەی نوێدا کە لەم پێناسە کۆن و سوننەتییانەوە دوورە و جیاوازییان پێکەوە زۆرە، ئەگەر باسەکە لەسەر «زمانبوون» بێت، هەر زارێک دەتوانێ زمانێک بێت. بە وتەیەکی دیکە، دەتوانین بڵێین کە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی زمانناسیی نوێ ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە هەموو زارەکان وەک هەموو زمانەکان لە باری زمانییەوە پێگەیەکی یەکسانیان هەیە (باتیستێلا[4]، 2005:126). زمانناسان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە هیچ دوو ئاخێوەرێک ڕێک وەک یەکقسە

---

[1]. Haugen

[2].intuitively

[3]. McWhorter

[4]. Battistella

ناکەن. هەر ئاخێوەرێک لەگەڵ ئاخێوەرانی دیکە لە باری تێبینییە ڕێزمانییەکان، واتای وشەکان و پێکهاتە واتاییەکانەوە جیاوازە (لەیکاف و تێرنێر[1]، 1989 :109). بە وتەیەکی دیکە، تەنانەت دوو ئاخێوەری زمانێکی تایبەت، ڕێک بە یەک شێواز، زمان بەکار ناهێنن بەڵکوو هەر یەک لەو ئاخێوەرانە، مودێلە زمانییە تایبەتەکانی خۆیانیان هەیە و هەر ئاخێوەرێک خاوەنی جۆرەزمانێکی تایبەتی خۆیەتی کە وەک «زاری تاکەکەسی»[2] دەناسرێت (ئێکماجیان و هاوکارانی[3]، 2010 :275).

بەپێی زاری تاکەکەسی، زمانێکی وەک ئینگلیزی کە ئەوڕۆ قسەی پێ دەکرێت، بەپێی ژمارەی ئاخێوەرانی دەتوانێ دابەش بکرێتە سەر ژمارەیەکی ئێجگار زۆری زارە تاکەکەسییەکان کە ڕەنگە هیچکام لە ئاخێوەرانی ڕێک وەک یەک نەبن و ئەمەش پرسەکە ئاڵۆزتر دەکات (هەریس[4]، 2001 :126). لە کۆتاییشدا دەتوانین بڵێین تا ئەو کاتەی خەڵک لەسەر ئەو باوەڕەن کە شێوازی قسەکردنیان کاریگەرە و بۆ خۆی لە ئاستی زمانێکدایە، ئەم دیاردە ڕاستەقینە پێشاندەری ئەوەیە کە جۆرەزمانەکەی خۆیان وەک زمانێکی جیاواز و سەربەخۆ دابنێن (ژۆزێف، 2007:27).

**زار و شێوەزار**

ئەگەر جیاوازیی دوو جۆرەزمان تەنیا لە ئاستی تایبەتمەندییە بێژەییەکاندا بێت، بە هەر یەکە لەم جۆرەزمانانە دەڵێین «شێوەزار». بە وتەیەکی دیکە، جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو جۆرەزمانە تەنیا لە ئاستی دەنگی-واچیدایە. وەک یول (2010 :240) دەڵێت، وشەی شێوەزار لایەنە بێژەییەکان دەگرێتەوە کە دیاری دەکات ئاخێوەر لە باری جوگرافیایی و کۆمەڵایەتییەوە، سەر بە چ ناوچەیەکە. لە ڕێکردی فیلیپ کار[5]دا ئەم چەمکە تایبەتە لە لایەن زمانناسە بەریتانییەکانەوە بۆ دەستنیشانکردنی جۆرەزمانەکان بەپێی تایبەتمەندییە دەنگی و واچییەکانی ئەو جۆرانە کەڵکی لێ وەردەگیردرێت(کار، 2008: 9-8). بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بکەین بە شێوەزاری موکری و شێوەزاری سلێمانی.

لە زمانی فارسیدا ئەگەر بمانەوێ ئاماژەبە جۆرەزمانێک بکەین کە لەگەڵ جۆرەکانی دیکە لە باری دەنگییەوە جیاوازی هەبێت، دەتوانین ئاماژە بکەین بە فارسیی تارانی و فارسیی قومی (مدرسی قوامی،1395 :204). کەواتە شێوەزار تەنیا دەگەڕێتەوە سەر شێوەی بێژەکردنی ئاخێوەرانی جۆرەزمانەکان؛ بەڵام وشەی زار بە هەموو ئەو پێناسە دژ و ئاڵۆزانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێ کردن، سەرەڕای بێژەکردن لەسەر تایبەتمەندییە ڕێزمانی و وشەییەکان بەکار دەهێنرێ. بە وتەیەکی دیکە، زار نەک هەر ئاماژە دەکات بە تایبەتمەندییە دەنگی و واچناسییەکانی زمانێکی تایبەت؛ بەڵکوو ئاماژەشە بە جیاوازیی نێوان وشەکان و پێکهاتەی ڕستەکان. کۆمەڵێک لە زمانناسان لەسەر ئەو باوەڕەن کە وشەکانی زار و شێوەزار لە لایەن

[1]. Lakoff & Turner
[2]. Idiolect
[3]. Akmajian
[4]. Harris
[5]. Philip Carr

زماناسانی ئەمریکییەوە هیچ جیاوازییەکیان نییە و ئەو تاقمە ئەم دوو وشەیە لێک جیا ناکەنەوە و جیاوازی لە نێوانیاندا دانانێن (کار، 2008 :9).

تەنانەت ئەمڕۆ زۆرێک لە زمانناسان بەهۆی چەمکە ئاڵۆز و جاروبار ئاماژەدەرە نەرێنییەکان، وشەی زار بەکار ناهێنن (میرهۆف[1]، 2011 :32). بەگشتی، لە ڕوانگەی زماناسییەوە سنوورێکی ڕوون و یەکلاکەرەوە بۆ سێ چەمکی «زمان» و «زار» و «شێوەزار» دیاری نەکراوە. ژان کالوە[2] دابەشکردنی شێوازە زمانییەکان بە «زمان» و «زار» و «شێوەزار» و زارە ناوچەییە و خۆجێییەکان هاوئاراستەی دابەشکارییە کۆمەڵایەتییەکان، بە دابەشکردنێکی نزم و سووکانە دەبینێ. بە وتەیەکی دیکە، ئەم جۆرە دابەشکارییانە کە سیمایەکی زانستییان پێوە دەچەسپێت و دەخرێتە پاڵ، لەسەر تێڕوانینێکی سووک بنیات نراون کە تێیاندا زمان لەگەڵ کۆمەڵگایەکی ژیارمەند و شارستانی هاودەنگە و «زار و شێوەزارە ناوچەییەکان» وەک کۆمەڵگا ناشارستانییەکان دێنە بەرچاو. کۆمەڵگا شارستانییەکان لە چوارچێوەی گەلان و نەتەوەکاندا کۆ بوونەتەوە و کۆمەڵگا ناشارستانییەکان دەگەڕێنەوە سەر چوارچێوەی عەشیرە، هۆزەکان و هتد (کالوە، 1379 :82).

بەتایبەت ئەمە کاتێک ڕوو دەدات کە بمانەوێ تاکزمانی وەک زمانی پێوەر و ستاندارد لە کۆمەڵگا فرەزمانییەکاندا زاڵ بکەین و پاشماوەی جۆرەزمانەکانی دیکە بخەینە پەراوێزەوە؛ بۆیە وەها دابەشکاریگەلێک لە باری زانستییەوە هیچ پاساوێکیان بۆ ناکرێ و تەنیا ڕەواییدان و مەشرووعیەتبەخشینە بە «ئیمپراتۆریی زمانی»[3]؛ واتە هەمان دەستەواژەی «ئیمپریالیزمی زمانی» کە فیلیپسۆن[4] (1992) ئاماژەی پێ دەکات و لێرەدا بە وتەی فۆکۆ کە لە کتێبی ڕیزبەندیی شتەکان[5]دا باسی دەکات، هەر چەشنە ڕیزبەندی و پۆلاندنێک لە هەلومەرجی وەهادا، مەبەست و ئامانجی سەپاندنی دەسەڵات و هێزە کە بە شێوەیەکی شاراوە جێبەجێ دەکرێت.

ڕەنگە سەدان جار کەوتبێتە بەر گوێتان کە دەڵێن "شێوەزار بە قسەکردنی فڵانییەوە دیارە" یان "قسەکردنی فڵان کەس شێوەزاری پێوە دیار نییە"، وەها تێڕوانین و باوەڕگەلێک کە لەسەر شێوەزار دەخرێنە ڕوو، تەواو هەڵە و نادروستن. زمانناسان لەسەر ئەو باوەڕەن کە هیچ تاکێک بەبێ شێوەزار قسە ناکات. هەر ئاخێوەرێک کە دەم دەکاتەوە و دەدوێ خاوەنی سیما تایبەتەکانی بێژەکردنە و ئەم سیما تایبەتانە شێوەزاری ئەو پێک دەهێنن. زمانناسان لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە بواری زمانناسییەوە هیچ شێوەزارێک پلە و ئاستێکی بەرزتری لەوانی دیکە نییە (لوری، 2007 :8). یولیش جەخت لەسەر ئەم بابەتە دەکاتەوە و ڕای وایە کە هەموومان لە ئاخاوتندا شێوەزارمان پێوە دیارە. ئەوەی کە هەندێک ئاخێوەر شێوەزاریان هەیە و هەندێک نیانە، تەنیا ئەفسانەیەکە و هیچی تر نا. دەبینین یەکێک شێوەزارەکەی تۆخ و خەستە و ئاسان پێوەی دیارە و یەکی دیکە شێوەزارەکەی ناسکە و کەمتر دیاری دەدەات؛ بەڵام ئاخاوتنی هەموو

---

1. Meyerhoff
2. Jean Calvet
3. Linguistic imperialism
4. Phillipson
5. The Order of Things

ئاخێوەرێک شێوەزاری پێوە دیارە (یول، 2010 :240). ڕاستییەکە ئەوەیە کە هیچ ئاخێوەرێک نییە کە تەنیا یەک شێوەزاری هەبێت. شێوەزاری هەر یەک لە ئێمە لەگەڵ تێپەڕینی کات گۆڕانکاری بەسەردا دێت (کریستاڵ[1]، 2010 :74).

لە ناو جەماوەری خەڵکدا ڕەنگە گریمانە وا بێ کە ئاخاوتنی کەسێک شێوەزاری پێوە دیار نییە و یان بۆ نموونە کەسێک زمانی یەکەمی (بە وتەیەک زمانە دایکییەکەی) فارسی نییە؛ بەڵام وەک ئاخێوەرانی خۆجێیی تارانی بەبێ شێوەزار بەم زمانە قسە دەکات. هەمووی ئێمە شتی لەم چەشنە لە کۆمەڵگا زمانییەکاندا دەبیستین؛ بەڵام وەها لێکدانەوە و تێڕوانینێک لە لایەن زمانناسانەوە ڕەت دەکرێتەوە. وەک واڵ وۆلفرەم[2] دەڵێت ڕاستییەکە ئەوەیە کە دیاردەیەکی تەواو نەگونجاوە کە بە زمانێکی بێشێوەزار قسە بکەی، لێگەڕێن چ شێوەزارێک؛ چونکە هەر ئاخێوەرێک خاوەنی شێوەزاری تایبەتیی خۆیەتی (ڕیکسۆن و هیلتۆن[3]، 2006 :180-32).

خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە هەر بەو جۆرەی کە ئاخێوەری بێشێوەزار بوونی نییە، بێژەکردنی دروستیش بوونی نییە؛ چونکە بەپێی شوێنی درکاندن[4] لە ئاخاوتندا و هەروەها بەپێی ئەو دەنگانەی کە لە زمانەکانی سەرچاوە و مەبەستدا هەن، ئاخێوەران کەمتاکورت بۆ فێربوونی بێژەکردنی زمانی دووهەم دەتوانن وشەکان بێژە بکەن و لەم پێوەندییەدا تێڕوانینێکی هەڵەیە کە چاوەڕوان بین ئاخێوەران ڕێک بەبێ شێوەزار، دەقاودەق وشەکانی زمانی دووهەم بێژە بکەن. ئەگەر وا نەبوایە لە بەشی فێرکاری و پەروەردەی زماندا، دیاردەیەک وەک «ئینگلیزیی هیندی»، «ئینگلیزیی ئوسترالیایی» و ... سەری هەڵنەدەدا؛ بۆیە هەر بەو جۆرەی کە شێوەزاری ڕەسەن و ئاخێوەری بێشێوەزار جۆرێک ئەفسانەن، بێژەکردنی ڕەسەن، دروست، هەڵە، ناهەڵە، ناسک، ڕەوان و هتدیش هەموو ئەفسانەن و هیچی تر نا. ڕەنگە بێژەکردنەکان لە جۆرەزمانەکاندا بەپێی «ڕەوتە واچییەکان»[5] گۆڕانکارییان بەسەردا بێت. هەر گۆڕانکارییەک لەم چەشنە، کە کاریگەری لەسەر شوێن و هەژماری واچەکان یان بڕگەی وشەکان دانێت وەک ڕەوتی واچی پێناسەی دەکەین.

**لە درێژەدا دەپەرژێینە سەر هەندێ لەم نموونانەدا:**

| | |
|---|---|
| تەمام[tæmɑm] | تەواو[tæwɑw] |
| ئاباد[ʔɑbɑd] | ئاوا[ʔɑwɑ] |
| کەبک [kæbk] | کەو[kæw] |
| سلام[sælɑm] | سڵاو[sełɑw] |

[1]. Crystal
[2]. Walt Wolfram
[3]. Rickerson & Hilton
[4]. Place of articulation
[5]. Phonological processes

وەک لە نموونە ئاماژەپێکراوەکانی دەبینن نەبزوێنەکانی [m, b] لە هەندێ پێکهاتەدا وەک [w] دەردەکەونکە بەم ڕەوتە «لاوازکردنەوە»[1] یان «نەرمبوونەوە»[2] دەڵێن کە تیایدا دەنگێک دەگۆڕدرێ بۆ دەنگێکی لاوازتر (تراسک، 1996 :201، کامبوزیا، 1392 :404).

**سەرنج بدەنە ئەو نموونانەی لە درێژەدا هاتوون:**

| | |
|---|---|
| ئەنبار[ʔænbɑr] | ئەمبار [ʔæmbɑr] |
| بەرانبەر [bærɑnbær] | بەرامبەر [bærɑmbær] |

وەک لەم نموونەدا دەبینین، نەبزوێنی ددانیی /n/ بەر لە نەبزوێنی لێویی /m/ بە نیشانەی لێوییەوە بێژە دەکرێت و لە نموونەی دووهەمدا نیشانەی واچیی /n/ کەوتۆتە بەر کاریگەریی یەکەی واچیی پاش خۆی واتە /b/ و بە شێوەی /m/ بێژە دەکرێت کە بەم ڕەوتە دەڵێین «گونجان»[3]. ئەم ڕەوتە کاتێک دێتە ئاراوە کە دوو واچ (بریتییە لە بزوێن یان نەبزوێن) لە ناو یەک بەش یان یەک وشەدا کاریگەری لەسەر یەک دادەنێن و پێکەوە هاوئاهەنگ و هاوشێوە دەبن کە شێوازی جۆراوجۆری هەیە.

**یان سەرنج بدەنە ئەو نموونانەی خوارەوە:**

| | |
|---|---|
| مندالْ [mendɑɫ] | منالْ[menɑɫ] |
| دەستخۆش [dæstxoʃ] | دەسخۆش[dæsxoʃ] |

وەک لەم نموونانەدا دەبینین هەندێ جار ڕەنگە لەبەر کۆمەڵە هۆکارێک سڕینەوەی واچی یان دەنگی لە وشەیەکدا ڕوو بدات کە بەم ڕەوتە دەڵێن «دەنگسڕینەوە»[4]. بەگشتی ئەم ڕەوتە واچییانە شێوەی جۆراوجۆریان هەیە و مەبەستی ئێمەش شرۆڤەکردنی هەمووی ئەم ڕەوتانە نییە؛ بەڵکوو مەبەستی سەرەکی و پوختەی بابەتەکە ئەوەیە کە ئەم جۆرە بێژانە هیچ پێوەندییەکیان بە بێژەکردنی هەڵە یان ناهەڵەوە نییە بەڵکوو وەک ڕەوتە واچییەکان هەژمار دەکرێن و لە زماندا دیاردەیەکی سروشتیی و ئاساییـن و ئاخێوەر بەهۆی بنەمای کەمکۆشی[5] یان بە کەمترین هەوڵ و ئاسانبێژی لە بێژەکردندا و یان کەمترین هەوڵ بۆ ئاخاوتن کەڵک لەم ڕەوتانە وەردەگرێت (دونگانێن و ستامپ[6]، 2009 :2) کە لە بەشی سێهەمی کتێبەکەدا دەپەرژێینەوە سەر ئەم بابەتەو و زیاتر شرۆڤەی دەکەین.

جو ناپۆلی و شۆنفێڵد[7] (2010 :118-115) پرسیارێک دەخەنە بەردەم بەم ناوەرۆکەوە کە «ئایا ئەگەری ئەوە هەیە ئاخێوەرێک باشتر لە ئاخێوەرێکی دیکە قسە بکات؟». لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێن کە هیچ دوو ئاخێوەرێک ڕێک وەک یەک قسە ناکەن و ئێوە هەر کەسێک بن،

[1]. Weakening
[2]. Lenition
[3]. Assimilation
[4]. Elision
[5]. The principle of least effort
[6]. Donegan & Stampe
[7]. Jo Napoli & Schoenfeld

ئاخاوتنتان هەڵگری جۆرەزمانە جۆراوجۆرەکانە. لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە هۆکاری پێشدادوەرییەکان لەسەر جۆرە تایبەتە ئاخاوتنییەکان ڕەنگە بگەڕێنەوە بۆ پەروەردەی هەڵە و نادروست. بنکەکانی پەروەردە و فێرکاری پێویستە ئاخێوەران لەسەر دەمارگرژییە زمانییەکان و لێکدانەوە ناڕاستە زمانییەکان هۆشیار بکەنەوە و ڕێزدانان بۆ هەموو جۆرەزمانەکان بخەنە ڕیزی پلان و بەرنامەکانی خۆیانەوە. هەروەها لە درێژەدا دەڵێن کە لێکدانەوەیەکی ناڕاست لە ناو ئاخێوەرانی ئەمریکیدا هەیە کە «شێوەزاری ئینگلیزیی بەریتانی» لە «شێوەزاری ئینگلیزیی ئەمریکی» باشترە و بەرزتر دەینرخێنن؛ بەڵام وەها تێڕوانینێک بەپێی تیۆرییە زمانناسانەکان جۆرێک نرخپێدان و بایەخدانی بێبنەمایە. نابێ زمان وەک لەتە بەردێکی ڕەق سەیر بکرێت؛ چونکە زمان تانوپۆی کەلتووریی ئاخێوەرانە. ئەگەر ئاخێوەرێک لە چاو ئاخێوەرانی دیکە بەگفتولفتتر و ڕەوانبێژترە، ئەم بابەتە ناگەڕێتەوە بۆ زاتی زمانەکان؛ چونکە بەگفتولفتبوون، چ زۆر و چ کەم، لە ئاخاوتنی هەموو ئاخێوەرێکدا بەدی دەکرێت.

**سەرنج بدەنە ئەو نموونەیەی کە لە درێژەدا هاتووە:**

| |
|---|
| **«ئاژانسی هەواڵی ئێرنا، کۆدی هەواڵ: *83031197*، *21*ی خەرمانانی *2718*»** |
| • ڕستەکانی دەقی (1): هەبوونی شێوەزاری خەستی کوردی هۆکاری فارسی قسەکردنی بنەماڵەکان لەگەڵ منداڵانە. |

لە ڕستەکانی دەقی ژمارە (1)دا باسی ئەوە کراوە کە ئاخاوتنی منداڵان شێوەزاری پێوە دیارە. ئێستا ئەو دایک و باوکانەی کە بە بیانووی هەبوونی شێوەزار، منداڵانی خۆیان لە زمانی یەکەم (یان وەک دەڵێن زمانی دایکی) بێبەش دەکەن، نازانن کە هەموو زمانەکان کارامەیی و دەفرایەتیی ژێرخانیی هاوبەشیان هەیە و وەک موهانتی[1] و هاوکارانی (2009) دەڵێن منداڵ ئەو کاتە ئەم دەفرایەتییە لە ڕێگای زمانی یەکەمی خۆیەوە گەشە پێ دەدات کە بە سەر ئەو زمانەدا زاڵترە و باشتر دەیزانێ، جا بە ئاسانی دەیگوێزێتەوە بۆ زمانەکانی تریش و ئەو کاتەی کە منداڵی دووزمانە لە زمانی یەکەم و دووهەمی خۆیدا ئاستێکی بەرزی هەیە، دەتوانێ زمانەکانی دیکەش خێراتر و باشتر فێر ببێت. ئەنجامی هەموو لێکۆڵینەوەکان لە ئاستی جیهاندا ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە منداڵ هەرچی زیاتر زمانی یەکەمی (یان وەک دەڵێن زمانی دایکی) وەک ئامرازی سەرەکیی پەروەردە و فێرکاری لە بەردەستدا بێت، باشتر دەتوانێ بابەتەکان فێر بێت و هەروەها بە سەر زمانی فەرمی و زاڵی وڵات و زمانەکانی دیکەشدا شارەزایی زیاتری هەبێت.

وێڕای بابەتی شێوەزار، زۆرێک لە ئاخێوەران پێیان وایە کە هەندێ لە دەنگەکان لە جۆرەزمانەکاندا باشترن لە جۆرەکانی دیکە. بۆ نموونە بە شێوەیەکی بەرچاو و سەرنجڕاکێش هەندێک کەس بڕێک لە جۆرەزمانەکان بە «جوان» و بڕێکی دیکە بە «ئاسایی و سەرەتایی» یان «ڕەوان» پێناسە دەکەن و جۆرەزمانەکانی دیکە بە «لاواز» و «ناکارامە». بە وتەیەکی دیکە، بە

[1]. Mohanty

شێوەی بەرچاو تێڕوانین ئاوایە کە ئەو شێوەزارەی پێی دەدوێن ڕەنگە نەتەنیا لە بواری کۆمەڵایەتی یان جوانیناسییەوە؛ بەڵکوو لە بواری هۆشەکی یان بە وتەیەکی دیکە لە ڕوانگەی لۆژیکییەوە، باڵادەستی یان ژێردەستی و بێبەشبوونی لەگەڵ بێت (وارداف، 2007 :337-336). بۆ نموونە ئەو کاتەی ئاخێوەران جۆرەزمانی خۆیان پێ ناحەز و ناخۆشە و ئەو کاتەی کە بە جۆرەزمانێکی دیکە دەدوێن، لەسەر بێژەکردنی کۆمەڵێک لە دەنگەکان هەستیارن و پێیان وایە بەکارهێنانی هەندێ دەنگ پرێستیژ و پێگەی بەرزتری هەیە کە ڕێژەی بەکارهێنانی لە ئاخاوتندا هاوئاراستە لەگەڵ پێگەی باڵادەستی یان ژێردەستیی ئاخێوەران لە باری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە ئاشکرا دەبێت (وۆڵفرام و شیلینگ ستێس[1]، 2006 :398)، (میرهۆف، 2011 :197).

ویلیام لێباڤ[2] ئەم خواستە وەک نیشانەیەکی «نائەمنیی زمانی»[3] شرۆڤە دەکات. دەستەواژەی نائەمنیی زمانی یەکەم جار لە لایەن ویلیام لێباڤ زمانناسی ئەمریکییەوە و لە ساڵی 1960دا خراوەتە ڕوو. ئەم نائەمنییە ڕەنگە ببێتە هۆی جێگۆڕکێی شێوازی ئاخاوتن و دەربڕینی دەنگەکان. نائەمنیی زمانی ئاماژەیە بۆ تێڕوانینی نەرێنیی ئاخێوەرێک سەبارەت بە جۆری ئاخاوتن یان جۆرەزمانەکەی خۆی. بە وتەیەکی دیکە، تێڕوانینی نەرێنی تاقمێ کەس لە کۆمەڵگایەکی گەورەتردا بەرانبەر بە زمان یان جۆرەزمانەکەی خۆیان، وەک نائەمنیی زمانی پێناسە دەکرێت.. بۆ نموونە، کەسێک کە خاوەنی شێوەزاری خۆماڵییە، دەتوانێ لە کاتی ئاخاوتنی کەسێک کە بە شێوەزاری ناوچەیی دەدوێت، هەست بە شێوەزارەکەی بکات (لێباڤ، 1966 .(332:

دەکرێ بڵێین ئاخێوەرێک کە بە هەردوو زمانی تورکی و فارسی قسە دەکات، ئەگەر زمانی دووهەمەکەی فارسی بێت، ڕەنگە لە کاتی قسەکردن بە فارسی ستاندارددا، تووشی نائەمنیی زمانی بێت؛ بۆیە ئەو کاتەی باسی ئەمنییەتی زمانی دەکەین، مەبەستمان ئەوەیە کە ئاخێوەران هەست بەوە نەکەن شێوەی بێژەکردن و ئاخاوتنیان کەوتۆتە بەر پرسیارەوە؛ چونکە ئەو کەسانەی باسی شێوەی بێژە و ئاخاوتنی کەسانی دیکە دەکەن دیارە کە نۆڕمی زمانی خۆیان وەک نۆڕمێکی گشتیی و ستاندارد سەیر دەکەن. بەگشتی، نائەمنیی زمانی کاتێک دێتە ئاراوە کە ئاخێوەران شێوەی ئاخاوتنی خۆیان پێ سووک و بێبایەخ بێت و داڕشتەی زمانیی کەسانی دیکەیان قبووڵە و پێیان وایە پرێستیژی زیاتری هەیە. لەم سەروبەبەنەدا ژنان زیاتر تووشی نائەمنیی زمانی دەبن؛ چونکە وەک پییێر بۆردیۆ[4] لە کتێبی واتای ئاخاوتن‌دا ئاماژەی پێ دەکات، ژنان لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خووخدە زاڵەکاندا، ڕێچارەیەک بێجگە ملکەچبوونیان نییە و بەهۆی دابەشکردنی کار لە نێوان ڕەگەزەکاندا، کە دەورێکی تایبەتیان لە بواری بەکارهێناندا بۆ تەرخان دەکات، بۆ قبووڵکردنی یاسا نوێکانی بازاڕ ژنان دەفرایەتی زیاتریان بۆ وەرگرتنی «کاڵای شێوەزاری ستاندارد» هەیە (کالوە، 1379 :87).

[1]. Wolfram & Schilling-Estes
[2]. William Labov
[3]. Linguistic insecurity
[4]. Pierre Bourdieu

**سەرنج بدەنە ئەو نموونانەی خوارەوە:**

| |
|---|
| «ماڵپەڕی گەشە و بەهێزبوونی تاکەکەسی، یەکشەممە، *11*ی پووشپەڕی *2717*» |
| • ڕستەکانی دەقی ژمارە (1): تاکێک کە شێوەزاری تورکی هەیە و ئەو کاتەی لە ناو کۆمەڵێکدا دەدوێ، لەگەڵ کاردانەوەی تاقمێکی تایبەت ڕووبەڕوو دەبێتەوە و ڕەنگە لە ئاقار و شوێنی کار یان لە زانکۆدا گرینگیی پێ نەدرێت. |
| «ئیسنا، کۆدی هەواڵ: *24913*، *15*ی گوڵانی *2713*» |
| • ڕستەکانی دەقی ژمارە (2): شێوەزاری شیرازی، یەکێک لە خۆشترین و بلاوێنترین شێوەزارە باوەکانی ناو ئێرانە و هەندێ جار بە هۆی نائاگاییەوە، تەنیا بۆ گاڵتە و تەنز بەکاری دەهێنن. |

لە ڕستەکانی دەقی ژمارە (1) دا کە ڕێکارەکانی ئاخاوتن و ڕەوانبێژیی تاوتوێ کردووە، هەوڵ دراوە ئەو ئامرازانە پێناسە بکات کە ئاخێوەرێکی فارسزمان بەبێ ئەوەی شێوەزار بە ئاخاوتنیەوە دیار بێت، بە فارسی قسە بکات و لە ڕستەکانی دەقی ژمارە (2)دا شیرازی وەک یەکێک لە بلاوێنترین و شیرینترین شێوەزارەکان پێناسە کراوە کە ئاخێوەران تەنیا لە کاتی حەنەک و گاڵتەدا بەکاری دەهێنن. بابەتی لەم چەشنە کە لەسەر شێوەزارەکان دەخرێنە ڕوو، نەتەنیا لە بواری زمانناسییەوە هەڵەیە بەڵکوو خەسارێکی گەورەی بەدوادا دەبێت. لە میانەی وتووێژێک لەگەڵ دوکتۆر لەیلا ئەردەبیلی لێکۆڵەری مژاری زمانناسی و مرۆڤناسی، خەسارناسیی ئەم بابەتەمان تاوتوێ کرد. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە لە بازنەی جوانیناسیی زمانییەوە، زمانەکان تاموچێژێکی تایبەت لە ئاخێوەراندا دەخولقێنن کە ڕەنگە ئاخێوەرێک زمانەکانی دیکە بەم چەشنانە پێناسە بکات: «چ شێوەزارێکی ناحەزت هەیە»، «شێوەزارێکی شیرینت هەیە»، «شێوەزارت چەند مەکین و سەیرە» و... ئەم هەڵوێستانە بەو واتایەن کە شێوەزاری ئەو کەسە لای ئێمە نائاساییە. پێویستە ئاقار و هەلومەرجێک لە کۆمەڵگای زمانیدا ساز بکرێت کە ئاخێوەرێک بە شێوەزارێکی تایبەتەوە مۆرکی نەخرێتە سەر؛ چونکە مۆرکداربوونی شێوەزارێک دەتوانێ هەرا بنێتەوە و ئاگری پێشداوەری و دەمارگرژییە زمانییەکان تیژتر بکاتەوە.

لە مژاری زمانناسیی دەروونناسانە ـ کۆمەڵایەتیدا، لێکۆڵینەوەی باش ئەنجام دراوە و ئەنجامەکان دەریانخستووە کە ئاخێوەرانی شارەکانی دەوروبەر، بەهۆی پێگەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی کە لە ناو دانیشتووانی ناوەندا هەیانە، ئەگەری ئەوە هەیە کە شێوەزاری خۆیان بگۆڕن یان هەندێ جار بیشارنەوە کە ئەڵبەت ئەم ڕاستییە پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ بابەتی هێز و دەسەڵاتدا هەیە. لە بیرمان نەچێ کە لە گۆڕەپانی مرۆڤناسی ـ زمانناسیدا، ئێمە لەگەڵ ئەفسانەیەک بە ناوی «ئاخێوەری بێ شێوەزار» ڕووبەڕووین.

ئەوەی کە کەسێک بە فارسیی تارانی قسە دەکات، شێوەزاری نییە و کەسێک کە بۆ نموونە بە کوردی یان تورکی دەدوێ شێوەزاری هەیە؛ ئەگەرچی ئەم دیاردەیە تێڕوانینێکی باوە؛ بەڵام هەڵەیە. ئەم تێڕوانینە هەڵەیە ئاماژەیە بۆ جۆرێک نۆڕمی حەشاردراو کە لە ڕوانگەی زمانناسییەوە دیاردەیەکی ڕێپێنەدراوە. کەسانی خاوەن دەسەڵات وەک ئەو تاقمە پێناسە دەکرێن کە بە زمانی فارسیی بێشێوەزار و ڕێکوپێک قسە دەکەن و هەر ئاخاوتنێک کە جیاوازیی لەگەڵ ئەم نۆڕمەدا هەبێ، وەک ئاخاوتنێک پێناسە دەکرێت کە شێوەزاری پێوە دیارە. بەرەنگاربوونەوە و ناکۆکیی نێوان فارسیی ستاندارد (وەک دەڵێن فارسیی ناهەڵە و دروست) و جۆرەکانی دیکەی زمانی فارسی ناستاندارد (وەک فارسیی یەزدی، ئەسفەهانی یان شیرازی) ئاماژەیە بۆ جۆرێک نابەرانبەربوونی هێز کە بەپێی ئەم دیاردەیە ئاخێوەران مۆرکدار دەبن و شێوەزاریان پێوە دیار دەبێ و شێوەزاری تارانی نۆڕماڵ و بەبێ مۆرک پێناسە دەکرێت، وەک بڵێی هیچ شێوەزارێکی پێوە دیار نییە. دەکرێ هەر ئەم بەڵگاندنە سەبارەت بە شێوەزاری ئەسفەهانی یان تورکیی تەورێزی و ... بگشتێنرێت.

لەلایەکی دیکەشەوە، نابێ ئەو خاڵە لە بیر بکەین کە زمان سیستەمێکی هێماییە کە خاوەنی ئاماژەر و بیرهێنانەوە کەلتوورییەکانە. لەم پێوەندییەدا، بە ژێردەست و باڵادەست پێناسەکردنی زمانێک، دەتوانێ پێگەی کەلتووری «ئەویتر» دابەزێنێت کە ئەمەش لە ئاستی نەتەوەییدا مەترسی و هەڕەشەیە لەسەر یەکڕیزی و یەکگرتوویی خەڵکی نیشتمانێک. ویلیام لێباڤ لە کتێبی لۆژیکی زمانە ئینگلیزییە ناستانداردەکاندا[1] ئاماژە بەم دیاردەیە دەکات کە جۆراوجۆربوونی زمانەکان ڕاستییەکی سروشتی و حاشاهەڵنەگرە لە ژیانی مرۆڤدا و ستانداردبوون و ناستانداردبوونی زمانێک لە ڕوانگەی زانستی زمانناسییەوە پووچەڵ و ڕەت کراوەتەوە. وەهمی بەرزتربوونی پێگە و باشتربوونی شێوەزارێک لە چاو شێوەزارەکانی دیکە، هۆکاری ناهۆشیاری و بێئاگابوونی زمانناسانەیە و دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینێکی خۆخوازانە.

لە ڕاستیدا، زمان بەستێنی هەموو کارلێک و دانوستانەکانی ژیانی ڕۆژانەیە و دەوری زمان تەنیا بازنە و سنووری پێوەندیی گوتەیی و ئاخاوتن ناگرێتەوە. لە وڵاتانی پێشکەوتوودا هەر لە پۆلەسەرەتاییەکانی قوتابخانەوە پلان و بەرنامەکانی ئاشناکردنی منداڵان لەگەڵ زمان و کەلتوورە جۆراوجۆرەکان دەست پێ دەکات؛ واتە لەسەرەتای پرۆسەی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتییەوە بابەتی لەم چەشنە فێری تاک دەکرێت تا لەم ڕێگەیەوە ئاستی توانستی پێوەندیگرتنەکانی ئاخێوەران لە کۆمەڵگادا بەرز بێتەوە. ئەم جۆرە پلانانە یارمەتی دەدەن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا تێگەیشتن و تێڕوانینە هەڵەکان لەسەر جۆرەزمانەکان بەدی نەکرێن و وێکەوتە کۆمەڵایەتییەکان لەم مژارەوە نەیەنە ئاراوە (ل. ئەردەبیلی، وتووێژی نووسەر، 20ی جۆزەردانی 2722).

[1].The Logic of Nonstandard English

بەگشتی، کاتێک شێوەزارێک یان جۆرەزمانێک زەق دەکەینەوە، ئەم دیاردەیە جۆرێک «ژێردەستبوونی زمانی»[1]یە کە تێیدا ئاخێوەر هەست بە سووکبوون و نزمبوون دەکات کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گرێی خۆبەکەمزانی و سووکبینین. هەر ئاخێوەرێک کە تووشی ئەم خۆبەکەمزانی و سووکبینینە بێت، خۆی لە بەرانبەر شێوەزار و زمانی زاڵ و سەردەستدا دەبینێتەوە و ئەمەش کێشە و خەساری دەروونی بەدواوە دەبێت (پیلێر، 2016 :191).

**لەم ساڵانەی دواییدا دراما کۆمێدییەکان نارەزامەندیی کردەگەرە کۆمەڵایەتییەکانیان لێکەوتەوە کە لە درێژەدا ئاماژە بە چەند نموونەیان دەکەین:**

1) درامای «دارا و نەدار» کە لە ڕۆژانی نەورۆزی ساڵی 2719دا بوو بە میوانی ماڵەکانی خەڵک (وەرگیراو لە ئاژانسی هەواڵی فەردا؛ کۆدی هەواڵ: 116260) نموونەی ئاشکرا و بەرچاوی کایەکردن و ڕابواردن بە شێوەزارەکان بوو تا ئەو ڕادەیەی کە پلاندارێژ و دیزاینەری سەرەتایی ئەم درامایە دەڵێت سووکایەتی‌کردن بە شێوەزار و زمانە باوەکانی ناو ئەم درامایە لە درێژەی 30 ساڵی ڕابردوودا وێنە و نموونەی دیکەی نەبووە. کۆمەڵێک لە کۆمێدییەنەکانی ئەم وڵاتە و هەروەها پێشکەشکارانی بۆنە و ڕێوڕەسمە جۆراوجۆرەکان گاڵتە بە شێوەزارەکان دەکەن تا ببنە هۆی بزە و پێکەنین، تەنانەت ئەگەر نرخ و بەهای ئەو بزە و پێکەنینە گاڵتەکردن و سووکایەتیکردن بە ئاخێوەرانی ئەو شێوەزارە بێت.

2) درامای «نوون. خ» سووکایەتی بە زمانی کوردی کرد (وەرگیراو لە ئیسنا، ساڵی 2719، کۆدی هەواڵ: 98091813115). زۆرینەی نارەزامەندیی نارازییانی ئەم درامایە دەگەڕایەوە سەر شێوەزاری ئەکتەران لەم درامایەدا.

3) گاڵتەکردن بە شێوەزاری پێشکەشکاری ئەفغانستانی لە کەناڵی 5ی دەنگ و ڕەنگدا (بەفرانباری ساڵی 2718) کە کاردانەوەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی لێکەوتەوە.

4) لە کێبڕکێی توانا نایابەکاندا (بەشی شەشەمی پرۆگرامی «عەسری جەدید»، 7ی خاکەلێوەی 2722) ناوبژیوانی کێبڕکێکە بە گۆرانیبێژێک کە بە شێوەزاری خۆی گۆرانییەکی پێشکەش کرد، دەڵێت: هاتوویتە تاران و دەبێ بۆ دەسپێک بچیتە پۆلێکی ڕەوانبێژی تا شێوەزارەکەت لە بیر بچێتەوە؛ کە ئەو هەڵوێستە گێڕانەوە و شرۆڤەی جۆراوجۆری لێکەوتەوە و نەک خەڵکی گشتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەتوندی بەرپەرچیان دایەوە بەڵکوو سەرۆکی پەرلەمانیش لە پۆستێکی ئینستاگرامیدا بەرانبەر بەو قسانەی ناوبژیوانەکە هەڵوێستی گرت.

بەم شرۆڤەوە، ئەگەرچی پرۆگرام و دراما کۆمێدییەکان لەسەر شێوەزارەکان لە هەموو دنیادا دیاردەیەکی باون؛ بەڵام ئەگەر ئەم دیاردەیە تێکەڵی تاموبۆنی گاڵتە و سووکایەتی بێت وەک باتیستێلا دەڵێت دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دەمارگرژی و ڕق و قین. ئەگەرچی تێڕوانینی ئاوەها بۆ شێوەزارکان وەک «چڵککردنی مێتافۆریکی»[2] ڕەنگە چیدی ڕوانگەیەکی زاڵ نەبێت؛ بەڵام

[1]. Linguistics subordination

[2]. Metaphoric infection

ئاخێوەران هێشتا لەسەر ئەو باوەڕەن کە توانست و جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتییان لە ڕێگەی شێوەزاریانەوە دادوەری لەسەر دەکرێت. پرۆگرامە تەلەفیزیۆنییەکان و فیلمەکان زۆر جار تایبەتمەندی و نیشانەکانی شێوەزارێک وەک پێشینەیەک لە جیاوازیی چینایەتیی تایبەت دەنوێننەوە (باتیستێلا، 2005 :132-129).

سەرەڕای ئەمەش، کاتێک دادوەریی کەسێک لەسەر ئاخێوەرێک دەگەڕێتەوە سەر شێوەزاری ئەو ئاخێوەرە، هۆشیارانە یان ناهۆشیارانە شێوەزارپەرستیی[1] شاراوەی خۆی دەخاتە ڕوو. زمانناسانی کۆمەڵایەتی دەستەواژەی شێوەزارپەرستی وەک «هەڵاواردنی شێوەزار»[2]یش ناوی لێ دەبەن کە ئاماژەیە بۆ هەر چەشنە کردارێکی هەڵاواردن بەرانبەر بە شێوەزاری ئاخێوەران. بە وتەیەکی دیکە، هەڵاواردنی شێوەزاری، جۆرێکە لە ڕەگەزپەرستیی زمانی کە هەر جۆرە بەستێنێک وەسف دەکات و تێیدا ئاخێوەر هەست بەوە دەکات کە بە هۆی شێوازی ئاخاوتنیەوە بە شێوەیەکی بەرچاو دادوەری لەسەر دەکرێ و لەسەر شێوازی ئاخاوتنەکەی قسە و باس دێتە ئاراوە. ئەم بابەتە بە چەمکی «زنجیرەی پلەوپایەی شێوەزارەکان»ەوە دەست پێ دەکات.

لە هەر زمانێکدا، شێوەزارێکی تایبەت وەک «دروست»، «ستاندارد» (زیاتر شێوەزارێک کە لە لایەن چینی باڵادەست و کاریگەرەوە قسەی پێ دەکرێت) دەستنیشان دەکرێت، لە حاڵێکدا کە شێوەزارەکانی دیکە وەک ژێردەست پێناسە دەکرێن (شمید[3]، 2020). لە ڕاستیدا ئەو شتەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی شێوازێکی تایبەتیی ئاخاوتن وەک جۆری سەردەست و باڵادەست سەیر بکرێت ئەوەیە کە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە قسەی پێ بکرێت (ڕومین[4]، 2000 :20)؛ واتە شێوەزارەکان لەم ڕێگایەوە پێگە و پرێستیژ بەدەست دەهێنن و باڵادەستی و ژێردەستیی ئاخێوەران بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی شێوەزارەکان دەوری کاریگەر و جەوهەری دەگێڕێت؛ بەڵام لە زانستی زمانناسیدا ئەم جۆرە سەرێتیی و هەڤیازییانە پووچ و بێواتان و بە ڕای کریستاڵ ئەم جۆرە ڕیزبەندییانە کە شێوەزارەکان وەک «هۆنەیی و خۆشئاواز» و «ناحەز» و «جوان» و «ناشیرین» دابەش دەکەن، ڕەت دەکرێنەوە (کریستاڵ، 2010 :76).

لە وتووێژێک لەگەڵ دوکتۆر مەسعوود بینەندە کۆمەڵناس و توێژەری ئەم بوارە، ئەم دیاردەیەمان خستە بەر باس و تاوتوێمان کرد. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە ئەو پرۆسەیەی کە لە شێوەزارێک وەک ستاندارد و پێوەر دیاری دەکرێ و شێوەزارەکانی دیکەی ئەو زمانە یان شێوەزاری ئاخێوەرانی بەدەر لەو زمانە کە بەو زمانە دەدوێن، وەک ناستاندارد و ناشارستانی لێک دەدرێنەوە و تێڕوانینیان بۆ دەکرێ، هەموو بە پاڵپشتیی دانوستان و پێوەندییەکانی دەسەڵات و بنکە ئایدیۆلۆژیکەکانەوە هاتۆتە ئاراوە و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هەڵاواردنی و توندوتیژیی هێمایین.

1. Accentism
2. Accent discrimination
3. Schmid
4. Romaine

بە وتەی ناوبراو، بوردیۆ[1] دەستەواژەی «توندوتیژیی هێمایین»[2] بۆ تێگەیشتنی ئەو دانوستان و پێوەندییە نایەکسانانە بەکار دەهێنێ کە بوونەتە خاوەنی ڕەواییدان و مەشەروعییەت و لای خەڵک وەک دیاردەیەکی ڕوون و ئاساییان لێهاتووە. توندوتیژیی هێمایین ئەو توندوتیژییەیە کە جۆرە ملکەچی و گوێڕایەڵبوونێک دەسەپێنێ کە وەک ملکەچبوون تێگەیشتنیان بۆ ناکرێ؛ بەڵکوو وەکوو پشتبەستن بە چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتەییەکان یان باوەڕە کۆمەڵایەتییەکان تێگەیشتنیان بۆ دەکرێت. تیۆریی توندوتیژیی هێمایین هاوشێوەی تیۆریی جادوو لەسەر بنەمای تیۆرییەکی باوەڕ و یان لەسەر بنەمای تیۆرییەکی وەبەرهێنانی باوەڕەکان دانراوە (بوردیۆ، 1983 :13).

بوردیۆ (1991) لە کتێبی زمان و دەسەڵاتی هێمایین[3]دا دەڵێت کە توندوتیژیی هێمایین وەک دیاردەیەکی شاراوە دەخرێتە ڕوو و ئاخێوەران لە ڕێگای سازگارکردنی خۆیان لەگەڵ ئەم جۆرە توندوتیژییە شاراوە و ڕیزۆماتیکەوە، دەبنە یارمەتیدەری وەبەرهێنرانی دووبارەی ئەم جۆرە توندوتیژییە (م. بینەندە، وتووێژی نووسەر، 28ی ڕەشەمەی 2721).

بەپێی لایەنە ئەخلاقی و یاساییەکان و هەروەها کاریگەرییە دەروونناسییەکان، نابێ بابەتی شێوەزاری ئاخێوەران زەق بکرێتەوە؛ چونکە ئەم بابەتە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هەستیاربوونە نەرێنییەکان و تێگەیشتنی هەڵەی زۆری بەدوادا دەبێت. بۆ نموونە ناوبژیوانی کێبڕکێی عەسری جەدید کە لە نموونەی ژمارە (4) دا ئاماژەمان پێ کردووە، شێوەزاری سترانبێژی کێبڕکێکەی کردۆتە تەوەری سەرنج و ئاوڕدانەوەی بەردەنگ، تەنانەت ئەگەر ناوبژیوان بەبێ مەبەست و لە ڕووی چاکخوازییەوە ئەو دەربڕینەی هەبووبێت، لە ڕوانگەی یاسایی و ئەخلاقییەوە ناڕەوایە کە لەسەر وەها بەشێکی هەستیار جەخت بکاتەوە، بەتایبەت ئاخێوەرێک کە بە «شێوەزاری ئەتنیکی» لەوبەرنامەیەدا ئامادە دەبێت وەک پیلێر دەڵێت زۆر جار ڕووبەڕووی «شەرمی زمانی»[4] دەبێتەوە (پیلێر، 2016 :197) و لەم ڕوانگەوە ناڕەوا و نابەجێیە کە بابەتی شێوەزار لە بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنی یان لە ناو کۆمەڵێک ڕکابەردا بێتە ئاراوە و باس بکرێت.

ئەمڕۆ لە هەندێ وڵاتدا باس و بابەتی شێوەزاری ئاخێوەران بۆنوبەرامەی یاسایی بەخۆوە گرتووە. بۆ نموونە کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤی ئوسترالیا[5] باسکردن لەسەر شێوەزاری ئاخێوەران وەک پێچەوانە و دژی یاسا دادەنێت. یان لە ساڵی 2020ی زاییندا پەرلەمانتارانی پەرلەمانی فەڕەنسە ئەو ڕاستییەیان ئیدانە کرد کە ژمارەیەکی بەرچاوی پێشکەشکارانی کەناڵە تەلەفیزیۆنی و ڕادیۆییەکانی فەڕەنسە لەبەر شێوەزاری خەستی شارەکانی دیکە، هەڵاوێردراون و ناچار کراون تەنیا بەشداری پێشکەشکردنی یارییەکانی ڕاگبی و یان دۆخی کەشوهەوا بن و هەر ئەمەش بوو

[1]. Bourdieu
[2]. Symbolic violence
[3]. Language and symbolic power
[4]. Linguistic shaming
[5]. Australian Human Rights Commission

به هۆی ئەوەی کە پەڕلەمانی فەڕەنسە یاسای قەدەغەبوونی هەڵاواردنی زمانی پەسەند بکات (یۆرۆنیووز، پێنجشەمبە، 26ی تشرینی دووهەم، 6ی سەرماوەز).

شیاوی ئاماژەیە وەها دیاردەیەک سەرەڕای بەرنامە تەلەفیزیۆنی و دراما کۆمێدییەکان لە نوکتە و نووسراوەکانیشدا بەرچاو دەکەوێ و لە هەموو دنیادا نموونەی هەیە و هەستیاربوون و کاردانەوەی ئاخێوەرانی لێدەکەوێتەوە. بۆ نموونە نیۆیۆرک تایمز مانشێتی هەواڵێکی خۆی بەم چەشنە زەق کردۆتەوە:

| |
|---|
| **«4ی شوباتی 2015»** |
| • سەرۆککۆماری ئەرژەنتین لە میانەی سەفەرێکدا بۆ چین، گاڵتە بە شێوەزارە چینییەکان دەکات. |

سەرۆککۆماری ئەرژەنتین «کریستینا فێرناندێز دی کرێشنێر» بە چەند تویتەوە کە لە لایەن بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەک گاڵتەکردن بە شێوەزاری چینی دانرا، کێشە و هەرایەکی قورسی نایەوە. ناوبراو لەسەروبەینی سەفەرەکەیدا بۆ وڵاتی چین، لە پەیامێکی سەر تویتەرەکەی خۆی دەنگی /rs/ی بە /ls/ لە ڕەوتێکی واچیدا جێبەجێ نووسی کە بەکارهێنەران، ئەو پەیامەیان وەک گاڵتەکردن بە شێوەزاری چینی دانا و ئەو تویتەشیان بە جۆرێک تویتی ڕەگەزپەرستانە سەیر کرد.

بەپێی زمانناسیی کۆمەڵایەتی و ڕێکردی گیلز[1] و هاوکارانی (1975) و هەروەها بە بۆچوونی ترادگیڵ (1983)، ئەم جۆرە دادوەرە جوانیناسانە و دادوەرییەکانی دیکە لەسەر شێوەزارەکان و جۆرەزمانەکان، زیاتر هەڵسازراوی ئایدیۆلۆژیکین کە لەسەر بنەمای بەها و بایەخە کەلتوورییەکانی زمانی ستاندارد و پێوەر پێک هاتوون و پێیان دەڵێن «گریمانەی نۆڕمە سەپێنراوەکان»[2]؛ واتە ئەو کاتەی کە زمانی ستاندارد بە سەر جۆرەزمانەکانی دیکەدا زاڵ بێت، بەها کەلتوورییەکانی خۆیشی بە سەریاندا دەسەپێنێت. بە وتەیەکی دیکە، ئەگەرچی زمان بە شێوەی زاتی هیچ بەها و پرێستیژێکی لە خۆیدا نییە؛ بەڵام لە لایەنی شاراوەی ئەم زمانەدا کەلتوورێک بوونی هەیە کە ئەگەر بە سەر کەلتوورەکانی دیکەدا زاڵ بێت، لە ئەنجامدا زمانی ئەو کەلتوورەش دەبێتە خاوەنی هێز و بەها و پرێستیژ و دەسەپێنرێت بە سەر کەسانی دیکەدا؛ یان ڕەنگە ئەم دیاردەیە لەسەر بنەمای کلێشە کۆمەڵایەتی-کەلتوورییەکانی دیکە بێت کە پێیدەڵێن «گریمانەی واتای شاراوەی کۆمەڵایەتی»[3] و گرینگتر لەوەش ڕەنگە ئەوە بێت کە ئەم تێڕوانینانە بگەڕێنەوە بۆ «گریمانەی بەهای زاتی»[4] کە لەسەر ئەو باوەڕە دامەزراوە کە دەنگە تایبەتەکان یان تایبەتمەندییە زمانییەکان بەردەوام لە لایەن ئاخێوەرانەوە لە باری جوانیناسییەوە لە ناخی خۆیدا هەڵسەنگاندنی ئەرێنی یان نەرێنییان بۆ بکرێت. بە وتەیەکی دیکە، داخوازیی گریمانەی ئاماژەپێکراو وەهایە کە بیستنی هەندێ لە جۆرەزمانەکان لە ناخی خۆیدا خۆشتر و

[1]. Giles
[2]. Imposed norms hypothesis
[3]. Social connotation hypothesis
[4]. Inherent value hypothesis

پەسندکراوترە لە جۆرەکانی دیکە. بەڵام پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد کە وەها تێڕوانینێک کە بۆتە باوەڕی ئاخێوەران، تێڕوانینێکی نابەجێ و نەگونجاوە؛ چونکە وەک فیلیپ کار دەنگناس و واچناسی بەناوبانگی سکۆتلەندی دەڵێت ئەگەر دەڵێین دەنگەکانی زمانێکی وەک زمانی فەڕەنسە بەرانبەر بە جۆرەزمانەکانی دیکە «خۆشتر»، «مۆسیقاییتر»، «نەرمتر» و هتدە، دەستەواژەی لەم چەشنە لە ڕوانگەی دەنگناسی و واچناسیدا، نازانستین و ڕەت کراونەتەوە (کار، 1993 :11).

جۆراوجۆریی دەنگی لە شێوەزارەکاندا دیاردەیەکی سروشتی و ئاساییە و داخوازیی هەبوونی سیستەمی دەنگیی یەکسان و یەکپارچە خەیاڵی خاوە؛ چونکە لە هیچ زمانێکدا ئاخێوەرێک نییە کە دەنگە ئاخاوتنییەکانی لە هەموو بەستێنە ئاخاوتنییەکاندا بە پەیکەرەیەکی نەگۆڕ و یەکدەست لە دەنگەکان دەرببڕێت (بیمەن[1]، 1986 :93). ئەوە فاکتەرە کەلتوورییە سیاسییەکانن کە لە ڕێگای سازکردنی زمانی زاڵ و ناوەندخوازەوە بەها دەبەخشنە دەنگێک لە شێوەزارێکی تایبەتدا و لە جۆرەزمانەکانی دیکەدا نزمی دەکەنەوە.

بەپێی پێناسە ئاماژەپێکراوەکانی پێشوو لەسەر «زمان و زار و شێوەزار»، دەکرێ دەستەواژە باو و نازانستییەکان لە تێڕوانینی ئاسایی ڕەشۆکی خەڵکدا کە بۆ نموونە فارسی وەک شێوەزارێکی زمانی عەرەبی دادەنێن یان کوردی وەک شێوەزارێکی زمانی فارسی دادەنێن و ... هەڵوێستی لەم چەشنە ڕەت بکرێنەوە؛ چونکە بەپێی بەڵگە و تیۆرییە ئاماژەپێکراوەکانی ئەم بەشە، تێڕوانینی لەم چەشنە لە ڕوانگەی زمانناسییەوە نازانستی و نادروستن.

**سەرنج بدەنە ئەو نموونەیەی لە درێژەدا هاتووە:**

| |
|---|
| **«پورسمانی دانشگاهیان، 30ی گوڵانی 2718»** |
| ● زمانی کوردی سەردەمێک یەکێک لە زارەکانی زمانی فارسی بووە؛ بەڵام ئێستا فارسزمانێک تەنیا لە بەشێکی وشە کوردییەکان تێدەگات. یان لوڕێکی نەخوێندەوار لە زمانی گیلەکێک تێناگات؛ لە حاڵێکدا کە هەردووکیان دەکەونە ڕیزی زارەکانی زمانی فارسییەوە. |

لە دەقی «پورسمانی دانشگاهیان»دا، وەڵامێک لەسەر «زمان، زار و شێوەزار» بڵاو کراوەتەوە کە پێناسەیەکی هەڵەیە لەو چەمکانە. ئەو بەڵگاندنانەی کە لەم بەشەدا خراونەتە ڕوو دەتوانن وەڵامێک بۆ هەڵوێست و داخوازیی پورسمانی دانشگاهیان بن و لە ڕێکردی زانستی زمانناسییەوە بەرەنگاری هەڵوێستی لەم چەشنە ببنەوە.

[1]. Beeman

**شێوازی ئاخاوتن[1] و شێوەزمان[2]**

ڕەنگە زۆر جار بیستبێتتان کە بە کەسێک دەڵێن «بە زمانی فەرمی قسە دەکات» یان «ئاخاوتنی قورسە» کە دەکرێ ڕستەی لەم چەشنە لە ڕێگای زمانناسیی کۆمەڵایەتییەوە شی و تاوتوێ بکرێن. ئەگەر بە جۆرەزمانێکی تایبەت لە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی تایبەتدا قسە بکەین و ئەم ئاخاوتنەی ئێمە لەگەڵ پێکهاتەی فەرمی یان نافەرمی و خۆمانەدا یەک بگرێتەوە، شێوازی ئاخاوتنی ئێمەش گۆڕانکاری بەسەردا دێت. بۆ نموونە لە ئاقارێکی فێرکاری و پەروەردەدا لەگەڵ مامۆستای زانکۆ بە شێوەی فەرمی قسە دەکەین و لەگەڵ منداڵێک یان هاوڕێیانی خۆمان بە شێوازێکی خۆمانەتر دەدوێین. دەکرێ بڵێین کە شێوازی ئاخاوتن بەپێی ئاستی خوێندەواری، جۆری پیشە و کار و چینی کۆمەڵایەتی دەگۆڕدرێت و بە بڕوای نۆرگارد و هاوکارانی[3] (2010 :156) بەکارهێنانی شێوازی ئاخاوتن دەگەڕێتەوە سەر بەستێن و باری دەوروبەر.

شێوەزمان ڕەمزێکی تایبەت یان جۆرەزمانێکە کە پێوەندیدارە بە کردارێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت و بۆ خزمەتکردن بە ئامانجێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت پێک هاتووە. ئەم دیاردەیە داڕێژە زمانییەکان وەک ئاستی وشەیی، ڕێزمانی، دەنگی و ... دەگرێتەوە کە لە چاوپێکەوتن و وتووێژە پزیشکییەکان، ڕاپۆرتی تاقیگەکان، ڕاپۆرتەکانی کەشوهەوا و ... بەدی دەکرێت (بەیکر و ئێلیس[4]، 2010 :113).

بە باوەڕی وودز هەر پیشە و کارێک شێوازی ئاخاوتن و نووسینی تایبەتی خۆی هەیە کە پێویستی بە شێوەزمان و گرێبەستە گوتارییەکانی خۆی هەیە. بۆ نموونە شیکارگوتاری پیشەیی، جۆرێک زمان بەکار دەهێنێت کە تێگەیشتنی بۆ کەسانی ئاسایی تا ڕادەیەک قورس و ئەستەمە. ڕوون و ئاشکرایە کاتێک کەسێکی پسپۆڕ لەگەڵ کەسێکی ناپسپۆڕ لەسەر بابەتێکی هاوبەش دەکەونە گفتوگۆ، کەڵکوەرگرتن لە زمان، کێشەیان بۆ دێنێتە پێش (وودز، 2006 :4).

بە زمانێکی ئاسانتر، ئەگەر ئاخێوەرێک لەگەڵ هاوکارەکانی سەبارەت بە کار و پیشەی خۆی قسە بکات، زمانی بەکارهێنراو لەگەڵ ئەو زمانەی کە بۆ نموونە لەماڵەوە لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەی بەکاری دەهێنێ، بە ئەگەرێکی زۆرەوە تا ڕادەیەک جیاواز دەبێت. جۆرەزمانەکان کە بەم شرۆڤەوە لەگەڵ تایبەتمەندییەکان، پسپۆڕایەتییەکان یان بابەتە تایبەتەکان پێوەندییان هەیە، بە «شێوەزمان» ناوی لێ دەبەن. بۆ نموونە شێوەزمانی یاسا تایبەتی یاسایە و لەگەڵ شێوەزمانی پزیشکی جیاوازیی هەیە. لە ڕاستیدا وشە تایبەتەکان کە شێوەزمانێکی دیاریکراو دەستنیشان دەکەن، تاقمە کۆمەڵایەتییەکان و یان تاقمە پیشەییە دیاریکراوەکانمان بیر دێننەوە (ترادگیڵ، 2000 :132). بۆ نموونە ژەنیارەکان، زێڕسازان و زێڕفرۆشان، فڕۆکەوانان، کرێکارانی کانگا، لایەنگرانی ژینگە و ئەندامانی کۆمەڵگای ئاشتیی جیهانی، لە ئاخاوتنی خۆیاندا شێوەزمانە جۆراوجۆرەکان بەکار دەهێنن؛ واتە لە کاتی ئاخاوتندا کەڵک لە تایبەتمەندییە دەنگییەکان،

[1]. Speech style
[2]. Register
[3]. Nørgaard&et al
[4]. Baker& Ellece

داڕێژە واچییە جیاوازەکان و وشە و دەستەواژە جۆراوجۆرەکان و تەنانەت داڕێژە ڕێزمانییە جیاوازەکان وەردەگرن. گرینگترین لایەنی جیاوازیی شێوەزمان لەگەڵ شێواز ئەوەیە کە شێوەزمان چییەتی کۆمەڵایەتی هەیە و دەکرێ وەک شێوازی تاقمێکی کۆمەڵایەتی سەیر بکرێت؛ بەڵام شێواز دەگەڕێتەوە سەر تاک؛ بۆیە کاتێک کە باسی شێوەزمانی یاسایی یان سیاسی دەکەین، باس لە شێوازی بەکارهێنانی زمان لە لایەن تاقمە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان دەکەین کە مافناس و سیاسەتوانن (عبدالکریمی، 1396 :58).

**جۆرەزمان[1]**

بەپێی ئەوەی کە سنوورێکی تایبەت و یەکلاکەرەوە لە نێوان زمان و زار و شێوەزاردا نییە، زمانناسان وشەی «جۆرەزمان» بەکار دەهێنن. وشەی جۆرەزمان بە شێوەی گشتی و بەربڵاوتر بەکار دەهێنرێ. بە ڕای ترادگیڵ (2000: 140-139) ئەگەر بمانەوێ زۆر سوور و وردبین بین وشەی جۆرەزمان وەک وشەیەکی بێلایەن و لانەگر بۆ هەموو جۆرە شێوازێکی زمانی (زار، شێوەزار، جۆرەزمانی کۆمەڵایەتی[2]، شێوازی ئاخاوتن و شێوەزمان) بەکار دەهێنن. لە ڕەوتی بەکارهێنانی جۆرەزماندا چیدی باری هەستیارانەی ئەرێنی یان نەرێنی لە ئارادا نییە و ئەم دەستەواژەیە دەتوانێ لە هەستیاریی ئەو تێڕوانینانەی کە چ شتێک زمانە و چ شتێک زارە، کەم بکاتەوە.

**سەرهەڵدانی زمان**

سەرهەڵدانی زمان یەکێک لەو بابەتە گرینگانەیە کە مێشکی هەموو مرۆڤێکی بەخۆوە سەرقاڵ کردووە. سەبارەت بە ئاخێزگە و سەرهەڵدانی زمان تیۆری و ڕێکردی جۆراوجۆر خراوەتە ڕوو تا ئەو ڕادەیەی کە لە ساڵی 1886ی زایینیدا ئەنجومەنی زمانناسیی پاریس هەرچەشنە دەربڕینی بیروڕا، لێکۆڵینەوە و قسەوباسی لەسەر چۆنێتیی سەرهەڵدانی زمان قەدەغە کرد. ئەم قەدەغەییە لە ساڵی 1911دا جارێکی دیکە لە لایەن «ئەنجومەنی وشەناسیی لەندەن»ەوە[3] دووپات کرایەوە. هۆکاری قەدەغەی لەم چەشنە کە لە لایەن ئەم دوو ئەنجومەنەوە دانرا، ئەو تیۆری و گریمانانە بوون کە بەپێی گومان و بۆچوون نەگەیشتبوونە ئەنجام و نەیانتوانیبوو تیۆریی گونجاو بخەنە ڕوو. بەڵام دواتر لقە جۆراوجۆرەکانی زمانناسی بەتایبەت زمانناسیی مرۆڤناسانە بابەتی چۆنێتیی سەرهەڵدان، ئاخێزگە و سەرچاوەی زمانیان خستەوە بەر لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردن (دانسی، 2008 :23).

سەرچاوە و سەرهەڵدانی زمان یەکێک لە قورسترین و کێشەدارترین پرسە زانستییەکانە؛ چونکە زمان بووبەردی نییە تا ئاسەوارێکی لێ بمێنێتەوە و تاقیکردنەوەی لەسەر بکرێت (بیکەرتۆن، 2010 :6).

1. Variety
2. Sociolect
3. Philological Society of London

یەکەمین توێژینەوەیەک کە لەم بوارەدا ئەنجام دراوە، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پێنجەمی پێش زایین کە لە لایەن هێرۆدۆت، مێژوونووسی یۆنانییەوە خراوەتە ڕوو و وەک ناوبراو دەڵێت «سامتیک» دوایین فیرعەونی میسر دوو منداڵی تازە لەدایکبووی خەڵکی ئاسایی ڕادەستی شوانێک کرد تا لە ناو گەلەڕانەکەیدا پەروەردەیان بکات. فەرمان درایە شوانەکە کە مافی ئەوەی نییە قسەیان لەگەڵ بکات و لە کاتی دیاریکراودا بزنەکان بێنێتە لایان تا شیر بخۆنەوە و پێداویستییەکانیان دابین بکات تا بمێننەوە و زیندووبوونیان دەستەبەر بکرێت. پاش دوو ساڵ، شوانەکە منداڵەکانی کە بەو شێوازە پەروەردە کرابوون، بردە لای پسامتیک. یەکەمین وشەیەک کە هاتە سەر زاری ئەو دوو منداڵە وەک «بەکس» بوو کە وشەیەکی فریگیاییە بە واتای «نان». پسامتیک سەرسووڕماو دەسبەجێ زمانی فریگیایی وەک زمانی یەکەمی (یان وەک دەڵێن زمانی دایکیی) مرۆڤ ڕاگەیاند (هەمان سەرچاوە، 24). بەڵام لەبەرچی ئەم لێکدانەوەیە هەڵە و نادروستە؟ کریستاڵ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێت: ئەگەر منداڵ هیچ زمانێک نەبیستێ، بێگومان توانای ئاخاوتنی نابێت و ئەو دەنگەی بەرگوێی فیرعەون کەوتووە، گڕوگاڵ یان وڕینگەی منداڵەکان بووە. خاڵی دووهەم ئەوەیە کە زمانی فریگیایی لە زمانەکانی دیکە کۆنتر نەبووە (کریستاڵ، 2010 :97).

**سەبارەت بە سەرهەڵدانی زمان، ئەم گریمانانەی خوارەوە خراونەتە ڕوو:**

1) گریمانەی «ئاخێزگەی خودایی»[1]: بڕوای وایە کە زمانی مرۆڤ وەک بەهرەیەکی خودابیە کە خودا بەخشیویەتییە مرۆڤ (سورێن[2]، 1998). ئەم گریمانەیە دەگەڕێتەوە سەر باوەڕە ئایینییەکان؛ بۆ نموونە خودا هەموو زمانەکانی فێری ئادەم کرد. قورئان دەڵێت: «وَ علَّمَ الآدَمَ الاسمآءَ كُلَّها[3]، خودا هەموو ناوەکانی فێری ئادەم کرد...». وەک کریستاڵ (2010 :96) دەڵێت لە باوەڕی گشتیدا خودایەک هەبووە کە ئاخاوتن و نووسینی فێری مرۆڤ کردووە. لە ئەفسانەکانی چیندا کیسەڵێک لە بەهەشتەوە هاتووە و ئەو نیشانە شینەی کە لەسەر پشتی هەڵکەندرابوو، خەڵکی ڕادەهێنا کە چۆن بنووسن. میسرییە کۆنەکان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە خودایەک بە ناوی سوس نووسینی فێری میسرییەکان کردووە. لە ئینجیلدا باس لەوە کراوە کە پاش خولقانی ئادەم دەبوو ناو لەسەر هەموو ئاژەڵەکان دانێت.

2) «ئاخێزگەی دەنگە سروشتییەکان»[4]: لەسەر ئەو باوەڕەیە کە مرۆڤ لە ڕێگای لاساییکردنەوەی دەنگەکان و بەپێی دەنگە سروشتییەکانی ئاقاری دەوروبەری خۆی فێری زمان بووە و وەک تیۆریی «دەنگەناو»[5] بەناوبانگە. ئەو گریمانانەی کە لەسەر بنەمای ئەم تیۆرییەن دابەش دەبنە سەر دوو لقی «گریمانەکانی لاساییکردنەوە»[6] و «گریمانەکانی پێداویستی»[7].

[1]. Divine source

[2]. Seuren

[3] سورەتی بەقەرە ئایەتی ٣١

[4]. Natural sound source

[5]. Onomatopoeia

[6]. Imitation hypotheses

[7]. Necessity hypotheses

**یەکەم) لەم تیۆرییەدا گریمانەکانی لاساییکردنەوە بریتین لە:**

- گریمانەی دینگ‌دانگ[1]: لەسەر ئەو باوەڕەیە کە زمان بەرهەمی بەرئەنجامە دەنگییەکانە وەک «ماما» کە بەرهەمی دەنگی منداڵانە، ئەویش ئەو کاتەی کە لە مەمکی دایکیان شیریان خواردووە، ئەو دەنگانە دەخولقێندرێن یان وشەی «بووم» بە واتای تەقینەوەیە (دانسی،2008 :25).
- گریمانەی پووهـ پووهـ[2]: لەسەر ئەو باوەڕەیە کە زمان بەرهەمی دەنگە زاتی و نازاتییەکانی مرۆڤ لە وەڵامدانەوە بە هەست و سۆزدارییە. بۆ نموونە شادی، تووڕەیی، میهر و دلۆڤانی، ئێش و ئازار، وەک «واو» بۆ سەرسووڕمان، «ئاخ» بۆ ئێش و دەرد و ... بەڵام کۆمەڵێک ئەم گریمانەیە ڕەت دەکەنەوە و لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەم دەنگانە بەرهەمی هەناسەهەڵکێشانی مرۆڤن کە لە ناکاو خولقێندراون و هێچ پێوەندییەکیان بە زمانەوە نییە. بۆ نموونە «ئاخ» لەگەڵ هەناسەدانەوە دەدرکێت کە ئەمە پێچەوانەی درکاندنی دەنگەکانی ئاخاوتنە (بێری، 2003)، (دانسی، 2008 :25).
- گریمانەی حەوحەو[3]: لەسەر ئەو باوەڕەیە کە زمان بەرهەمی لاساییکردنەوەی دەنگی ئاژەڵانە. بۆ نموونە «میاو»، «هیس»، «قڕەقڕ» و ... بەڵام کێشە و ڕەخنەیەک کە لەم گریمانە و گریمانەکانی پێشوو دەگیردرێت ئەوەیە کە ئەم وشە دەنگەناوانە بازنەیەکی زۆر کەم و سنووردار لە وشەکانی زمان پێک دەهێنن (دانسی، 2008 :25).
- گریمانەی تاتا[4]: بە بڕوای چارلز داروین، ئاخاوتن جۆرێک پانتۆمیمی زارییە. ئەندامەکانی ئاخاوتن بۆ لاساییکردنەوەی جووڵانەوەکانی دەستەکان بەکار دەهێنران. بە وتەیەکی دیکە، زمان پێک هاتووە لەو ئاماژە و ئیشارەتانەی کە لە ڕێگای ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە لاساییان دەکرایەوە. بەڵام وەها لێکدانەوەیەک هەڵەیە؛ چونکە زمان تێکەڵێک بووە لە هەر دوو زمانی گوتن و زمانی ئاماژە و بەردەوام لە پلەیەکی بەرزتردا جێگەی بۆ دانراوە (بیکرتۆن، 2010).

**دووهەم) لەم تیۆرییەدا گریمانەکانی پێداویستی بریتین لە:**

- گریمانەی هۆشیارکردنەوە (ئاگاداری)[5]: لەسەر ئەو باوەڕەیە کە زمان بەرهەمی ئەو دەنگانەیە کە ئاژەڵان بۆ ئاگادارکردنەوەی یەکتر کەڵکیان لێ وەرگرتوون و مرۆڤەکان ئەو دەنگانەیان بیستووە و ڕەنگە زمان بەرهەمی هۆشیارکردنەوە و ئاگادارکردنەوەی مرۆڤەکان بەرانبەر یەک بێت. بۆ نموونە «ئاگات لە خۆت بێ»، «هێواش»، «فریام کەوە». یان ڕوانگەی

---

1. Ding-Dong
2. Pooh-Pooh
3. Bow-Wow
4. Ta-Ta
5. Warning hypothesis

«دڕندەی نەجیب»[1] کە لە لایەن ژان ژاک ڕۆسۆ[2]وە خرایە ڕوو و بەپێی ئەو ڕوانگەیە هاوارەکانی مرۆڤە سەرەتاییەکان کە لە دەنگی ئاژەڵان دەچوون و جووڵانەوەکانی جەستە کە بەکاریان دەهێنان، سەرچاوە و هۆکاری لەدایکبوون و سەرهەڵدانی زمانن (ڕۆسۆ، 1996 :16). بەڵام وەها گریمانەیەک ناتوانێ ڕاست بێت؛ چونکە دەنگی ئاژەڵان بنەمایەکی زاتی هەیە؛ بەڵام وشەکان بنەمای کەلتووری (فێرکاری) یان هەیە و هیچ لێکچوونێک نییە لە نێوان سیستەمی پێوەندیکردنی ئاژەڵان و مرۆڤدا (بیکرتۆن، 2010).

- گریمانەی یوو-هێ-هۆ[3]: لەسەر ئەو باوەڕەیە کە زمان بەرهەمی ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی ئەو ئاوازانەیە کە مرۆڤەکان لە کاتی کاری بەکۆمەڵ و کایەکردندا پێکەوە خوێندوویانەتەوە. بۆ نموونە تایبەتمەندییە ئاهەنگییەکان وەک «تۆن، زیڕوبۆڕیی دەنگ، ڕیتم» لەسەردەمی منداڵیدا کە منداڵ هەوڵ دەدات یەکەمین پێداویستیی خۆی یان یەکەمین چەمک و واتاکان دەربڕێت. یان ئەو دەنگانەی کە مرۆڤە سەرەتاییەکان بە شێوەی بەکۆمەڵ لە ئەشکەوتەکاندا دەریاندەبڕین، یان سەرۆک و فەرماندەکان لە شەڕەکاندا بۆ بەرزکردنەوەی ورەی سەربازەکانیان بەکاریان دەهێنان. دەتوانین بڵێین کە ئەم گریمانەیە، تایبەتمەندییە هۆنەیی و ئاهەنگییەکانی زمان دەخاتە ڕوو (ماڵمکیار[4]، 2002 :392-388)، (دانسی، 2008 :25)؛ بەڵام بیکرتۆن (2010 :62) ئەم گریمانەیە ڕەت دەکاتەوە و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئێمە سەیری باب و باپیرانی نزیکی مرۆڤەکان دەکەین، لە دەنگەکانیاندا هەر بەو ڕێژەیە کە گەڕاندنەوەی بەرهەست و بەرچاو بەدی ناکرێت، مۆسیقاش بەدی ناکرێت و ئەگەر نمانەوێ شوێنێک لە مۆسیقادا بدۆزینەوە پێویستە تا سەردەمی گیبۆنەکان بگەڕێینەوە دواوە.

- گریمانەی درۆکردن[5]: ئی ئیچ. ستراتوانت[6] ڕای وایە کە بەپێی ئەوەی هەموو هەست و مەبەستە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ لە ڕێگای جووڵانەوە، ئاماژە و ئیشارەت و ڕوانینەکانیەوە بە شێوەی نەخوازراو دەردەبڕدرێن، پێویست بوو سیستەمێکی پێوەندیکردن دابهێنرێت تا مرۆڤ بۆ شاردنەوەی بیر و هەستەکانی بتوانێ درۆ بکات یان کەسانی دیکە بخەڵەتێنی و فریو بدات و لەم ڕێگایەوە زمان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە لە لایەن مرۆڤەوە داهێنرا.

3) گریمانەی «سازانی جەستەیی»[7]: لەسەر ئەو باوەڕەیە کە مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی دیکە جیاوازە و تایبەتمەندییە جەستەییەکانی مرۆڤ لە درێژەی مێژوودا گۆڕانکاریی زۆریان بەسەردا هاتووە. پەرەسەندنی جەستەیی مرۆڤ لە کۆئەندامانی وەک ددانەکان، لێوەکان، زمان، گەروو و مێشک، هەلومەرجێکی گونجاویان بۆ ئاخاوتنی مرۆڤ ڕەخساندووە کە ئاژەڵان بەپێی ئەو

[1]. Noble savage
[2]. Jean-Jacques Rousseau
[3]. Yo-he-ho
[4]. Malmkyar
[5]. Lying hypothesis
[6]. E. H. Sturtevant
[7]. Physical adaptation source

دۆخەی کە هەیانە توانایی ئاخاوتنیان نییە. ئەڵبەت ئەگەرچی ئەم هەلومەرجە جەستەییە بۆ ئاخاوتن پێویستە؛ بەڵام بەس و تەواو نییە.

4) ئاخێزگەی ڕەچەڵەکناسانە (ژێنێتیکی)[1]: لەسەر ئەو باوەڕەیە بەپێی توانای منداڵە کەڕەکان بۆ پێوەندیگرتن لە ڕێگای زمانی ئاماژەوە، شتێکی جیا لە لایەنی جەستەیی، کاریگەری لەسەر توانستی زمانیی مرۆڤ دادەنێت و بەپێی «گریمانەی زاتیبوونی زمان»[2]، مرۆڤ بە بەهرەیەکی تایبەتەوە بۆ فێربوونی زمان لە دایک دەبێت کە بوونەوەر و ئاژەڵانی دیکە لەم بەهرەیە بێبەشن. لێکۆڵەران لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەم گۆڕانکارییە بەرەبەرە نەبووە و دیاردەیەک بووە کە کەمتاکورت لە پڕۆسەیەکی خێرادا هاتۆتە ئاراوە.

5) ئاخێزگەی بۆماوەیی[3]: لەسەر ئەو باوەڕەیە کە پێکهاتنی زمان سەرچاوەی بایۆلۆژیکیی هەیە و توانایی ئاخاوتن، لە درێژەی ڕەوتی پەرەسەندن و گۆڕان لە مرۆڤدا هاتۆتە ئاراوە. بەراوردکردنی کاسەڵەی سەری گۆریلا و ئەو مرۆڤانەی کە 60 هەزار ساڵ پێش زایین ژیاون ئەوە دەردەخەن کە مرۆڤ بەرەبەرە بە ئامرازێکەوە بۆ ئاخاوتن تەیار بووە. بیکرتۆن (2010: 6) و هێرفۆرد[4] (2014) کە پسپۆڕانی پەرەسەندنی زمانی مرۆڤن، پێیان وایە زمانی مرۆڤ بەشێکە لە ڕەوتی پەرەسەندنی مرۆڤ و پێویستە وەک بەشێک لە ڕەوتی پەرەسەندنی مرۆڤ سەیر بکرێت.

6) گریمانەی «ئاخێزگەی جووڵانەوەی زارەکی»[5]: یان «دەم-جووڵانەوە»[6] کە لە لایەن ڕیچارد پەگێت[7]ەوە خرایە ڕوو، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە جووڵانەوە جەستەییەکانی وەک دەست و لەش بە شێوەی نائاگادارانە و ناهۆشیارانەوە لە ڕێگەی جووڵانەوەی لێوەکان و زمانەوە هاوشێوەسازی کراون و جووڵانەوەکانی جەستە و دەنگەکان بوونەتە هۆی خولقاندنی زمان کە پەگێت وەک پانتۆمیمی تایبەتی زمان و لێوەکان ناوی لێ دەبات (پەگێت[8]، 1930: 42).

7) یەکەمین کارەکان[9]: لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئاخێزگەی زمان دەگەڕێتەوە سەر ڕیشە سەرەتاییەکان. هەمان ئەو کارانەی کە باب و باپیرانمان لە کاتی یارمەتی و کاری هەرەوەزی وەک کاتی «کوشتن»، «سەربڕین»، «شکاندن» و...هتد کەڵیان لێ وەرگرتوون (دایمۆند[10]، 1959).

لەم بوارەدا گریمانەی زۆر خراونەتە ڕوو و زۆربەیان ڕووبەڕووی ڕەخنە و ناکۆکی بوونەتەوە. بە بڕوای چۆمسکی لە تیۆرییە نوێکاندا، دەوروبەری سەدهەزار ساڵ پێش ئێستا هیچ زمانێک بوونی نەبووە. دووبارە کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە مێشکی کەسێکدا هاتنە ئاراوە کە وەک پرۆمەتیووس ئاماژەی پێدەکەن (چۆمسکی، 2010)؛ بەڵام ئیوانز[11] ئەم داخوازییە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت ئەم ڕوانگەیە پووچ و بێبنەمایە. ئەردەبیلی (1391) لە ڕوانگەی زمانناسیی

[1]. Genetic source
[2]. Inherent hypothesis
[3]. Glossogenetics
[4]. Hurford
[5]. Oral – gesture source
[6]. Mouth-gesture
[7]. Richard Paget
[8]. Paget
[9]. Protoverbs
[10]. Diamond
[11]. Evans

هۆشەکییەوە ئاخێزگەی زمان تاوتوێ دەکات کە لەو لێکۆڵینەوەدا باس لەوە دەکرێت کە سەردەمێک مرۆڤ دەیتوانی نێچیرەکەی خۆی تەنانەت ئەو کاتەی کە لە پشتەوەی تەپۆڵکەیەکەوە خۆی دەشاردەوە شوێنگری بکات. ئەم ڕاوچییە بەپێچەوانەی ئاژەڵانی دیکە بۆ دۆزینەوەی نێچیری خۆی هەست و پێزانینی بەهێزی نەبووە و نییەتی و هەستەکانی بینین، بیستن و بۆنکردنی مرۆڤ زۆر لاوازترن لە ڕاوچییە غەنیمەکانی. سروشت بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم خەسار و کەموکووڕییە توانایی سازکردنی وێنەی هزری و هێزی خەیاڵی پێ بەخشیوە و ئەمڕۆ باس لەوە دەکەن کە ئەم هێزانە بەستێن و ڕێگا و هۆکارە بەردەوامەکانی دەرکەوتنی بە ڕواڵەت لە ناکاوی زمانن. ڕەنگە هەر بەم بۆنەوە بێت کە دۆرۆتییە لە زمانی هایدێگرەوە دەڵێت: مرۆڤ وەک بوونەوەرێک کە هێزی خەیاڵی هەیە، پێوەندی لەگەڵ داهاتووەوە دەگرێت و لەم ڕوانگەیەوە دەبێتە بوونەوەرێکی داهێنەر و دەستێوەردەر. هێزی خەیاڵی مرۆڤ لە ڕاستیدا پێکهێنەری دنیایە، لە حاڵێکدا کە ئاژەڵ خاوەنی جیهانێکی گەورە نییە.

**ئەفسانەی زمانی پەتی و پاراو**

لای هەموو خەڵکێک دیاردەیەکی ئاساییە کە شێوازی زمانی خۆیان، وەک شێوازێکی باشتر و زمانێکی پەتی و پاراوتر سەیر بکەن و ئەم تایبەتمەندییانە زەق بکەنەوە و ئەم مافانە بە کەسانی دیکە نەدەن و تەنانەت ئەم تایبەتمەندییانەی دیکە کاڵ و بێبایەخ ببینن. لێکدانەوە و تێڕوانینی ڕەگەزپەرستانەی لەم چەشنە سەبارەت زمان، هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ بوونەتە هەوێنی برەوپێدان و گەشەکردنی کۆمەڵێک تیۆریی بێبنەما و ناڕاست.

بۆ نموونە «تیۆریی زمانی هەتاو»[1] ئەفسانە یان گریمانەیەکی خەیاڵی بوو کە لە لایەن ناسیۆنالیستە تورکەکانەوە و لە ساڵی 1930دا لە تورکیا سەری هەڵدا و لەسەر ئەم گریمانەیە دامەزرابوو کە زمانی تورکی دایکی هەموو زمانەکانی جیهانە. بە وتەیەکی دیکە، ئەم گریمانە بێبنەمایە هەموو زمانە مرۆییەکانی وەک بەجێماوی زمانێکی سەرەتایی ئاسیای ناوەڕاست؛ واتە تورکی دادەنا و ئاماژەی پێ دەکرد (ئیلکەر[2]، 2004).

ئاتاتورک ئەم ڕەوتەی بۆ دوورکەوتنەوە لە زمانەکانی دیکەی وەک عەرەبی و ... گرتە پێش (وارداف، 2005 :63). ناوبراو بانگەشەی بۆ ئەم ڕێکردە دەکرد کە زمانی تورکی جوانترین، دەوڵەمەندترین و ئاسانترین زمانە و خەزێنەیەکی پیرۆزە کە هەڵگر و پارێزەری ڕۆحی نەتەوەی تورکە (ڤیرتانەن[3]، 2003 :13). سەرەڕای ئەوەش، بە ڕێکردی وەها کە نازمانناسانە و هەستیارانە بوو، داخوازییەک لە لایەن ناوبراوەوە هاتە ئاراوە کە شتێک بە ناوی «کورد و زمانی کوردی» هەبوونی نییە و ئەم تاقمە، تورکە شاخستانییەکانن کە زمانی خۆیان بیر چۆتەوە (احمدیان و محمدی، 1397).

[1]. Sun Language Theory

[2]. İlker

[3]. Virtanen

نموونەی دیکەش یۆنانییەکانن کە تەنیا زمانێکیان لا پیرۆز و گونجاو بوو کە ئاخێوەرانی یۆنانی بن. ئاخێوەرانی دیکەیان وەک «بەربەر» دادەنا، وشەی «بەربەر» واتای غەیری یۆنانی بوو. نموونەی دیکە لە سەدەکانی شازدە و حەڤدەدا، پشتبەستن بە «تیۆریی زمانی ئادەم»[1] وەک ئامرازێک بۆ بەخۆداهەڵگوتنی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم لە ئەورووپا بوو کە زمانی عیبری وەک زمانی حەزرەتی ئادەم دادەنایان خەڵکی ئەڵمانیا لەسەر کتێبی پیرۆزی لووتەر بڕوایان وابوو کە ئەڵمانی نزیکترین زمان بە زمانی ئادەمە و هەروەها تاقمێک بڕوایان وابوو کە خەڵکی شاری ئانتوێرپی بەلجیکا پاشماوەی نووح بوونە و ڕەسانەیەتی زمانی ئادەمیان پاراستووە و گریمانە و بۆچوونی ناڕاست لەسەر زمانەکانی سێڵتی، باسکی، هەنگاری، پۆڵەندی و زۆر زمانی دیکەش وەها بوو کە هەر یەکە خۆیانیان دەبردەوە سەر زمانی یەکەمین مرۆڤ و ئاخێزگە خوداییەکان. بە بڕوای کۆمەڵێک، خودا لە بەهەشتدا بە زمانی عیبری، ئادەم بە زمانی دانمارکی و مار بە زمانی فەرەنسە دەئاخێون (ڕیکسۆن و هیلتۆن[2]، 2006 :30-32).

ڕیزبەندیی زمانەکان و نواندنیان وەک زمانی ڕەسەن لە ڕێگای کلیشەی وەک «زمانی باڵا»، «پلەی یەکەمی ڕیزبەندیی زمانەکان»، «زمانی دەوڵەمەند»، «زمانی ڕەوان و شیرین»، «زمانی خاوێن»، «زمانی بێگەرد و دەگمەن»، «زمانی نەزۆک»، «زمانی بەهێز و پتەو»، «زمانی شەکر» و... هیچ بنەما و بناغەیەکی زمانناسانەیان نییە. سەرەڕای ئەمە، کۆمەڵێک پێیان وایە کە ئەگەر زمانەکان لە ڕێزمانەکەیاندا لە نێوان نێر و مێدا جیاوازی دابنێن، ئەوە خاڵێکی ئەرێنییە بۆ زمانەکەیان و پلەی زمانەکەیان بەرز دەکاتەوە. بۆ نموونە بەڵگاندنیان وەهایە کە ئەڵمانی لە باری ڕەگەزییەوە (نێر و مێ و ...) سێ ڕەگەزی ڕێزمانیی تێدایە و فەرەنسی تەنیا دوو ڕەگەزی ڕێزمانیی هەیە؛ بۆیە ئەڵمانی لە باری جیاوازی و جیاکردنەوەی ڕەگەزەکانەوە لە زمانەکانی دیکە باشترە. بەڵام وەها لێکدانەوە و تێڕوانینێک لە لایەن زمانناسانەوە ڕەخنەی لێ دەگیردرێت و ئەم دیاردەیە نەک پیشاندەری هیچ جۆرە سەرتربوون و باشتربوونێک نییە؛ بەڵکوو  لە ڕێکردی شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەییدا، دیاردەیەکی نەرێنییە و ڕەخنەی دەکەوێتە سەر و جۆرێک ناکۆکی و دووبەرەکیی ئایدیۆلۆجیکی لە زماندا دێنێتە ئاراوە کە لە ڕێکردی مێژووییەوە زمانی ڕەگەزخواز[3] و ڕەگەزباوەڕانە جۆرێک هەڵاواردنە و دەتوانێ لە جێناوەکاندا دەرکەوێت (بەیکەر و ئێلیس[4]، 2010 :77).

بە وتەیەکی دیکە، ئەم جۆرە زمانە، ناکۆکی و دژانبەریی دوولایەنە لە نێوان ژن و پیاودا دەخاتە ڕوو. ئەوەی کە زمانێک نێر بە he و مێ بە she لێک جیا دەکاتەوە، ڕەنگە دەستنیشانکردن و ناسینەوەی ڕەگەزەکان بتوانێ پێکهاتەی زمانێک ڕوون بکاتەوە و ببێتە هۆی ئاسانکاری؛ بەڵام فێربوونی نێر و مێبوونی ناوەکان و جێناوەکان بۆ ئاخێوەرانی زمانەکانی دیکە کە جیاکردنەوەیەکی وەها لە زمانی خۆیاندا نییە، ڕەنگە ئەستەم بێت و پێویستی بە کاتێکی

[1]. Adam's language
[2]. Rickerson & Hilton
[3]. Sexist language
[4]. Baker& Ellece

زۆر بێت و ئەم کێشەیە هەروەها لە وەرگێڕاندا بۆ سەر ئەو زمانانەی کە جێناوی ڕەگەزییان نییە کێشە ساز دەکات و وەرگێڕ ناچار دەبێت لە وەرگێڕانەکەیدا بگەڕێتەوە سەر خاوەنی جێناوەکە واتە (ژنبوون یان پیاوبوون).

بەپێی لێکۆڵینەوەی میرزایی و قاسمی (1392) ئەم دیاردەیە وەک یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی وەرگێڕ سەیر دەکرێت؛ چونکە ئەگەر لە بەرانبەر هەموو جێناوەکان لە وەرگێڕانی کوردیی ناوەوندی و فارسیدا خاوەن جێناو دابنرێت، بێگومان بەردەنگی زمانی مەبەست، تێگەیشتنێکی دروست و تەواوی لە دەقەکە ناکەوێتە دەست و کاری وەرگێڕان ناگاتە ئامانجی سەرەکیی خۆی کە گواستنەوەی واتای نێوان دوو زمانە. نموونەیەک لەم کێشەیە لە وەرگێڕانەکانی محەممەدڕەزا مەرعەشیپووردا بەدی دەکرێن کە بەرهەمەکانی «نەجیب مەحفووز» ڕۆماننووسی میسری و براوەی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیاتی وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی.

لەم ساڵانی دواییەدا لێکۆڵەرانێک وەک بەیکەر و ئێلیس (2010 :107) ئاماژەیان بە زمانی ناڕەگەزخواز[1] وەک هەوڵێک بۆ دووریکردن لە ڕەگەزخوازیی زمان و نەمانی نایەکسانییە ڕەگەزییەکان کردووە. هەروەها لێکۆڵەرانێک وەک هێلینگێر و باسمەن[2] (2001)، (2002)، (2003)، فێرکلاف (2003)، ماس[3] و هاوکارانی (2013) باسیان لە «زمانی لانەگری ڕەگەزی»[4] و «زمانی بێلایەنی ڕەگەزی»[5] کردووە کە ڕێژەی کلیشە ڕەگەزییەکان دادەبەزێنن. لەم پێوەندییەدا، ئەگەر ئەم دۆخە وەک ئیمتیاز و خاڵێکی ئەرێنی سەیر بکەین و وەک ئامرازێک بۆ بەرزتردانان و سەپاندنی هێز و دەسەڵات بە سەر زمانەکانی دیکەدا دابنێین، تووشی لێکدانەوە و بۆچوونێکی هەڵە و ناڕاست دەبینەوە؛ چونکە ئەگەر تێڕوانینمان سەبارەت بە زمان قووڵ و ڕەخنەگرانە بێت، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە وەها دیاردەیەک دژانبەری و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دوولایەنە لە نێوان ناسنامەی ژن و پیاودا ساز دەکات و دەگەڕێتەوە سەر فاکتەرەکانی دەرەوی زمان و لە هزر و بیری کۆمەڵگای زمانییەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە ئەنجامدا وەها دیاردەیەک دەچێتە ناخی زمانەوە و لە ناو خەڵکدا بە تێگەیشتنێکی هەڵەوە پەرەی پێ دەدرێت.

لە وتووێژی گۆڤاری حەفتەیی مۆنتڕاڵ[6] (2721) لەگەڵ فەرزان سجوودی، زمانناس و نیشانەناسی زانکۆی تاراندا، باس لەوە دەکرێت کە لە ڕێکردی زمانناسیدا، ئەرکەکانی زمان هەم لە باری مێژوویی[7] و هەمیش لە باری هەنووکەیی[8] و ئێستاییەوە زۆر گرینگە. زمان نە قەندە و نە هەنگوین، نە ترشە و نە شیرین. هەر جۆرە پێوەندییەکی ڕەسەنایەتیخوازانەی زمان لەگەڵ پرس و بابەتە ئایدیۆلۆژیکی و نەتەوەییەکان و سەیرکردنی وەک هێمایەکی پیرۆز و ڕەسەن،

---

[1]. Non-sexist language

[2]. Hellinger & Bußmann

[3] .Maass

[4]. Gender-fair language (GFL)

[5]. Gender-neutral pronoun

[6]. Montreal

[7]. Diachronic

[8]. Synchronic

تەنیا خزمەتکردنە بە هەژموونیککردن و پاکانەکردن بۆ گوتاری زاڵ و دەسەڵاتدار. لە ڕوانگەی زمانناسیێکەوە، هەر زمانێک لە ئەرکەکانی دەقپەروەرانە و دەقخولقێنییەکانیدا، بۆ ئاخێوەرانی خۆی پاراو و شیرینە و هیچ زمانێک بەهۆی خواستە ئایدیۆلۆژیکییەکانییەوە لە ئاستی زمانێکی دیکەدا بەرزتر و باڵاتر نییە. هەر زمانێک، تایبەتمەندیی پێکهاتەیی، واتایی، وشەیی و ڕەوانبێژیی تایبەتیی خۆی هەیە. هەر زمانێک خاوەنی مێژووی خۆیەتی و ئەم مێژووە پێویست ناکات پێوەندیی بە مێژووی نەتەوەیەکەوە هەبێت بەڵکوو پێوەندیی بە کۆمەڵێک دەقەوە هەیە کە لەو زمانەدا هەن. ئەگەرچی بۆ نەتەوەسازی کەڵک لە زمان وەردەگیردرێت؛ بەڵام مێژووی زمانێک واتایەکی بەربڵاوتری لە چاو مێژووی نەتەوەیەکەوە هەیە. هەموو زمانەکان ئەم تایبەتمەندییەیان هەیە و هەر بۆیە، زانینی هەر زمانێک هەلێک دەڕەخسێنێ بۆ ئاشنایەتی لەگەڵ کۆمەڵێکی نێواندەقیی نوێدا. لە هەر شوێنێک باس لە ڕەسەنبوون و ڕەسەنایەتیی زمان دەکرێت، بۆن و بەرامەی دیکتاتۆری پێوە دیارە. هەر بەم بۆنەوە بەکارهێنانی پێناسە و گێڕانەوەی لەم چەشنە بۆ زمان ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی کە ڕەسەنایەتییەک ببەخشرێتە زمان کە دەرفەتێک بۆ دەسەڵات بڕەخسێنێ بۆ ئەو مەبەستەی زمانەکانی دیکە سەرکوت بکات و بیانخاتە پەراوێزەوە.

لە ڕوانگەی زمانناسیێکی نیشانەناسەوە، زمان، تەنیا وەکوو دیاردەیەکی پەتی سەیر ناکرێت؛ بەڵکوو زمان بریتییە لە سیستەمە نیشانەییەکان و لە دەرەوەی هەرێم و بازنەی زمانی و نیشانەییەوە هیچ ڕەسەنایەتییەک بوونی نییە. هەرێمی زمانی و نیشانەیی لە ڕاستیدا بازنەی سەرەکییە کە دەسەڵات لە ڕێگای بەکارهێنانیانەوە لە میدیاکان، ئەدەبیات و سینەما و هتد، چەمک و واتای تایبەت وەبەر دەهێنێتەوە. ئەو کاتەی لە ئەدەبیاتدا بە ڕەخنەیەکی شیکاریی وردبینانەوە چاو لەو بەرهەمانە دەکەین کە خەرمانەیەکی پیرۆزبوونیان بە دەوردا کێشاون، بەرەبەرە بوتەکە دەشکێت و کەموکووڕییەکان بەر چاو دەکەون. لە ڕاستیدا لەم ڕوانگەیەوە، زمان لە خزمەتی دەسەڵات دایە. ئەڵبەت مەبەست خزمەتکردن بە فڵان یان فیسار حکومەت نییە (ئەگەرچی ئەم دەورەش دەگێڕێ)؛ مەبەست لە دەسەڵات، ئەو گوزارە خڵتکراوە مێژووییەی ناوەندخوازەکانە.

کتێبی دیکسۆن[1] (2016) بە ناوی «ئایا پلەی هەندێ لە زمانەکان لەوانی دیکە بەرزترە؟» تێڕوانینە پێوەندیدارەکانی ئەم بابەتەی تاوتوێ کردووە و تێیدا دەڵێت: زمانناسان هەڵسەنگاندنی وەک زمانی بەرزتر، گەورەتر و لاوازتر و ... دەدەنە بەر ڕەخنە و لەسەر ئەو باوەڕەن کە هیچکام لەو زمانانەیلە جیهانی ئەوڕۆداقسەیان پێ دەکرێ، دواکەوتوو و سەرەتایی نین؛ بەڵکوو هەموو زمانەکان لە باری پێکهاتەیی و ئاڵۆزبوونەوە کەمتاکورت یەکسانن. دیکسۆن دەڵێت کە ئەورووپییەکان بۆ گەڕان بە هەموو جیهاندا لە گەمییەکانی خۆیان کەڵکیان وەرگرت

[1]. Dixon

و بۆ داگیرکردنی وڵاتان چەکەکانی خۆیان بەکار هێنا؛ هەر بۆیە لەگەڵ گرووپی هەرەزۆری ئەتنیکیی خەڵکدا پێوەندییان هەبوو و وەک خەڵکانی بندەست سەیریان دەکردن و زمانەکانیان وەک زمانێکی دواکەوتوو و سەرەتایی پێناسە دەکرد. وەها شیکردنەوەیەکی ڕەگەزپەرستانە ئەوەندە بەربڵاو و گشتگیر پەرەی پێ دراوە کە دیکسۆن دواتر لە کتێبەکانی خۆیدا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە «لە جیهانی ئەمڕۆدا هیچ زمانێک سەرەتایی و دواکەوتوو نییە» و «ئاڵۆزییەکانی هەموو زمانەکان کەمتاکورت یەکسانن». وەک تراسک و میبلین (2006: 56) دەڵێن لە ڕوانگەی زمانناسییەوە هەموو زمانەکان دەتوانن بە شێوەیەکی بەرابەر و یەکسان ببنە هۆی تێگەیشتنی گونجاو لە سروشتی زمانە مرۆییەکان.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد لە تێگەیشتی خەڵکی ئاسایی لە زمان و تێڕوانینی گشتیدا بیرۆکەیەک هەیە کە کۆمەڵێک لە زمانەکان وەک «دەوڵەمەند» و کۆمەڵێکی دیکە وەک «نەزۆک» یان «کراوە» و «داخراو» سەیر دەکرێن و یان پێیان وایە کە هەندێک لە زمانەکان ناتوانن زمانی زانست بن و بۆ خولقاندنی چەمکە زانستییەکان کارامە و زایا نین کە گریمانەیەکی وەها بێبنەمایە و دەستەواژەی لەم چەشنە تەنیا هەست و تێڕوانینیکی توندڕەوانەن کە ڕێگای فاشیزمی زمانییان گرتۆتە پێش. لە بەشی پێنجەمدا؛ واتە بەشی مێتافۆرەکان، دەچینە سەر ئەم بابەتانە و مێتافۆری لەم چەشنە کە لە هزر و مێشکی ئاخێوەراندا هاتوونەتە ئاراوە، دەخەینە بەر باس و ڕەخنە.

بەهێزبوون یان لاوازبوونی زمانێک وەها تێڕوانینێک دەهێنێتە ئاراوە کە گوایە بڕیارە لەگەڵ زمان زۆران بگرین؛ بەڵام ئەگەر بە تێڕوانینێکی زانستییەوە سەیری زمانەکان بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە هەموو زمانەکان دەفرایەتی یەکسانیان هەیە. بۆ نموونە زمانەکان لە ڕەوتی وشەڕۆناندا، یان لە «لێکدان»[1] و «داڕشتن»[2] کەڵک وەردەگرن یان لە ڕەوتە ناسەرەکییەکانی دیکەی وشەسازی وەک «وشەی نوێ»[3]، «داهێنان»[4]، «وشەوەرگرتن»[5]، «سەرناو»[6]، «کورتکردنەوە»[7] و «قرتاندن»[8]، «پاشسازی»[9]، «داڕشتنەوە»[10]، «گۆڕین»[11]، «تێکەڵکردن»[12] کەڵک وەردەگرن. بە وتەیەکی دیکە، هەندێ جار لە لێکدان و جاروبار لە داڕشتن و هەندێ جاریش لە ڕەوتەکانی دیکەی وشەڕۆنان کەڵک وەردەگرن. کەواتە باس وبابەتی لەم چەشنە کە بۆ نموونە فڵان جۆرەزمان نەزۆک و هەژارە و فڵان جۆرەزمان دەوڵەمەندە، دەگەڕێتەوە سەر نەزانین یان کورتبینی بەرانبەر بە زمانەکان. وەک جو ناپۆلی و شۆنفێلد[13] (2010: 118) دەڵێن: هەموو

1. compounding
2. Derivation
3. Neologism
4. Invention
5. Borrowing
6. Acronym
7 Shortening
8. Clipping
9. Backformation
10. Reanalysis
11. Conversion
12. Blending
13. Jo Napoli & Schoenfeld

زمانەکان نرخ و بایەخێکی یەکسانیان هەیە و هەر یەکە لە جێگای خۆیاندا سیستەماتیکن و بنەمایەکی گشتگیری تایبەت ڕەچاو دەکەن.

کەواتە، دەکرێ بڵێین هەموو جۆرەزمانەکان خاوەنی کۆمەڵێک ئامرازن کە لە سازکردنی ڕستەکاندا هاوبەشن، بۆ نموونە ڕستە پرسیارکەرەکان، ڕستە نەرێنییەکان و ... لە هەموو زمانەکاندا دەبینرێن و هەموو زمانەکان چەمکە دەرهەستەکان، پێشگریمانەکان و واتا شاراوەکانیان تیایە (تراسک و میبلین، 2000 :60)؛ بۆیە، مەبەست لەم پێشدادوەری و کلیشە زمانییانە تەنیا پێکان و بەئامانجکردنی خودی زمان نییە بەڵکوو ئاخێوەرانی زمانەکانیش دەکرێنە ئامانج و ڕیزبەندی دەکرێن و پلەی بەرز و نزمیان پێ دەبەخشرێت. مەخابن و بەداخەوە مێژوو پڕاوپڕە لەم گوزارە نەرێنی و دەستەواژە باسمەیی و ڕەمەکییانە کە پێشدادوەرییەکانی مێژوو زمانەکان دەخەنە ڕوو. بۆ نموونە شاڕلی پێنجەم دەیگوت: «لەگەڵ مرۆڤەکان بە زمانی فەڕەنسی، لەگەڵ ئەسپەکان بە زمانی ئەڵمانی و لەگەڵ خودا بە زمانی سپانی قسە دەکەم»، یان وتەکانی سەدەی حەڤدەیەمی زایینی کە دەیانگوت: «زمانی فەڕەنسی گۆرانی دەڵێت، ئینگلیزی دەگری و ئیتالی ناز و ئەدای هەیە و زمانی سپانی وەکوو مرۆڤ دەئاخێوێت» (کالوە، 1379 :82).

هەموو ئەم هەڵوێستانەی کە باس کران، توندوتیژیی هێمایین و سەمبولیکن بەرانبەر بە زمان. بۆ نموونە «فارسی شەکرە»، «تورکی هونەرە»، «کوردی شیرینترە» یان دەستەواژەکانی «زمانی شیرین»، «زمانی هونەر»، «زمانی شیرینتر»، «زمانی پاراو»، «زمانی شکۆمەند»، «زمانی نەزۆک» و هتد لە بازنەی شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەییدا بە هیچ لەونێک بێلایەن نین بەڵکوو ئەگەر ڕستە و دەستەواژەی لەم چەشنە ببەینە ناو بەهای ڕێژەیی و «داڕێژەی نرخپێدان»[1]، هەڵگری باری ئایدیۆلۆژیکی و بەهای ئەرێنیی و نەرێنین و وەک گریمانە بەهاییەکان ئاماژەیان پێدەکەن کە دەڵێن چ شتێک شیاو و گونجاوە و چ شتێک نەشیاو و نەگونجاوە (فێرکلاف، 2003 :6) و دەربڕینی ڕستە و دەستەواژەی لەم چەشنە هەڵگری «پێشگریمانەی وشەیی»[2]ن کە تێیدا وشەکان بەپێی واتا و سروشتیان، پێشگریمانەیان لەسەر دەکرێت. بە وتەیەکی دیکە، لەم جۆرە پێشگریمانەدا، وشەیەک لەگەڵ واتای دەربڕاو و واتای دەرنەبڕاوەکەیدا دەخرێتە ڕوو (یول[3]، 2000 :28).

پێکهاتە بەراوردی و هەڵسەنگاندنییەکان وەک «شیرینتر/ شیرینترین»، «بەرزتر/ بەرزترین» دژانبەری وەک «لاواز/بەهێز» هەموو دەکەونە ڕیزی ئەم جۆرە پێشگریمانە وشەییانەوە. بۆ نموونە لە ڕستەی «تورکی هونەرە»دا، پێشگریمانەی ئێمە بەرانبەر بە ڕستەکە ئەمەیە کە «هونەر» لە زمانی تورکیدا بوونی هەیە کە وەها دیاردەیەک پێویستە لە باری زانستی زمانناسییەوە بسەلمێندرێت و ئەگەر نەسەلمێندرێت ئەوە بۆچوونێکی هەستیارانە و نالۆژیکیانەیە؛ چونکە ئەم پێشگریمانە لەگەڵ «ڕێکاری چۆنێتی»[4] دەخرێتە ڕوو؛ واتە بۆ

---

[1]. Appraisal pattern

[2]. Lexical presupposition

[3]. Yule

[4]. Maxim of quality

دەربڕینی ڕستەی لەم چەشنە دەبێ بەڵگەنامەی پێویست و تەواومان لەمەڕ وتەکەی خۆمان هەبێت تا وتەکەمان پشتڕاست بکرێتەوە (گرایس[1]، 1975 :45). یان جاروبار دەبیستن کە هەندێک کەس پێیان وایە زمانی خۆیان پەتی و پاراوە و زمانی ئاخێوەرانی دیکە دەستکرد و ساختەیە؛ بەڵام ئەم کەسانە بێئاگان لەوەی کە زمانی ڕەسەن و پەتی بوونی نییە و هەموو زمانەکان دروستکراوی دەستی مرۆڤن. بە بڕوای مەکورتێر[2]، زمان لە ڕاستیدا چەمکێکی ساختەییە و یەکەم زمان خۆی گۆڕاوە بۆ سەر ٦٠٠٠ زمان (مەکورتێر، ٢٠٠٤: ٧).

**دەستەواژەی «زمانی دایکی»[3]**

دەستەواژەی زمانی دایکی، دەستەواژەیەکی نامۆ و دەرەکییە کە لە ڕێگای وەرگێڕانی وشە بە وشەی زمانی ئینگلیزییەوە پێک هاتووە. بۆ وێنە وشەی "زمان" جێی وشەی ( /tongue language) دەگرێتەوە و هەروەهاش وشەی "دایک" لە هەمبەر وشەی (mother) دا بەکار هاتووە؛ بەڵام پێکهاتەی وشەکە بە هەمان شێوە کە لە زمانی سەرچاوەدا هاتووە، دەپارێزرێت. لە زمانی کوردیدا، وشەی "دایکی" بەکار دەهێنن کە پێی دەڵێن ئاوەڵناوی پێوەندی[4]؛ واتە ئاوەڵناوێک کە لە «ناو» وەرگیراوە و لەگەڵیشیدا پێوەندی هەیە و ئەم (ی) یە نابێت لەگەڵ نووسەکی[5] سێهەم کەسی تاک و جێناوی لکاو تێکەڵ و بەراورد بکرێت و بە تێگەیشتنێکی هەڵە پێمان وابێت دەستەواژەی «زمانی دایکی» هەمان وەرگێڕانی وشەبەوشەی «زبان مادری»یە کە لە زمانی فارسیدا هاتووە. دەبێ بزانین کە ئەرک و واتای زەینیی «زمانی دایک» لەگەڵ «زمانی دایکی» جیاوازە و نیشانەی (ی) لە پێکهاتەی «زمانی دایک» ئەو مانایە دەگەیەنێت تەنیا وشەی دایک خاوەنداری زمانە کە بەم دۆخە دەڵێن دۆخی سەرخستن[6]. هەروەها ڕێژەی بەکارهێنانی دەستەواژەی «زمانی دایکی» لە ناو زارەکانی کوردیدا زیاترە و نابێت کوردی تەنیا بە زارێکی تایبەتەوە کورت بکرێتەوە. ئەگەرچی ئەم دەستەواژەیە لە ڕۆژی 2ی ڕەشەمەی هەموو ساڵێکدا لە لایەن یۆنسکۆوە وەکوو ناوی «ڕۆژی زمانی دایکی» دیاری کراوە؛ بەڵام لە زمانناسیدا پەسەند ناکرێت و باس و بابەتێکی زۆر لە خۆ دەگرێتەوە.

**بۆ نموونە ئەو چەند دێڕەی خوارەوە ڕچاو بکەین:**

| |
|---|
| **«ڕۆژنامەی شەرق، ژمارەی*2792*، *13*ی ڕێبەندانی *1395*»**<br>• ڕستەی دەقی (1): زمانی یەکەمی هەموو ئێرانییەکان فارسییە و ئەو زمانەی لەماڵەوە وتووێژی پێدەکەن زمانی لانکەیە و شیاوی پەروەردە و ڕاهێنانی فەرمی نییە. ئەو زمانەی کە دایک لەگەڵ منداڵەکەیدا دەدوێت، پێناسەیەکی ئاسایی و ڕەمەکییانە لە زمانی دایکییە. |

[1]. Grice
[2]. McWhorter
[3]. Mother tongue / Mother language
[4].Relational adjective
[5]. Clitic
[6]. genitive

«ڕۆژنامەی هەمشەهری، ژمارەی*1507*، *30*ی بەفرانباری *2721*»

- ڕستەی دەقی (2): لە ڕوانگەی زماناسیی مێژووییشەوە، دەتوانین بڵێین زمانی فارسی زمانی دایکی و کەلتووری و مێژوویی هەموو ئێرانییەکانە.

هەر بەو چەشنەی لەو نموونانەی (1) و (2)دا دەبینن، زمانی هەموو ئێرانییەکان بە زمانی دایکیی فارسی دەستنیشان کراوە. بەپێی ئەو پێناسانەی کە پێشتر بۆزمان لێیان دواوین، وەها وتەیەک سەبارەت بە زمان لە ڕوانگەی زانستی زمانناسیدا نەتەنیا هیچ بنەما و بایەخێکی نییە؛ بەڵکوو ڕوانگەیەکی سۆزدارانە و نالۆژیکیانەیە؛ لەبەر ئەوەی ئەو ڕوانگەیەی زمانی فارسی وەکوو زمانی هەموو ئێرانییەکان دەستنیشان دەکات لە ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسییەوە سەرچاوەی گرتووە. تەنانەت لە ڕوانگەی خودی زمانناسە ئێرانییەکانەوە نزیکەی سێسەد جۆرەزمان لە ئێراندا هەن کە هەندێکیان وەکوو عەرەبی و تورکی، لە ڕەگەزی هیندوئەورووپایی نایەنە ژمار و لە ڕیزی زمانە ئێرانییەکاندا نین (صفوی، 1398: 10-9).

ئەمینی لە ماڵپەڕی متمانەپێکراوی ئێتنۆلۆگدا دەگێڕێتەوە کە ئەو زمانانەی لە ئێراندا هەن بە سەر دوو لق دابەش دەکرێن: یەکەم: خۆماڵی (٦٥ زمان) و دووهەم: نامۆ (14 زمان). تەنانەت زمانانێک وەکوو گورجی و قەزاقستانی و زمانەکانی دیکەش دەبینین کە لەسەرچاوەکانی تردا ئاماژەیان پێ نەکراوە و نەناسراون (امینی، 2022).

هاوگن[1] (1991) لە توێژینەوەیەکدا، دەستەواژەی زمانی دایکی دەخاتە بەر باس و ڕای وایە کە لەم سەردەمەدا ئەم دەستەواژەیە ئەوەندە لە زمانەکانی هیندوئەورووپاییدا پەرەی سەندووە کە بەدەگمەن ئاوڕ لەسەرچاوە یان مێژووەکەی دەدرێتەوە. زۆرینەی خەڵک لەو بڕوایەدان کە منداڵ بە هۆی دایکییەوە فێری زمانی یەکەمی خۆی دەبێت بەڵام ئەم چەمکە باو و گشتگیرە پێش 1100یزایینی پشتڕاست نەکراوەتەوە و لەوانەیە لە هیچ زمانێکی سەدەکانی کۆندا نەهاتبێتە ئاراوە (کۆپر و سپالسکی[2]،1991 :73).

کلۆگە[3] (1967) لە ساڵەکانی 1119دا ئاماژە بە زمانی دایکی دەکات. ئەو داهێنانی ئەو دەستەواژەیە گرێ دەدات بە لاتینییەوە و وای بۆ دەچێت لەبەر ئەوەی هەموو نووسراوەکانی بیرمەندانی ئەو سەردەمە بە لاتینی نووسراون، لەوانەیە ئەو دەستەواژەیە لە لاتینییەوە وەرگیرابێت و دواتر لە زمانەکانی دیکەدا پەرەی سەندبێت. بۆ وێنە لە زمانی فەڕەنسیدا «langue maternelle»، لە زمانی ئیسپانیاییدا «lengua materna» لە زمانی ئیتالیدا « lingua materna» لە زمانی ڕۆمانیاییدا «limba materna» و ...ی پێدەڵێن.

ئیوان ئێلیچ[4] نووسەر و فەیلەسووف و کەسایەتیی ئایینیی کڵێسەی کاتۆلیک دەڵێت: لەسەردەمی کارۆلینجیان، دەستەواژەی زمانی دایکی لە «دایکی پیرۆزی کڵێسە»[5]وە وەرگیراوە؛

[1]. Haugen
[2]. Cooper & Spolsky
[3]. Kluge
[4]. Ivan Illich
[5]. Holy mother the Church

چونکە ڕێوڕەسمی ئایینی کڵێسەکان بە زمانی لاتین بەڕێوە چووە؛ بەڵام لەو سەردەمەدا کە قەشەکان ئامۆژگاریی خەڵکیان دەکرد، زمانی خەڵکی ناوچەکەیان بەکار ئەهێنا تاکوو خەڵک بەرەو ئایینی کاتۆلیسیزم هان بدەن (ئێلیچ، 1981). بەڵام بە بڕوای کلۆگە بەڵگەکانی سەدەکانی ناوەڕاست ئەوە دەسەلمێنن کە زمانی باوکی بە ناوی لاتین و زمانی دایکی بە ناوی زمانی ناوچەیی پێناسە دەکرا کە ئەو جیاوازییە لەوپەڕی ڕەگەزێتیدا باس دەکرا؛ چونکە لەو سەردەمەدا تەنها پیاوان مافی خوێندنیان بوو و ئاستی ژنانی بۆ پەروەردەکردنی منداڵان و ماڵداریکردن دادەبەزاند؛ بۆیە لەوانەیە ئەو جیاوازییە لە کۆمەڵگای دووـزمانەدا ڕووی دابێت کە زمانی ژنان لە بەرانبەر زمانی پیاواندا لە ئاستێکی نزمدا پۆلێنبەندی کرابێت.

نووسەری سویدی تاونیۆس[1] (1981: 57) دەڵێت کە بە وتەی نووسەرانی سەدەکانی ناوین، سروشتی ژنان لەگەڵ پەروەردە و ڕاهێنانی فەرمیدا ناگونجێت و تەنها سروشتی پیاوان ئەو هێز و توانا تایبەتەی هەیە کە بڕواتە ناخی کەلتوورەوە و ڕۆحی منداڵان ڕزگار بکات. بەپێی ئەم بەڵگاندنانە، هاوگن بڕوای وایە کە بەکارهێنانی دەستەواژەی زمانی دایکی بۆ یەکەمجار لە بواری واتاییەوە زیاتر سووکایەتیکردن و بێڕێزیکردن دەخاتە ڕوو و «نزمبوونەوەی واتایی»[2] لە نێو ئەم دەستەواژەیەدا شتێکی ڕوون و ئاشکرایە و هیچ بەرزبوونەوەیەکی واتایی تێدا بەدی ناکرێت. هەر بۆیە، قسەی هەندێک کەس کە درووشمی ئەخلاقی دەدەن و دەڵێن: «بە درێژایی مێژوو لە ناو زۆربەی کەلتوورەکاندا دایک ئەو کەسە بووە کە زیاتر لەگەڵ منداڵ بووە و منداڵ زمانەکەی لە دایکی وەرگرتووە؛ بۆیە پێی دەڵێن زمانی دایکی»، قسەیەکی نازانستیانەیە و وەها بیرۆکەیەک لە بنەڕەتدا هەڵەیە؛ چونکە ئەو بەڵگانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێ کردن، باس لەوە دەکەن کە دەستەواژەی زمانی دایکی هەڵگری باری واتایی نەرێنییە و بیرداڕێژەرانی بواری زمانناسیش بڕوایان وایە کە زمانی دایکی بە واتای ئەوە نییە کە دەڵێن تەنیا دایک بۆ یەکەمجار لەگەڵ منداڵەکەی خۆی بەو زمانە قسە دەکات. لە ڕوانگەی ئاندرێ مارتینەدا، ئەگەر ئەو دادوەرییە ناوەختەی کە ڕۆمانتیسیسزمی سەدەی نۆزدەهەم سەپاندوویەتی بە سەر بۆرژوازی تاکزمانیی نەتەوە ئەورووپییەکاندا، لەبەرچاو نەگرین، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو زمانەی یەکەمجار فێری دەبین، ڕاشکاوانە زمانی دایکی نییە؛ بەڵکوو دەتوانێ زمانی ئەو خزمەتکارانە یان ئەو کەسانەی بێت کە بۆ یەکەمجار لەگەڵ منداڵدا پێوەندیی زمانییان هەبووە (مارتینە، 1393: 241).

بەم پێیە گرێدانی زمانی دایکی بە ناوی دایکەوە و خولقاندنی دەستەواژەی زمانی دایکی، هۆکارێکی ئایدیۆلۆژییانەی هەیە. پرسیارێک کە لەم سەردەمەدا دێتە ئاراوە ئەوەیە کە ئەمڕۆ مێتافۆری زمانی دایکی چۆن لە بازنەیەکی پیرۆزدا خۆی دەنوێنێتەوە؟ بە وتەیەکی دیکە، بۆچی ئەمڕۆ ئەم دەستەواژەیە بە گرێدان بە دایکەوە لایەنێکی سۆزدارانە و باری واتایی ئەرێنی لە

[1]. Thavenius

[2]. Pejorative

خۆ گرتووە و بە زمانێکی ڕەگەزانەوە، بە سوود و قازانجی ژنان دەنوێندرێتەوە؟ لە حاڵێکدا بەپێی داتاکانی زمانناسی، لە سەیری مێژووودا هەمیشە ڕەگەزخوازیی زمانی (سێکسیزم)[1]، وێنەی ژنانی بە شێوەیەکی نەرێنی نواندووە و لێکۆڵینەوەی زمانناسانێک وەک شووت[2] (1981)، لێباڤ (1972)، لیکاف (1973)، ترادگیڵ (1983)، کامێرون (2005)، میلز (2003)، وارداف (2006)، لی[3] (2006) و... کە سەبارەت بە ڕەگەزخوازیی زمانی نووسراون، ڕاستێتی ئەو وتەیە دەسەلمێنن. هەروەک لوۆراتو[4] دەڵێت بەپێی بەستێنی وشەیی، وشەی ژن لەو وشانەدا دەنوێندرێتەوە کە زیاتر پێوەندییان بە ئەرکی ماڵداری و خزمەتگوزارییەوە هەیە (لوۆراتو، 2003)؛ بەڵام وا دیارە لە دەستەواژەی «زمانی دایکی»دا بابەتەکە پێچەوانەیە و زیاتر لەبەرچاونەگرتنی پیاوان و پەراوێزخستنی ڕەگەزی پیاوانەیە و بە هەمان شێوە کە پێشتر باسمان کرد، ڕەگەزخوازیی زمان هەردەم وێنەیەکی سووک یان واتایەکی نەرێنی لە ژنان دەخاتە بەر چاو.

بەڵام ئەمڕۆ ئەم دەستەواژەیە وێنەی ژن بە شێوەیەکی ئەرێنی لە مێشکی مرۆڤدا دەنوێنێتەوە کە تێیدا باوک پەراوێز خراوە و بە پشتگوێخستنی دەوری باوک، ئەو بڕوایە دەخاتە ڕوو کە باوک هیچ دەورێکی لەم زمانەدا نەبووە و بەبێ هیچ هاوسەنگییەکی ڕەگەزی، ئەم دەورە تەنها بۆ دایک تەرخان کراوە. تەنانەت ئەگەر ئەمڕۆ بە بیرکردنەوەیەکی قووڵترەوە ئاوڕ لەم دەستەواژەیە بدەینەوە، هیچ بەرزبوونەوەیەکی واتایی تێدا بەدی ناکرێت؛ چونکە دەستەواژەی «زمانی دایکی» بۆ ئەو زمانانە بەکار دەبرێت کە لە وڵاتێکدا وەکوو زمانێکی نافەرمی و ژێردەست سەیر دەکرێن. هەروەها ئەم دەستەواژەیە تەنیا بۆ ئەو ئاخێوەرانە بەکار دەبرێت کە وەکوو زمانێکی خۆجێیی دەدوێن و بە زمانێکی تر جگە لە زمانی فەرمی دەئاخێون.

لە میانەی وتووێژێکدا لەگەڵ دوکتۆر ئاویر کەلهوڕ، کۆمەڵناس و لێکۆڵەری بواری کۆمەڵایەتی، ئەم دەستەواژەیەمان بە ڕێکردێکی ڕەخنەگرانەوە دایە بەر باس. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە ڕستەی «من ئەویترم» واتای ئەوپەڕ_ڕەوایەتیی ئەم دەستەواژەیە کە وەها بابەتێک لە داڕێژەی ناسنامەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی مرۆڤدا دەورێکی تایبەتی هەیە و ناوەرۆکەکەی، گۆڕدرانی ڕواڵەت و پێگەی کۆمەڵگا بەرانبەر بە «ئەویتری» خۆی دەبەخشێت کە خاوەنی زمانی نەتەوەیی و دەسەڵاتدارە. ئەم زمانە پەیکەرەیەکی بێگانە و داشکاو بۆ خەڵکی نیشتەجێی وڵاتە داگیرکراوەکان ساز دەکات؛ چونکە خودی ئەم ناولێنانە بۆ شکستپێهێنانی بەرخۆدانی دەروونیی کۆمەڵگا بندەستەکانە. شوێنهاتی ئەم دەستەواژەیە ئاماژە بە «پەراوێزخستن» دەکات و هەروەها ئاماژەیە بۆ «کۆمەڵگایەکی ڕەگەزخواز». ئەم جۆرە وشەسازییە بە شێوەی فەرمی دەمانخاتە پەراوێزی گوتاری نەتەوەیی و دەسەڵاتدارەوە.

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا بە ئەدەبیاتی زمانی دایکییەوە دەکرێ لەباری ناسنامەییەوە خۆمان پیشان بدەین و دەرکەوین؟ شیاوی باسە کە بەم دەستەواژە سیاسییەوە،

---

[1].Sexism

[2]. Shute

[3]. Lei

[4]. Levorato

زمانە نافەرمییەکان ناتوانن لە ڕوانگەی مافی زمانییەوە دۆخی خۆیان بگۆڕن و گۆڕانیان دەگەڕێتەوە سەر «ئەویتر» نەک خۆیان. هەر بۆیە ئاخێوەرانی ئەم کۆمەڵگایانە دەکەونە ژێر «ترۆمای بێناسنامەییەوە». ئەگەر لە ڕوانگەیەکی دیکەوە سەیری ئەم دەستەواژەیە بکەین، زمانی دایکی پڕۆژەی «کەمینەسازیی» کۆمەڵگای داگیرکراو قووڵتر دەکاتەوە؛ واتە جۆرێک باوەڕمەندیی درۆیین دەداتە جوگرافیای سیاسی و کۆمەڵایەتی «ئەویتر» لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا. بەو واتایەی کە زمانی دایکی ڕێگەی زاڵبوون بۆ زمانی باڵادەست و نەتەوەیی خۆش دەکات و ئەم ڕەوتە گرینگەیش، شوێنپێی شەپۆلی نوێی داگیرکاریی بەجوانی ئاشکرا دەکات.

تاوتوێکردنی ڕەوتی پێکهاتنی گوتاری زمانی دایکی لە زانستی زاڵبوویدا ئەم ڕاستییە دەسەلمێنت؛ چونکە زانستێکی وەها بڕیار بوو گوتارێک بێت بۆ شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی بێلایەنانەی جوانناسی، زمانناسی، هونەر و ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات؛ بەڵام لە ژێر کاریگەریی سیاسەتەکانی داگیرکاریدا گۆڕدرا بۆ گوتارێکی ژیۆپۆلیتیک (جوگرافی-سیاسی) کە زاراوەکانی زانستە مرۆییەکانی وڵاتە ژێردەستەکانی دابەزاندووە و کۆمەڵگاکانی تەنیا لە چوارچێوەی کلیشە باوەکاندا پێناسە و شرۆڤە کردووە (ئا. کەلهوڕ، وتووێژی نووسەر، 7ی جۆزەردانی 2721).

زمانناسانێک وەک بلۆمفیلد لەسەر ئەو باوەڕەن کە «زمانی یەکەم»[١]، دەتوانێ «زمانی خۆجێی»[٢]، «زمانی دایباب/باوکی»[٣] بێت کە تاک دوابەدوای لەدایکبوونی تا سەردەمی هەستیار[٤] فێری دەبێت (بلۆمفیلد، 1933). دەستەواژەی دیکەی وەک «زمانی بنەماڵە[٥]»ییش بەکار براون و هەروەها وەک جی. ئاڕ. ئاڕ. تاڵکین[٦] (1955) ناوی ناوە «زمانی لانک»[٧]یش دەتوانێ ڕاست و دروست بێت. لەم پێوەندییەدا و بەپێی ئەم دەستەواژە جۆراوجۆرانە زۆربەی توێژەرانی زانستەکانی بواری زمانناسی لەباتی ئەم دەستەواژەگەلە، دەستەواژەی «زمانی یەکەم» بەکار دەهێنن؛ بەڵام ئەمڕۆ دەبینین کە فراوانی و ڕێژەی بەکاربردنی «زمانی دایکی» لە دەستەواژەکانی دیکە زیاترە و ئەمەش بڵێی‌نەڵێی واتا و چەمکی زمانی منداڵ تا ئاستی وشەی «دایک» دادەبەزێنێت کە دەستەواژەی لەم چەشنە قەت‌قەت بێلایەن نییە و هەڵگری لایەنی ئایدیۆلۆژیکییە.

شیاوی ئاماژەیە کە هەندێک کەس لە ڕێگای ئاماژەکردن بە وتە بەناوبانگەکانی بیرمەندانی دنیا لە هەوڵی ئەوەدان چەمک و دەستەواژەی زمانی دایکی ببەنەوە سەر ڕستە و تێفکرینی ئەو بیرمەندانە. بۆ نموونە ڕستەی «زمان، ماڵی بوونە»[٨] وتەی هایدێگر[٩] (1971) و ڕستەی

1. First language
2. Native language
3. Father/Parent tongue
4. Critical period
5. Family language
6. J.R.R. Tolkien
7. Cradle tongue
8. Language is the house of being
9. Heidegger

«بوونێک کە فام دەکرێت، زمانە»[1] وتەی گادامێر[2] (1994)، واتای چەمکی زمانیان لە پێناسەیەکی گشتیدا باس کردووە و مەبەستی ناوبراوان لەم ڕستانەدا زمانی دایکیی فارسی، کوردی، تورکی، عەرەبی و ... نییە.

ڕستەکەی هایدێگر واتە هەبوون و هەستیی مرۆڤ لە زماندا دەردەکەوێت و ڕاستییەکانی سەر هەستی و بوون لە ڕێگای زمانەوە دەخرێنە ڕوو. جیاوازیی زمان و تێفکرین لە ڕوانگەی هایدێگرەوە ئاوایە کە «زمان» ڕاستی ئاشکرا دەکات. ئەم زمانە دەتوانێ زمانی شێوەکاری بێت، زمانی مۆسیقا بێت کە هەر یەکەی ئەم زمانانە دەتوانن پەردە لەسەر حەقیقەت و ڕاستی لا بدەن. واتە ئەم زمانانە ڕاستییەکان ئاشکرا دەکەن؛ بەڵام واتای «تێفکرین» لە ڕوانگەی ناوبراوەوە واتە «ڕێکردن لەسەر ڕێگای ڕاستی و حەقیقەت». بە وتەیەکی دیکە، لە ڕوانگەی هایدێگرەوە بۆ ئەوەی بچینە بازنەی حەقیقەت و ڕاستی، پێویستە هەبوون و هەستیی مرۆڤ بخەینە بەر پرسیار. لە ڕاستیدا تەنیا لە زماندایە کە پابەندبوون و دڵگراوی لە مرۆڤدا دێتە ئاراوە و مەبەست لە «ماڵی بوون»، بانگهێشتکردنە بۆ زمانی هەبوون و ئەم ماڵە، شوێنێکە لەسەر تەوەری هەستی و هەبوون دامەزراوە. ڕستەی گادامێر واتە زمان شوێنێکە کە تێیدا دەفرایەتی لێتێگەیشتنی هەستی و هەبوون ئاشکرا دەبێت و بە شێوەی زاتی ئەم دەفرایەتییەی تێدایە.

**ڕیشەناسیی ڕەمەکییانە و هەڵەبەریی ڕیشەناسانە[3]**

لەوانەیە زەقترین و بەرچاوترین بەش لە زمانناسیدا باسی ڕیشەناسی بێت کە هەر کەس ڕێگە بە خۆی دەدات کە بەبێ بەڵگەهێنانەوەیەکی زمانناسانە، ڕیشەی وشەکان بەتایبەت شوێنناو[4]ەکان ڕیشەدۆزی بکات. بۆ نموونە بڵێت: «سهر» هەمان «شارە» و «وەرد» هەمان «گوڵ»ە؛ بۆیە، «سهرورد»(سۆهرەوەرد) بە واتای «شاری گوڵ»ـە. «دێو» هەمان «دێوە» و «گوڵان» هەمان «هێلان»ـەیە؛ بۆیە دێولان بە واتای «لانەی دێوەکان»ـە و یان ئەوەی کە هەندێک بە پشتبەستن بە چۆنێتیی ناولێنانی وشەکان، ناو و شوێنە تایبەتەکان تاوتوێ دەکەنەوە. بۆ نموونە دەڵێن وشەی «ڕۆسەم» وەرگیراو لەم هۆنراوەی فێردۆسییە (بە رستم بگفتا غم آمد بەسر. نهادند رستمش نام پسر) یان بەپێی ڕیشەناسیی مەزندەیی و هەڵێنان، وشەی «سینا» بە هۆی لێکچوونی ڕواڵەتییەوە هەمان لێکدراوی «سی+ نەما»یە؛ بەڵام کاتێک بە شێوەیەکی زانستی، لە ڕوانگەی ڕیشەناسییەوە تاوتوێ دەکرێت، گریمانەکەیان ڕەت دەکرێتەوە یان بە هەڵەدا دەچێ.

ڕیشەناسی یان ئێتیمۆلۆژی، وشەیەکی یۆنانییە و لە یۆنانی کۆندا بە واتای ناسینی ڕەگ یان ئێتیمۆن (etymon)ـە کە ئاماژە بە مانای ڕاستەقینەی وشەکان دەکات. بە شێوەیەکی گشتی،

[1]. Being that can be understood is language
[2]. Gadamer
[3].Folk etymology & Etymological Fallacy
[4]. Toponymy

خوێندنەوە و تاوتوێکردنی ڕیشەی مێژوویی و شێوەی بەدیهاتنی وشەکان، بە ڕیشەناسی ناو دەبردرێت (کەمپبڵ و میکسکۆ[1]، ٢٠٠٧: ٥٧-٥٦).

دڵخوازبوون و هۆگرایەتی سەبارەت بە واتای ڕاستەقینە و فۆرمی سەرەتایی وشەکان، بوو بە هۆی سەرهەڵدانی زانستێک بە ناوی ڕیشەناسی. لە سەرەتادا وایان دەزانی کە واتای هەر وشەیەک لەگەڵ دیاردەیەک کە ئەو وشەیە ئاماژەی پێ دەکات، پێوەندیی هەیە؛ بەڵام دواتر لە سەدەی هەژدەهەمدا بە سەرهەڵدانی زمانناسیی بەراوردکاری و ناسین و تاوتوێکردنی زمانە جیاوازەکان، ئەو ڕێسا دەنگییانە کە بە سەر گۆڕانکارییە زمانییەکاندا زاڵ بوون، ئاشکرا کران و لە ڕێگەی ئەم ڕێسایانەوە، بنیادنانەوەی زمانە هیندوئەوروپییەکان دەستی پێ کرد و ڕیشەناسی ڕەوتێکی زانستیی بە خۆیەوە بینی. ئەمڕۆ لە هەر زمانێکدا بە تاوتوێکردنی سیستەمە دەنگییەکان، ڕەوتی وشەسازیی ئەو زمانە لەسەردەمە جیاوازەکاندا و بەپێی هاوتای وشەکان لە زمانەکانی دیکەدا و هەروەها بەپێی پرسە مێژوویی، کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکان، ڕیشەی وشەکان دەستنیشان دەکرێت. ڕیشەناسیی ڕەمەکییانە کە لایەنگری زۆری هەیە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی سیستەمە دەنگییەکان و ڕەوتی وشەسازییەکان، ڕەگ و ڕیشەی وشەکان لەسەردەمە جیاوازەکاندا تاوتوێ دەکاتەوە. بۆ نموونە لەم جۆرە ڕیشەناسییەدا، وشەکان بە سەر بەشە جیاجیاکاندا دابەش دەکرێن و لەگەڵ وشە ناسراوەکان بەراورد دەکرێن و پێکەوە گرێ دەدرێن؛ واتە یان بەپێی لێکچوونی دەنگی یان بەپێی پێوانە و گونجاندن، وشەکان تاوتوێ دەکرێن کە لێکدانەوە و وەسفکردنێکی نازانستیانەیە (چنگیزی، 1395 :71-70).

بە زمانێکی سادەتر، کاتێک کە ئاخێوەران بە سەرنجدان بە زانیاریی هەنووکەیی[2] خۆیان (و نە زانیارییە مێژووییە ڕاستەقینەکان) و بە کەڵکوەرگرتن لە پێوانە، بنەمای وشەیەک بەپێچەوانەی ئەوەی کە بەڕاستی هەبووە لە بەر چاو دەگرن، لەگەڵ ڕیشەناسیی ڕەمەکییانە ڕووبەڕوو دەبینەوە. بۆ نموونە لە زمانی فارسیدا، ئاخێوەران بە هەڵە پێکهاتەی وشەی «دوقولو» لە «دو» و «قولو» دەزانن؛ چونکە وشەی «دو» لەم زمانەداهەیە و لەگەڵ واتای وشەکە دەگونجێت، لە حاڵێکدا ئەم وشەیە لە بواری مێژووییەوە لە کاری «دوقماق»ی تورکی بە واتای «زایین» داڕێژراوە کە لەم نموونەی دواییندا لەگەڵ وشەیەکی قەرزی یان وشەوەرگرتندا ڕووبەڕووین. ڕیشەناسیی ڕەمەکییانە تەنیا لەم جۆرە وشانەدا دەرناکەوێتو ڕەنگە لە وشە خۆماڵییەکانیشدا ڕوو بدات. ئەم دیاردەیە بە تێپەڕبوونی کات و بە ڕەشبوونەوەی پێکهاتەی دەروونیی وشە خۆماڵییەکانەوە دەخرێتە ڕوو. بۆ نموونە زۆرێک لە فارسزمانەکان وا دەزانن کە وشەی «آفتابە»، وشەیەکی ئاڵۆزە کە لە «آفتاب» + «ـە» پێک هاتووە، لە حاڵێکدا پێکهاتەی ڕاستەقینەی ئەم وشەیە لە «آف= آو = آب» و «تابە= ظرف» پێک هاتووە (نغزگوی کهن، 1384: 189).

[2] Synchronic

[1]. Campbell & Mixco

بۆیە، ناکرێ تاوتوێکردنی ڕەگ و ڕیشەی وشەکان و گۆڕانکاریی وشەکان بەپێی ڕیشەناسیی ڕەمەکییانە قەبووڵ بکرێت. هەندێک بەم شێوەیە بیر دەکەنەوە کە ئەگەر وشەیەک لە زمانەکەی خۆیاندا هەبێت و هاوتای ئەم وشەیە لە زمانەکانی تریشدا هەبێت، بەم پێیە ڕیشەی ئەم وشەیە تایبەت بە زمانەکەی خۆیانە کە وەها وێناکردنێک هەڵەیە؛ چونکە سەرچاوەی ئەم لێکچوونە دەگەڕێتەوە بۆ «هاوڕیشە»[1]بوونی ئەو وشانە کە لە یەک بنەماڵەی زمانییەوە سەرچاوە دەگرن و ژێدەرێکی هاوبەشیان هەیە. بۆ نموونە وشەگەلێک وەکوو «من»، «برا»، «مامان»، «پان»، «نۆ»، «دێو» و ... لە زمانە هیندوئەورووپییەکاندا بە هۆی ئەو لێکچوونانە کە هەیانە، نابێ وەک گریمانەیەکی ڕاست بسەلمێنین کە سەرچاوەی سەرەکیی ئەو وشانە هی زمانێکی تایبەت بووە؛ بەڵکوو ئەم دیاردەیە نیشاندەری بنەماڵەبوون و هاوڕیشەبوونی زمانەکانە کە بەپێی ڕەوتە دەنگییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە.

کریستاڵ (2008: 175) جگە لە ڕیشەناسیی ڕەمەکییانە ئاماژە بە «هەڵەبەریی ڕیشەناسانە» دەکات کە نابێ تووشی ئەم جۆرە هەڵەبەرییە بین. لەم پێناسەیەدا واتای پێشینیی وشەیەک یان واتای سەرەکیی وشەیەک بە ڕاست و ڕەها دەزانرێت. بە وتەیەکی تر، کەسانێک هەن کە بۆ پاساودانی قسەی خۆیان پشت دەبەستنە واتای سەرەتایی و سەرەکیی وشەکان. بۆ نموونە سەردەمێک زیگمۆند فرۆید کە یەکێک لە دەروونناسە بەناوبانگەکانی جیهان بوو، بۆ هێرشی سام و دەمارییەکان، وشەی «hysteria»ی بەکار هێنا کە هەڵبژاردنی ئەم وشەیە ناڕەزایەتیی هەندێک لە هاوکارانی فرۆیدی لێکەوتەوە؛ چونکە بە ڕای ئەوان هاوتای ئەو وشەیە لە ڕیشەی یۆنانیی «منداڵدان»ەوە وەرگیراوە؛ بۆیە لەگەڵ واتای هێرشی دەماری ناگونجێت. هەڵەی ئەم تاقمە لەمەدا بوو کە نەیاندەزانی وشەکان لە درێژایی مێژوودا لە بواری واتاییەوە، گۆڕانکارییەکی زۆریان بەسەردا دێت و ئەوەی کە لە چ سەردەمێکدا واتای وشەکان دروست بووە، ڕوون نییە بۆمان. کەواتە پێداگری لەسەر ئەوەی کە واتای ڕابردوو و سەرەتایی وشەیەک ڕاست و دروست بێت نەک واتای ئەمڕۆیی و مۆدێرنەکەی، جۆرێک تەجویز و ڕەچەتەیە کە بە «هەڵەبەریی ڕیشەناسانە» ناوی لێ دەبەن.

بە وتەی ئشتاینمێتز[2] (٢٠٠٨) ئەمە هەڵەبەرییەکی ڕەچەڵەکناسانە و ژێنێتیکی[3]یە کە واتای مێژوویی وشەیەک وەکوو واتای باوەڕپێکراوی ئەو وشەیە سەیر دەکرێت و باوەڕ بە واتا ئەمڕۆییەکەی ناکرێت. بە وتەیەکی تر، هەڵەبەریی ڕیشەناسانە کاتێک ڕوو دەدات کە کەسێک لەسەر ئەوە پێداگری بکات کە واتای ئەمڕۆیی وشەیەک دەبێ ڕێک وەکوو واتا مێژووییەکەی بێت و بەپێی واتا ڕابردووەکەی شرۆڤەی بۆ بکرێت کە وەها داخوازییەک جێی ڕەخنەیە و دەخرێتە ژێر پرسیارەوە؛ چونکە ئەم جۆرە بەڵگاندنە لەگەڵ ڕۆحی زمانناسی (بەتایبەت واتاناسیی مێژووییدا) دژایەتی دەکات. هەروەها ئەم هەڵەبەرییە کاتێک ڕوو دەدات کە ئاخێوەر

[1].Cognate
[2]. Steinmetz
[3]. Genetic fallacy

بەئەنقەست مەبەستی ئەوەیە کە ڕیشە و واتای سەرەتایی وشەیەک لەگەڵ بەڵگاندنەکەیدا بگونجێت و هاوڕا و هاوبیری ئامانجەکەی ڕێک بکەوێت. بۆ وێنە هەندێک کەس بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئایدیۆلۆژیاکانیان لەم هەڵەبەرییە کەڵک وەردەگرن.

بەگشتی، وەها هەڵەبەرییەک، جۆرێکی ترە لە هەڵەبەریی «پەنابردن بۆ پێناسەی وشەنامەیی»[1] کە تاکەکان هەوڵ دەدەن بە وەرگرتنی پێناسەی وشەنامە لە بەڵگاندنەکەی خۆیاندا سەر بکەون (گویر[2]، ٢٠٠٩). سەرنج بدەنە نموونەکەی خوارەوە:

- سرووش: یەکێک لە هاوڕێ کوردزمانەکانم لە من ناڕاحەت بوو، چوونکە پێم گوت: کوردی لە بنەڕەتدا بە واتای «کۆچەر»ە.
- پارسا: بەڕاست نەتدەزانی کە ئەمە باری نەرێنی هەیە و ڕەنگە هاوڕێکەت ناڕاحەت بێ لێت؟
- سرووش: نا. لە وشەنامەی دێهخودادا نووسراوە کە کورد یانی «کۆچەر».

لە نموونەی پێشوودا، سرووش تووشی هەڵەبەریی وشەنامەیی بووە؛ چونکە لە بواری لۆژیکی و واتاناسییەوە، وشەکان لە ناو وشەنامەکاندا تەنیا واتایەکیان لەگەڵدا نییە یان هەڵگری تاقە واتایەک نین. هەڵەی سرووش ئەوەیە کە سەرنجی نەداوەتە گەلاڵەی واتایی یان گرتنەوەی واتایی وشەی "کورد" کە هەندێک واتا و چەمکی بەرین لە خۆ دەگرێت، تەنانەت ئەگەر وەهای دابنێین کە واتای وشەی "کورد" لە ڕابردوودا نەرێنی و بە واتای کۆچەر بووە لەگەڵ سەردەمی ئێستا و بەستێنی ئێستای خۆیدا هیچ پێوەندییەکی نییە؛ چونکە بەپێی «گۆڕینی واتایی» لە واتاناسیی مێژووییدا، ئەم وشەیە «بەرزبوونەوەی واتایی»[3] لە خۆ گرتووە. بە وتەیەکی تر، وشەی "کورد" واتاکەی بەرینتر بووە و بە تێپەڕبوونی کات و زەمەن لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، بەرزبوونەوەی واتایی بە خۆوە گرتووە. هەربۆیە، لە بواری واتاناسییەوە، هەڵەبەریی ڕیشەناسانە کاتێک ڕوو دەدات کە وشەیەک بە درێژایی کات و مێژوو دەکەوێتە بەر گۆڕانکاریی واتایی وەکوو «تەسککردنەوەی واتایی»[4] (بە درێژایی مێژوو، واتای وشەکە سنووردار دەبێتەوە) یان «پەرەدانی واتایی»[5] (بە درێژایی مێژوو، واتای وشەکە بەرین و بەربڵاو دەبێتەوە) یان «نزمبوونەوەی واتایی»[6] (بە درێژایی مێژوو واتای وشەکە دادەبەزێت و نزم دەبێتەوە و ئاماژە بە واتایەک دەکات کە لە چاو ڕابردووی خۆیدا، لە باری سۆزدارییەوە نەرێنی دەبێتەوە) یان «بەرزبوونەوەی واتایی» (بە درێژایی مێژوو، واتای وشەکە دەچێتە سەرەوە و بەرز دەبێتەوە لە چاو ڕابردووی خۆیدا، بارێکی سۆزداریی ئەرێنی لە خۆ دەگرێت)؛ بەڵام برێک کەس یان بە

[1]. Appeal to Definition
[2]. Govier
[3]. Semantic elevation / Semantic Amelioration
[4]. Semantic narrowing
[5]. Semantic widening
[6]. Semantic degeneration / Pejoration

شێوەی مەبەستدار یان بە شێوەی نائاگایانە ئەم گۆڕانکارییانە لە بەر چاو ناگرن و تووشی هەڵەبەریی ڕیشەناسانە دەبن.

لە هەندێک نموونەدا، واتای وشەکان دەتوانن بەتەواوی بگۆڕدرێن، بە جۆرێک کە واتا ڕیشەناسانەکەیان هیچ پێوەندییەکی ڕوونی لەگەڵ واتای ئێستایاندا نەبێت. کەواتە وەها وێناییێک هەڵەیە کە مۆرکی تاکواتایی بلکێنینە وشەکانەوە یان وەها بیر بکەینەوە کە وشەکان تەنیا و تەنیا یەک واتایان هەیە؛ چونکە ئەمە خۆی هەڵەبەرییەکی ڕیشەناسانەیە و هەڵەبەریی پشتبەستن بە وشەنامەیە (سیلر[١]، 2000 :133-132)؛ (گوڵا[٢]، 2002 : 161-48)، (تراسک[٣]، 1996 :32)، (گندمکار، 1399 :110).

[1]. Sihler

[2]. Gula

[3]. Trask

## بەشی سێهەم:
## سەبارەت بە تەندروستیی زمان و ئاخاوتن

### دژانبەریی ڕەچەتەگەرایی[1] و وەسفگەرایی[2]

ڕەچەتەگەرایی بەپێی ڕێکردە کۆن و سوننەتییەکان، زمان تاوتوێ دەکات کە تێیدا کۆمەڵێک لە زمانناسان پێداگری لەسەر پەتیبوون و خاوێنکردنەوەی زمان دەکەن. ئەم ڕێکردە لە نێوان «هەڵەبوون» و «هەڵەنەبوون»ی زماندا جیاوازی دادەنێت. ڕەچەتەگەرا زێدەخوازەکان، خەڵک بەرەو لای بەکارهێنانی زمانی دروست و بێهەڵە هان دەدەن. بۆ نموونە جەخت لەسەر هەڵەکانیان دەکەنەوە و داوا دەکەن بە نووسینەکانیاندا بچنەوە. بۆ نموونە دەڵێن: «قەت قەت ڕستە بە ئامرازی پێوەندییەوە کۆتایی پێ مەهێنن»؛ بۆیە ڕەچەتەگەراکان ڕەفتارێکی ڕێسامەندانەیان هەیە. دەکرێ ڕەچەتەگەراکان بە هۆی سەپاندنی ڕێسا زمانییەکانی خۆیان بە سەر کەسانی دیکەدا و هەروەها تێڕوانینی توندڕەوانەیان سەبارەت ڕێساکانی زمان و قبووڵنەکردنی ئەو ڕاستییەی کە زمان بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا دێت و موڵکی هەمووی ئەو ئاخێوەرانەیە کە کەڵکی لێ وەردەگرن، (تەنانەت ئەو ئاخێوەرانەی کە ڕەنگە لە شێوازە ناستانداردەکان کەڵک وەردەگرن)، بخرێنە بەر باس و ڕەخنەوە. لەم پێوەندەدا دەکرێ لایەنگرانی «زمانڕاستیی سیاسی»[3]ـش وەک نموونەیەک لە ڕەچەتەگەراکان دابنێین؛ چونکە ئەوانیش لە هەوڵی ئەوەدان چۆنێتیی بەکارهێنانی زمان بەپێی سیستەمێکی تایبەت جێبەجێ بکەن. ڕەچەتەگەرایی لە بەرانبەر زمانناسیی وەسفی یان وەسفگەراییدایە کە هەوڵ دەدات بەبێ دادوەری سەبارەت بە هەڵەنەبوون و دروستبوونی زمان؛ شێوازی بەکارهێنانی زمانی خەڵک وەسف بکاتەوە. بەگشتی زمانناسی، ڕێکردی ڕەچەتەگەرایی داوەتە بەر ڕەخنە و ئەم دەستەواژەیە لە بەستێنی زمانیدا، وەکوو دەستەواژەیەکی نزم و سووک سەیر دەکرێت (بەیکر و ئێلیس، 2010: 102).

ئەگەرچی کامێرون[4] (2012) لە جیاتیی وشەی ڕەچەتەگەرایی، دەستەواژەی «تەندروستیی زمانی»[5] بەکار دەهێنێت و ڕەچەتەگەرایی وەک تارماییەک وێنا دەکات کە لە کۆڵی زمانناسی نابێتەوە؛ بەڵام ئەو پێی وایە هەر ئەم دووکەرتییەی «ڕەچەتەیی/ وەسفی»یەیە کە زمانناسی وەکوو لقێکی زانستی دەستنیشان کردووە؛ چونکە زمانناسی، زانستێکی وەسفگەرایە نەک ڕەچەتەگەرا؛ واتە وەکوو هەموو زانستەکان سەرنج دەداتە ڕاستییە بەرهەستەکان و حوکمی

---

1. Prescriptivism
2. Descriptivism
3. Political correctness
4. Cameron
5. Verbal Hygiene

نرخپێدان بۆ زمانەکان نادات. ڕەچەتەگەرایی هەڕەشە لە بازنە و گۆڕەپانی زمانناسی دەکات؛ بۆیە هەبوونی ئەم بەشە لەم زانستەدا قەدەغە کراوە (کامێرون، 2012 :5).

بەڵگاندنی زمانناسان وەهایە کە گۆڕانی زمان دیاردەیەکی تەواو ئاساییە و زمانەکان بەردەوام گۆڕانکارییان بەسەردا دێت؛ بۆیە، هەموو ڕەچەتە زمانییەکان (ئەمرکردن و فەرماندان بەوەی فلان شت ڕاستە و فلان شت هەڵەیە) سەر ناکەون و لە کۆتاییدا شکست دەهێنن. بە بڕوای کریستاڵ تەنیا ئەو زمانانەی کە ناگۆڕن یان گۆڕانکارییان بەسەردا نایەت، نازناوی زمانی مردوویان پێ دەدرێت (کریستاڵ، 2010 :131)؛ چونکە زمان پێویستە بگۆڕدرێت هەتاکوو ڕەنگدانەوەی پێداویستییەکانی ئاخێوەران، گۆڕانکارییە ئاقارییەکان، گۆڕانکارییە زانستی و تەکنۆلۆجیکەکان، نۆڕمە کەلتوورییە نوێکان و ... تێیدا بنوێندرێتەوە.

داهاتووی زمان بە بۆچوونی کریستاڵ (2004 :11) وەهایە کە پێویستە لە مێژووەوە فێر بین و وانەی مێژوویی پێمان دەڵێت کە نابێ هەلومەرجی هیچ زمانێک بە هەرمان و نەگۆڕ سەیر بکەین. هەروەک هاڵ[1]یش ئاماژە بەم دیاردەیە دەکات و دەڵێت: پێویستە گۆڕانکارییە زمانییەکان و ئەنجامەکانی وەک دیاردەیەکی تەواو ئاسایی و سروشتی وەربگرین و وەک چۆن چاوەڕێی ئەوەین شتێک لە جیهاندا بێتە ئاراوە؛ هەر بە هەمان ڕادەیش چاوەڕێی ئەوە بین گۆڕانکاری بەسەردا بێت، چ گونجاو بێت یان گونجاو نەبێت، چ لەگەڵ مەیل و خواستی تاکەکەسیماندا یەک بگرێتەوە یان نەگرێتەوە (هاڵ، 1960 :190)؛ بۆیە ئەگەر چاوەڕوانی ئەوە بین کە ڕەچەتە و نواندنەوە زمانییەکان دەتوانن ببنە لەمپەر و بەربەستی گۆڕانی زمان، ئەوە چاوەڕوانییەکی بێهوودەیە.

**ئەو بابەتانەی کە لە ڕەچەتەگەرایی زماندا دەخرێنە ڕوو بریتین لە:**

**1. پەتیگەریی زمانی[2]**

ڕەنگە بیستبێتان کە کۆمەڵێک لە ئاخێوەران بەردەوام پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە وشەی دەرەکی و نامۆ بەکار نەهێنن. بۆ نموونە مەڵێن «کەلیمە» بڵێن «وشە»، مەڵێن «مامان» بڵێن «دایکە/ دایک»، مەڵێن «ئیستراحەتکردن» بڵێن «پشوودان»، مەڵێن «عەوەزکردن» بڵێن «گۆڕین»، مەڵێن «سایت» بڵێن «ماڵپەڕ»، مەڵێن «خانەدار» بڵێن «کابان» و ... ئەم کەسانە کە لەم چەشنە هاوتایانە بۆ وشەکانی زمان پێشنیار دەکەن، بە «پەتیگەرا» یان «پەتیخواز» ناویان لێ دەبەن.

توماس[3] هەوڵدان بۆ «پاڵاوتن و خاوێنکردنەوەی» زمان و سڕینەوەی وشە بێگانەکانی زمان، وەک پەتیگەریی زمانی ناو دەبات (توماس، 1991 :3). بە وتەیەکی دیکە، پەتیگەری لە هەوڵی ئەوەدایە تا وشە بێگانەکان لە زمان بسڕێتەوە کە لە ڕێکردی زمانناسییەوە وەها دیاردەیەک هەڵگری باری واتایی نەرێنییە؛ چونکە زمان پێویستی بە پاکەوان نییە. خاڵی سەرەکی ئەوەیە

[1]. Hall
[2]. Linguistic purism
[3]. Thomas

کە کاتێک زمانێک بۆ پەرەپێدان و دەوڵەمەندکردنی خۆی کەڵک لە وشەکانی خۆی وەردەگرێت، تێگەیشتنی چەمکە نوێکان بۆ ئاخێوەرانی ئەو زمانە ئاسانتر دەبێتەوە کە دەکرێ بڵێین لەم بوارەوە پەتیگەریی زمان، دیاردەیەکی لۆژیکی و ژیرانەیە؛ بەڵام ئەگەر لە دۆخی هاوسەنگ و گونجاوی خۆی دوور بکەوێتەوە و بۆ هەموو وشەیەکی بێگانە بەتایبەت وشە زانستییە نوێباوەکان کە لە زمانەکانی دیکەدا سەرهەڵدەدەن و بە دنیادا بڵاو دەبنەوە؛ هاوتایەک پێشنیار بکرێت ئەوە دیاردەیەکی نالۆژیکیانەیە؛ چونکە بە ڕای ئیجەر[1] (2001) ئەم ڕەوتە جۆرێک دژانبەری لەگەڵ وشە بێگانەکانە؛ واتە بنەمای ئەم بیرۆکەیە هەبوونی «خود» لە بەرانبەرهەبوونی «ئەویتر»دا زەق دەکاتەوە.

پەتیگەرەکانی زمان هێشتا ئاگایی و زانیارییان لەسەر ئەوە نییە کە هەر بەو چەشنەی کە ڕەگەز و نەژادێکی پەتیمان نییە، زمانێکی پەتیشمان نییە و زمانی پەتی لە دنیای ڕاستەقینەدا بوونی نییە و بە بۆچوونی ژۆزێف، پەتیگەری یان پاڵاوتنی زمان، بەردەوام لەگەڵ بزووتنەوەی پاکتاوکردنی ڕەگەزی هاوڕێ بووە و جاروباریش لە توندترین نموونەکانی خۆیدا ژینۆساید و کۆمەڵکوژیی لەگەڵدا بووە (ژۆزێف، 2007 :57).

لەم پێوەندییەدا «ئاژانسی هەواڵی ئیرنا لە ڕێکەوتی 23ی جۆزەردانی 2717»دا بابەتێکی بۆ بەردەنگەکانی خۆی زەق کردبووەوە کە سەردێڕەکەی ئاوا نووسرابوو: «زمانی فارسی، گەمارۆدراوی وشە بیانییەکانە». لەم چەشنە سەردێڕانەدا کە بە شێوەی مێتافۆری نووسراون، لە بەشی پێنجەمی کتێبەکەدا نموونەی زیاتر دەهێنینەوە. بەم جۆرە دەربڕینانە کە زۆرجار لە لایەن خەمخۆرانی زمانەوە دووپات دەکرێنەوە دەوترێ خاوێنکردنەوە و «پەتیگەریی بێگانەهەراسانە»[2] کە حاشا لە وشە بێگانەکان دەکەن (توماس[3]، 1991 :80)، (کاڕۆل[4]، 2001).

ئەم هەواڵە هوشدارێکە سەبارەت بە زیادکردنی ڕێژەی بەکارهێنانی وشە بیانییەکان لە زمانی فارسیدا و ئەم نیگەرانی و ترسەی هێناوەتە ئاراوە کە ڕەنگە بە تێپەڕبوونی کات و زیادکردنی ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشانە، زمانی فارسی خەسارێکی گەورە و جیددی لێ بکەوێتە کە وەها لێکدانەوە و تێڕوانینێک لەمەڕ زمان هەڵە و نادروستە.

نموونەی دیکە نامەی دەزگای چاوەدێریی شوێنە گشتییەکانی پۆلیسی پارێزگای فارس بوو (ژمارە: 3/2514) کە لە ڕێکەوتی 17ی پووشپەڕی ساڵی 2713 وشەی کوردیی «ژینا»ی بۆ بنکەیەکی بازرگانی قەدەغە کردبوو. هاوشێوەی ئەم نموونەیە، نامەی پیرۆزبایی جێگری زانستی و تەکنۆلۆژیای کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو لە ڕێکەوتی 14ی خەرمانانی ساڵی 2718 بە ڕستەیەک نووسرابوو: «کۆچەر بیرکار، بیەوێ و نەیەوێ هەمان فەرەیدوون درەخشانیە»؛ واتە ناوبراو ناوی کوردیی کۆچەر بیرکار (کەسایەتییەکی بەناوبانگی کورد و براوەی مەدالیای جیهانیی فیڵدز لە بواری ڕیازیاتدا) وەک وشەیەکی نائێرانی و بێگانە سەیر دەکرد.

---

[1]. Ager

[2]. Xenophobic purism

[3]. Thomas

[4]. Carrol

بەڵگەیەکی دیکە، قەدەغەبوونی ناوی تورکی، کوردی، لوڕی و ... بۆ دووکانەکانی تاران بوو کە لە ئاژانسەکانی هەواڵی تابناک و خەبەرئانلاین لە ڕێکەوتی 14ی سەرماوەزی ساڵی 2721دا بڵاو بووەوە کە لەو هەواڵەدا سەرۆکی پۆلیسی تاران بەکارهێنانی ناوی تورکی، کوردی، لوڕی، مازەنی و ... بۆ دووکان و بنکە بازرگانییەکانی تاران قەدەغە کردووە. قەدەغەکردنی ناوەکان لەم بەڵگەنامە و هەواڵانەدا کە ئاماژەیان پێ کرا، وەک «پەتیگەریی بژاردەگەر»[1] ناسراوە کە تێڕوانینێکی نەرێنی بەرانبەر بە جۆرەزمانەکانی دیکە دەخاتە ڕوو و تەنیا وشەکانی زمانی ستانداردی فارسی بە گونجاو و ڕێپێدراو دەبینێت.

بەم شرۆڤەیەوە، ئەو کەسانەی کە سەبارەت بە زمان وەها تێڕوانینێکیان هەیە، پێویستە ئاگادار بن کە هیچ زمانێک لە تەنیایی و گۆشەگیریدا ناژیت و ئەگەر زمانێک بیەوێ خۆی وەک پەتیترین و ڕەسەنترین زمان و خاوەنی وشە خۆجێیەکان پێناسە بکات، پێوەندیی خۆی لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا دەپچڕێنێت و وەک تاکێکە کە دوور لە کۆمەڵگا دەژیت؛ چونکە ئەنجامی وەها بیرکردنەوەیەک دەبێتە گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی و ئابووری (کریستاڵ، 2004 :27). سەقام و بەردەوامیی هەر زمانێک دەگەڕێتەوە سەر ئەو دانوستانەی کە لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا هەیەتی، هەروەک کریستاڵ لە کتێبی زمان چۆن کار دەکات؟دا بە دروستی ئاماژە بەو خاڵە دەکات کە وشەوەرگیراوەکان بەڵگەیەکن بۆ ئەوەی زمانێک بەرەو گۆڕەپانی نێودەوڵەتی هان بدەن؛ چونکە دەیسەلمێنن کە ئەو زمانە لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا پێوەندی و ئاڵوگۆڕی وشەیی هەبووە (کریستاڵ، 2005 :225). هەر بۆیە وەها تێگەیشتنێک لە زمان هەڵەیە کە پێمان وابێ پێویستە هەموو وشەکانی زمان خۆجێیی و ڕەسەن بن و بەشێک بن لە پەیکەرە و جەستەی خودی ئەو زمانە.

خاڵی گرینگ و سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە زمانی «خاوێن» و «ناخاوێن» یان زمانی «پەتی» و «ناپەتی» لە زانستی زمانناسیدا هیچ واتا و بنەمایەکی زانستییان نییە و وشەکان چ خۆجێیی و خۆماڵی بن و چ بیانی، هیچ خەسارێک لە زمان نادەن. بەپێچەوانەی ئەم تێڕوانینە، یەکێک لە ڕێگاکانی گەشەپێدانی زمان، هێنانی وشە بیانییەکان لە زمانەکانی دیکەوەیە کە بەم ڕەوتە دەڵێن «وشەوەرگرتن»[2].

ئەگەر بێبایەخبوون و بێپرێستیژبوونی زمانێک لەسەر بنەمای وشە بیانییەکان بێت، بە دڵنیاییەوە ئینگلیزی زۆرترین وشەی بە قەرز وەرگرتووە و وەک کریستاڵ (2004 :26) دەڵێت: ئینگلیزی لە 350 زمانەوە وشەی بە قەرز وەرگرتووە کە نەک بەها و بایەخی کەم نەبووەتەوە بەڵکوو بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم زمانە بە سەر هەموو زمانەکانی دیکەی جیهاندا زاڵ بێت. بەڵگەی ئەم داخوازییەش خودی فەرهەنگۆک و وشەنامە ئینگلیزییەکانن کە پڕاوپڕن لە وشە بیانییەکان و هەموو ساڵێک دەکەونە بەر پێداچوونەوە و زیادبوون. هەروەها هەسپێڵمەس و

[1]. Élitist purism

[2]. Borrowing

تێدمۆر[1] (2009 :274) وشە وەرگیراوەکانیان لە زمانەکانی دنیادا بەم جۆرە تاوتوێ کردووە: زمانی ڕۆمانیایی سەتا 63، زمانی ڕیفیەن[2] سەتا 53، زمانی گورینجی[3] سەتا 48، زمانی ئینگلیزی سەتا 42، زمانی سەرمێکەن[4] سەتا 38، زمانی چێک وانگ[5] سەتا 37، زمانی ژاپۆنی سەتا 35، زمانی ئاندۆنیزیایی سەتا 34 و ... وشەکانیان بە قەرز لە زمانەکانی دیکەوە وەرگرتووە. بەم حاڵەشەوە هەموو ئەم زمانانە ئاخێوەریان هەیە و هیچ خەسارێکیان نەکەوتۆتە سەر.

ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە لە بەشی یەکەمدا لەسەر ڕیشەناسیی گشتی، ئاماژەمان بەم نموونەیە کرد کە نابێ ڕەگ و ڕیشەی وشەکان لەسەر بنەمای لێکدانەوە و بۆچوونی تاکەکەسی یان بەپێی گومان و مەزەندە شی بکرێنەوە یان ڕەنگە وشەکان لە یەک ڕیشە بن و لە بنەماڵەیەکی زمانیدا ڕەگ و ئاخێزگەیەکی هاوبەشیان هەبێت کە لەم بوارەوە ڕیشەی وشەکان هیچ پێوەندییەکیان بە زمانێکی تایبەتەوە نییە. لەم بەشەشدا دەتوانین ئاماژە بەم خاڵە بکەین کە دەستنیشانکردنی تەواوی وشەوەرگیراوەکان کە لە کامە زمانەوە وەرگیراون، بە هۆی پێوەندیی خزمایەتی یان پێوەندیی زمانەکان پێکەوە، زۆر جار ئەستەم و ڕێپێنەدراوە. ڕەنگە ئەو وشەیەی کە بە قەرز وەرمانگرتووە، یۆنانی بێت؛ بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە کە ئەم وشەیەی ناو زمانی یۆنانیش بۆ خۆی لە زمانی ئەرمەنی یان کوردییەوە بە قەرز وەرگیرابێت (هەسپێلمەس و تێدمۆر: 2009 :274).

خاڵی کۆتایی ئەوەیە کە هەندێ لە وشەکان دەکەونە ڕیزی دەستەواژە تەکنیکییەکانەوە کە ناونانیان دەگەڕێتەوە سەر ناوی یەکەم کەسێک کە شتێکیان دۆزیوەتەوە یان داهێناوە، بۆ نموونە فارنهایت «Fahrenheit» (لە ناوی زانایەکی ئەڵمانی واتە گابریێل فارنهایت وەرگیراوە) و ڤۆڵت «Volt» (لە ناوی زانایەکی ئیتالی واتە ئەلێساندرۆ ڤۆڵتا وەرگیراوە) و وات «Watt» (لە ناوی جەیمز واتی ئێسکۆتلەندی وەرگیراوە) و هتد. ئەم وشانە لەگەڵ وشە زانستییەکان و قوتابخانە فکرییەکان لە هەموو زمانەکاندا هەن و پێویستیان بە هاوتا نییە یان تەنانەت هاوتادانان بۆ کۆمەڵێک لە وشە بیانییەکان نەگونجاو و ڕێپێنەدراوە.

سەفەوی (1398 :108) دەڵێت کە ئەگەر ژمارەیەکی بەرچاو لەم جۆرە وشانە چوونەتە ناو زمانەکانی دیکەوە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر تەکنۆلۆجیا. بە ڕای ئانتووان میە[6] (1982 :250) وشەوەرگرتن تەنیا دەگەڕێتەوە سەر وشەکان و ئەگەریش وشەیەکی زۆر و بەرچاو بێننە ناو زمانێکەوە هیچ خەسارێک لە پێکهاتەی زمان نادەن.

شیاوی ئاماژەیە ئەو کاتەی وشەیەکی بیانی دێتە ناو زمانێکەوە لە باری دەنگی و واچییەوە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و لەسەر یاسا و ڕێسای سیستەمی دەنگیی زمانی مەبەست (ئەو زمانەی کە وشەکەی بە قەرز وەرگرتووە) بێژە دەکرێن (دواتر بە وردی دەچینە سەر ئەم بابەتە).

[1]. Haspelmath & Tadmor
[2]. Riffian
[3]. Gurindji
[4]. Saramaccan
[5]. Cheq Wong
[6]. Antoine Meillet

سەرەڕای ئەمەش، زمان تەنیا لەسەر بنەما و بنچینەی وشەکان پێک نایەت بەڵکوو زمان سیستەمێکە کە لە ئاستەکانی «دەنگی»، «واچی»، «نەحوی» و «واتایی»دا دەنوێندرێتەوە.

**2. نووسینی بێهەڵە بەپێی ڕێنووسی[1] ستاندارد**

لە ناو ئاخێوەراندا دیاردەیەکی باوە کە هەڵەی ڕێنووسی نیشانەی نەخوێندەوارییە و لە گەشبینانەترین دۆخدا ئەو کەسانەی کە هەڵەی ڕێنووسییان هەیە دەکەونە ڕیزی کەسانی هەڵەشە و کەمتەرخەمەوە. تەنانەت ئەم دیاردەیە سووکایەتی، لۆمەکردن و لێپرسینەوەی ئاخێوەرانی لێ دەکەوێتەوە و هەڵەیەکی وەها وەک تاوانی زمانی سەیر دەکرێت.

لەم سەردەمەدا لەگەڵ گەشەکردنی بەرچاوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، شێوازی نووسین بەرچاوتر و زەقتر دەردەکەوێت و بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەر یەکە بە لەونێک دادوەری لەسەر شێوازی نووسینی یەکتر دەکەن و جاروبار شێوازی نووسینی هەریەکەیان شەڕەقسەی لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە گرووپی پەرەپێدانی زمانناسی لە ئێران و بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگای کەناڵ و ماڵپەڕی[2] خۆیانەوە، زۆر جار نقیسیاران و هەڵەگرەکان و ڕەچەتەگەراکانی زمانی فارسییان دەدایە بەر ڕەخنە و پرسیار و بەڵگاندنەکانی خۆیانیان لە بواری زمانناسییەوە دەخستە ڕوو.

یەکێک لە نموونەکان ئەوە بوو کە بە بڕوای نقیسیاران و هەڵەگرەکانی زمانی فارسی، نابێ دەستەواژەی «هر چقدر» لە ڕستەدا بەکار بهێنرێ؛ چونکە ئەم دەستەواژەیە ناستاندارده و لە ئاوێتەیی و تێکەڵکردنی «هر چه» و «هر قدر» پێک هاتووە. بەڵگاندنی ڕەتکردنەوەی وەها فەرمان و ڕەچەتەیەک لەمەڕ نووسین وەهایە کە دەستنیشانکردنی ستانداردبوون و پێوەربوونی زمان، بەپێی گرێبەستی کۆمەڵێک کەسە نەک بەپێی زانستی زمانناسی. لە لایەکی دیکەوە، کێشەی سەرەکیی وشەڕۆنانی ئەم دەستەواژەیە ئەوەیە کە بەپێی کام بنەمای زمانناسی دەبێ دەستەواژەی «هر چقدر» وەک بەرهەمی تێکەڵاویی و ئاوێتەکردنی دوو دەستەواژەی دیکە سەیر بکرێت؟ لە ڕاستیدا حوکمێکی وەها لە ڕوانگەی گرووپی پەرەپێدانی زمانناسییەوە، بەپێی هۆکارە زمانییەکان هیچ پاساوێکی بۆ نادۆزرێتەوە؛ بەڵام نقیسیاران و هەڵەگرەکان ئەو دەستەواژەیان وەکوو پێکهاتەیەکی ڕەها دەزانی و لەسەری سوور و پێداگر بوون و ڕەچەتەیان دەپێچایەوە و حوکمیان دەردەکرد.

نموونەی دیکەی لەم شێوە نووسینی ڕستەی 1) «آمریکا هر کشوری را که از ایران نفت بخرد تحریم می‌کند» بوو کە نابێ بنووسین: 2) «آمریکا هر کشوری که از ایران نفت بخرد را تحریم می‌کند» واتای ئەم ڕستەیە لە فارسیدا بە دوو شێوە دەخرێتە ڕوو؛ واتە «ئەمریکا هەر وڵاتێک نەوت لە ئێران بکڕێت، سزا دەدات». گرووپی پەرەپێدانی زمانناسی بڕوایان وا بوو کە ئەو کەسەی ئەم ڕستەیەی خستۆتە ڕوو کەسێکی ڕچەتەگەرایە و بێبەشە لە هەرجۆرە زانستێکی

---

[1]. Orthography

[2]. @linguists2b

زماناسانە؛ چونکە بە باشی شارەزایی لەسەر پێکهاتەی زانیاری[1] و ڕێکردی ئەرکیی ڕستەکان نییە و هەروەها شارەزایی تەواویشی لەمەڕ ئامرازەکانی شیکردنوی گوتار نییە و نازانێ کە ئەم دوو ڕستەیە لێک جیاوازن؛ چونکە خاڵی ناوەندییان پێکەوە جیاوازە.

لە ڕستەی دووهەمدا «جۆری وڵات» گرینگە و جەختکردنی زیاتری تێدایە و ئەمەش لە حاڵێکدایە کە لە ڕستەی یەکەمدا ئەم جەختکردنە نابینرێ و جەختەکە تەنیا کەوتووەتە سەر «هەر وڵاتێک». بە وتەیەکی دیکە، لە ڕستەی یەکەمدا بە شێوەی شاراوە و ناڕاستەوخۆ دەمانەوێ جەخت لەسەر ملهوڕبوونی ئەمریکا بکەینەوە.

ئەو نموونانەی ئاماژەمان پێ کردن، گێرەوکێشەی گرووپی پەرەپێدانی زماننا‌سی لەگەڵ نقیسیاران و هەڵەگرانی زمان بوو کە لە ڕوانگەی زماناسانەوە، ڕەخنەیان دەخستە سەر نقیسیاران و هەڵەگرەکانی زمان. نموونەی دیکە بابەتی وشە لێکدراوەکان بوو لە ڕێنووسی کوردیدا کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کتێبەکانی فێرکاریی ڕێنووسدا باس کراون، لەم بارەوە کۆمەڵێک بڕوایان وابوو کە وشە لێکدراوەکان نابێ لە کاتی نووسیندا جیا بکرێنەوە؛ بەڵکوو پێکەوە بنووسرێن. لە ڕێسای ڕێنووسی کوردیدا دەڵێن: وشە لێکدراوەکان هەمیشە پێکەوە دەنووسرێن؛ چونکە بەجیا واتایەکی تریان هەیە و پێکەوە واتایەکی نوێ دەگەیێنن و هەر دەبێ پێکەوە بنووسرێن. بە وتەیەکی دیکە، بۆ پێناسەی وشەی لێکدراو دەڵێن کە لە پێکهاتەی ئەم جۆرە وشەیەدا دوو یان چەند مۆرفیمی قامووسی بەکار دەهێنرێت؛ واتە بەرهەمی پێکەوەلکاندنی وشە ئازاد و سەربەخۆکانە کە هەر یەکەیان واتایەکی سەربەخۆیان هەیە و ئەو کاتەی دەلکێنە یەکەوە، واتایەکی نوێ دەخولقێنن. بۆ نموونە «هێلکەوڕۆن» کە لە دوو وشەی «هێلکە» و «ڕۆن» ساز دەبێت و چونکە واتای نوێ ساز دەکات، نابێ جیا بنووسرێت.

بۆ ڕەتکردنەوەی ڕوانگەی ئاماژەپێکراو، دەتوانین بڵێین کە وشە لێکدراوەکان جۆراوجۆرن، ئەگەر بڕیار بێت لەسەر بنەمای وەها تێڕوانینێک وشە لێکدراوەکان پێکەوە بنووسرێن و واتای نوێ ساز بکەن، پێویستە وشە لێکدراوەکانی دیکەیش وەک «پووڵ» بە واتای پارە و «پارە»یش دیسان بە واتای پارە لە بەر چاو بگرین کە هەردووکیان یەک واتایان هەیە و چ بە شێوەی «پووڵ و پارە» جیا بنووسرێت و چ پێکەوە بە شێوەی «پووڵوپارە» بنووسرێت، دیسان هەمان واتای پارەیان هەیە؛ هەر بۆیە وەها لێکدانەوەیەک سەبارەت بە وشە لێکدراوەکان هەڵەیە. خاڵی دووهەم ئەوەیە کە واتای وشەکان لە «بەستێنی زمانی»[2]دا دەردەکەون؛ واتە مەبەست باری دەوروبەری ئەو زمانەیە کە وشەیەکی تێدا بەکار دەبرێت. بۆ نموونە ئاخێوەرێک لە بەستێنی ڕستەدا دەزانێت کە واتای وشەی لێکدراوی «هێلکەوڕۆن» چییە. بە وتەیەکی دیکە وشەی «هێلکەوڕۆن» لە ڕستەی «کەژین هێلکەوڕۆن ئەخوات»دا واتای «خواردنی هێلکەوڕۆنە» و ئاخێوەر لە بەستێنی زمانیی ڕستەکەدا، لە واتای وشەی «هێلکەوڕۆن» دەگات.

---

[1]. Information Structure

[2]. Linguistic context

نموونەی دیکە سەبارەت بە کێشە و گرفتەکانی خەت لە زمانی فارسیدایە کە لەم خەتەدا بەرانبەر بە واچەکان، گرافیمێک بۆ بزوێنەکانی /o/، /e/، /æ/؛ واتە (بزوێنەکانی سەرە/ ژێرە/ بۆرە/) دانەنراوە و تەنیا بە یارمەتیی سەروژێردانان دەستنیشان دەکرێن. لەباتی ئەوەی کە بە یارمەتی خەت و نووسین لە واتای وشە تێبگەین، دەبێ واتای وشەکە بەپێی بەستێنی ڕستە دەستنیشان بکەین و دروست بیخوێنینەوە کە ئەم بابەتە دەبێتە هۆی هەڵەی بێژەکردن. بۆ نموونە وشەی وەک / پُر /por/، پَر /pær/ و نموونەی دیکەی وەک: (گَرَم، گُرَم، کِرِم، کِرْم) و (مَلَک، مَلِک، مُلک، ملک) و یان سێ وشەی (حَکَم، حُکم، حکَم). هەروەها هەندێ گرافیم پیشاندەری هیچ واچێک نین و جارجار هیچ نیشانەیەکیان بۆ نانووسرێت؛ بەڵام دەخوێندرێنەوە، وەک نموونە وشەکانی «الهه»، «خواهر»، «خویش».

بۆ ڕەتکردنەوەی وەها ڕوانگەیەک پێویستە سەرەتا پێناسەیەک لە «دەنگ، واچ و پیت»[1] بخەینە ڕوو. «دەنگ» چکۆلەترین یەکەی زنجیرییە کە دەتوانێ لە باری دەرکی و بیستنەوەوە و لە ڕەوتی بەردەوامی ئاخاوتندا ببیسترێت. بۆ نموونە لە وشەی «پار»دا سێ دەنگی [p]، [a]، [r] دەبیسترێن. «واچ» چکۆلەترین یەکەی جیاکردنەوەی واتایە لە سیستەمی دەنگیی زماندا. بۆ نموونە لە کوردیدا / d/،/z/ لە وشەکانی «زانا» و «دانا»دا دوو واچن؛ چونکە واتا دەگۆڕن یان دەبنە هۆی جیاوازبوونی واتا. لە واچناسیدا، وەدیهاتنی فیزیایی واچێک وەک دەنگ ناوی لێ دەبەن و نووسینی ئاسایی زمان وەک «پیت» ئاماژەی پێ دەکرێ کە دەنووسرێت. کەواتە، بەڵگاندنی زمانناسی وەهایە کە دەنگ ناتوانێ لەگەڵ پیت پێوەندیی دەقاودەق و یەکبەیەکی ببێت و قەتقەت پیتەکان نوێنەری دەنگەکانی ئاخاوتن نین. بە وتەیەکی دیکە، ناتوانین بۆ هەر دەنگێک کە لە زاری ئاخێوەرەوە دێتە دەرەوە پیتێک دەستنیشان بکەین؛ چونکە ئەم جۆرە نووسانە بە شێوەی «ئەلفبێی دەنگیی نێودەوڵەتی»[2]یە (وەک خەتی تایبەتی زمانناسان)؛ واتە هەر دەنگێکی جیاواز پێویستە بە نیشانەیەکی جیا یان جیاواز پیشان بدرێت کە بەدەگمەن زمانێک دەدۆزرێتەوە بەم شێوازە بێت؛ بەڵام هەندێ لە زارەکانی کوردی لە سیستەمی نووسینی خۆیاندا ئەم جۆرە ڕێنووسە زیاتر ڕەچاو دەکەن.

بە هۆی ئەوەی زمانی نووسین لە بەرانبەر زمانی گوتندا، هەڵوێستیکی خۆپارێزانەی هەیە؛ واتە گوتن و ئاخاوتن دەگۆڕدرێت؛ بەڵام نووسین بە شێوەی وەستاو و نەگۆڕ دەمێنێتەوە؛ کەواتە ناکرێ لە هەر سەردەمێکدا کە ئاخاوتن و گوتن گۆڕانکاری بەسەردا دێت، زمانی نووسینیش بگۆڕدرێت. لەبەر ئەم هۆکارەیە کە لە زمانێکی وەکوو زمانی ئینگلیزیدا، فۆرمی وشەگەلێک وەک «write»، «wrong» و لە زمانی فارسیدا فۆرمی نووسینی وشەگەلێک وەکوو «حتی» «خواهر» لەگەڵ فۆرمی گوتن و بێژەکردنەکەیاندا جیاوازن.

---

[1]. Phone, Phoneme, Letter

[2]. International Phonetic Alphabet (IPA)

کریستاڵ ڕای وایە کە لە نێوان فۆرمی نووسین و بێژەکردنی وشەیەکدا، هیچ پێوەندییەکی پێویست و زەرووری لە ئارادا نییە (کریستاڵ، 2005 :128). ڕەنگە سەرچاوەی ئەم باوەڕە ئەوە بێت کە ڕەچەتەگەراکان هەوڵ دەدەن ڕێژەی کەموکووڕییەکانی زمانی نووسین و بەتایبەت ڕێنووس داببەزێنن؛ بەڵام ئەم ڕوانگەیە کە بە شێوەی وێنەیی سەیری ڕێنووس دەکات و فۆرم و ڕواڵەتی ڕێنووس وەکوو وێنەیەک دەبینێت، ئەو خاڵەی لە بەر چاو نەگرتووە کە ئاخێوەر لە جیهانی نوێدا بەرەو تەمبەڵیی زمانی دەچێت و هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە ئاڵۆزییەکانی ڕێنووس و زمانی نووسین وەک کێشە و گرفتێک سەیر دەکات و هەروەها بەو پێیەی زمانەکان بەرەو سادەبوون و ساکاری دەچن، یەکێک لە بنەماکانی زمان «بنەمای کەمکۆشین»[١]ـە کە دەکرێ وەکوو «مەرجی ئابووری یان دۆخی ئابووری»[٢]ـش ناوی لێ ببەین. ئەم بنەمایە لەلایەن ئەندرێ مارتینە[٣] (١٩٥٥) و زمانناسێکی ئەمریکی جۆرج کینگزلی زیپف[٤] (١٩٤٩) سەبارەت بە چالاکیی مرۆڤ لە بواری زانستەکانی ڕاگەیاندن و زمانناسیدا خراوەتە ڕوو. بەپێی ئەم بنەمایە، ئاخێوەران پێیان خۆشە بە بەکارهێنانی کەمترین وزەوە، زیاترین ڕێژەی زانیارییەکان بگوازنەوە. سەرەڕای ئەمەش ئەم بنەمایە بڕوای وایە کە پێویستە فۆرمە زمانییەکان تا ئەو ڕادەیەی دەکرێ ئاڵۆزییەکی کەمتریان هەبێت. وەک مارتینە دەڵێت: فۆرمە زمانییەکان ڕێگای کورتکردنەوە، کەمکردنەوە، گووشین، پوختکردن و سڕینەوەیان گرتۆتە پێش و ئەم گۆڕانکارییە، ئەنجام و شوێنهاتی بەکارهێنان و ڕەچاوکردنی یاسای زیپە کە لە پێوەندیی و کارلێکە مرۆییەکاندا دەخرێتە ڕوو (دانسی، 2004 :39)؛ چونکە بەپێی بنەمای ئابووریی زمانی، ئاخێوەران پێیان خۆشە کە بە مەبەستی ئاسانبوونی پێڤاژۆیی کەلام، لە درێژی و ئاڵۆزبوونی پەیامە ڕاگوێزراوەکەیان کەم بکەنەوە (ڕەدفۆرد[٥]، 2009 :66).

**سەرنجی ئەم نموونەی خوارەوە بدەن:**

«ماڵپەڕی گاردیەن، دیسامبری ٢٠١٩»

کۆمەڵەی پاراستنی ئاپۆستڕۆف ساڵی ٢٠٠١ بە مەبەستی هاندانی ئاخێوەران لە نووسین و باشتر تێگەیشتنی ئاپۆسترۆفەکان دامەزرا. جۆن ڕیچاردز لە ماڵپەڕی فەرمیی کۆمەڵەکەدا نووسیویەتی: ئەمڕۆ ڕێکخراوە و ئاخێوەرانی زمان کەمتر گرینگی بە فۆرمی دروستی ئاپۆسترۆف لە زمانی ئینگلیزیدا دەدەن. ئێمە و زۆرێک لە لایەنگرەکانمان لەسەرانسەری جیهاندا هەوڵێکی زۆرمان دا؛ بەڵام ئەو نەزانی و تەمبەڵییەی کە لەسەردەمی مۆدێرندا هەیە، سەرکەوتنی بە دەست هێناوە. هەروەها وتی: بەدرێژایی ساڵان گوێمان لە هەزاران لایەنگر بووە لەسەرانسەری جیهاندا؛ بەڵام لە کۆتاییدا بەربەرییە ناشارستانییەکان سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە.

[1]. The principle of least effort
[2]. Economy principle / Economy Condition
[3]. André Martinet
[4]. George Kingsley Zipf
[5].Radford

لەوانەیە کۆمەڵەی پاراستنی ئاپۆستڕۆف سەبارەت بە زمان زانیاریی و ئاگادارییەکی قووڵیان نەبێت و ئەوە لە بەر چاو نەگرن کە ئاخێوەران حەزیان لە زمانێکی ئاڵۆز و ڕێسامەند نییە و قەت وەک نڤیسیار یان هەڵەگرێک لە ڕێنووسدا هەڵسوکەوت ناکەن و نابێ چاوەڕێی ئەوە بین کە ئاخێوەر هەموو خاڵەکانی ڕێنووس بە شێوەیەکی ڕێسامەند لە بەر چاو بگرێت. جگە لەوەش، وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد نابێ سیستەمی ڕێنووس وەک وێنەیەک سەیر بکرێت؛ یانێ وێنە (فۆرمی نووسین) و واتاکەی، پێوەندییەکی یەکبەیەک و دەقاودەقیان پێکەوە نییە و ناکرێ لە ڕێگەی فۆرمی ڕێنووسەوە، لە ناوەرۆک و واتای نووسینەکە تێبگەین.

سەفەوی (1398 :90) نموونەیەک دەخاتە ڕوو و دەڵێت: من دەمەوێ وام یان قەرزێک لە بانکێک وەربگرم. نیو کاژێر دەوەستم و بە تکا و لاڵانەوە نامەیەک بۆ بەرپرسی بانک دەنووسم. ئەگەر بەرپرسی بانک تەنها لە ژێر نامەکەمدا بنووسێت «جێبەجێ بکرێت»، ئەم ڕەستەیە لێکدانەوەیەکی هەیە؛ بەڵام ئەگەر بنووسێت «بەپێی یاسا جێبەجێ بکرێت»، لێکدانەوەیەکی تری هەیە؛ واتە دەستەواژەی «بەپێی یاسا» پیشاندەری ئەوەیە کە هێشتا تا ماوەیەکی نادیار هەواڵێک سەبارەت بە وامەکە نییە یان جارێ وامت پێ نادەن. لێرەدا دەبینین زمان چۆن کار دەکات و بەپێی بنەمای ئەم بەستێنە زمانییانەیە کە لە واتای وشەکان تێدەگەین.

هەندێک لە خەمخۆرانی زمان پێیان وایە کە ئاخێوەران دەبێ ڕێک وەکوو ڕێنووسی ئاکادیمیا بە زمانێکی نووسراو بنووسن کە ئەم تێگەیشتنە لە زمان هەڵەیە؛ چونکە هەموو ئاخێوەرێک دەتوانێ بە دوو شێوەی «زمانی نووسین یان زمانی گوتن/ ئاخاوتن»[1] بنووسێت و بڕیار نییە کە ئاخێوەر هەمیشە بە شێوازێکی نووسراوەیی بەپێی ڕێنووسی ئەکادیمیا بنووسێت. زمانی گوتن و نووسین هەردووکیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ یان بە شێوەی تێکەڵاو دەتوانن دەق بەرهەم بهێنن؛ بەڵام لە بەرهەمهێنانی دەقدا هەریەک لەم دوو شێوازە بەپێی سنوورداری و پێداویستییەکانیان، جیاوازن لە یەکتر.

زۆربەی ئاخێوەرە بەریتانیاییەکان سەبارەت بەو شتەی کە لە بیرۆکەیاندا وەکوو دیاردەیەکی «بەئەمریکیکراو» دەیبینن، گلەیی دەکەن؛ چونکە لە ڕوانگەی ئەواندا زمانی گوتن و ئاخاوتنیان پێشێل کراوە. بۆ نموونە (I guess) لە جیاتیی (I suppose) و (I have just gotten letter) لە جیاتیی (I have just got a letter) و هتد بووەتە هۆی ئەوەی بەردەوام ڕەچەتە بۆ ئەم جۆرەزمانە بنووسن؛ بەڵام ئەوان بێئاگان لەوەی کە سەرچاوەی فۆرمەکانی ئینگلیزیی ئەمریکی لە ڕاستیدا خودی ئینگلیزیی بەریتانییە کە زەریای ئەتڵەسی تێپەڕاندووە و گەیشتووەتە ئەمریکا (تراسک و میبلین، 2000 :81).

یەکێکی دیکە لەو مشتومڕە گەرمانە کە دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین پێشنیاری گۆڕینی ڕێنووسی ئێستایە کە لە زمانی فارسی، کوردی و...دا هەیە. بۆ نموونە زیاتر جەخت لەسەر

[1]. Written Language & Spoken Language

ڕێنووسی ڕۆمانی/ لاتینی (A B C D ...) دەکرێت بۆ ئەوەی کەموکوورییەکانی ڕێنووسی کوردی و فارسی چارەسەر بکرێت؛ بەڵام ئەوە ڕەچاو ناکرێت کە ڕێنووسی لاتینیش بۆ نواندنەوەی دەنگەکانی زمانی کوردی و فارسی کێشەکانی خۆی هەیە و بەبێ کەموکووڕی نییە. بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا نزیکەی ٢٦ پیتی ئەلفبێ هەیە، هاوکات لە ئاخاوتندا زیاتر لە ٤٠ دەنگ دەبیسترێت. بۆ وێنە پیتی «o» بەندە بەوەی کە لە کام وشەدا بەکار بهێنرێت، لە وشەکانی «go، got، son، woman» بێژەی ئەم پیتە کورت یان درێژ دەبێتەوە. جگە لەوەش کاتێک دەمانەوێ ئەو ٢٦ پیتەی ئەلفبێی زمانی ئینگلیزی بنووسین، ژمارەیان دەگاتە ٥٢؛ چونکە هەر پیتێک دوو شێوەی گەورە و بچووکی هەیە، بۆ نموونە ئێمە A/aمان هەیە یان جووت پیتی ck، ch، sh، ph هەریەکەیان ئاماژە بە دەنگێک دەکەن (کریستاڵ، 2010 :49-47).

لەوانەیە گۆڕینی هەندێک فۆرمی نووسراو بۆ لاتینی یان ئارامی تەنیا لە کەموکووڕیی و ناتەواوییەکانی ڕێنووس کەم بکاتەوە؛ بەڵام زیان و خەسارە نەرێنییەکانی زیاترە. بۆ نموونە هەندێک کەس بڕوایان وایە بەکاربردنی ئەلفبێی ئارامی بۆ نووسینی زمانی کوردی کێشەکانی چارەسەر دەکات. وەک کێشەی ئەو بزوێنانە یان "اعراب"ـەکانی عەرەبی و فارسی کە لە کوردیدا بە دانانی پیت چارەسەر کراون، ڕێک وەکوو ئەلفبێی لاتینی کە ئەویش وایە. واتە کوردی لە زۆربەی ئەو کێشانەی کە عەرەب و فارس بە دەستیەوە گیریان کردووە، ڕزگاری بووە یان هەندێک کەس دەڵێن کە پڕۆژەکانی نەرمەئامێری، زیاتر بە زمانی لاتینی جێبەجێ دەکرێن و کارکردنیان ئاسانترە و هتد.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد ڕێنووسی کەمکێشە لە بواری زمانییەوە دیاردەیەکی بەسوودە؛ بەڵام لە گوتاری مێژوویدا، بەرچاوترین و گرینگترین خەسار لە گۆڕینی ڕێنووسدا، ئەو بابەتانەن کە پێوەندییان بە فاکتەرەکانی دەرەوەی زمانەوە (فاکتەرە نازمانییەکان) هەیە. واتە بە گۆڕینی ڕێنووس، بۆشاییەکی نێواندەقی یان بە واتایەکی تر، دابڕان و پچڕانێکی مێژوویی لە نێوان دەقی ڕابردوو و ئێستادا ساز دەبێت.هەر بۆیە ئەگەر زمانەکان ڕێنووسەکەیان ناگۆڕن، تەنیا لەبەر ئەوەیە کە پێوەندی مێژوویان لەگەڵ دەقە کۆنەکاندا نەپچڕێت و لێکدابڕانی دەقی لە نێوان ئاخێوەراندا زەق نەکرێتەوە. بۆ نموونە ڕێنووسی ئارامی لە کوردیدا بە جۆرێک لەگەڵ ڕێنووسی نەستالیقدا پێوەندی هەیە و بەم ڕێنووسە تیشک دەخاتە سەر سەردەمی زێڕینی هونەری خۆشنووسی کە ڕەنگە لە لاتینیدا دەستکەوتێکی وەهای نەبێت.

بە ڕای پیلێر[1]، دیارترین لایەنی «چاکسازیی زمان»[2] لە تورکیا سڕینەوەی ئەلفبێ و ڕێنووسی ئارامی بوو کە ئەلفبێی لاتینی جێگەی گرتەوە و بەم کارە دەستڕاگەیشتن بە بەڵگەنامە مێژووییەکان لەگەڵ دەقەکانی ئێستادا پچڕا. جێفری لویس ئەم ڕووداوە وەک کارەساتێک پێناسە

[1]. Piller

[2]. Language reform

دەکات و پێی وایە بەم کارە میراتی زمانی و کەلتووریی ڕابردوو لەگەڵ ئەمڕۆدا دەپچڕێت و لە ناو دەچێت (پیلێر، 2016 :2-1).

نموونەیەکی دیکە، داهێنانی ڕێنووسی لاتینی لە لایەن «میر جەلادەت بەدرخان»ـەوە بوو کە بۆ ڕێنووسی کورمانجی، ئەلفبێی لاتینی داڕشت و لە باشووریش تۆفیق وەهبی بە دەستکاریی و گۆڕینی ڕێنووسی ئارامی شێوەیەکی تری بۆ ڕێنووسی کوردیی سۆرانی داهێنا کە بە گۆڕینی ئەلفبێی ئارامی کە وەکوو ڕێنووسی فارسی مۆدێرن نووسرابوو و پێشینە و پاشخانێکی ئەدەبی دێرینی هەبوو، بووە هۆی ئەوەی بەڵگەنامە و دەقە کۆن و مێژووییەکانی کوردی پێوەندییان لەگەڵ ئەمڕۆدا بپچڕێت و بەم دابڕانە، مێژووی دەق لە زمانی کوردیدا بگەڕێتەوە بۆ سەد ساڵ و هەموو ئەو دەستکەوتانە کە لە دەقە کۆنە مێژووییەکاندا بوو بە ناوی زمانی کوردییەوە تۆمار نەکرێت. لە ڕاستیدا بە لاتینگەریی جەلادەت بەدرخان و هەروەها بە گۆڕینی ئەلفبێی پێشووی ئارامی لە لایەن تۆفیق وەهبیەوە، زمانی نووسین و دەقی کوردی ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە و بە لاتینی و ئارامی لە بەرانبەر یەکتردا ڕاوەستان و پچڕانێکی مێژوویی و بۆشاییەکی زەق لە زمانی کوردیدا سەری هەڵدا کە نەتەنیا ئەرشیڤی بەڵگەنامە و دەقە کوردییەکانی پێشوو سڕایەوە و بە ناوی زمانەکانی دیکەوە زەوت کرا؛ بەڵکوو ئاخێوەرانی کوردزمان لە بابەتی فێرکاریدا تووشی سەرلێشێواوی بوون کە بەناچار هەریەکەیان بە هەردوو ڕێنوسی لاتینی و ئارامی دەبێ بنووسن و سەپاندنی سیستەمێکی وەها لە بواری فێرکاریدا، وەڕەزکەر و تاقەتپڕووکێنە. جگە لەوەش هەندێ نەیار بە شێوەیەکی مەبەستدار ئەم دیاردەیە خراپ بەکار دەهێنن کە زیاتر لە ژێر کاریگەریی فاکتەرە سیاسییەکاندا بووە و هەر بۆیە ئەم نەیارانە هەوڵ دەدەن مێژووی دەق و زمانی نووسین لە کوردیدا بە تەمەنێکی سەد ساڵە پێناسە بکەن.

لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ دوکتۆر موجتەبا مونشیزادە، زمانناس و پسپۆڕی کەلتوور و زمانە کۆنەکانی ئێران لە زانکۆی عەللامەی تاران، باس لەوە کرا کە هیچ ڕێنووسێک لە جیهاندا تەواو نییە و هیچ ڕێنووسێک ناتوانێ تایبەتمەندییەکانی زمان پیشان بدات. خەت ئەوەندە گۆڕانی تێدا نییە؛ چونکە لە دەرەوەی زمان دەردەکەوێت و بە بەشێک لە زمان دانانردرێت. ئەوانەی بەردەوام بیر لە گۆڕینی ڕێنووس دەکەنەوە، هەرگیز بیر لە دەرئەنجامە نەرێنییەکانی ناکەنەوە. دیاردەی گۆڕینی خەت و ڕێنووس لەباری مێژوویی و کەلتووری و ئابوورییەوە زیان و خەسارێکی زۆری لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر ئەمڕۆ ناتوانین دەقەکانی ڕابردوو تاوتوێ بکەین، هۆکاری ئەوەیە کە لەگەڵ خەت و ڕێنووسی ئەو دەقانەدا ئاشنا نین و ئەمڕۆش ئەگەر بمانەوێ ئەم خەت و ڕێنووسەی کە ئێستا هەیە بیگۆڕین، نەوەکانی داهاتوومان لە ئەرشیڤی دەق و نووسراوەکانی ئەمڕۆ، بێبەش کردووە.

بە وتەیەکی دیکە، ئەگەر خەت و ڕێنووسی ئەمڕۆ بگۆڕین، نەوەکانی داهاتوو پەیوەندییان لەگەڵ ئەمڕۆدا دەپچڕێت و توێژەرانی داهاتوو کە دەیانەوێ لەسەر بنەمای خەت و ڕێنووسی

ئەمڕۆ بکۆڵنەوە، ڕووبەڕووی کێشەیەکی زۆر دەبنەوە. بەگشتی، هزر و بیرکردنەوە و بەرهەمە ئەدەبییە نووسراوەکان کە گەنجینە و خەزێنەی کەلتووریی هەر نەتەوەیەکن، لەگەڵ پچڕانی خەت و ڕێنووسدا لە ناو دەچن (م. مونشیزادە، وتووێژی نووسەر، 30ی ڕێبەندانی 2718).

زیاتر لە سی سیستەمی ڕێنووس لەسەرانسەری جیهاندا هەن کە هەموویان لەلایەن مرۆڤەوە داهێنراون و دروست کراون و هەرکام لەم سیستەمانە بۆ زمانە جیاوازەکان دەورێکی باش دەگێڕن و لێرەدا خاڵێکی گرینگ ئەوەیە کە زمانەکان لە ڕەوتی مێژوودا دەگۆڕدرێن؛ بەڵام فۆرمی نووسین و ڕێنووسەکەیان ناگۆڕدرێت (ڕیکسۆن و هیڵتۆن، 2006 :37). بە وتەیەکی دیکە، زمانە سروشتییەکان بەپێی شێوازی بەرهەمهێنانیان دوو جۆری داسەپاو و خوازەکییان هەیە. جۆری داسەپاو شێوەی گوتن و ئاخاوتنی زمانە و جۆری خوازەکی شێوەی نووسینی زمانە (صفوی، ٢٠١٤: ٢٦).

ئەمڕۆ ڕێنووسی جۆراوجۆر بە شێوەی ئارامی و لاتینی بۆ جۆرەزمانەکانی کوردی داڕێژراوە و هەروەها ڕێنووسێکی پێوەر لەم زمانەدا هەیە. بۆ نموونە لە ڕاگەیێندراوێکدا (٢٠٢٢/٥/١١) گووگڵ زمانی کوردیی سۆرانی بۆ خزمەتگوزاریی وەرگێڕانەکەی زیاد کرد. ئەگەرچی ئەم هەواڵە لە لایەکەوە خۆشە؛ بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئاخێوەرەکانی زمانی کوردی ڕووبەڕووی دوو جۆر ڕێنووسی لاتینی و ئارامی دەبنەوە. پێشتر گووگڵ زمانی کوردیی  کورمانجی بۆ خزمەتگوزاریی وەرگێڕانەکەی زیاد کردبوو. بێگومان لێرەدا کێشە لەوەدا نییە کە دوو جۆرەزمانی کوردی لە گووگڵترانسڵەیتدا هەیە؛ بەڵکوو  کێشەکە لەوەدایە کە ئەو دوو جۆرەزمانە، دوو ڕێنووسی تەواو جیاوازیان هەیە و لەوەش گرینگتر هەبوونی ڕێنووسی جۆراوجۆری دیکەیە کە بۆ نموونە لە کوردیی کەلهوڕی، لەیلاخی و جۆرەکانی تردا هەیە و ئەمەش کێشەی ئاخێوەران زیاتر دەکاتەوە و ئاخێوەر ناچار دەبێ چەند جۆر ڕێنووس بزانێت و خۆی سەرقاڵی پیتە جۆراوجۆرەکان بکات.

ئەگەر بمانەوێ ئەم پیتانە بە وەرگێڕانی گووگڵ زیاد بکەین ئەوە دیاردەیەکی نامۆیە کە بە دەگمەن لە زمانەکانی تری جیهاندا دەبینرێت؛ واتە جۆراوجۆریی پیتەکانی ڕێنووس بەپێی سیستەمی پشکنین و گەڕان لە گووگڵترانسڵەیت و نەرمەئامێرەکانی دیکە وەکوو نڤیسیاری یان هەڵەگریی خۆکاردا، کێشەیەکی زۆر بە دوای خۆیدا دەهێنێت.

لە وتووێژ لەگەڵ د. ئاران ئەمینی، پسپۆڕی بواری زانستی کۆمپیوتەر و توێژەری «پێڤاژۆی زمان و ژیریی دەستکرد»، پرس و مەسەلەی ڕێنووسی ئارامی و لاتینیمان خستە بەر باس. لە ڕوانگەی ناوبراودا، هەبوونی چەند ڕێنووس لە دوو ڕووەوە دەتوانێ کێشە بۆ تەکنۆلۆژییەکانی زمان دروست بکات. یەکەم ئەگەر بمانەوێ یەک سیستەم بۆ سەرجەم زارەکانی کوردی پەرە پێبدەین، ئەوە ڕێنووسی جیاواز دەتوانێ ببێتە ڕێگر و لەمپەر. بۆ وێنە ئەگەر لە بەشی دەنگناسیدا، سەرجەم زارەکانی کوردی یەک بخرێن، ئەودەم لە بەشی مودێلی زمان کە پشت بە داتا نووسراوەکان دەبەستێت، هەبوونی دوو ڕێنووس کێشە ساز دەکات و دەبێ سەرجەم داتا نووسراوەکان ببرێنە سەر یەک ڕێنووس. بۆ وێنە لاتین و ئارامی بکرێنە یەکێک. دەبێ ئەوەش لە

بەر چاو بگرین کە ڕەنگە بە هۆی جیاوازییە زۆرەکانی نێوان زارەکان، جیاکردنەوەی زارەکان و لە هەمان کاتدا ڕێنووسەکەیان باشترین چارەسەر بێت. هەروەک ئەو شتە بۆ بەشێکی زۆر لە سیستەمەکانی «ناسینەوەی ئاخاوتن»[1] لە زمانەکانی دیکە وەک فەڕەنسی، ئینگلیزی و عەرەبیدا کراوە.

هەروەها هەبوونی چەند ڕێنووس لە «وەرگێڕانی ماشینی» یان مەکینەدا، «نقیسیاری یان هەڵەگریی خۆکار»، «سازکردنی ئاخاوتن»[2]، «بەرهەمهێنانی ئاخاوتنی دەستکرد»ی ئاخێوەران کێشە ساز دەکات. لە حاڵەتی دووەمدا ئەگەر بۆ هەر زاراوەیەک یەک سیستەم پەرە پێ بدەین، بە هۆی کەمیی سەرچاوە و ژمارەی ئاخێوەرانی هەندێک لە زارەکان وەک کوردیی باشوور و کوردیی هەورامی، پەرەدانی تێکنۆلۆژییەکانی زمان بۆیان ئاستەم دەبێت.

هەنووکە لە ژیریی دەستکردا، ڕێبازێک بە ناوی «گواستنەوەی فێربوون»[3] هەیە کە «فێربوون» لە نێوان دوو بواری نزیک بە یەکتری زماندا دەگوازێتەوە. بۆ وێنە ئەگەر بێت و سیستەمێکی ناسینەوەی ئاخاوتن بە کوردیی ناوەندی ڕاهاتبێت بە ئەگەری زۆرەوە دەکرێ بە داتای کەمترەوە بۆ کوردیی باشووریش کەڵکی لێ وەربگیردرێت و لەم حاڵەتەدا تەنیا بڕە داتایەکی کەم لە کوردیی باشووردا پێویستە. ئەمەش واتە سەرکەوتن بە سەر بەربەستێکی زاتیی ئەو زمان و زارانەی کەم پێیان دەنووسرێت؛ چونکە سیستەمەکانی ژیریی دەستکرد پێویستیان بە داتایەکی مەزن هەیە بۆ ئەوەی بە باشی ڕابێن.

هەرچی ڕێنووسی دوو زارەکە نزیکتر بن لە یەک، باشتر دەکرێ زانیاریی نێوانیان بگوازرێتەوە. بۆ وێنە ئەگەر وشەیەک بە شێوەی «سوور» لە کوردیی ناوەندیدا دەنووسرێت و لە کوردیی باشووردا هەمان وشە بە «سۆر» بنووسرێت ئەودەم گواستنەوەی فێربوون ئاستەم دەبێتەوە. دیارە لێرەشدا بە هەوڵێکی ئەندازیاری دەکرێت کێشەکان کەمتر بکرێن و ڕێنووسێکی ماموناوەندیی گریمانەکراو دابنرێت کە سەرجەم داتاکە ببرێتە سەر ئەو ڕێنووسە گریمانەییە؛ بەڵام بۆ بەکارهێنەر هەمان ڕێنووس پیشان بدرێت کە خوازیاریەتی. لە ئەنجامدا دەکرێ ئەوە بڵێین ئەگەر هەوڵەکان بۆ نزیککردنەوەی ڕێنووسی نێوان زارەکانی زمانی کوردی سەر کەوێت، ئالەنگارییەکانی بەردەم پێشاژۆی زمانی کوردی کەم دەکرێنەوە (ئا. ئەمینی، وتووێژی نووسەر، 17ی جۆزەردانی 2722).

لە هەندێک حاڵەتدا تێڕوانینە ئایینی و مەزهەبییەکان وایان کردووە کە هەندێک کەس بەرەنگاری گۆڕینی سیستەمی نووسین ببنەوە. بۆ نموونە ئەلفبێی عەرەبی لە ئیسلامدا، ئەلفبێی عیبری لە ئایینی جوولەکەدا، ئەلفبێی ڕۆمانی لە ئایینی کاسۆلیک و ئایینی پرۆتستانتدا، ئەلفبێی سیریلی لە کەنیسەی ئۆرتۆدۆکسدا بەشێکن لە بیروباوەڕی ئایینی و مەزهەبیی ئاخێوەرانی کۆمەڵگا (جو ناپۆلی و شۆنفێلد[4]، 2010 : 165) کە ئەم سیستەمانە نووسین و ڕێنووسەکەی

[1]. Speech recognition
[2]. Speech synthesis
[3]. Transfer learning
[4]. Jo Napoli & Schoenfeld

خۆیان بە پیرۆز دەزانن و هەر بۆیە دژایەتیکردن لە بەرانبەر گۆڕینی ئەم ڕێنووسەدا، دیاردەیەکی ئاساییە. بەگشتی، مێژووی بزووتنەوەی چاکسازی و بووژاندنەوەی ڕێنووس ئەوە دەردەخات کە خەسار و زیانەکانی ئەم دیاردەیە لە قازانجەکانی زیاترە و گرینگترین پرس ئەوەیە کە هەرگیز کۆدەنگی و هاوڕایی لە نێوان گرووپە جیاوازەکاندا پێک نایەت (کریستاڵ، 2005: ١٣٢).

ئەم حاڵەتانە تەنها چەند نموونەیەک بوون لەو بابەتانەی کە سەبارەت بە ڕێنووسی ستاندارد و دروستنووسین باس کران. ئەگەر بمانەوێ لەسەر ئەم بابەتە بنووسین، دەتوانین لە کتێبێکی جیادا بەڵگاندن و ئارگیومێنتەکانی ڕەچەتەگەراکان بخەینە بەر پرسیار و ڕەخنەیەکی زمانناسانەوە. لە بەشی پەتیگەریی زمانیدا ئاماژەمان بەوە کرد کە کاتێک وشەیەکی بێگانە دەچێتە ناو زمانێکی دیکەوە، گۆڕانکاری واچی و دەنگی بەسەردا دێت و بەپێی سیستەمی دەنگیی ئەو زمانەی کە وشەکە وەردەگرێت، خۆماڵی دەکرێتەوە. بە وتەیەکی تر، لەم ڕەوتەدا، کاتێک پێکهێنی دەنگی لە زمانی یەکەمەوە دەچێتە ناو زمانێکی دووهەم، سیستەمی دەنگیی زمانی یەکەم بەپێی سیستەمی دەنگیی زمانی دووهەم دەگۆڕدرێت و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی زۆربەی وشە بیانییەکان بێژەکردنێکی خۆماڵی لە زمانی نووسین و گوتندا وەربگرن. زۆرجار هەیە وشەیەک لە زمانی یەکەمەوە دەچێتە ناو زمانی دووهەم و زمانی یەکەم بەپێی گۆڕینی سیستەمی دەنگیی وشەکە، هەست بەوە ناکات کە ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا هینی خۆی بووە. هەر وەک دومێرت دەڵێت ئەم وشانە هەندێک جار ئەوەندە لە سیستەمی زمانی دووهەمدا دەتوێنەوە کە دەبنە بەشێکی دانەبڕاو لەو زمانە (دومێرت، 2011 :278). بۆ نموونە ئەگەر زمانێکی وەکوو فارسی پڕ بێت لە وشەی عەربی، ڕەنگە بێژەکردنی خۆماڵیی ئەم وشانە لە فارسیدا تا ڕادەیەک ببێتە هۆی ئەوەی فامکردنیان بۆ ئاخێوەرانی زمانی عەرەبی ئاستەم بێت و هەر بۆیە هەست نەکەن کە ئەم وشانە لە بنەڕەتدا عەرەبی بوون. یان بۆ وێنە وشەی «television» کاتێک لە ئینگلیزییەوە دەچێتە ناو زمانێکی وەکوو کوردییەوە، بە شێوەی «تەلەفزیۆن/ تەلەفزوێن» بێژە دەکرێت و هەر بۆیە ئاخێوەرێکی ئینگلیزیزمان لەو بێژەکردنە تێناگات و تەنانەت هەست بەوە ناکات کە خاوەنی سەرەکیی ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا زمانەکەی خۆیەتی.

کەواتە ئەگەر ئەم ڕێسایە لە بەر چاو بگرین و بە ڕوانگەیەکی زمانناسانەوە سەیری بابەتەکە بکەین، دەگەینە ئەو ئەنجامە کە کاتێک وشەیەکی بێگانە دەچێتە ناو زمانێکەوە، ئاساییە کە بێژەکردنەکەیشی بگۆڕدرێت؛ بۆیە ئەم پاساوە لۆژیکییە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئیتر بە ئاخێوەران نەڵێین وشە بێگانەکان بەباشی بێژە بکەن و بە ڕێنووسێکی هەڵە مەیاننووسن. بۆ نموونە دوای داخستنی قوتابخانەکان بە هۆی نەخۆشیی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، یەکێک لە مامۆستایان لە وانەوتنەوەی بیرکاریی ئۆنلایندا، بووە سووژەی گفتوگۆ و گاڵتەی بەکارهێنەرانی مەجازی؛ چونکە لە جیاتیی بێژەکردنی «ئۆنلاین»، بێژەی «ئایلان»ی بەکار هێنا کە ئەم جۆرە

بێژەکردنە بووە هۆی ئەوەی ئەم مامۆستایە ببێتە نوکتە و گاڵتەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (بڕوانە ئاژانسی هەواڵنێریی ئەسری ئێران، ٢٤ی ڕەشەمەی ٢٧١٩).

لەم نموونەی ئاماژەپێکراوەدا کە وشەی «ئایلان» لە جیاتیی «ئۆنلاین» بێژە کراوە، بووە هۆی پێکەنینی بەکارهێنەران و تەنانەت هەندێک پێیان وابوو کە ئەم مامۆستایە بەهۆی نەخوێندەوارییەوە ئەم وشەیەی بە هەڵە بێژە کردووە؛ بەڵام ڕەنگە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەم خاڵەیان لە بەر چاو نەگرتبێت کە هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، بێژەی ڕەسەن و بێهەڵە لە زماندا بابەتێکی نازانستیانەیە و ئەگەر بڕیار لەسەر بێژەکردنێکی ڕەسەن بێت، خودی وشەی «ئۆنلاین»یش بێژەیەکی ڕەسەن نییە؛ بەڵکوو بێژەی ڕەسەنی ئەم وشەیە لە ئینگلیزیدا بە دەنگی /ɫ/ قەڵەوە کە وەکوو «ئانڵاین»/ɒnˈlʌɪn/ بێژە دەکرێت. بەگشتی، ئەگەر بڕیار بێت هەر وشەیەکی بیانی ڕێک وەکوو خۆی بە شێوەیەکی ڕەسەن بێژە بکرێت و بنووسرێت، بەم پێیە بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی وشە بیانییەکان لە کوردیدا بە دروستی بێژە نەکراون و بە دروستی نەنووسراون. هەر بۆیە تێڕوانینێکی وەها لە بێژەکردن و شێوەزاری زماندا هەڵەیە. هیچ زمانێک وشە بیانییەکان بە شێوەیەکی ڕەسەن بێژە ناکات.

لە هەندێک حاڵەتدا «ناوە تایبەتەکان» بە هۆی پرسە سیاسییەکان یان سڕینەوەی کلیشە نەرێنییەکان و باری واتایی نەرێنی لە زمانی نووسیندا، گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. بۆ نموونە لە ڕۆژنامە و ئاژانسەکانی هەواڵنێریی جیهاندا، ڕاگەیەندرا کە تورکیا دەیەوێ لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا ناوی «Türkiye» لە جیاتیی «Turkey» بەکار بهێنێت. لە کۆتاییدا، نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر داواکاریی فەرمیی حکومەتی تورکیا ڕێنووسی ئەم وشەی بە «Türkiye» پەسەند کرد.

پێشتر ئاماژەمان پێ کرد کە لە ڕوانگەی زمانناسیدا کاتێک هەندێک وشە دەچنە ناو زمانێکی ترەوە، بەپێی سیستەمی واچناسیی دەنگەکانی ئەو زمانە، ئەو وشانە خۆماڵی دەکرێنەوە و گۆڕانیان بەسەردا دێت. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ بڵێین ئەم دیاردەیە پاساوێکی زمانناسانەی هەیە؛ بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا ئەم دیاردەیە تەنیا وەکوو ڕێسایەکی پەتیی زمانناسی سەیر ناکرێت؛ بەڵکوو لە ڕوانگەی شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەییدا، لە پشت هەر وشەیەک یان دەستەواژە و پێکهاتەیەکی زمانییەوە، ئایدیۆلۆژیایەکی شاراوە هەیە کە بێلایەن نییە بەڵکوو بە شێوەیەکی مەبەستدار دەنووسرێت یان دەربڕدرێت (فێرکلاف، 1995).

بۆ نموونە کاتێک وشەی «تورکیا» بە زمانی ئینگلیزی خۆماڵی دەکرێتەوە، لە ڕووی واتاییەوە، بایەخێک و بارێکی نەرێنی لە خۆ دەگرێت و بە شێوەیەکی نەرێنی دەنوێندرێتەوە؛ واتە هاوتای ئینگلیزییەکەی دەبێتە «قەل» یا «کەبابی عەلەشیش» و هەروەها واتای مرۆڤی گەمژە و نەزان و تێشکاو دێنێتەوە بیر و ئەگەر لە گووگڵدا ئەم وشەیە بنووسین و بە دوایدا بگەڕێین، وێنەیەکی زۆر لە قەل و عەلەشیش دەخاتە بەر دەستمان. جگە لەوەش هەبوونی دەنگی /ü/ کە دەنگێکی تورکییە و لە زمانی ئینگلیزیدا نییە، ڕێنووسی تورکی زەق و بەرجەستەتر دەکاتەوە و ئەمە هەر

ئەو شتەیە کە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا ئاماژەی پێ دەکرد و دەیگوت: ڕێنووسی «Türkiye» کەلتوور، شارستانیەت و بەهاکانی نەتەوەی تورک بە باشترین شێوە دەخاتە ڕوو و دەریدەبڕێت (ماڵپەڕی تی‌ئارتی جیهانی، 13ی ڕەشەمەی ٢٧٢١).

دەکرێ بڵێین کە لە ڕابردوودا شتێکی هاوشێوەی ئەم دیاردەیە ڕووی داوە. بۆ نموونە لە ٦ی بەفرانباری ١٣١٣ی کۆچی هەتاویدا حکوومەتی ڕەزاشا بە هۆی هۆکاری سیاسی داوای لە هەموو وڵاتانی جیهان کرد کە لە نامە فەرمییەکانیاندا ڕێنووسی وشەی فەڕەنسیی «پرس Perse»، ئینگلیزیی «پرشیا Persia»، ئەڵمانی «پرزین Persien»، ئیتالی «پرسیا Persia»، ڕووسی «پرسی Персия» و... بەکار نەهێنن و لە جیاتیی ئەو وشانە، لە وشەی «ایران-Iran» کەڵک وەربگرن. هەروەها دەتوانین ئاماژە بە نموونەیەکی دیکە بکەین کە هەستیارییەکی زۆری تێدایە و ئەویش ڕێنووسی فارسیی وشەی «کردستان/کرد»ە کە لە جیاتیی ڕێنووسی کوردیی کوردستان/کورد بەکار دەبرێت، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بە هەستیارییەکی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ ڕێنووسی ئەم وشانەدا بکرێت. بۆ نموونە هەندێک لە ئاخێوەرانی فارسزمان کە زیاتر ڕوانگەیەکی نەتەوەخوازانەیان هەیە، بڕوایان وایە کە نابێ ڕێنووسی وشەی «کورد» لە زمانی فارسیدا بەکار بهێنن و تەنانەت بەبێ ئەوەی گرینگی بە پاساوەکانی زمانناسانەی ئەم وشەیە بدەن، ئەم جۆرە ڕێنووسە لە نووسیندا بە ئاماژەر و دالێکی ئایدیۆلۆژیکی لە قەڵەم دەدەن و هەندێ جار نووسینێکی بەو شێوە وەکوو بزووتنەوەیەکی جیاییخوازانە سەیر دەکەن کە هەندێک کەس دەیانەوێ بەم جۆرە ڕێنووسە، خۆیان سەربەخۆ پێناسە بکەن. کەواتە، لێرەدا بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە سیستەمی نووسین و ڕێنووس هەرگیز بێلایەن نییە؛ بەڵکوو بیرۆکە و ئایدیۆلۆژیای کردەگەرە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر جۆری نووسین و ڕێنووس کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە کە تەنیا لایەنە زمانییەکان ناگرێتەوە و لەم دیاردەیە زیاتر تێدەپەڕێت.

بەگشتی، ئەگەر بە تێڕوانینێکی عەقڵانی و دوور لە دمارگرژیی و کورتبینی سەیری ئەم بابەتە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە لە زمانناسیدا شتێک بەناوی «بێهەڵە» و «هەڵە» لە ئارادا نییە؛ بەڵکوو جۆری ڕێنووس گرێبەستێکە کە تەنیا لەسەر بنەمای بڕیاری ئەکادیمیای زمان دادەمەزرێت. بە وتەی کریستاڵ تەنانەت لە زمانی ئینگلیزیدا کە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر هەموو زمانەکانی جیهان هەیە، هێشتا ڕێنووسی هەندێک وشەی خۆی یەکلایی و ڕوون نەکردووەتەوە.

بۆ نموونە نووسەری بەناوبانگی ئینگلیزی شکسپیر لە زۆربەی نووسینەکانیدا بە سێ شێوە ’Shakspere‘, ‘Shakspeare‘, ‘Shakspere‘ ناوی خۆی دەنووسی یان ڕێنووسی وشەی ‘yogurt‘, ‘yoghurt‘, ‘yoghourt‘ بە سێ شێوە دەنووسرێت و کەس نییە پێوەری دروستبوونی بسەلمێنێت (کریستاڵ،2010 :56 -55)؛ (یان وشەی "ڕەنگ" بە دوو شێوەی color و colour دەنووسرێت).

بۆیە ڕاڕاییبوون و هەستیاربوونی نابەجێ سەبارەت بە زمانەکان بەرەو «شۆڤینیزمی زمانی»[١] هانمان دەدات. «شۆڤینیزم» چەمکێکە کە بەلێبڕاوی و بە بیروباوەڕێکی زێدەڕۆیانە و توندڕۆیانە و نالۆژیکییەوە، دەسەڵات و باڵادەستیی خۆی بە سەر ئەوانی تردا دەسەپێنێت. لەم ڕووەوە، شۆڤینیزمی زمانی پیشاندەری خۆشەویستییەکی بێسنوور سەبارەت بە زمانێکی دیاریکراو و تایبەتە (ئایەر[٢]، 2016). ئەم خۆشەویستییە ئەوەندە زۆرە کە ئاخێوەران زمانەکەی خۆیان لە ئاستەکانی مۆرفۆلۆجی، سینتاکس، واتایی و دەنگیدا، لە هەموو زمانەکانی دیکە بە سەرتر دەزانن وشیاوتر و بەرزتر سەیری دەکەن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەرەو «فاشیزمی زمانی» هەنگاو بنێین کە تێڕوانین و هەڵوێستێکی لەو شێوەیە درگا لە هەر زمانێکی دیکە دادەخات. بەگشتی، ئەگەر مرۆڤەکان واز لە بتسازیی ئەو شتەی کە پێیان وایە ڕاستە بهێنن و لە جیاتیی ئەوە، جەخت لەسەر ئەو شتە بکەنەوە کە شیاو و گونجاوە، ئەوە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە بواری پێکەوەهەڵکردن و پێکەوەسازان سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەست دەهێنێت و بە سەر نەزانی و دەمارگرژیدا زاڵ دەبێت؛ بۆیە جەین ئایچیسۆن[٣] بە کاترین بێنێت[٤] دەڵێت: پێم وا نییە شتێک بە ناوی ئینگلیزیی دروست و بێهەڵە لە ئارادا بێت (کامێرون، ٢٠١٢ :٢٣٤).

ستیڤن پینکەر[٥] (1994) لە کتێبی غەریزەی زمانی‌دا، بۆ ئەم کۆمەڵە ڕەچەتەگەرایانە چەمکی «فتوادەرانی زمان»[٦]ی بەکارهێناوە کە لە ڕێنووس و دروستنووسیندا دەستیان وەرداوە و زیاتر گرینگی دەدەنە فۆرم و ڕواڵەتی وشەکان نەک واتاکانیان. ئەم کەسانە حوکم و بڕیار لەسەر هەموو پرسە زمانییەکان دەردەکەن و پێداگری لەسەر تۆمارکردنی خاڵی وشەکان دەکەنەوە و ڕێنووس بە شێوەیەکی ڕێسامەند بەکار دەهێنن. ئەم دەستەواژەیە هەروەها ئاماژە بە کەسانێک دەکات کە سوورن لە سەر نەریتە کۆنەکان. بە وتەیەکی دیکە، ئەم چەمکە ئاماژە بە کەسانێک دەکات کە بەردەوام بە خەڵک دەڵێن دەبێ ئەم وشە و چەمک و ڕێسا ڕێزمانییانە بەکار بهێنن و لە زمانێکی پێوەر و دیاریکراو پێڕەوی بکەن. ئەوان بەردەوام باسی تێکچوونی زمان دەکەن، لە هەموو بابەتە زمانییەکان دەست وەردەدەن. ستیڤن حوکمدان و دادوەریی سەبارەت بە بایەخپێدانی زمانەکان بە ڕەوشتێکی نابەجێ و بێبنەما دەزانێت؛ چونکە زمان وەک دیاردەیەکی سروشتی سەیر دەکات کە نابێ دژایەتی بکرێت و زمان ڕەفتارێکی زاتیی غەریزەییە کە لە ناخی ئاخێوەراندا جێگیر بووە.

ستیڤن پینکەر (٢٠١٤) لە کتێبی واتای شێواز: ڕێنوێنیی بیرمەندەکان سەبارەت بە نووسین لە سەدەی بیست‌ویەکدا، ئەم خەمخۆرانەی زمان وەکوو مەراجیع و سەرچاوە خۆداناوەکان پێناسە دەکات کە بە تیۆریی سەیروسەمەرە و ئارگیومێنت و بەڵگاندنی نالۆژیکی لەسەر زمانی

---

[١]. Linguistic Chauvinism

[٢]. Iyer

[٣]. Jean Aitchison

[٤]. Catherine Bennett

[٥]. Steven Pinker

[٦]. Language Mavens

ئاخێوەران فەتوا دەدەن. پینکەر لە تێڕوانین و هەستیاربوونی ئەم ڕەچەتەگەرایانە ڕەخنە دەگرێت و تۆمەتباریان دەکات بەوەی کە دەست لە زمانی ئاخێوەران بەرنادەن.

دەستەواژەیەکی دیکە کە لە ڕێکردە ڕەچەتەییەکاندا بۆ ئەم تاقمە بەکار هاتووە، «نازییەکانی ڕێزمان»[١] یان «نازییەڕێزمانییەکان» بوو کە ناو و مۆرکێکی سووکە بۆ ئەو کەسانەی کە بۆچوونەکانی خۆیان سەبارەت بە ڕێزمان و بەکارهێنانی پێکهاتەی زمان بە سەر ئاخێوەراندا دەسەپێنن. لە ڕاستیدا ئەم دەستەواژەیە بۆ ئەو کەسانە بەکار دەبرێت کە زۆر تامەزرۆی ئەوەن هەڵە زمانییەکانی ئاخێوەران ڕاست بکەنەوە. زمانناسانی بواری کۆمەڵایەتیی زمان، ئەم کەسانە وەکوو «پارێزەری زمان»[٢]، «پۆلیسی زمان»[٣]، «پۆلیسی کۆنترۆڵ»[٤] ناو دەبەن؛ چونکە دەیانەوێت خۆیان وەک ڕزگارکەر و فریادڕەسێک بۆ بەرگریکردن و کۆنترۆڵکردنی گۆڕانی زمان پێناسە بکەن (هوروبین[٥]، 2016: 67)؛ (شولچ و شرمن[٦]، 2018).

پرێستۆن[٧] (2006: 75) بە تیتاڵییەوە ئەم کەسانە بە «دەرگەوانانی زمان»[٨] ناو دەبات کە بەردەوام ڕێگە لە چوونە ژوورەوەی وشە بیانییەکان بۆ ناو زمان دادەخەن و هوشدار دەدەن کە زمان دەبێ لەم وشانە پاک بکرێتەوە. ئەم کەسانە هێشتا ئاگاداری ئەوە نین کە هەروەک چۆن بۆینباخ بە پاڵتۆ و کراواتەوە لەبەر ناکرێت، بەکارهێنانی ڕستە یان دەستەواژەیەک پرسێکی گرێبەستییە نەک یاسایەکی نەگۆڕی ئیلاهی.

بە ڕای پرێستۆن دەرگەوانانی زمان ئەو کەسانەن کە ئاخاوتنی خەڵک وەک زمانێکی سەقەت و لاواز سەیر دەکەن، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە هەست دەکەن زمانەکەی خۆیان زمانێکی شیاو و سەرترە و دەیانەوێ بیسەلمێنن کە ئەم زمانە هەم بە شێوەی نووسراو و هەم بە شێوەی گوتراو پڕە لە کەموکووڕیی و نوقسانی.

پرێستۆن بە ڕوانگەیەکی توندڕەوانەوە هێرش دەکاتە سەر ئەم کەسانە و دەڵێت: مرۆڤ بەزەیی بەم دەرگەوان و پاسەوانانەی زماندا دێتەوە کە بەردەوام ڕێگە لە ئاخێوەران دەگرن و لە بەکارهێنانی زمانەکەی خۆیان بێزار و بێهیوایان دەکەن. ململانێ و پێکدادانی ئەوان شکست دەهێنێت و هیچ ئەنجامێکی وای نابێت؛ چونکە بۆ کەڵکوەرگرتن و بەکارهێنانی زمان نابێ دەستوور و فەرمان دەربکرێت و نووسین و بێژەکردنی وشە و زاراوە و چەمکە زمانییەکان وەک ڕاستی و حەقیقەتێکی ڕەها سەیر بکرێت. زمان دیاردەیەکی بگۆڕە و فۆرمی نووسینەکەشی بە شێوەیەکی گرێبەستیی جێبەجێی دەبێت. ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە زمان ڕێز لە جۆراوجۆرییەکان ناگرێت و دەبێتە هۆی بژاردەگەری و هەندێ جاریش ڕەگەزپەرستی و بێئاوەزی لەگەڵە کە هەوڵ دەدات جۆرەزمانەکانی تر بخاتە پەراوێزەوە. کاتێک بە وینستن چەرچڵ، یەکێک لە

---

[١]. Grammar Nazi
[٢]. Language guardians
[٣]. Language police
[٤]. Usage police
[٥]. Horobin
[٦]. Švelch & Sherman
[٧]. Preston
[٨]. Linguistic gatekeepers

سیاسەتمەدارە بەناوبانگەکانی بەریتانیایان گوت کە نابێ ڕستەکان بە ئامرازی پێوەندی کۆتایی پێ بهێنیت لە وڵامدا وتی: «ئەمە زوانبازییەکی پەتییە کە ناتوانم لەگەڵیدا ڕێک بکەوم» کەواتە ئێمەیش ناتوانین لەگەڵیدا ڕێک بکەوین (ڕیکسۆن و هیڵتون، 2006: 77-76).

مشتومڕەکانی ڕەچەتەگەرایی لەبارەی ڕێنووس و چۆنێتیی نووسین تا ئەو ڕادەیە چڕتر بووەوە کە زمانناسانی سەبارەت بەم بابەتە ڕەشبینتر کرد. کەسێکی وەکوو هاڵ (1950) کتێبەکەی بە ڕستەی «بهێڵن زمانەکەتان بەتەنیا بمێنێتەوە» دەست پێ کرد. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زمان دەتوانێ بەبێ چاودێریی بەردەوامی ئاخێوەرەکانی خۆی، بارودۆخێکی لەبار و باشتری ببێت. لە ڕاستیدا پەیامی ئەم کتێبە بۆ ئەو کەسانە بوو کە بەردەوامن لەسەر دەستوەردان لە باس و یاساکانی زماندا و ناوەرۆکی وتەکانی هاڵ ئەوە بوو کە خەڵک دەبێ گوێ بەو شتەی نەدەن کە زوانبازان و ڕێنووسبازان و ڕەچەتەنووسەکان سەبارەت بە زمانی ئاخێوەران بەردەوام دووپاتی دەکەنەوە و بەم کارە ئاخێوەران لە نووسین و گوتن بێزار و وەڕز دەکەن.

لانیکەم لە هەموو کتێبە سەرەتاییەکانی زمانناسیدا جەختێکی زۆر لەسەر خەسار و زیانەکانی ڕەچەتەگەرایی دەکرێتەوە (هۆرنسبی[1]، ٢٠١٤). بەگشتی زمانناسیی وەسفی هەر شتێک کە بە وشەی "دەبێ/ ئەشێ" دەست پێ بکات، وەرناگرێت و وەکوو ڕەچەتەیەک بۆ نووسین و نوسخەپێچانەوە سەیری دەکات. هەروەها لەگەڵ لێدوانەکەی هاڵدا، ڕابین لیکاف لە کتێبەکەیدا بە ناوی هێزی ئاخاوتن: سیاسەتە زمانییەکان لە ژیانی ئێمەدا دەڵێت: سیاسەتی ئێمە دەبێ ئەوە بێت کە بهێڵین زمان بە تەنیا بمێنێتەوە و واز لە ئاخێوەرانیش بهێنین (لیکاف، 1990: 298). ناوەرۆکی وتەکانی لیکاف ئەوە بوو کە ئەو پاڵنەر و دەستکارییانەی کە بە شێوەی مەبەستدار لە زماندا ڕوو دەدەن، دەتوانن کێشەدار و مەترسیدار بن، چونکە زمان بە شێوەیەکی ئاسایی و سروشتی دەگۆڕێت و دەستێوەردانی دەسکرد و ناسروشتی دەورێکی ئەوتۆی لەم گۆڕانەدا نییە. بە وتەیەکی دیکە، زمانناسان دەڵێن گۆڕانی زمان بەتەواوی دیاردەیەکی ئاسایی و سروشتییە. بە گوێرەی دەیڤید کریستاڵ، «ئەو زمانانەی کە ناگۆڕدرێن، وەکوو زمانە مردووەکان ناویان لێ دەبەن» (کریستاڵ، ٢٠١٠: ١٣١) چونکە زمان دەبێ بگۆڕێت بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی پێداویستییەکانی ئاخێوەران و گۆڕانکارییەکانی ژینگە و پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی و نۆرمە کەلتوورییە نوێیەکان و...ی تێدا دەرکەوێت.

هەروەک هاڵ (1960) جەخت دەکاتەوە و دەڵێت: پێویستە گۆڕانی زمانی و دەرئەنجامەکانی وەک دیاردەیەکی تەواو ئاسایی و سروشتی وەربگرین و ئەو شتەی چاوەڕێی دەکەین لە جیهاندا ڕوو بدات، ئەوەندەی ئەوەش چاوەڕوان بین کە ئەو شتە بگۆڕدرێت و گۆڕانکاری بەسەردا بێت، جا چ بە دڵمان بێت چ بە دڵمان نەبێت، ئەم گۆڕانکارییە ڕوو دەدات

[1]. Hornsby

(هاڵ، 1960 :190). ئەم گۆڕانکارییە هەروەکوو وێنەی هەورەکانی ئاسمان حاشاهەڵنەگرە. بۆ نموونە ئەگەر ئەمڕۆ هەورێک لە ئاسماندا بە شێوەی وشتر سەیر بکەین و چاوەڕێ بین سبەی هەمان وێنە بە شێوەی وشتر ببینین، شتێکی وا نابینین و گۆڕینی هەموو ئاستەکانی زمانیش وەکوو ئەم نموونە وایە (ڕیکسۆن و هیڵتون[1]، 2006 :33).

سەردەمێک جاناتان سویفت[2] دەیگوت: زمانی ئینگلیزی ناپتەو و ناتەواوە و بەرەو دابەزین دەڕوات (سویفت، 1966 :107) کە ئەم وتەیە تێگەیشتنێکی هەڵەیە لە زمان؛ چونکە گۆڕینی زمان ڕێک وەکوو ڕۆچوونی تەپۆڵکەکان یان گڵاوبوونی ڕووبارەکان، دیاردەیەکی حاشاهەڵنەگرە. ئەگەرچی بە پێچەوانەی وردبوون و دارمانی تەختەبەردەکان، گۆڕانی زمان وەکوو ڕۆچوون و وردبوونی تەختەبەرد و تەپۆڵکەکان سەیر ناکرێت. کۆـوشە نوێکانی هەر زمانێک دەتوانن ئەو هەلومەرجە بڕەخسێنن کە ئەو زمانە لە بارودۆخێکی نوێیدا بەکەڵک بێت و لە ئاستێکی قووڵتردا پێکهاتەکانی خۆی بپارێزێت. زمانێک کە لە حاڵی گۆڕاندا بێت دەتوانێ پێکهاتەکانی خۆی بپارێزێت، هەروەک تێرمۆستات (گەرمکەرەوەی ئوتۆمبێل)، زمانیش بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک خۆی ڕێک دەخات (ئایچیسۆن[3]، 2001).

کەواتە ڕەچەتەگەراکان دەبێ ئەم خاڵە لە بەر چاو بگرن کە زمانەکان لەسەردەمی کۆن و ناوەڕاست و مۆدێرندا گۆڕانکارییان بە خۆوە بینیوە و هیچ حوکم و ڕەچەتەیەک نەیتوانیوە ئەم گۆڕانکارییە بوەستێنێت. پێویستە بڵێین کە مەبەست لەم جۆرە باسانە ئەوە نییە کە ڕێنووسی زمان بە شێوەیەکی هەڵە و ناستاندارد بەکار بهێنین و پاساوی بۆ بهێنینەوە؛ بەڵکوو مەبەست لەم باسانە هۆشیارکردنەوە و ئاگایی زمانیی ئاخێوەران و ئەو کەسانەیە کە لە بواری زماندا چالاکن تاکوو بتوانن بە بیرێکی قووڵ و کراوەوە واز لە دروستنووسی و ڕێسامەندیی و ڕاستکردنەوە و پێوەراندنێکی وشک و بەرتەسک بهێنن و ئاخێوەران لە ڕێنووس و بەکارهێنانی زمانەکەیان وەڕەز و بێزار نەکەن و لە هەمووی گرینگتر ئەم بابەت و باسانە وەکوو توقاندنی و «هەراسی ئەخلاقی»[4] سەیر دەکرێت. توقاندنی ئەخلاقی، دەستەواژەیەکە کە کۆهێن[5] لە ساڵی ١٩٧٢دا بەکاری هێنا. تۆقاندنی ئەخلاقی کاتێک سەرهەڵدەدات کە تاقمێکی تایبەت کە کۆهێن بە «کارگێڕە ئەخلاقییەکان» ناویان دەبات، دیاردەیەک وەکوو کێشە و گرفتێک پێناسە دەکەن کە وەکوو هەڕەشەیەک بۆ کۆمەڵگا دایدەنێن (بەیکر و ئێلیس[6]، 2010 : 72). بەگشتی، تۆقاندنی ئەخلاقی کاتێک ڕوو دەدات کە دیاردە یان پرسێکی کۆمەڵایەتی لە ناکاو ببێتە بابەتێکی گرینگ لە گوتارێکی گشتیدا و بە شێوەیەک لەسەری بدوێن کە خەڵک وا هەست بکەن ئەم دیاردەیە مەترسیدارە و کارەساتێکی نزیک لە ئارادایە (کامێرون، 2012 : 83).

---

[1]. Rickerson & Hilton

[2]. Jonathan Swift

[3]. Aitchison

[4]. Moral panic

[5]. Cohen

[6]. Baker& Ellece

ئەم هەراس و تۆقاندنەی کە ڕەچەتەگەراکان و هەڵەگرانی زمان، بەردەوام باسیان لێ دەکرد لە لایەن گرووپی پەرەپێدانی زمانناسییەوە ڕەخنەی لێ دەگیرا. بۆ نموونە ئەم گرووپە لە نووسینەکانیاندا بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە و بە زمانێکی توندڕەوانەوە بۆچوونەکانی خۆیانیان دەخستە ڕوو. لە نووسراوەیەکدا ئەم گرووپە پێیان وابوو کە ئەو تێگەیشتن و تێڕوانینەی پێداگری لەسەر ڕێنووس و درووستنووسین دەکات، زمان وەکوو شەرەف و نامووسی مرۆڤ سەیر دەکات کە دەبێ پارێزگاری لێ بکرێت. تێڕوانینێکی باو و هەڵە هەیە کە ئەم کەسانە بناخەی جیاوازیی نەتەوەیی و چینایەتی و هتد لە ڕێگەی زمانەوە دەردەبڕن و واتاکان لە ڕێگەی زمانەوە دەگوازنەوە. هەروەها بەردەوام لە وشە وەرگیراوەکان کە لە زمانەکانی دیکەوە قەرز کراون، گلەیی دەکەن. لەو کاتەوە کە ئاخێوەران زیاتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەڵکیان وەرگرتووە، ژمارەیەکی زۆر لە ڕەچەتەگەراکان ۆ هەڵەگرانی زمان ئاگایانە یان نائاگایانە وەکوو «گەشتی ئیرشادی زمان» ئاخێوەرانیان لە نووسین وەڕەز و بێزار کردووە. بۆ نموونە جاڕنامەی ئەم گەشتە لە زمانی فارسیدا یاسا و ڕێساکانی ئەبولحەسەن نەجەفییە کە لە کتێبێکدا بە ناوی با بە هەڵە نەنووسین‌دا نووسراوە.

دیاردەیەکی ئاساییە کە سەرکردەکانی وەها گرووپێک ئەو نڤیسیار و هەڵەگرانەن کە بەهۆی کارەکەیانەوە ناچارن نووسراوەکانی ئاخێوەران خاوێن و پەتی بکەنەوە؛ بەڵام ئەم ئەرکە تەنیا لە ئەستۆی ئەواندا نییە و وەها ئەرکێک لە ئێرانی نوێدا، سەرەتا بە فەتحعەلی ئاخوندزادە و ئەحمەد کەسرەوییەوە لەسەردەمی دەسەڵاتی ڕەزاشادا دەستی پێ کرد و هەمیشە لەگەڵ شکۆمەندیی ئاریایی و ئێرانیبووندا تێکەڵ کراوە. بەو پێیەی ئاریاییگەری و ناسیۆنالیزم کڕیاریان هەیە و ڕەخنە لە ناسیۆنالیزم کەمتر بەر چاو دەکەوێت، هەر بۆیە کتێب و بیرۆکە خەیاڵاوییەکانی وەک «با بە هەڵە نەنووسین» دەبنە جێی بایەخ و گرینگیپێدان، بەڵام ڕەخنەی زمانناسان لەمەڕ نازانستیبوونی ئەم بیرۆکانە نە دەبینرێت و نە دەخوێندرێتەوە. لە ناو زمانناسە گەورەکانی ئێراندا کە سەبارەت بەم پرسە، ڕەخنەیەکی بەهێزیان نووسیوە، دەتوانین ئاماژە بە بەرهەمەکانی دوکتۆر محەممەدڕەزا باتنی یان دوکتۆر عەلیمحەممەد حەقشناس و پەرویز ناتلی خانلەری بکەین.

ڕەنگە ئەم جۆرە ڕەخنانە لەسەر ڕەچەتەگەراکان و هەڵەگرەکان لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە ئەم کەسانە ئەرک و پیشەکەیان لەگەڵ ئاخێوەرێکی ئاساییدا بەراورد دەکەن و چاوەڕێی ئەوەن کە هەمووان ڕێک وەکوو خۆیان بە شێوەیەکی ڕێسامەند بنووسن کە ئەم جۆرە تێڕوانینە بەهۆی نائاگایی و ناهۆشیاریی زمانییەوە سەر هەڵدەدات کە ڕەچەتەگەراکان و هەڵەگرەکان هیچ زانیارییەکیان سەبارەت بە گۆڕانی زمان نییە. بە وتەیەکی دیکە، نڤیسیار یان هەڵەگر هەوڵ دەدات هەڵەکانی دەق بدۆزێتەوە و ڕاستیان بکاتەوە و ڕێگە نەدات ئەم جۆرە هەڵانەی نووسەر و وەرگێڕ، زمان خەوشدار بکەن. لە وڵامی ئەم جۆرە بیرۆکانەدا دەبێ بڵێین ئەم بابەتە ئەوەندە گرینگ نییە.

سەفەوی لە وتارێکدا دەڵێت: نڤیسیار یان هەڵەگر وای دابنێت کە لەسەردەمی هەخامەنشیدا دەژی و کارەکەی هەمان پێداچوونەوە یان هەڵەگرییە. بۆ نموونە خەشایارشا فەرمانێک دەدات و لە کەتیبەیەکدا تۆماری دەکات کە پێویستە هەمووان پەیڕەوی ئەم نڤیسیار یان هەڵەگرە بن. پاشان هەمووان بە هەمان زمانی دێرین قسەیان دەکرد و هیچ گۆڕانکارییەک لەم زمانەدا ڕووی نەدەدا؛ واتە هەرگیز نەدەگەیشتینە زمانی ئەمڕۆ. کەواتە زمان گۆڕانکاری بەسەردا دێت. لە ڕابردوودا هەر ئەم زمانە فارسییە پێکهاتەکەی لە بواری جۆرناسیی زمانییەوە، وەکوو زمانی ئەمڕۆ نەبووە؛ واتە ناو و جێناو بەپێی دۆخی ڕستەسازی، ڕەگەز، کەس و ژمارە گەردان دەکرا و خاوەنی ئامرازی ناسراو بوو؛ بەڵام زمانی فارسی لەسەردەمی ئەمڕۆدا، خاوەنی ئەم جۆرە تایبەتمەندییانە نییە.

ئەم گۆڕانکارییانە بەرەبەرە ڕوو دەدەن و جێبەجێ دەبن و بە هۆی ئەوەی ئاخێوەران لە فۆرمی نوێ تێدەگەن، هیچ کێشەیەک لە پێوەندیگرتندا ڕوو نادات. ئێستا ئەگەر نڤیسیار یان هەڵەگر لەو قۆناغەدا بژیایە، بە دڵنیاییەوە دەیگوت کە کۆمەڵێک نەخوێندەوار خەریکن زمانی دێرین سەقەت دەکەن. کەواتە کاتێک دەڵێن فڵان پێکهاتە دروستە، مەبەستیان کام پێکهاتەیە و لە کام دەقی دێرین و کۆندا دەدۆزرێتەوە؟ بۆ نموونە ئەگەر پێوەرەکەیان دەقێکی سەدەی هەشتەم بێت، بەدڵنیاییەوە دەقی سەدەی شەشەم دروست و بێهەڵەترە. هەروەها دەقی سەدەی چوارەم دەبێ دروست و بێهەڵەتر بێت لە دەقی سەدەی شەشەم. کەواتە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەدەکانی پێشووتر، چی ڕوو دەدات؟ لە وڵامدا دەبێ بڵێین کە دەقەکانی سەردەمی ساسانی دەبێ دروست و بێهەڵەتر بن. بەم پێیە وردەوردە دەگەڕێینەوە سەر قیژەی مرۆڤە سەرەتاییەکان کە بەدڵنیاییەوە لە هەموویان دروستتر و بێهەڵەترە. هەر بۆیە ئەم جۆرە بیرۆکەیە سەبارەت بە زمان بێبنەما و نالۆژیکییە. تەنانەت ئەگەر دەقێکی پڕ لە «هەڵە»ش هەڵبژێرین و پاشان ئەو دەقە بدەینە دوو کەس نڤیسیاری و هەڵەگری بکەن، ئەنجامی نڤیسیاری یان هەڵەگریی و پێداچوونەوەکەیان دەقاودەق وەکوو یەک نابێت و هەر نڤیسیار یان هەڵەگرێک زەوق و سەلیقەی خۆی دەسەپێنێت بە سەر دەقدا و ناتوانین سنوورێک بۆ ئەم سەلیقانە دابنێین. تەنانەت ئەگەر ئەو دوو دەقە پێکەوە بگۆڕینەوە، دیسانەوە ئەو نڤیسیار یان هەڵەگرانە دادەنیشن و دەقەکانی یەکتر نڤیسیاری یان هەڵەگری دەکەنەوە.

بەگشتی لە بیرمان نەچێت کە کۆمەڵگا دەگۆڕێت و زمانەکەیشی گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. زمانی سەد ساڵ لەمەو پێش ناتوانێ و ناکرێ لە دنیای ئەمڕۆدا بەکار بهێنرێت. گۆڕانی زمان بەرەبەرە ڕوو دەدات و گۆڕانکارییەکەی مەبەستدار و بەئەنقەست نییە. هیچ ئاخێوەرێک بە ئەنقەست زمانەکەی ناگۆڕێت. ئەم گۆڕانانە هەر ئەوانەن کە نڤیسیاریان هەڵەگر بە «هەڵە» ناویان دەبات. ئەم هەڵانەش تا ئەو ڕادەیەن کە لەلایەن ئاخێوەرانەوە فام دەکرێن و لێک دەدرێنەوە؛ بۆیە دەیان هەزار لەو هەڵانە بوونەتە هۆی ئەوەی بگەینە زمانی ئەمڕۆ و تا ئەو کاتەی من و تۆ بە زمانی خۆمان بئاخێوین، ئەم زمانە لە ناو ناچێت و نامرێت، کاتێکیش

ئاخێوەرێکی نەمێنێت، ئیتر کەسێک نەماوە خۆ تا خەمی مردنی ئەو زمانە بخوات (صفوی، 1398 : 87)؛ هەروەک کالوە دەڵێت: مێژووی هەر زمانێک مێژووی ئاخێوەرانی ئەو زمانەیە (کالوە، ١٣٧٩: ١٠). هەر بۆیە زیادبوون و کەمبوونەوەی زمانەکان بە ژمارە و پرێستیژی ئاخێوەرەکانیەوە گرێ دراوە کە بەم زمانانە دەئاخێون (ئایچیسۆن[1]، ٢٠٠١). هەڵبەت نابێ چاوپۆشی لەو ڕاستییە بکەین کە لەم حاڵەتەدا فاکتەرەکانی دەرەوەی زمان وەکوو سیاست و پلاندارێژیی تاکزمانی کە زمانێکی باڵادەست بە سەر زمانەکانی تردا دەسەپێنن، بۆ لەناوبردنی ئەم زمانانە، دەورێکی بەرچاو دەگێڕن.

بۆچوون و پێشنیارەکانی ئەم نڤیسیار یان هەڵەگرانە سەبارەت بە دروستنووسین و ڕێنووسی بێهەڵە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا گەیشتبووە ئاستێک کە بەردەوام لەلایەن گرووپی پەرەپێدانی زمانناسییەوە ڕەخنەی توندیان لێ دەگیرا. تا ئەو ڕادەیەی کە ئەم گرووپە ڕێنووسی هەڵە و بێهەڵەیان جۆرێک داماوی و دواکەوتوویی دەزانی و لەسەر ئەو بڕوا بوون هەندێک کەس هێشتا لەسەردەمی ڕابردوودا دەژین و زانست و زانینی زمان دادەبەزێنن و بە ڕێنووسەوە گرێی دەدەن.

زمانناسانی ئەم گرووپە پێیان وابوو ئەگەر کەسێک بیەوێت نازناوی نڤیسیار یان هەڵەگر وەربگرێت، پێویستە بە ئامانجێکی قووڵتر و گرینگترەوە سەیری نووسراوەکان بکات و بە سروشتیترین فۆرمەکانی زمان، تام و بوونێکی زانستی بدات و بەباشی ئاگاداری ئەو ڕاستییە بێت کە هەندێ جار ئاخێوەر بەمەبەستی پێوەندیگرتن، دەیەوێ زمانەکەی خۆی لە ئاستی منداڵێکدا دابەزێنێت. لە ڕاستیدا، منداڵ بە هەڵە قسە ناکات؛ بەڵکوو تەنیا شێوازی قسەکردنەکەی لە کەسێکی گەورەساڵ ناچێت. لە لایەکی ترەوە، مێشکی کەسێکی گەورەساڵ بۆ خولقاندنی چەمکەکان لەگەڵ ئەم منداڵەدا وەکوو نڤیسیار یان هەڵەگرێکی تێگەیشتوو دەردەکەوێت و گوتارێکی هاوبەش ساز دەکات. زمان لە هەر کات و ساتێکدا، تایبەتە بە هەموو مرۆڤ و کۆمەڵگا زمانییەکان. بڕیار نییە ئاخێوەرێک کە لە هەزارەی سێیەمدا دەژی، هەر ئەو تێڕوانینەی سەبارەت بە زمان هەبێت کە سەعدی و حافز و مەلای جزیری و ... هەیانبووە.

ئاخێوەر بۆ ئەوەی لە بارودۆخێکی نوێدا پێداویستییەکانی خۆی دەرببڕێت، هەندێ جار پێویستە لە ڕابردووی خۆی دوور بکەوێتەوە و نڤیسیار یان هەڵەگریش دەبێ لەم زەبروزۆری ڕۆژگارە تێ بگات و تێگەیشتنێکی باشی لە کۆمەڵگای ئاخێوەران هەبێت. ئەو لە جیاتیی تاوتوێکردنی ڕواڵەتی دەقەکە، پێویستە سەرنجی ناوەرۆکی دەقەکە بدات و نابێ مۆرکی خوێندەوار و نەخوێندەوار بە ئاخێوەرانەوە بلکێنێت و بە یارمەتیی میکانیزمە ڕەخنەییەکان و بنەما زانستییەکانی زمان، ناوەرۆک و کاکڵەی دەقەکە بۆ خوێنەر ڕوون بکاتەوە، هەروەک نڤیسیاران یان هەڵەگرەکانی سەردەمی زێڕینی وەرگێڕان کە تێڕوانینێکی ڕاڤەکارانەیان لەسەر

[1]. Aitchison

دەقەکان هەبوو. بۆ نموونە کاتێک ئێمە سەیری پێڕستی نڤیسیارە سەرکەوتووەکان دەکەین، ناوی زماناسان زیاتر بەرچاو دەکەوێت. ڕەنگە هۆکارەکەشی بگەڕێتەوە بۆ ڕوانگەی ناوەرۆکتەوەرانەی زمانناسان کە سەبارەت بە ئاستی هەڵەگری و پێداچوونەوەی دەقدا هەیانە.

لەم بەشەدا دەتوانین بگەینە ئەم ئەنجامە کە زانستی زمانناسی دژی ڕەچەتەگەراییە؛ بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نییە کە خەڵک بەرەو نووسینێکی شپرز و هەڵە و ناستاندارد هان بدات، بەڵکوو هەستیاریی نابەجێ و بێبنەما و هەروەها بیرکردنەوەیەکی وشک و ڕەها سەبارەت بە زمان وەرناگرێت و هەر بۆیە ڕەخنەی لێ دەگرێت. زێدەڕەوی لە شێواز و چۆنێتیی ڕێنووسدا، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی فاشیزمی ڕێنووسی کە لە دڵی زمانەوە سەرچاوە دەگرێت. وەک کامێرون دەڵێت هەندێ جار پێکدادان لەسەر زاڵبوونی وشەکان دەبێتە «شەڕی گەریلایی زمان»[1] کە بەرەکانی جەنگ هەریەکەیان لەسەر هەڵبژاردنی وشەکان شەڕ دەکەن. لەم ڕووەوە خەباتی فێمینیست دژی زمانی سێکسیزم (ڕەگەزایەتی)، نموونەیەکی ڕوون لە ڕەچەتەگەراییە کە هەوڵ دەدات وشەی سێکسیزم لە نووسیندا بسڕێتەوە (کامێرون، 2012 : 119). جگە لەوەش، کامێرون بۆ خەونی زمانێکی هاوبەش، تەندروستیی زمانی بە دیاردەیەکی «ڕادیکاڵانە و توندڕەوانە» ناو دەبات کە گرووپە زمانییە باڵادەستەکان هەوڵ دەدەن شێوازی خۆیان لە بەکارهێنانی زمان وەکوو شێوازێکی ڕەوا و شیاوی تێگەیشتن دابنێن و دەڵێن: دەمانەوێ زمان بە شێوەیەک بەکار بهێنین کە وەک دەڵێن ئێمەین ناوەندی جیهان، نەک ئێوە (کامێرون، 2012: 162).

ئاندرێ مارتینە زمانناسی فەڕەنسی «ڕەچەتەییبوون» لە بەرانبەر «زانستیبوون»دا پێناسە دەکات و دەڵێت کە لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنەکان جەخت لەسەر تایبەتمەندیی زانستی و ڕەچەتەیینەبوونی زمان دەکەنەوە. ئەو لە درێژەدا ئاماژە دەکات کە زمانناس تەنیا ئەو ڕووداوانە دەبینێت کە دەبێ تۆماریان بکات و لە چوارچێوەی ئەو بەکارهێنانانەی کە ئەم ڕستانە تێیاندا دەردەکەوێت، پاساوی زمانییان بۆ بهێنێتەوە و دەور و ئەرکی خۆی وەکوو زمانناسێک لە بیر نەکات و ئەوەندەی پێوەندیی بەوەوە هەیە، خۆی لە لاگریی و دادوەری بەدوور بگرێت (مارتینە، 1393 :7-6).

ئەوانەی کە دان بە گۆڕانی زماندا نانێن و بەردەوام لە بەرانبەر ئەم گۆڕانکارییەدا گلەیی دەکەن و نارەزایەتی دەردەبڕن، لە ئاکامدا کۆچی دوایی دەکەن و ئەو ئاخێوەرانەی کە هەنگاو دەنێنە گۆڕەپانی ژیانەوە هەر ئەوانەن کە بە فۆرمی نوێی زمانییەوە گەورە دەبن و ئەو فۆرمانە بە دیاردەیەکی سروشتی دەزانن. لەوانەیە ئەم ئاخێوەرانە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ گۆڕانکارییە زمانییەکانی داهاتوودا دژایەتی بکەن؛ بەڵام ئەم دژایەتییە بە هیچ شوێنێک ناگات و ئەوانیش دیسان لەم دنیا کۆچ دەکەن و گۆڕەپانی ژیان بۆ نەوەی داهاتووی ئاخێوەران بەجێ دەهێڵن و ئەم ڕەوتە بەردەوام دووپات دەبێتەوە (تراسک و میبلین، 2006 :81).

[1]. Linguistic guerrilla war

سەبارەت بە زمان، تێڕوانین و باوەڕێکی هەڵەی دیکەش هەیە. بۆ نموونە کەسێک کە بە فارسی دەنووسێت و دەئاخێوێت، بە دڵنیاییەوە بە فارسی بیر دەکاتەوە؛ یان کەسێک کە بە ئینگلیزی دەنووسێت و پێی دەئاخێوێت، بە دڵنیاییەوە لە سەر بیرکردنەوەی کاریگەری هەیە. بە وتەیەکی دیکە، ئەم کەسانە پێیان وایە زمانی مرۆڤ جیهانی مرۆڤ دەخولقێنێت و ئاخێوەرەکانی زمانەکانی دیکە، لە جیهانی جیاوازدا دەژین، سەرچاوەی وەها تێڕوانینێک دەگەڕێتەوە بۆ «ڕێژەگەریی زمانی»[١] (ڕیکسۆن و هیڵتۆن، ٢٠٠٦: ٧٢).

مەبەست لە ڕێژەگەریی زمانی کە لە لایەن ئێدوارد ساپیر[٢] و بنیامین لی وۆرف[٣]ەوە پێشنیار کرا، ئەوەیە کە زمان دەورێکی بەرچاو لە پێکهێنانی تێفکرین و بیرکردنەوەی ئاخێوەراندا دەگێڕێت. بە وتەیەکی دیکە، ئەم ڕێکردە بڕوای وایە کە هەست و بیرکردنە و ڕەفتاری ئاخێوەر لە ژێر کاریگەریی زمانەکەیدایە. لە ڕاستیدا ئەم ڕێکردە پێوەندیی نێوان زمان و بیرکردنەوە بە ڕێژەیی دەزانێت کە زمان کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە هەیە. بە بڕوای ساپیر و وۆرف «جیهانی ڕاستەقینە» ئەوەندە بەربڵاوە کە تێیدا سروشتی زمانیی گرووپەکان بە شێوەیەکی نائاگایانە لەسەر ئەو جیهانە بنیات نراوە (وۆرف و ساپیر، 1951: 160).

زێدەڕۆییی ئەم تێڕوانینە کاتێک دەردەکەوێت کە دەڵێت ڕاستێتی مرۆڤێک لەسەر بنەمای زمانەکەی دامەزراوە و زمانەکان پێوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ بیرکردنەوە و کەلتووری ئەو کەسانەدا هەیە کە بەو زمانانە دەئاخێون؛ چونکە زمانەکان پێکهاتەی ڕێزمانی و لایەنی زمانیی جیاوازیان هەیە کە لە کۆتاییدا ئاخێوەرانی هەر زمانێک، تێڕوانینێکی جیاواز سەبارەت بە جیهان دەخەنە ڕوو. بە وتەیەکی دیکە، زمان لەسەر شێوەی بیرکردنەوەی ئاخێوەران کاریگەری دادەنێت (وینتەرگەرست و مەکڤیگ[٤]، 2011 :45). ئەو زماناسانەی کە گرینگی بە پاراستنی زمانەکان دەدەن یان پێیان وایە تێگەیشتن لە ناسنامە پێویستی بە زمان هەیە، هێشتا بڕوایان بە تیۆریی ساپیر و وۆرف هەیە کە هەموو زمانێک دەتوانێ جیهان بە شێوەیەکی جیاواز دابەش بکات (ژۆزێف، 2007 :114).

ساپیر و وۆرف نموونەیەک دەخەنە ڕوو کە تێیدا دەڵێن پێکهاتەی زمان بیرکردنەوەی ئاخێوەران لە جیهان دیاری دەکات. بۆ نموونە ئاخێوەرانی ناڤاهۆ بەهۆی ئەو وشانەی کە لە زمانەکەیاندا هەیانە بە شێوەیەکی جیاواز سەیری جیهان دەکەن کە لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا جیاوازە (تراسک و میبلین[٥]، 2000 :31).

ڕوانگەی «قەدەرگەرێتیی زمانی»[٦] بەبێ هیچ ڕێژەیەک جەخت لە سەر پێوەندیی نێوان زمان و بیرکردنەوە دەکاتەوە و پێی وایە تێفکرین و بیرکردنەوە بەبێ زمان ڕوو نادات و ئەوە زمانە کە لە سەر بیرکردنەوە کاریگەرییەکی بەهێز دادەنێت. بە وتەیەکی دیکە، قەدەرگەرێتیی زمانی

---

1. Linguistic relativism
2. E. Sapir
3. B.L.Whorf
4. Wintergerst & McVeigh
5. Trask & Mayblin
6. Linguistic determinism

دەڵێت: ئاخێوەران لە سیستەمی بیرکردنەوە و پۆلێنکردنی دۆخی ڕووداوەکانی جیهاندا، نەتەنیا لە ژێر کاریگەریی زمانەکەیاندا دەژین؛ بەڵکوو بیرکردنەوە و پۆلێنکردنەکان لە ڕێگەی زمانەکەیانەوە دیاری و پێناسە دەکرێن. لە قەدەرگەرێتیی زمانیدا، زمانی یەکەم (وەک دەڵێن زمانی دایکی)ی مرۆڤەکان لەسەر ڕەوتی بیرکردنەوەکانیان کاریگەری هەیە، هەربۆیە مرۆڤەکان لەسەر بنەمای زمانی دایکیی خۆیان بیرکردنەوەیەکی جیاوازیان هەیە (هیکمەن[1]، 2000).

بەگشتی ئەم ڕێبازە لەسەر ئەو باوەڕە دامەزراوە کە ئاخێوەران لە جیهانێکی بەرهەست و بابەتییانەدا ناژین؛ بەڵکوو ئەو زمانەی بەکاری دەهێنن جیهانەکەیان پێک دەهێنێت و جیهانی ڕاستەقینەی ئاخێوەران لە زمان پێک هاتووە. بۆ نموونە جیهانی زمانی تورکی جیاوازە لە جیهانی زمانی کوردی؛ چونکە زمانەکەیان لەگەڵ یەک جیاوازە (مەکین و مایر[2]، 2012 : 12).

ئیڤانس[3] (2014) یەکێکە لەو کەسانە کە بە توندی لەسەر ئەم ڕوانگەیە پێداگری دەکات و پێی وایە زمان لەسەر چۆنێتی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان کاریگەریی هەیە؛ بەڵام زۆر کەس هەن کە لەگەڵ ئەم ڕوانگەیە دژایەتی دەکەن و بە تێڕوانینێکی هەڵەی دەزانن. بۆ نموونە کەسانێک وەک فۆدۆر[4] (1985) تیۆریی ڕێژەگەری وەک بەلەمێک دادەنێ کە هەندێک کەس سواری بوونە و بەبێ هیچ مەبەستێک لێی دەخوڕن. ئەوەی کە هەست دەکەین زمانەکەمان شێوەی تێفکرین و بیرکردنەوەمان پێک دەهێنێت بە تەواوی لەسەر بنەمایەکی خەیاڵاوی دامەزراوە. بۆ وێنە بیرکردنەوە لە مێشکی ئاژەڵەکاندا هەیە کە بەبێ بەکارهێنانی زمان جێبەجێ دەبێت (ڕێکرسۆن و هیڵتون، 2006 :72).

ستیڤن پینکەر[5] (1994 :55) لە کتێبی غەریزەی زمانی‌دا، ڕێژەگەریی زمانی بە تەواوی ڕەت دەکاتەوە و بە دیاردەیەکی لاواز و وەهماوی پێناسەی دەکات و پێی وایە بیرۆکەیەکی لەو جۆرە لەگەڵ حەقیقەت و ڕاستیدا ناگونجێت و تەنیا باوەڕ و بۆچوونێکی کوێرانەیە کە لە هەموو شوێنێکدا پەرەی پێ دراوە. هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستدا نییە کە بیسەلمێنێت زمان لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان کاریگەری دادەنێت.

جوناپۆلی و شۆنفێڵد هەندێک پرسیار دەخەنە ڕوو و دەڵێن: ئاخۆ خەڵکی ئیتالیا بە زمانی ئیتالی بیر دەکەنەوە؟ خەڵکی بۆستن و فیلادلفیا بە جۆرەزمانی خۆیان بیر دەکەنەوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا دەکرێ بڵێین وەڵامەکە نێگەتیڤ و نەخێرە؛ چونکە نموونەی بیرکردنەوە هەیە کە بەبێ یارمەتیی زمان لە مێشکدا دەخولقێت. بۆ نموونە، منداڵێکی کەڕ ڕەفتارێک لە خۆیەوە نیشان دەدات کە منداڵێکی تازە پێگرتوو لە خۆیەوە نیشانی نادات و ئەمەش کاتێکە کە لە گۆشەگیریی زمانیدا بەسەر دەبات؛ بەڵام توانای بیرکردنەوەی هەیە. نموونەیەکی دیکە کچێک بە ناوی جێنی بوو کە ساڵی ١٩٧٠ لە لۆسئەنجلۆس دۆزرایەوە کە لە زانیاریی زمانی بێبەش بوو؛

1. Hickmann
2. Machin & Mayr
3. Evans
4. Fodor
5. Steven Pinker

بەڵام دەیتوانی بیر بکاتەوە و لە ئاستی زمانیدا بیرکردنەوەیەکی جیا و سەربەخۆی هەبوو. تەنانەت مرۆڤ دەتوانێ بەبێ بیرکردنەوە قسەبکات و دواتر لە دەربڕینی قسەکانی پەشیمان ببێتەوە و قسەکانی ڕاست بکاتەوە یان دەتوانین شتێک بخوێنینەوە بەبێ ئەوەی بیر بکەینەوە و دواتر بۆمان دەردەکەوێت کە هیچێک لەو بابەتە تێنەگەیشتووین و هێشتا نازانین چیمان خوێندووەتەوە. کەواتە، ئەم ڕاستییە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زمان لە گوتن و نووسیندا ناتوانێ لەگەڵ هزر و بیرکردنەوەدا دەقاودەق بێت و هیچ کامیان پێوەندییان بە ئەوی دیکەوە نییە (جوناپۆلی و شۆنفێلد، 2010 : 55-50).

شێوازی نووسینمان زیاتر لە ژێر کاریگەریی خوێندنەوە و پێوەندیی لەگەڵ جۆرەکانی دەقدایە؛ واتە هەر کەسێک دەقی زیاتر بخوێنێتەوە لە نووسیندا شارەزاترە و دەقێکی جوان و پڕواتاتر دەنووسێت. سەبارەت بە مێتافۆری «زمان وەک بیرکردنەوە»، لە بەشی پێنجەمی کتێبەکەدا ئەم بابەتە بەپێی داتا زمانییەکان شی دەکەینەوە.

**وشەی بانگکردن[1] لە زماندا**

لە ناو ئاخێوەراندا هەمیشە بۆ بانگکردنی تاکەکان جۆرێک هەستیاری هەیە. بۆ نموونە بۆچی دەبێ کەسێک بە ناوی «مامۆستا»، «ئەندازیار»، «دوکتۆر» و هتد بانگ بکرێت یان بۆچی  هەر کەسێک بە وشەی ئاسایی و خۆمانی بانگ دەکرێت. بەگشتی بۆ ئاماژەکردن بە تاکەکانی کۆمەڵگا لە وشەی بانگکردن کەڵک وەردەگرین. زۆربەی ئەم وشانە ڕێژەی فەرمیبوون دەخەنە ڕوو یان لە زمانی ڕێزدارانە و مەودا کۆمەڵایەتییەکاندا کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە. بۆ نموونە لە کوردیدا دەتوانین وشەگەلی "کاک"، "خاتوون"، "مامۆستا" و هتد بەکار بهێنین.

لە شیکردنەوەی گوتادار، وشەی بانگکردن گرێ دراوە بە هێزی تاکەکانەوە. بۆ نموونە ئەو کەسانەی هێزی کۆمەڵایەتییان زۆرترە بە وشەی فەرمی بانگ دەکرێن. هەروەک بەیکر و ئێلیس دەڵێن: وشەکانی بانگکردن ئەو وشانەن کە بۆ ئاماژەکردن بە تاکەکان بەکار دەبرێن. ئەم وشانە دەتوانن باس لە کۆمەڵێک دیاردەی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆر بکەن و زۆربەیان ئاستی فەرمیبوونی تاکەکان بخەنە ڕوو کە پیشاندەری ڕێزگرتن یان مەودای کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکانن. بۆیە مەرجەکانی بانگکردنی تاکەکان پێوەندییان بە بنەمای کۆمەڵایەتیی تاکەکان یاخود بە لایەنی ڕێزداری و ئەدەبەوە هەیە (بەیکر و ئێلیس، 2010 : 149).

بۆ نموونە ئەگەر وشەی «مامۆستا» بۆ میکانیکی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل (فیتەر) بەکار بهێنین، هیچ پێوەندییەکی بە پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەم کەسەوە نییە؛ بەڵکوو  بەهۆی ڕێزگرتن لە پیشەکەیەتی کە ئەم جۆر وشانە بەکار دەهێنین. بە بڕوای کامێرون، یەکێک لە گرینگترین ڕێگەکان کە تێیدا ڕێزگرتن دەستنیشان دەکرێت، بەکارهێنانی هەڵبژاردنە زمانییەکانە کە لەم بەستێنەدا کاتێ کەسێک بانگ دەکەین یان ئاماژە بە کەسێک دەکەین، وشەکان ڕێک وەکوو

[1]. Address Term

ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانمان دەردەکەون (کامێرون، ٢٠١٢: ١٤٣). هەڵبژاردنی نەشیاوی وشەکان کارلێک و ڕەفتاری کەلامیی باش تێکدەدەن و بە وتەی یول هەڕەشەیەکن لەسەر سومعەی بەرانبەرەکەتان (یول 2000: 64-63).

بۆ کەسێک کە مامۆستای زانکۆیە، چاوەڕوان دەکرێت لە شوێنێکی فەرمی وەک زانکۆدا بە وشەی «پڕۆفیسۆر» یان «دوکتۆر» بانگ بکرێت، نەک بە وشەی گشتیی «کاک» و «خاتوون» و هتد؛ چونکە نیشانەی کۆمەڵایەتی و ناونیشانی پیشەیی ئەو کەسە لە بەستێنکی فەرمیدا جیاوازە لەگەڵ بەستێنێکی نافەرمی.

دەکرێ بڵێین کە بە هۆی جیاوازیی پێگەی کۆمەڵایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگاوە، بۆ بانگکردن و دواندنیان، هەستی هاوشانی و هێز، دووری و نزیکی، ڕێزداری و هتد گرینگییەکی بەرچاویان هەیە. لە بەستێنە کۆمەڵایەتییەکانەدا و لە نێوان پێگەی کۆمەڵایەتیی بێژەر و بەردەنگدا جیاوازی هەیە. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا نیشانە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانرێ بەم شێوانەی خوارەوە دەربیڕدرێن:

ناونیشانی زانستی و ئاکادمییەکان+ ناوی یەکەم یان نازناو:

أ) مامۆستا+ ڕێبوار

ب) دوکتۆر+ ڕێبوار و هتد.

جۆرێکی دیکە لە وشەی بانگکردن هەیە کە بە «نیشانەی کەسی»[1] ناوی لێ دەبەن. نیشانەی کەسی ئەو پۆلە زمانییانەیە کە بۆ نیشانەکردنی کەسەکان بەکار دەبرێن وەک: جێناوی ئەو، من، ئێوە، ئەوان. بە وتەیەکی دیکە، نیشانە کەسییەکان بۆ نیشانەکردنی کەسی یەکەم و کەسی دووەم و کەسی سێهەم و... بەکار دەبرێن و دەوری هاوبەشەکانی ئاخاوتن لە بارێکدا دیاری دەکەن، بۆ نموونە:

أ) ئەبێ تۆزێک وردتر بە ئێوەی خوێنەری بناسێنم.

ب) بۆ منی چیرۆکنووس زۆر دژوارە.

ت) باشە ئێستا لات وایە من بڕوا بەو قسەیەت ئەکەم.

ح) دەمبینی کە خەمبار و کز و داماوم.

نموونەیەکی ناسراو کە لە نیشانەی کەسیدا دەردەکەوێت و جیاوازیی نێوان بەردەنگی ئاشنا و نائاشنا لە هەندێک زماندا دەستنیشان دەکات پێی دەوترێت «جیاوازیی جێناوی تۆیی-ئێوەیی»[2]. سەر-وشەی «تی/ڤی T/V» لە یەکەمین پیتی دوو جێناوی زمانی فەڕەنسی tu (دووهەم کەسی تاک) و vous (دووهەم کەسی کۆ) وەرگیراوە. لە زمانیئیسپانیدا بریتییە لە (t ́u/usted) و لە زمانی ئەڵمانیدا (du/Sie)) ە هەندێ جار فۆرمی (تۆ T) وەکوو وشەیەکی خۆمانی و وشەی (ئێوە V) وەکوو فۆرمێکی ڕێزدارانە سەیر دەکرێت (وارداف، 2006: 260).

[1]. Person deixis

[2]. T/V distinction pronounce

هەروەک یول (2000) دەڵێت کەسی خاوەن پێگەی بەرزتر، بەتەمەنتر و بەهێزتر، دەخوازێ بەرانبەرەکەی کە خاوەن پێگەیەکی نزمتر، گەنجتر و لاوازترە، بە «تۆ» بانگ بکات، بەڵام لە بەرانبەردا، ئەو خۆی، بە «ئێوە» بانگ بکرێت. بۆ نموونە ئەگەر منداڵێک کەسێکی بەتەمەن و پیر یان بەساڵاچوو بە "تۆ" بانگ بکات، ئەوە جۆرێک بێڕێزیکردنە. بەگشتی، ئەو دەربڕینە نیشانەییانەی کە پلەی بەرز نیشان دەدەن، بە بانگکردنێکی ڕێزدارانە وەسف دەکرێن.

لە بیرمان نەچێت کە بەکارهێنانی زمان، تەنیا بەکارهێنانی ڕێساکانی ڕێزمانی نییە. لە کاتی بەکارهێنانی جێناوی "ئێوە" لە شێوەی ڕێزگرتندا ناوی دوای خۆی هەر لە شێوەی تاک دەردەبڕێت نەک بە شێوەی کۆ. بە ڕای وارداف (2006: 260) دەرئەنجامی بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست کە تێیدا چینی کۆمەڵایەتیی سەرتر و ژوورینی کۆمەڵگا، بۆ نیشاندانی ڕێز و ئەدەب لە ئاستی بەرانبەرەکەیاندا وشەی بانگکردنی "ڤی"یان بەکار دەهێنا. بە وتەی ترادگیڵ (2000: 131) دەکرێ ئەم دۆخە وەک نیشانەیەک بۆ جیاوازیی هێز دابنرێت؛ واتە ئەوانەی کە هێز و دەسەڵاتیان نەبوو بە جێناوی "تی" بانگ دەکران و ئەوانەی کە خاوەن هێز و دەسەڵات بوون بە "ڤی" بانگ دەکران.

**خشتەی جیاوازیی تۆیی-ئێوەیی لەزمانە جیاوازەکاندا**

| زمان | ئیسپانی | ئەڵمانی | ئینگلیزی کۆن | لاتینی | یۆنانی | ئیتالی | سویدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دووەم کەسی تاک | *du* | *du* | *thou* | *tu* | *esi* | *tu* | *du* |
| دووەم کەسی کۆ | *Sie* | *Sie* | *you* | *vos* | *esis* | *Lei* | *ni* |

جیا لە جێناوەکان، دەکرێ ئاماژە بە هەندێک وشە بکەین وەک "جەنابت"، "بەندە"، "ئەمن"، "سەرکار" کە وەک نیشانەی کەسی سەیر دەکرێن؛ چونکە ئەو وشانە پێوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەر و خاوەنی ئەو ناونیشانانەی سەرەوە دەخەنە ڕوو (سەعید[1]، 2016: 196).

لە کاتی قسەکردندا دەتوانین هەر شتێک کە پێمان خۆشە دەریببڕین یان بینووسین؛ بەڵام لە کردەوەدا پێویستە زۆربەی یاسا کۆمەڵایەتییەکان لە بەر چاو بگرین کە لەسەر شێوەی نووسین و گوتنمان کاریگەری دادەنێن. لە ڕەفتاری فەرمی یان ڕێزدارانەدا بنەماگەلێک هەن کە بە شێوەی ئاسایی وەریاندەگرین و لە کاتی ئاخاوتن لەگەڵ کەسانێکی بەتەمەنتر یان لە ئاستی ڕەگەزی بەرانبەردا بەکاریان دەهێنین.

لە زانستی مەبەستناسیدا، هەڵبژاردنی دەنگەکان هەمیشە لەسەر پێکهاتەی ڕێزمانی و وشە وەرگیراوەکانی زمان، کاریگەری دادەنێت. لەسەردەمی منداڵیدا فێری هەندێک لەم بنەمایانە دەبین. بۆ نموونە "سپاس، تکایە، ببوورن، داوای لێبوردنتان لێ دەکەم و ..." یان لە کەلتووری ئینگلیزیدا نابێ ژنێکی بەتەمەن بە وشەی "she" بانگ بکرێت. بەگشتی، لە زۆربەی زمانەکاندا جیاوازیی مەبەستناسانە لە نێوان هەموو بەستێنە فەرمییەکان، ڕێزداریی و دۆستایەتیی

[1]. Saeed

لەسەرجەم سیستەمە ڕێزمانی، وشەیی و دەنگییەکاندا هەیە کە پێگەی کۆمەڵایەتیی ئاخێوەران دیاری دەکەن (کریستاڵ، 2005 :215).

**شێوازی نووسین**

زۆربەی ئاخێوەرانی کۆمەڵگای کوردستان پێوەندییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ دەقدا نییە. بۆ نموونە نێونجی کتێبخوێندنەوە لە کوردستان شەش خولەکە و لەو ڕێژەیەش ٤ خولەکی تەرخان دەکرێت بۆ کتێبی دەرسی و دوو خولەکی بۆ کتێبی ئاسایی. لە حاڵێکدا نێونجی کتێبخوێندنەوە لە زۆربەی وڵاتانی دونیا ئەو ڕێژەیە ٩٠ خولەکە و تەنانەت تورکیا و مالزی بە تۆمارکردنی نێونجی ٥٠ خولەک ئاستی کتێبخوێندنەوەی شارۆمەندانیان لە ئێران زۆرترە (هەواڵدەری ئیلنا). ئەم ئامارە پیشان دەدات کە ئاخێوەران بە هەر زمانێک کە قسە دەکەن، لەگەڵ دەقدا نامۆن و پێوەندییەکی زۆر کەمیان لەگەڵ دەقەکەدا هەیە.

دیاردەیەکی وەها دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاخێوەران بە شێوەیەکی قووڵ لە دەقەکان تێنەگەن و تێگەیشتنێکی ئاسایی و سەرسەرییان لە دەقەکان هەبێت و هەمیشە لە نووسینی ئاستەم و پێکهاتەی ئاڵۆز و وشە و زاراوە دژوارەکان سکاڵا و گلەییان هەبێت یان لەوانەیە هەر دەقێک کە دەخوێننەوە، نووسەری دەقەکە بەوە تۆمەتبار بکەن کە وشەی بێسەروبن و نووسراوەی ناڕوون و ئاخاوتەی شاشوبێشی بەکار هێناوە بۆ ئەوەی خۆی بنوێنێت تاکوو خەڵک وا هەست بکەن خاوەن بیرکردنەوەیەکی قووڵە.

**بەم پێیە لەگەڵ دوو ڕوانگەدا ڕووبەڕوو دەبینەوە:**

1) ڕوانگەی یەکەم ئەوەیە کە هەندێک کەس پێیان وایە کە دەبێ دەقەکان بە شێوەیەکی سادە و ساکار بنووسرێن بۆ ئەوەی هەمووان لێی تێبگەن. ئەم ڕوانگەیە کە دەیەوێ هەموو بابەتێک خۆماڵی بکرێتەوە و بە زمانێکی سادە دەرببڕدرێت و بنووسرێت، جۆرێک «ڕەشۆکییاندن»[1]ی نووسراوەکانە. گرایس[2] دەڵێت: لە ڕێکاری شێوە[3]دا، دەبێ ڕوون بدوێین و لە دەربڕینی تەمومژاوی و لێڵی خۆ بپارێزین. هەروەها پوخت بدوێین و بە زیادەگوتنی ناپێویست، پێوەندییەکان نەپچڕێن (بەیکر و ئێلیس[4]، 2010 : 24). جگە لەوەش هەر نووسینێک دەبێ هەڵگری ئامرازەکانی لکاندن[5] (وەک تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکان) و لێکبەستنی واتایی[6] (وەک تایبەتمەندییە واتاییەکان) بێت. مەبەست لە لکاندن ئامرازە لکێنەرەکانە؛ بەڵام دەبێ ئەوە لە بەر چاو بگرین کە تێگەیشتنی ئێمە لە دەقەکان دەسکەوتی ڕێزمان و وشە و دەستەواژەکان و... نییە؛ بەڵکوو بۆ تێگەیشتنی باشتر لە دەقەکان دەبێ لە دەرەوەی دەقەکانەوە بڕوانینە

[1].Vulgarization
[2]. Grice
[3]. Maxim of manner
[4]. Baker& Ellece
[5]. Cohesion
[6].Coherence

ناوەوەی دەق و لە مێشکی خۆماندا نووسراوەکان و گوتراوەکان بەپێی ئەو شارەزاییەی کە لەسەر شتەکان هەمانە، شرۆڤە بکەین و لێیان تێبگەین (هالیدەی و حەسەن[1]، 1976).

2) ڕوانگەی دووەم لە بەرانبەر ڕوانگەی یەکەمدایە کە دژی سادەکردنەوەی نووسینەکانە. ئەم ڕوانگەیە بڕوای وایە کە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی جوان نەک هەر خەسارێک بە تێگەیشتنی دەقەکان ناگەیەنن؛ بەڵکوو جەستەی دەقێکی وشک و بێڕۆح زیندوو دەکەنەوە و وتەکان دەخەنە ناو دڵ و گیانی خوێنەرەوە. لە کۆتاییدا ئەوە ئەرکی خوێنەرە کە لە نووسینی نووسەرەکە تێ بگات و نابێ خوێنەر چاوەڕێی ئەوە بکات کە هەموو دەقێک ڕێک وەکوو دەقێکی هەواڵنێری یان ڕۆژنامەیی بنووسرێت و ئەو لێی تێ بگات؛ چونکە بڕیار نییە نووسەر ئاستی نووسینەکەی خۆی دابەزێنێت بەڵکوو ئەوە ئەرکی خوێنەرە کە دەبێ لە نووسراوەکان لە ئاستێکی باڵاتردا تێ بگات و ئاستی خوێندنەوەی خۆی بەپێی ئەو دەقەی کە بەرهەم هاتووە لەگەڵ نووسەرەکە هەڵسەنگێنێت.

ئەم دوو ڕوانگەیە هەمیشە لە بەرانبەر یەکتردا ڕادەوەستن. لێرەدا ئەگەر وەڵامێکی پەسەندکراومان بۆ هەردوو ڕوانگەکە هەبێت، ئەوەیە کە ڕوانگەی یەکەم ڕەچاوی شێوەزمان و شێوازی نووسینی دەقەکان ناکات (بڕواننە بەشی یەکەمی کتێبەکە). بۆ نموونە دەقێکی فەلسەفی، دەروونناسی، یاسایی و هتد، بڕیار نییە بە شێوەیەکی سادە بنووسرێت. جگە لەوەش، تێگەیشتن لە هەر دەقێک پێویستی بە زانستێکی پاشخان هەیە کە لەگەڵ ئەو دەقەدا پێوەندی هەبێت. دەکرێ هەموو دەقێک بە شێوازی جۆراوجۆر لێکبدرێتەوە، «واتا» تەنیا لە ناو دڵی وشەکاندا یان لە مێشکی ئەو کەسەیدا کە داهێنەری وشەکان بووە نادۆزرێتەوە؛ بەڵکوو «واتا» دەبێ لەلایەن ئەو کەسەی دەقەکە دەخوێنێتەوە بەرهەم بێت (کامێرون، 2012 :207).

بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی هەر دەقێک، دەبێ سێ ئاستی «وەسفکردنەوە»، «لێکدانەوە» و «ڕوونکردنەوە» لە بەر چاو بگرین کە ئەم سێ ئاستە لە شیکردنەوەی گوتاردا بۆ شیکاریی نووسینەکان پێشنیار کراوە. لێرەدا وەسفکردنەوە یەکێک لە سێ ئاستەکانی شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەییە کە پێش لێکدانەوە و ڕوونکردنەوە دەردەکەوێت و ئاماژە بە تایبەتمەندییە زمانییەکان دەکات. بۆ نموونە لەم ئاستەدا، دەبێ شێوەی هەڵبژاردنی وشەکان، شێوازی ڕێزمانی و پێکهاتەی دەقەکان شی بکرێنەوە (فێرکلاف، 1989: 26).

لە زانستە مرۆییەکانی وەک لقی ئەنترۆپۆلۆژی، میدیا، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و بوارەکانی دیکەدا کەموکوورییەک دەبینرێت کە شیکارییەکی قووڵ لە ڕووداوەکان ناخەنە ڕوو؛ چونکە لە شیکردنەوەکانیاندا بنەما زمانییەکان لە بەر چاو ناگرن. هەروەک هالیدەی دەڵێت: هەر شیکردنەوەیەک کە لەسەر بنەمای تیۆرییە زمانییەکان نەبێت، لە ڕاستیدا شیکردنەوە نییە؛ بەڵکوو تەنیا «شرۆڤەیەکی ئاسایی لە دەقەکەیە» (هالیدەی، 1994 : xvi–xvii).

---

[1]. Halliday & Hasan

کەواتە بۆ ئەوەی لە ناوەرۆک و قووڵایی دەقەکان و وتەکان تێبگەین، پێویستە شارەزاییمان بە سەر ئامرازە زمانییەکاندا هەبێت. بەگشتی، لێکۆڵینەوەکانی لقەکانی زانستە مرۆییەکان کە بە شیکردنەوەی دیاردەکانەوە سەرقاڵن، لە ئاستی وەسفکردنەوەی زمانیدا لاوازی و کەموکوورییەکی بەرچاویان هەیە؛ چونکە لێکدانەوە و شیکردنەوەکانیان بەپێی بنەما زمانییەکان نییە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوە شیکردنەوەکان ئەوەندە قووڵ و لۆژیکی و بەڵگەدار نەبن (آقاگل‌زادە، 1390 : 11).

دەکرێ بڵێین کە ڕوانگەی دووهەم ڕاستە؛ بەڵام بەو مەرجەی کە نووسەرەکان بە هونەری ڕیتۆریک[1] بەردەنگەکانی خۆیان فریو نەدەن. ڕیتۆریک یان هونەری ڕەوانبێژی، هونەری جوانکاریی وتەکانە کە تێکەڵ بە ڕازاندنەوەی مێتافۆر، وتەی سەروادار یان هەر ڕازاندنەوەیەکی دیکەیە تاکوو بەردەنگ هەست بە جوانکارییەکانی زمان بکات. لە لایەکی ترەوە هونەری ڕەوانبێژی، ئامرازی بەکارهێنانی ئەو وشانەیە کە بەهۆی باری سۆزدارانەوە، وتەکان لە ناخ و گیانی بەردەنگدا جێ دەکەنەوە و بە دڵی دەنیشێتەوە. زۆرجار نووسەرانێک هەن کە لە ڕێگەی هونەری ڕەوانبێژییەوە هەوڵ دەدەن ئەم پەیامە بە بەردەنگ ڕابگەیێنن کە بیرکردنەوەیەکی قووڵیان پێیە، لە حاڵێکدا دەق یان نووسراوەیەک هاوکات کە فۆرمێکی فریودەرانە و جوانی هەیە لەوانەیە ناوەرۆکەکەی بێواتا و پووچ بێت.

کەواتە ناکرێ خوێنەر بە جوانکاریی دەق و زمانێکی ئەدەبی فریو بدرێت؛ چونکە واتا و ناوەرۆک جیا لە فۆرم و جوانیناسی و ڕەوانبێژیی زمانە. هەروەک ئەرەستوو دەڵێت: بە مەبەستی کاریگەریی و فریونەخواردن لە ڕێگەی هونەری ڕەوانبێژییەوە، پێویستە لە ئامرازەکانی ڕەوانبێژیی زمانی تێبگەین (ژۆزێف، 2007 :112). خاڵی گرینگ ئەوەیە کە دەبێ بژاردەکانی چینە کۆمەڵایەتییەکان یان چینە پیشەییەکان لە چوارچێوەی شارەزایی و پسپۆڕایەتیی خۆیاندا بە شێوازێک لەگەڵ خەڵکی ئاساییدا نەدوێن کە تێگەیشتن لە وتەکانیان ئاستەم بێت و پێوەندییەکی دەسەڵاتدارانە لە نێوانیاندا ساز بکرێت (کامێرون، 2012 :68).

**جوانوێژی و ناحەزوێژی[2] لە زماندا**

هەندێک لە ئاخێوەران لە جیاتیی وشەی «مردن» دەستەواژەی «کۆچی دوایی» و لە جیاتیی «مستەڕاح» وشەی «توالێت» و هتد بەکار دەبەن. ئەم چەمکانەی کە ئاخێوەران لە جیاتیی یەکتر بەکاریان دەبەن بە «چاکبێژی» یان «جوانوێژی» ناو دەنرێت. جوانوێژی بەو وشە و دەستەواژە ناڕاستەوخۆیانە ئاماژە دەکات کە جێگەی وشە و دەستەواژە ڕاستەوخۆ و ناحەزەکان دەگرێتەوە (فان[3]، 2006 :71). بە وتەیەکی دیکە، جوانوێژی چەمکێکە کە ئاگایانە بۆ بەکارنەهێنانی ئەو وشە و چەمکانە بەکار دەبرێت کە باری نەرێنی و ناحەزیان هەیە؛ بەڵام ناحەزوێژی باری نەرێنی و نێگەتیڤی هەیە و واتای شاراوە و ناڕاستەوخۆی وشەکان ئاشکرا و

[1]. Rhetoric
[2]. Euphemism & Dysphemism
[3]. Fan

زەق دەکاتەوە. هەر بۆیە مەبەست لە جوانوێژی بەکارهێنانی وشەیەکە لە جیاتیی وشەیەکی دیکە کە دەشێ ناوهێنانی ئەو وشەیە ناحەز و بە عەیب و شوورەیی دابنرێت و بەپێی جوانوێژی دەبێ حەیا و ئەدەب بپارێزرێت؛ چونکە فۆرمی زمانی بێبایەخ و بێڕێزانە دەکات. هەروەک کامێرون (2012 :73) دەڵێت: لە جوانوێژیدا، وشەکان بە شێوەیەک دەردەبڕدرێن کە جوان دەرکەون. بە پێچەوانەوە لە ناحەزوێژیدا، وشەکان بە ڕاشکاوانە و بەبێ قایمکاری دەربڕینێکی ناخۆش و ناحەزیان هەیە.

ئەو وشە و دەستەواژە جوان و پەسەندکراوانە ڕێگەمان پێ دەدەن باسی شتە ناحەزەکان بکەین و لە ئاکامدا بە نهێنی یان بێلایەن بمێننەوە. ئەم ڕەوتە لە کۆمەڵگاکاندا زۆر باو و گشتگیرە، ئاخێوەران بەردەوام سەرلەنوێ شتەکان ناو دەنێن و پۆلێنیان دەکەنەوە بە مەبەستی ئەوەی باشتر و جوانتر دەربکەون (وارداف، 2006 : 249). لە ڕوانگەیەکی دیکەدا، هەندێ جار ناحەزوێژی لە زماندا زۆر پێویستە، بەتایبەت بۆ کەسانێک کە پەی بە گەمژەیی خۆیان ببەن. هەڵبەت بڕیار نییە ئەو دیاردانەی کە نەرێنی و نێگەتیڤن، هەمیشە وەک دیاردەیەکی شیاو و ئەرێنی بنوێندرێن. بۆ نموونە نووسەری بەناوبانگ جۆرج ئۆروێل لە نووسینەکەیدا کەمتر جوانوێژیی بەکار هێناوە. ئەو بڕوای وا بوو کە جوانوێژی و زمانی ئەکادیمی، واتا ڕاستییەکان کاڵ دەکەنەوە و وردەکارییەکان دادەپۆشن (باتیستێلا، 2005 :30).

لە زمانی نووسین و گوتندا، جۆرێکی دیکە لە جوانوێژی هەیە کە پێی دەڵێن «فریوـوشە»[1] کە لە بەکارهێنانی زماندا، بیرکردنەوە و تێفکرینی ئاخێوەران دەشارێتەوە و بە لاڕێیدا دەبات. فریوـوشە چەمکێکی سەرەکییە لە جبەخانەی ڕژێمە تۆتالیتارییەکاندا و هەوڵ دەدات دڕندەییە وەسفهەڵنەگرەکان بە شیاو و گونجاو لە قەڵەم بدات و تەنانەت بە شێوەی مرۆڤانە و شارستانیانە بیانخاتە ڕوو. بەگشتی، فریوـوشە لە زمانی سەربازیدا دیاردەیەکی باو و ئاساییە. هەرچی نەرێنی و نادادپەروەرانە بێت، لە ڕێگەی فریوـوشەوە ئەرێنی و ڕەوا و پەسەندکراو دەنوێندرێت (کاتامبا[2]، 2006 :2). بۆ نموونە «ئەنفال یان شاڵاوی ئەنفال» لە لایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە بووە هۆی کۆمەڵکوژیی و قڕکردنی کورد؛ ئۆپەراسیۆنی «کانیی ئاشتی» لە لایەن ڕەجەب تەیب ئەردۆغانەوە بووە هۆی کۆکوژیی و دەستدرێژیکردنە سەر خاکی ڕۆژاوا[ی کوردستان]؛ ئۆپەراسیۆنی «ڕێگەچارەی کۆتایی» لە لایەن هیتلەرەوە بووە هۆی کوشتنی بەکۆمەڵی جوولەکەکان و هەروەها ئۆپەراسیۆنی «ئازادیی درێژخایەن» لە لایەن جۆرج بووشەوە بووە هۆی قڕکردن و لەناوبردنی ملیۆنان کەس لە خەڵکی مەدەنی کە هەموو ئەم فریوـوشانە بیانوویەک بوون بۆ ئەوەی تۆتاڵیتارەکان تەپڵی شەڕ لێ بدەن و ڕۆژنامەنووسان بەپێی ڕەچەتەگەرایی و تەجویزی دەسەڵاتدارەکان، لە هەواڵەکانی جیهاندا، ئەم جۆرە وشانە بەکار بهێنن. ئۆگدن و ڕیچاردز[3] بڕوایان وابوو کە شەڕی یەکەمی جیهانی دەرئەنجامی

[1]. Doublespeak
[2].Katamba
[3]. Ogden & Richards

بەکارهێنانی نەشیاوی وشە دەرهەستە ئاڵۆزەکان بوو و هەر چەشنە هیوایەک بۆ ئاشتیی جیهانی داهاتوو، پێشمەرجەکەی دەگەڕێتەوە بۆ توانایی بیرکردنەوەی خەڵک تاکوو بتوانن واتای ئەو جۆرە وشانەی کە بە شێوەیەکی نابەجێ و نەشیاو بەکار دەبرێن، ڕەچاو بکەن (ئۆگدن و ڕیچاردز، 1923). ستوارت چەییز[1] (1983) لە کتێبی ستەمکاریی وشەکاندا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کێشەی سەرەکیی جیهانی مۆدێرن وشە و دەستەواژەی ئەبستراکت و دەرهەستەکانە کە سەرچاوە و بەرئاماژەکانی نادۆزرێنەوە، وەک «نیشتمانی ئاریایی» کە لە ڕەگەزەکانی دیکە سەرترە و هەڵگری هیچ واتایەک نییە و هیچ مانایەکی لێ دەرناکەوێت.

**هەندێ جار لە قسەکردن و بەتایبەت لە نووسیندا، هەندێک چەمک و دەستەواژە لەسەردێڕی هەواڵەکاندا دەبینین کە بەم شێوەی خوارەوە دەخرێنە ڕوو:**

**«کەیهان، ژمارە *2089٧*، ٢٤ی ڕەزبەری *2714*»**

- شەمەندەفەری ئەورووپی لەسەر ڕێگای جیاییخوازی، وێستگەی داهاتووی کەتەلۆنیایە.

**«ئیسنا، کۆدی هەواڵ: *96042011080*، ٢٠ی پووشپەڕی *2717*»**

- دەمیرتاش بۆ ئەردۆغان: بیسەلمێنە کە من تیرۆریستم.

ئەو وشانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە وەک «تیرۆریست» و «جیاییخواز»، پیشاندەری گەڵاڵەی زەینی‌ـئەتنیکی‌ـڕەگەزین کە لە ڕەوتی وشاندن یان شێوازی وشەیی[2]دا، ڕەگەزپەرستییەکی شاراوەیان پێوە دیارە و وەک ئاماژەر و دالێکی ئایدیۆلۆژیکی دەنوێندرێن (ڤەندایک[3]، 1993 : 5-1). بە وتەیەکی تر، لە هەڵبژاردنی وشەکاندا، چەمک و بیروباوەڕە ژێرخانەکان لەگەڵ هەندێک پێکهێنی وشەیی تایبەتدا دەخرێنە ڕوو کە ئەم دیاردەیە پێوەندیی بە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیکی و سیاسیی نووسەرانەوە هەیە. بۆ نموونە نووسەران لە نووسراوەکانی خۆیاندا «ئەندامانی خودی» بە شێوەیەکی ئەرێنی و «ئەندامانی ئەویتر» بە شێوەیەکی نەرێنی دەنوێننەوە (ڤەندایک، 2006 : 77)؛ واتە ئاستی خۆیان بەرزتر نیشان دەدەن و ئاستی ئەوان نزمتر. بۆ نموونە ڕەنگە لە زمانی گوتن و نووسیندا، گرووپە دژبەرەکان بە «گەندەڵ»، «ئاژاوەگێڕ»، «چەتە»، «تاڵانچی»، «دز»، «پەلاماردەر»، «هێرشکەر»، «تیرۆریست»، «جیاییخواز»، «پانکورد» و... بنوێندرێن و گرووپەکانی خۆیان بە شێوازێکی ئەرێنی و دەربڕینێکی سۆزدارانە وەک «گەنجانی قارەمان»، «نیشتمانپەروەر»، «خەڵکی ڕاستەقینە»، «ئازادیخواز»، «بوێر»، «ئەفسەرانی ئازا» و... بنوێندرێن کە ئەم جۆرە وشاندن و شێوازی وشەییە، ڕەگەزپەرەستییەکی شاراوە دەخەنە ڕوو. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەو گرووپە باڵادەستانەی خاوەن هێز و دەسەڵاتن و پێگەیەکی بەرزتریان لە باری کەلتووری و زمانییەوە هەیە، هەرگیز لە چاپەمەنی و نووسراوەکاندا بە وشەی «پان»، «جیاییخواز» بانگ ناکرێن و

[1]. Stuart Chase
[2]. Lexical style
[3]. Van Dijk

نانوێندرێن، یان بە دەگمەن ئەم وشانەیان بۆ بەکار دەبرێت. چونکە ئەم جۆرە گرووپانە خۆیان بە خاوەنی سەرەکیی وڵات دەزانن هیچکات مۆرکی پان و جیاییخوازیان لێ نادرێت.

**تێگەیشتنی هەڵە لە وەرگێڕان**

جاروبار وەرگێڕ ڕستەیەک، نووسراوە یان دەقێک وەردەگێڕێتەوە بەڵام هەندێک کەس بەبێ هیچ چوارچێوە و ڕوانگەیەکی تایبەت، بە دووی هەڵەکانی وەرگێڕدا دەگەڕێن و هاوتا و هەمبەری وشەکان پێشنیار دەکەن و وەرگێڕانەکەی خۆیان بە شیاو دەزانن. لە ئاکامیشدا هەست دەکەن کە ڕەخنەیەکی زانستییانەیان سەبارەت بە وەرگێڕانی وەرگێڕ پێشنیار کردووە؛ بەڵام لە ڕاستیدا ئەم جۆرە ڕوانگەیە لە وەرگێڕانناسیدا، ڕوانگەیەکی زانستییانە نییە.

وەرگێڕان لە پێناسەیەکی گشتیدا، بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت: وەرگێڕاندا دەقی سەرەکی کە زیاتر بە «دەقی سەرچاوە»[1] ناو نراوە، جێگەی خۆی دەدات بە دەقێکی دیکە کە زمانێکی جیاوازی هەیە وبە «دەقی مەبەست»[2] یان دەقی ئامانج ناو نراوە (هاوس[3]، 2018 :9)؛ بەڵام پێناسەیەکی وەها تا ڕادەیەکی زۆر ساکار و سەرەتاییە؛ چونکە بۆئەوەی بمانەوێ وەرگێڕان پێناسە بکەین، دەبێ وەرگێڕان وەک ڕەوتێک[4] سەیر بکەین؛ واتە ڕەوتێکی گواستنەوەیی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر کە بابەتێکی هاوشێوە لە چوارچێوەی وشە جۆراوجۆرەکاندا باس بکات. ئەم جۆرە پێناسەیە ڕێگە دەدات تاکوو هەر چەشنە نووسینەوە و داڕشتنەوەیەک لە ڕووی زمانێکی ترەوە بە وەرگێڕان ناو لێ ببەین (بۆزبائر[5]، 2011 :7).

هەندێک کەس تێگەیشتنێکی تەواو و زانستییانەیان سەبارەت بە جۆرەکانی وەرگێڕان نییە و وا دەزانن کە وەرگێڕان تەنها بە چەند جۆری کەم دابەش دەبێت، لە حاڵێکدا وەرگێڕان ڕێژەیەکی بەربڵاو لە خۆ دەگرێت کە لە خوارەوە هەرکام لەم چەشنە وەرگێڕانانە پێناسە دەکەین:

1) وەرگێڕانی ڕەها[6]: لەم وەرگێڕانەدا، فۆرم و ناوەڕۆکی دەقی زمانی سەرچاوە ڕێک لە دەقی زمانی مەبەستەدا دەپارێزرێت.
2) وەرگێڕانی کورتە (پوختە)[7]: لەم وەرگێڕانەدا، کورتە یان پوختەیەک لە دەقی سەرچاوەکە وەردەگێڕدرێت.
3) وەرگێڕانی شیاو (پەژرێنی)[8]: لەم وەرگێڕانەدا، گرینگی بە نۆرمەکان و کەلتووری زمانی مەبەست دەدرێت.
4) وەرگێڕانی بەس (پوخت)[9]: لەم وەرگێڕانەدا، گرینگی بە نۆرمەکان و کەلتووری زمانی سەرچاوە دەدرێت.

[1]. Source text
[2]. Source text
[3]. House
[4].Process
[5]. Boase-Beier
[6]. Absolute translation
[7]. Abstract translation
[8]. Acceptable translation
[9]. Adequate translation

5) وەرگێڕانی شیکردنەوەیی[1]: وەرگێڕانێکی ڕوونکردنەوەییە کە بەپێی ڕێکردێکی شیکارانە جۆرەکانی وەرگێڕانی ئازاد و وەرگێڕانی وشە بە وشە لە خۆ دەگرێت.

6) وەرگێڕانی هەڵگەڕاو[2]: وەرگێڕانی وشە بە وشەی دەقی زمانی مەبەست یان بەشێک لە دەقی زمانی مەبەستە. مەبەست لەم جۆرە وەرگێڕانە زیاتر وەسفکردنی دەقی سەرچاوە یان ڕەوتێکی وەرگێڕانە بۆ ئەو بەردەنگانەی کە لەگەڵ زمانی مەبەستدا بێگانەن.

7) وەرگێڕانی بێسەروا[3]: وەرگێڕ هەوڵ دەدات باشترین و گونجاوترین هاوتا بۆ وشەکانی شیعری زمانی سەرچاوە لە زمانی مەبەستدا بدۆزێتەوە و لە ئاکامدا شیعرێک بە شێوەی ئازاد یان نوێ دەخولقێت کە وەرگێڕانە واتاییەکەی بێهەڵە بێت.

8) وەرگێڕانی ڕاگەیێنەیی (گەیاندن)[4]: مەبەست لەم وەرگێڕانە گەیاندنی زانیارییە و پەیوەندیگرتنە لەگەڵ بەردەنگ. ئەم وەرگێڕانە هەوڵ دەدات واتای بەستێنی دەقی سەرچاوە بە شێوەیەکی ورد و دروست بە زمانی مەبەست دەرببڕێت کە خوێنەر لە ناوەرۆک و زمانەکەی بە ئاسانی تێ بگات. ئەم جۆرە وەرگێڕانە سادە و ڕوونە و بە زمانێکی ڕەوان و پاراو نووسراوە کە لێکگەیشتنی لەگەڵ خوێنەردا هەیە.

9) وەرگێڕانی شاراوە[5]: ئەم وەرگێڕانە لەسەر گۆڕانکارییەکان جێبەجێ دەبێت کە شوێنپێی دەقی سەرچاوە لە وەرگێڕانەکەدا ون دەبێت و پێگەکەی لە کەلتووری دەقی مەبەستدا داگیر دەکرێت. بەگشتی، ئەم وەرگێڕانە بە شێوەیەک دەخرێتە ڕوو کە خوێنەر هەست نەکات دەقەکە جۆرێک وەرگێڕانە و ئەرکی وەرگێڕ شاردنەوەی دەقی سەرچاوەکەیە. هەروەها وەرگێڕی دەقەکە، نادیارە و لە پشت دەقەکەوە خۆی حەشار داوە.

10) وەرگێڕانی کەلتووری[6]: وەرگێڕانێکە کە پەیامی دەقی سەرچاوە لەگەڵ کەلتووری دەقی مەبەستدا ڕێک دەخات. وەها وەرگێڕانێک زۆرجار زیادکردنەوە و کەبوونەوەی لەگەڵدایە و وەرگێڕانێکی وەفادار و بەئەمەگ نییە.

11) وەرگێڕانی هێڵکارانە[7]: لەم جۆرە وەرگێڕانەدا گواستنەوەی ناوەرۆکی دەقی سەرچاوە بۆ دەقی مەبەست، لە ڕێگەی هێڵکارییەوە جێبەجێ دەبێت نەک لە ڕێگەی خودی دەقەکەوە. ئەم جۆرە وەرگێڕانە لە بەستێنە پیشەییەکاندا بەکار دەهێنرێت.

12) وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ[8]: وەرگێڕانێکە کە بە واتای ڕاست و ڕاشکاوی دەقە سەرەکییەکە نزیکە. ئەم جۆرە وەرگێڕانە زیاتر لێکدانەوەییە؛ بەڵام لە باری واتای سەرەکییەوە، دەقی مەبەست ڕێک وەکوو دەقە سەرچاوەکەیە.

---

[1]. Analytic translation

[2]. Back-translation

[3]. Blank verse translation

[4]. Communicative translation

[5]. Covert translation

[6]. Cultural translation

[7]. Diagrammatic translation

[8]. Direct translation

13) وەرگێڕانی ئەتنیکتەوەر[1]: وەرگێڕانێکە کە لایەنە ئەتنیکی، کەلتووری، ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای سەرچاوە دەپارێزێت.

14) وەرگێڕانی ئەتنیکنووسانە[2]: وەرگێڕانێکە کە زانیاریی کەلتووری لە زمانی سەرچاوە دەخاتە ڕوو و دەقی سەرچاوەکە بۆ خوێنەر ئاسان و ساکار دەکاتەوە.

15) وەرگێڕانی لێکدانەوەیی[3]: سەبارەت بە دەقی زمانی سەرچاوە ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر دەخاتە ڕوو.

16) وەرگێڕانی ڕەوان[4]: ئەم جۆرە وەرگێڕانە پێکهاتەی زاراوەیی، فرەواتایی، زاراوە کۆن و پسپۆڕییەکان و هەروەها گۆڕانکاریی کێش و ئاهەنگی تێدا نییە. وەرگێڕانی ڕەوان وێنایەکی درۆیین یان وەهمێک ساز دەکات کە ڕێک وەکوو دەقە بێگانەکەیە و ڕەنگدانەوەی مەبەستەکان و بیروباوەڕی نووسەری دەقەکەی تێدایە. وەرگێڕانی ڕەوان دەبێتە هۆی نادیاربوونی وەرگێڕ لە ناو وەرگێرانی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا. وەرگێڕانی ڕەوان چاوپۆشی لە تایبەتمەندییە کەلتوورییەکانی ئەتنیکی سەرچاوە دەکات و بە خۆماڵیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی وەرگێڕانەکە، جێپێی ئەم کردەوە توندوتیژانەش دەشارێتەوە.

17) وەرگێڕانی ئازاد (سەربەخۆ)[5]: لەم جۆرە وەرگێڕانەدا ناوەڕۆکەکە بەبێ لەبەرچاوگرتنی فۆرمەکەی لە دەقی سەرچاوەدا، دەگوازرێتەوە بۆ دەقی مەبەست. لە وەرگێڕانی ئازاددا هیچ ڕێسایەک بۆ وەرگێڕان لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی مەبەست دەستنیشان نەکراوە.

18) وەرگێڕانی پڕ (کامڵ)[6]: لەم وەرگێڕانەدا، تەواوی دەقەکە وەردەگێڕدرێتەوە؛ واتە هەموو پێکهاتە دەقییەکانی زمانی سەرچاوە جێگەی پێکهاتە دەقییەکانی زمانی مەبەست دەگرێتەوە.

19) وەرگێڕانی وشەیی[7]: لەم جۆرە وەرگێڕانەدا وەرگێڕ هەوڵ دەدات فۆرم و ناوەڕۆکی دەقە سەرەکییەکە بە شێوەیەکی وشەیی و وتادار وەربگێڕێتەوە. ئەم جۆرە وەرگێڕانە زیاتر لە بەشی فێرکاریدا بەکار دەبرێت. وەها وەرگێڕانێک پێویستی بە تێبینی و پەراوێزنووسی هەیە بۆ ئەوەی خوێنەر بە تەواوی لە دەقە سەرەکییەکە تێ بگات.

20) وەرگێڕانی ڕێزمانی[8]: لەم جۆرە وەرگێڕانەدا پێکهێنە ڕێزمانییەکانی دەقی مەبەست بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک جێگەی پێکهێنە ڕێزمانییە هاوتاکانی دەقی سەرچاوە دەگرێتەوە.

21) وەرگێڕانی ئیدیۆمەتیک[9]: وەرگێڕانێکە کە هەمان واتای زمانی سەرچاوە دەگەیەنێت؛ بەڵام لە چوارچێوەی زمانی سروشتیی وەرگێڕدا دەخرێتە ڕوو؛ واتە فۆرمی دەقەکە دەگۆڕدرێت و واتاکەی دەپارێزرێت. ئەم جۆرە وەرگێڕانە سەرەڕای گەیاندنی «پەیام»ی دەقە

---

[1]. Ethnocentric translation
[2]. Ethnographic translation
[3]. Exegetic translation
[4]. Fluent translation
[5]. Free Translation
[6]. Full translation
[7]. Gloss translation
[8]. Grammatical translation
[9]. Idiomatic translation

سەرەکییەکە، بەهۆی بەکارهێنانی ئەو زاراوە و دەستەواژانەی کە لە دەقی سەرەکیدا نین، واتاکە ئاڵۆز دەکەنەوە.

22) وەرگێڕانی ئامێریانە[1]: لەم وەرگێڕانەدا ئەرکی دەقی مەبەست زاڵتر دەبێتەوە و هەندێک زانیاریی لە بوارێکی تایبەت یان گشتیدا دەخرێنە ڕوو کە گرینگییەکی ئەوتۆ نادرێتە لایەنەکانی جوانیناسی.

23) وەرگێڕانی نێوانهێڵی[2]: ئەم جۆرە وەرگێڕانە لە زمانناسیدا، وەرگێڕانێکی سەرچاوەتەوەرە و بە تەواوی جەخت دەکاتە سەر زمانی سەرچاوە و هەوڵ دەدات سینتاکس (نەحو) ی زمانی سەرچاوە بخاتە ڕوو. بەگشتی، ئەم جۆرە وەرگێڕانە زیاتر لەلایەن زمانناسانەوە بەکار دەبرێت کە جیاوازییە پێکهاتەیی و سینتاکس (نەحو) ییەکانی هەردوو زمانەکە تاوتوێ دەکەن.

24) وەرگێڕانی نێوانزمانی[3]: لەم جۆرە وەرگێڕانەدا نیشانە زمانییەکان لە ڕێگەی نیشانەکانی دیکەوە لێک دەدرێنەوە. بۆ نموونە وەرگێڕان لە فارسییەوە بۆ ئینگلیزی یان لە عەرەبییەوە بۆ فارسی.

25) وەرگێڕانی نێواننیشانەیی[4]: لەم جۆر وەرگێڕانەدا، نیشانە زمانییەکان لە ڕێگەی نیشانە نازمانییەکانەوە لێک دەدرێنەوە. سەرەتا وەرگێڕان لە نیشانەی زمانییەوە بۆ زمانێک وەک زمانی کەڕەکان بووە؛ بەڵام دواتر ئەم جۆرە وەرگێڕانە بۆ وەرگێڕانی فرەمیدیایی پەرەی سەندووە. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە فیلمێک بکەین کە لەسەر بنەمای ڕۆمانێک ساز کراوە.

26) وەرگێڕانی دەروونزمانی[5]: لەم جۆرە وەرگێڕانەدا، نیشانە زمانییەکان لە ڕێگەی نیشانەکانی دیکەوەوە لە هەمان زماندا لێک دەدرێنەوە. ئەم جۆرە وەرگێڕانە نزیکە لە وەرگێڕانی دووبارەوێژی[6] یان نووسینەوەی دەقێک بۆ بەردەنگی جیاواز لە هەمان زماندا. بۆ نموونە نووسینەوەی بەرهەمێکی کلاسیک بۆ تازەلاوان، یان وەرگێڕانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی لە کوردیی کورمانجییەوە بۆ کوردیی سۆرانی بە دەستی هەژار.

27) وەرگێڕانی پێچەوانە[7]: وەرگێڕان بە زمانێکی تر جگە لە زمانی یەکەم (واتە زمانی دایکی) کە جۆرێکە لە وەرگێڕانی خزمەتکارانە.

28) وەرگێڕانی فەرهەنگی[8]: پێکهێنە وشەییەکانی دەقی سەرچاوە بەبێ هیچ گۆڕانکارییەکی ڕێزمانی، جێگەی پێکهێنە وشەییەکانی زمانی مەبەست دەگرنەوە.

---

1. Instrumental translation
2. Interlinear translation
3. Interlingual translation
4. Intersemiotic translation
5. Intralingual translation
6. Paraphrase
7. Inverse translation
8. Lexical translation

29) وەرگێڕانی دەقاودەق[1]: ئەم وەرگێڕانە هاوشێوەی وەرگێڕانی وشە بە وشەیە کە لە ڕێزمانی زمانی سەرچاوە پێڕەوی دەکات. بە وتەیەکی دیکە، لەم وەرگێڕانەدا، پێکهاتە ڕێزمانییەکانی زمانی سەرچاوە بە نزیکترین هاوتاکانی زمانی پێگە و وشەکانییەوە، بە شێوەیەکی وشە بە وشە وەردەگێڕدرێنەوە.

30) وەرگێڕانی ئەدەبی[2]: وەرگێڕانی هەر جۆرە بەرهەمێکی ئەدەبی، وەک گێڕانەوەی پەخشانی وێژەیی، دراما و شیعر کە زیاتر تایبەتمەندییە ئەدەبییەکان دەپارێزێت. وەها وەرگێڕانێک پێویستی بە داهێنان و هەندێ جار ئافراندنەوە و خولقاندنەوە هەیە و لە زۆر حاڵەتدا بە جۆرێک لە نووسەری دادەنرێت کە دەبێ وەرگێڕەکە خۆی نووسەر یان شاعیر بێت.

31) وەرگێڕانی کەمینەسازی[3]: وەرگێڕانێکی لەم جۆرە بۆ زمانە کەمینەکان سەرنجڕاکێشە؛ چونکە بە دوای داهێنانی کەلتووری و زەقکردنەوەی جیاوازییە کەلتوورییەکاندا دەگەڕێت.

32) وەرگێڕانی ناهاوشان[4]: ئەم وەرگێڕانە کاتێک بەکار دەبرێت کە وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ لە ئارادا نەبێت و توخمە پێکهاتەیی یان چەمکییەکانی زمانی سەرچاوە بەبێ گۆڕینی واتا یان تێکدانی ڕیزبەندیی ڕێزمانی و شێوازی، بگوازرێتەوە سەر زمانی مەبەست. ئەم جۆرە وەرگێڕانە کاتێک ڕوو دەدات کە وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ واتایەکی تر دەگەیەنێت یان هیچ واتایەکی نییە یان لە ڕووی ڕێزمانییەوە ڕێک ناکەوێت یان هاوتایەک دەخولقێنێت کە بە چاو دەقی سەرچاوەوە، جیاوازە.

33) وەرگێڕانی ڕاشکاو[5]: ئەم وەرگێڕانە لەسەر گۆڕانکارییەکان جێبەجێ دەبێت کە شوێنپێی دەقی سەرچاوەکە لە وەرگێڕانەکەدا ون دەبێت و پێگەی دەقی سەرچاوە لە کەلتووری دەقی مەبەستدا داگیر دەکرێت. بەگشتی، ئەم وەرگێڕانە بە شێوەیەک دەخرێتە ڕوو کە خوێنەر هەست نەکات دەق جۆرێک وەرگێڕانە و ئەرکی وەرگێڕ شاردنەوەی دەقی سەرچاوەکەیە. هەروەها وەرگێڕی دەقەکە نادیارە و لە پشت دەقەکەدا خۆی حەشار داوە.

34) زێدەوەرگێڕان[6]: ئەم وەرگێڕانە بۆ وەسفکردنەوەی دۆخێکە کە تێیدا دوو یەکەی وەرگێڕان تەنیا بۆ یەکەیەک بەکار دەهێنرێنن و بە هۆی قەرەبووکردنەوەی واتا لەم وەرگێڕانەدا، وردەکاریی زۆرتر بە وەرگێڕانەکە زیاد دەکرێت. بە وتەیەکی تر، لەم وەرگێڕانەدا وشەکانی دەقی سەرچاوە لە دەقی مەبەستدا زیاترن.

35) وەرگێڕانی ناتەواو[7]: ئەم جۆرە وەرگێڕانە لە بەرانبەر وەرگێڕانی پڕ (کامڵ) دا دەردەکەوێت. لە وەرگێڕانێکی ناتەواودا، هەندێک بەش لە دەقی سەرچاوەدا بەبێ وەرگێڕان دەمێننەوە. ئەم پێکهاتانە لە دەقی مەبەستدا بە هەمان شێوە دەخرێنە ڕوو.

---

[1]. Literal translation
[2]. Literary translation
[3]. Minoritizing translation
[4]. Oblique translation
[5]. Overt translation
[6]. Over-translation
[7]. Partial translation

36) وەرگێڕانی چالاک[١]: بە جۆرێک لە وەرگێڕان ئاماژە دەکات کە لە نێوان وەرگێڕانی واتایی و وەرگێڕانی ڕاگەیێنیدا دەخرێتە ڕوو. ئەم جۆرە وەرگێڕانە لە لایەکەوە لەگەڵ زمانی مەبەستدا ڕێک دەکەوێت و ئازادانە لە بەرانبەر توخمەکانی زمان و کەلتووری مەبەستدا دەردەکەوێت. لە لایەکی دیکەشەوە ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە وەرگێڕانی دەقی مەبەستدا دەیخولقێنێت، لە ژێر کاریگەریی نرخ و بەها تایبەتەکانی وەرگێڕدایە.

37) وەرگێڕانی بنەڕەتی[٢]: بە وەرگێڕانێک ئاماژە دەکات کە نە پشت بە لێکچوونە زمانییەکان دەبەستێت و نە جەخت لەسەر لێکچوونە کەلتوورییەکانی نێوان هەردوو زمانی سەرچاوە و مەبەست دەکاتەوە. لەم جۆرە وەرگێڕانەدا وەرگێڕ دەبێ واتای دەقی سەرچاوە و زمانی سەرچاوە لە بناغەوە ڕەمزشکێنی بکاتەوە.

38) وەرگێڕانی سنووردار[٣]: لە وەرگێڕانی سنوورداردا، پێکهێنە دەقییەکانی زمانی سەرچاوە بە چاو پێکهێنە دەقییەکانی زمانی مەبەست ناتەواون و هەموو ئاستە پێکهاتەییەکان (وەک ئاستی دەنگی، وشەیی، ڕێزمانی) ناگرێتەوە و وەرگێڕان تەنیا ئاستێک لەو بوارانە لە خۆ دەگرێت.

39) وەرگێڕانی سەروادار[٤] : وەرگێڕانێکە کە سەروای دەقی سەرەکی دەگوازێتەوە بۆ زمانی مەبەست.

40) وەرگێڕانی واتایی[٥]: بە وەرگێڕانێک ئاماژە دەکات کە زیاتر گرینگی و بایەخ بە جوانکاریی دەقی سەرچاوە دەدات. لەم جۆرە وەرگێڕانەدا فۆرم زۆر گرینگە و نابێ هیچ گەمەیەکی زمانی یان پێکهێنی جوانکاری لە دەقی کۆتاییدا بسڕدرێتەوە.

41) وەرگێڕانی چەمک بە چەمک[٦]: ئەم جۆرە وەرگێڕانە لە بەرانبەر وەرگێڕانی وشە بە وشەدایە و بە گواستنەوە و ناوەرۆکی واتاکان زیاتر گرینگی دەدرێت.

42) وەرگێڕانی پسپۆڕانە[٧]: وەرگێڕانی دەقی پسپۆڕانەیە کە لە بوارە جیاوازەکانی زانستی وەکوو یاسا، ئابووری، بازرگانی و هتددا دەخرێتە ڕوو.

43) وەرگێڕانی تەواو[٨]: وەرگێڕانێکە کە تێیدا هەموو ئاستە زمانییەکانی دەقی سەرچاوە، جێگەی ئاستە زمانییەکانی دەقی مەبەست دەگرێتەوە.

44) وەرگێڕانی بێسنوور[٩]: وەرگێڕانێکە کە تێیدا «هاوتا سەربەخۆکان لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی تر دەجووڵێن» وەک چۆن وشەی «fetch» لە زمانی ئینگلیزیدا وەرگێڕدراوە بۆ «چوون و هێنان» لە کوردیدا. لەم نموونەیەدا پلەی ڕێزمانیی وشەکە بە پلەیەکی گرووپی واتە گرێیەکی ڕێزمانی گۆڕدراوە.

---

[1]. Proactive translation

[2]. Radical translation

[3]. Restricted translation

[4]. Rhymed translation

[5]. Semantic translation

[6]. Sense-for-sense translation

[7]. Specialist translation

[8]. Total translation

[9]. Unbounded translation

45) وەرگێڕانی هۆنراوە بۆ پەخشان[1]: لەم جۆرە وەرگێڕانەدا، هۆنراوە یان شیعر بە پەخشان وەردەگێڕدرێتەوە؛ بەڵام هاوکات ئەم جۆرە وەرگێڕانە، واتا و بایەخی گەیاندن و پێکهاتەی ڕێزمانیی دەقی سەرچاوە تێک دەدات.

46) وەرگێڕانی ستوونی[2]: وەرگێڕانی زمانێک کە خاوەن سومعە و پێگەیەکی بەرزترە بە زمانێکی عامیانە و ڕەشۆکی کە خاوەن پێگەیەکی نزمترە. واتە لەم وەرگێڕانەدا زمانی سەرچاوە خاوەن نرخ و بایەخێکی زیاترە و لە ئاستی زمانی مەبەستدا، پێگەیەکی بەرزتری هەیە.

47) وەرگێڕانی وشە بە وشە[3]: لە وەرگێڕانی وشە بە وشەدا ڕیزبەندیی وشەکانی زمانی سەرچاوە، ڕێک وەکوو خۆی دەپارێزرێت. بەگشتی لەم وەرگێڕانەدا پێکهاتەی زمانی سەرچاوە ناگۆڕدرێت و وشەکان بەتەنیایی و بەپێی واتا ئاساییەکەیان وەردەگێڕدرێن و بەستێن لە بەر چاو ناگیردرێت و لە دەقی مەبەستدا تا ڕادەیەک گۆڕانکاری دەکرێت تاکوو لە دەقی سەرچاوە نزیک ببێتەوە (فرحزاد، 1394).

هەروەها کە دەبینن دابەشکردنی جۆرەکانی وەرگێڕان لەم نموونانەی سەرەوە کە پێناسە کران، زیاتر لە 47 جۆر تێدەپەڕێنێت. بەم پێیە نابێ بە تێگەیشتنێکی هەڵە وەرگێڕان وەک دیاردەیەکی ئاسایی و سەرەتایی سەیر بکرێت و تەنیا لە چەند جۆردا پێناسە بکرێت.

لە پێناسەی ئاسایی وەرگێڕدا هاتووە کە وەرگێڕ کەسێک یان تایبەتمەندیی ئەو کەسەیە کە شارەزایی بە سەر هونەری وەرگێڕاندا ببێت و ئەرکی ئەو تێگەیشتن و لێکدانەوەی ئەو بابەت و واتا و چەمکانەیە کە لە زمانێکی وەکوو «زمانی سەرچاوە»دا و پاشان بە گواستنەوە و هاوتاسازی و بنیادنانەوەیان لە «زمانی مەبەست»دا دەردەکەوێت؛ بەڵام لە ڕوانگەی هاوسەوە (26: 2018)، ئەم ڕێکردە بەو واتایە نییە کە هەر کەس کە دووزمانە بێت، بەدڵنیاییەوە بتوانێ خاوەن «توانستی وەرگێڕان»[4]یش بێت. مەبەست لە توانستی وەرگێڕان ئەوەیە کە وەرگێڕ دەبێ ئاگاداری و هۆشیاریی لە لێکچوون و جیاوازییە وشەیی، ڕێزمانی و مەبەستناسییەکانی نێوان هەر دوو زمانەکە ببێت. ئەم توانستە، زانین و هۆشیاریی بەکارهێنانی زمان لە گوتاردا دەگرێتەوە؛ واتە وەرگێڕ دەبێ بە سەر دەور و ئەرکی بەستێن لە بەکارهێنانی زماندا و جیاوازی و لێکچوونی شێوەزمان، جۆرەزمان و ڕێساکانی «لێکبەستنی واتایی»[5] و لکاندن[6]ی دەق لە هەردوو زماندا هۆشیاریی و ئاگاداری هەبێت. هاوس دەڵێت یەکێک لەو بیروباوەڕە هەڵە و ناڕاستانە کە بووەتە دیاردەیەکی باو و ئاسایی ئەوەیە کە هەموو ئەو کەسانەی کە شارەزای دوو زمانن، وا هەست دەکەن کە دەتوانن لە کاری وەرگێڕاندا سەرکەتوو بن؛ چونکە هەموویان بە شێوەیەکی سروشتی خاوەن توانستی وەرگێڕانن؛ بەڵام هەڵوێستێکی لەو جۆرە بە تەواوی هەڵەیە.

[1]. Verse to prose translation
[2]. Vertical translation
[3]. Word- for – word translation
[4]. Translation competence
[5].Coherence
[6]. Cohesion

خاڵێکی گرینگ ئەوەیە کە وەرگێڕان تەنیا لە بواری زمانییەوە سەیر ناکرێت؛ بەڵکوو وەرگێڕان لە ڕوانگەی ڕەخنەییدا، دیاردەیەکی سیاسی-کۆمەڵایەتییە کە چینی کۆمەڵایەتی، هێز، هەڵاواردن، ئایدیۆلۆژیا و بەستێنی کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو کە هێز و هێژمۆنیی زمانە باڵادەستەکان دەسەپێنێت بە سەر زمانە ژێردەستەکاندا. بەگشتی، وەرگێڕان یەکێک لە گرینگترین فاکتەکانی پێناسەی کەلتووریی هەر نەتەوەیەکە. بەم پێیە، لەوانەیە وێنای کۆمەڵگای سەرچاوە لە کۆمەڵگای مەبەستدا خەوشدار بکات. بۆ نموونە بەپێچەوانەی ڕوانگە سوننەتییەکانی وەرگێڕان، لە «ڕێکردە ڕەخنەییەکان سەبارەت بە وەرگێڕان»[1]دا، جەخت لەسەر هاوتای وشەکان و هەڵبژاردنی چەمک و پێکهاتەی ڕستەکان و بەگشتی وەرگێڕانی هەڵە و ناهەڵە ناکرێتەوە؛ بەڵکوو جەخت لەسەر سیاسەتەکانی وەرگێڕان دەکرێتەوە.

سەرچاوەی ئەم تیۆرییە دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەکانی لاورێنس ڤێنوتی[2] کە وەرگێڕان وەکوو چالاکییەکی سیاسی-کەلتووریی سەیر دەکات. بە وتەیەکی تر، ڤێنوتی وەرگێڕان بە کارێکی کەلتووری-سیاسی پێناسە دەکات کە وێنەیەک لە ناسنامەی خەڵکی کۆمەڵگای سەرچاوە (وەکوو کوردی) لە کۆمەڵگای مەبەستدا (وەکوو تورکی، فارسی، عەرەبی) بەدی دەهێنێت کە بۆخۆی نیشانەی ئایدیۆلۆژیی پێوە دیارە. ڤێنوتی بەپێی ڕوانگەی میشل فوکۆ، وەرگێڕان نواندنەوەی ناسنامەیە کە لە چوارچێوەی هێز و دەسەڵاتدا دەخرێتە ڕوو. بۆ نموونە زمانێکی ژێردەست کە خراوەتە پەراوێز و پێگەیەکی بەهێزی نییە، وێنەی کۆمەڵگای ئەو زمانە لە وەرگێڕان بە زمانی بێگانەدا دەتوێتەوە و خەوشدار دەبێت. واتە ئەو زمانە وەکوو زمانێکی خۆماڵی دەخاتە ڕوو و دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوێنەر وا بیر بکاتەوە کە کۆمەڵگای بێگانە هەمان کۆمەڵگای "خودی"یە و بەم هۆیەوە، وێنەی خۆی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگای "ئەویتر"دا واتە کۆمەڵگای بێگانەدا دەبینێتەوە. ڤێنوتی بڕوای وایە کە وەرگێڕان لە بنەڕەتدا تێکەڵ بە توندوتیژییە؛ چونکە بریتییە لە بنیادنانەوەی دەقی بێگانە لەسەر بایەخ و باوەڕەکانی کەلتووری سەرچاوە و ڕێساکانی زمانی سەرچاوە (ڤێنوتی، 1992)؛ (1998)؛ (2004).

ناسنامە لە وەرگێڕاندا، بابەتێکی گرینگە بە جۆرێک کە لە وەرگێڕانی زمانی ژێردەست بە زمانی باڵادەست بەپێی هێز و لەسەر بنەمای ڕێسا و یاساکانی ئیستعمار دەچێتە پێشەوە، (وەک ڕوانگەی ڤێنوتی) و پاشئیستعماری (وەک ڕوانگەی سپیوک). لەم دۆخەدا، وەرگێڕان ناسنامەی کۆمەڵگای ژێردەست (کۆمەڵگای سەرچاوە) بەپێی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگای باڵادەست (کۆمەڵگای مەبەست) دەخاتە ڕوو (فرحزاد، 1394 :88). وەرگێڕان یەکەم ئامرازە بۆ تێپەڕاندنی سنووری ئەدەبیاتێک و چوونە ناو گۆڕەپانی «ئەویتر» (محمدی و امامی، 1390 :1). چوونە ناو زمان و کەلتوور و ئەدەبیاتی «ئەویتر» دەتوانێ چەندین دەرئەنجامی تایبەتی بۆ ئەدەبیاتی مەبەست لێ بکەوێتەوە. وەرگێڕان یان بڵاوکردنەوەی وەرگێڕان تەنیا مامەڵەیەکی زمانی نییە؛

[1].Critical approaches to translation

[2]. Lawrence Venuti

بەڵکوو بڕیارێکە کە هاوسەنگی کەلتووری و کۆمەڵایەتیش دەخاتە ژێر پرسیارەوە (شورل، 1389 :40). بەم پێیە، وەرگێڕ وەک یەکەمین کەسێکە کە بەر کەلتووری بێگانە دەکەوێت و بە بەکارهێنانی ڕێکارگەلی شیاوی وەرگێڕان، دەتوانێت لەمپەرێک بێت بۆ کاریگەریی پێکهێنەکانی زمانی بێگانە و باڵادەست و لە ئەنجامدا بە تێگەیشتنێکی دروست، نەهێڵێت کەلتووری زمانی باڵادەست بە سەر کەلتووری زمانی ژێردەستدا زاڵ بێت و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە (زینیوند و نادری، 1398).

## بەشی چوارەم:
## حکوومەتی زمانی

### گوتاری سیاسەتی زمانی

گوتار فۆرمێکە لە «کرداری کۆمەڵایەتی»[1] کە پێوەندیی دیالێکتیکی لە نێوان ڕووداوە دیاریکراوەکان و بەستێن(ەکان)، ڕێکخراوە(کان) و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ڕوو (فێرکلاف و وۆداک[2]، ۱۹۹۷ :۲۵۸). کردارە گوتارییەکان لە بەستێنی کۆمەڵایەتی، سیاسی و مێژوویی بەربڵاودا جێگیر دەکرێن و پێکەوە پێوەندییان هەیە (ڕیزیگڵ و وۆداک[3]، 2009) کە بە «کۆمەڵێک لە گرێبەستە پێوەندیدارەکان لەگەڵ ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان» دیاری دەکرێن (فێرکلاف، 1989 :17).

ڕوون و ئاشکرایە کە ئەم جۆرە گوتارانە یارمەتیی عەقڵانیکردنی ئایدیۆلۆژیاکان و بڕیارەکانی خەڵک دەدەن. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە هەڵبژاردنی فێرکاریی میدیای ئینگلیزی بکەین کە لە بەستێنی فێرکاریی فرەزمانیدا دەخرێتە ڕوو و بەپێی گوتاری باڵادەست، لە دۆخە جیاوازەکاندا لە ڕێگەی پێوەندییەکانی دەسەڵات و هێزەوە پێک دێت و ئاسایی دەکرێتە (فێرکلاف، 1992 :67) و لە ئەنجامدا پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان پێک دەهێنێت (فێرکلاف و هاوکاران، 2010). بە وتەیەکی تر، ئەو گوتارە باڵادەستەی کە لە داڕشتنی سیاسەتی زمانیدا دەورێکی گرینگی هەیە، پێوەندییەکانی دەسەڵاتی نێوان زمانەکان نیشان دەدات و ئەو زمانەی کە دەسەڵاتی زیاتری هەیە، زەق دەکرێتەوە و زمانەکانی دیکە دەخرێنە پەراوێزەوە (تاڵێفسون[4]، 1991).

### ئایدیۆلۆژیا زمانییەکان[5]

ئایدیۆلۆژیا زمانییەکان بریتین لە سیستەمێک لە بیر و باوەڕەکان سەبارەت بە ئەرکی زمان کە لە بەستێنی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا دەنوێندرێن. بنیاتنانی ئەم ئایدیۆلۆژییانە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ڕوو نادەن؛ بەڵکوو هەمیشە لە بەستێنی کۆمەڵایەتی، مێژوویی و سیاسییەکی تایبەتدا دەخرێنە ڕوو. پاشان ئەم ئایدیۆلۆژیانە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بەپێی سیاسەتە زمانییەکان یان سیاسەتی فێرکاریی زمانەوە، وەکوو کردار یان کردەیەک دەگۆڕدرێن (سپۆلسکی[6]، 2004)؛ (بلاکلێدج و پاڤلێنکۆ[7]، ۲۰۰۲). بلومارت[8] (2005، 171) بڕوای وایە کە پێوەندیی نێوان ئایدیۆلۆژیا زمانییەکان و ئایدیۆلۆژیاکانی دیکە وەک

---

[1]. Social practice
[2]. Fairclough & Wodak
[3]. Reisigl & Wodak
[4]. Tollefson
[5]. Language ideologies
[6]. Spolsky
[7]. Blackledge & Pavlenko
[8]. Blommaert

ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵایەتی-سیاسی یان کەلتووری زۆر گرینگە؛ چونکە ئەم چەمکە بە شێوەیەکی سیستەماتیک زمان و کۆمەڵگا لە فۆرمی دیالێکتیکیدا پێکەوە دەبەستێتەوە (ولارد[1]، 1994: 72). ئامانجی ئایدیۆلۆژیا زمانییەکان لە ڕاستیدا پرسێکی زمانی نییە؛ بەڵکوو پرسێکی کۆمەڵایەتییە. توێژینەوە ئایدیۆلۆژیکییەکانی زمان هەروەک بەشێک لە شیکردنەوەی ڕەخنەیی، دەتوانن ئاستی تێگەیشتن و هۆشیاریی ئاخێوەران بەرنە سەرەوە (پیلێر، ٢٠١٥).

**بەگشتی ئەو ئایدیۆلۆژیا زمانییانە کە لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا زاڵ کراون، ئەم پێکهێنانەی خوارەوە لە خۆ دەگرن:**

1- بەکارهێنانی زمانی هاوبەش لە لایەن هەموو ئەندامانی کۆمەڵگاوە بۆ بەدیهێنانی هاودەنگی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی زۆر گرینگ و پێویستە؛ هەر بۆیە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی تەنیا لە ڕێگەی ئەم زمانەوە مسۆگەر دەبێت.

2- «لێهاتوویی زمانی»[2] مەرجێکە بۆ ئامادەبوون لە بەشداریی کۆمەڵایەتیدا کە تەنیا لە ڕێگەی ئەم زمانەوە دابین دەکرێت؛ چونکە لێهاتوویی زمانی، ناسینی کەلتوور و نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکانە.

3- گرینگینەدان بە فێربوون و بەکارنەهێنانی زمانی باڵادەست، نیشانەی بێوەفایی بەرانبەر بە نەتەوەیە و مەترسی و هەڕەشەیەکە بۆ سەر یەکپارچەیی و یەکگرتوویی ئەو نەتەوەیە.

ئەم ئایدیۆلۆژیانەی سەرەوە بەردەوام لە لایەن داڕێژەرانی سیاسەت و دەسەڵاتدارانەوە بانگەشەیان بۆ دەکرێت و هەردەم لە زاری ئەواندا دووپات دەکرێنەوە و هەندێ جار شوێنە ئەکادیمییەکانیش مەشرووعییەت و ڕەواییدان بەم جۆرە ئایدیۆلۆژیانە دەدەن (هارنێر[3]، 2009)؛ (پیلێر، ٢٠٠١).

**لەم بەشەی خوارەوەدا ڕەخنە لە هەرکام لەو ئایدیۆلۆژیایانە دەگرین کە ئاماژەیان پێکراوە.**

**ئایدیۆلۆژیای یەک زمان-یەک نەتەوە[4]**

ئایدیۆلۆژیای یەک زمان-یەک نەتەوە لەسەر بنەمای گوتاری دەوڵەت-نەتەوە دامەزراوە. وەها بیرۆکە و تێڕوانینێک حەشیمەتی هەر نەتەوەیەک وەک خاوەن ڕەچەڵەکێکی هاوبەش و زمانێکی هاوبەش و کەلتوورێکی هاوبەش پێناسە دەکات. ئەم ئایدیۆلۆژیایە یەکگرتوویی کۆمەڵگای زمانی لە سیستەمی فێرکاریی تاکزمانیدا دەبینێتەوە؛ واتە لە ڕێگەی «زمانی نەتەوەیی»[5]یەوە هەوڵ دەدات کۆمەڵگایەکی یەکگرتوو و یەکپارچە پێک بهێنێت.

پیلێر بڕوای وایە ئایدیۆلۆژیای زمانی ستاندارد کە لە ئەمریکادا پەرە بە ئینگلیزیی ئەمریکی وەک گونجاوترین و کارامەترین ئامراز بۆ پێوەندیی گشتی دەدات، پێوەندییەکی نزیکی بە ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت-نەتەوەوە هەیە کە وەها تێڕوانینێک لە زۆربەی کۆمەڵگا جیاوازەکاندا

---

[1]. Woolard

[2]. language proficiency

[3]. Horner

[7] -One Nation One Language

[8] - National Language

لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە. بە وتەیەکی دیکە، ئایدیۆلۆژیای یەک زمان ـ یەک نەتەوە لەسەر ئەو باوەڕە دامەزراوە کە تاکزمانی یان بەکارهێنانی زمانێکی هاوبەش بۆ یەکگرتوویی و هاودەنگیی کۆمەڵایەتی و کۆدەنگیی نەتەوەیی زۆر گرینگە. بۆ نموونە لەم ڕوانگەیەوە زمانی ئینگلیزیی ستاندارد، چەسپێکی بەهێزە بۆ لکاندنی نەتەوەیەکی پارچەپارچە و بەکارهێنانی ئەم زمانە، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی مسۆگەر دەکات. فۆرموڵڕێژیی ئەم ئایدیۆلۆژیا زمانییە لە وتارەکەی ساڵی ١٩١٩ی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تیۆدۆر ڕۆزڤێڵتدا دەردەکەوێت کە دەڵێت: لێرە تەنها بۆ یەک زمان جێگەمان هەیە، ئەویش زمانی ئینگلیزییە (فولێر[١]، 2012: 23).

لە ڕاستیدا ئایدیۆلۆژیای تاکزمانی لەگەڵ پێکهێنانی دەوڵەت ـ نەتەوەییەکانی ئەورووپادا سەری هەڵدا کە لە سەدەی پانزەوە بەتایبەت لەگەڵ شۆڕشی فەڕەنسا و بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا دەستی پێ کرد کە هەڵگری بیرۆکەی «یەک زمان ـ یەک نەتەوە» بوو. ڕەوانبێژیی و سیاسەتی ناسیۆنالیستی، میراتێکی بەهێز و درێژخایەنی بەپێی تاکزمانیی ئایدیۆلۆژیکی لە ئەورووپا و شوێنەکانی تردا بەجێهێشت و «حکوومەتی زمانی» لە ڕێگەی دەسەڵاتی کۆلۆنیالی ئەورووپاوە دەستی پێ کرد (کینگ، 2018). لەم بوارەدا چەمکی «زمانی یەکگرتوو» نکۆڵی لە فرەزمانی دەکرد و هەروەها چەمکی «زمانی نەتەوەیی» حاشای لە فرەزمانی دەکرد (ژۆزێف[٢]، 2007 :44).

زمانی نەتەوەیی دەستەواژەیەکە کە هەڵگری سێ واتای سەرەکییە؛ لە واتای یەکەمدا زمانێکە لە نێوان زمانەکانی ناوچە جیاوازەکانی ناو سنووری سیاسیی وڵاتێکدا وەک زمانێکی هاوبەش[٣] بەکار دەهێنرێت بۆ دامەزراندنی پێوەندی لە نێوان دانیشتووانیئەو وڵاتەدا، کە لەم حاڵەتەدا دەوری «زمانێکی نێونجی»[٤] دەگێڕێت. لە واتایەکی دیکەدا وەک «زمانی فەرمی»[٥] بەکار دێت کە لە لایەن یاسادانەران و دەسەڵاتدارە سیاسییەکانی وڵاتێکەوە دیاری دەکرێت. لە واتایەکی تردا کە لایەنێکی سۆزدارانەی هەیە، ئەم دەستەواژەیە وەک هێمایەکی نەتەوەیی دژ بە زمانی بێگانە و وڵاتی کۆلۆنیالیدا دەوری خۆی دەگێڕێت (عبدالکریمی، 1392 :108-107)؛ بەڵام ئەگەر بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیری ئەم دەستەواژەیە بکەین، سەرەتا لە ڕێگەی هێز و توندوتیژییەوە بە سەر خەڵکدا سەپێنراوە؛ واتە بە دروستکردنی دەستەواژەی زمانی نەتەوەیی، ئینگلیزییەگان دانیشتووە گەیلیکییەکانیان لە ئیرلەند وەدەر نا، فەڕەنسییەکان بریتانییەکانیان وەلا نا و کاستیاییەکان، کەتەلانییەکانیان خستە پەراوێزەوە (ئەندەرسۆن[٦]، 2006 :26). بە وتەیەکی دیکە، وڵاتە ئەورووپییەکان دوای شەڕە خوێناوییەکانی ڕابردوو، زمانەکەیان وەکوو تاکە فاکتەری نەتەوەیی سەیر دەکرد (هاوگێن[٧]، 1991).

[1].Fuller
[2]. Joseph
[3]. Common language
[4]. Lingua franca
[5]. Official Language
[6]. Anderson
[7]. Haugen

سەرچاوەی ئەم بیرۆکەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم؛ واتە ئەو کاتەی کە دەوڵەتەکان لە کۆمەڵگا پارچەپارچەکاندا و لە شانشینەکانی سەدەی ناوەڕاستدا سەریان هەڵدا (مارمۆلینرۆ[1]، 2000). ئەم تاکزمانییە دواتر لە لایەن گرووپە باڵادەستەکانەوە پەرەی پێ درا و هەڕەشەیەک بوو بۆ سەر زمانەکانی دیکەی سەرانسەری جیهان (ئێدوارد[2]، 1994 :2). سەرئەنجام ئەو دەستەواژانەی ئاماژەمان پێ کردن، بوونە ئامرازێک بۆ زاڵبوونی دەسەڵات وهێژمۆنی. بە بڕوای گرامشی[3] (1971) ئەم هێز و دەسەڵاتە تەنیا لە ڕێگەی هێزی فیزیکییەوە ناسەپێنرێت؛ بەڵکوو  بە شێوەی نهێنی و ژێرپێستی لە ڕێگەی ئایدیۆلۆژیا و گوتارەوە دەسەپێنرێت. لەسەردەمی ئەمڕۆدا، ئەوانەی پێیان وایە زمانی فەرمیی وڵاتێک بە زۆر نەسەپێنراوە، بیرۆکەیەکی هەڵەیان هەیە. هەروەک فێرکلاف دەڵێت، سەپاندنی هێز و دەسەڵات هەمیشە لە ڕێگەی زۆر و گوشارەوە نییە؛ بەڵکوو  فۆرمێکی ئایدیۆلۆژیکی هەیە کە بە هێز و زۆرەملێ و سەپاندنەوە ناکرێت؛ بەڵکوو  لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی ڕەزامەندییەوە جێبەجێ دەکرێت (فێرکلاف، 1992 .(92:

**ڕەخنەیەک لەسەر ئایدیۆلۆژیای «یەک زمان-یەک نەتەوە»**

لەم بەشەدا، بەڵگاندن و هۆکارەکان لە ڕوانگەی زمانناسی و لقە پێوەندیدارەکانیەوە دەخرێنە ڕوو کە ئایدیۆلۆژیای «یەک زمان-یەک نەتەوە» دەخاتە ژێر پرسیارەوە و ڕەخنە لە گریمانە هەڵەکانی ئەم بیرۆکەیە دەگرێت. هەروەها ئەو مەترسی و نیگەرانیانەی کە پێشتر سەبارەت بە زمانی نەتەوەیی باس کراون، بە دیاردەیەکی نازانستی و بێبنەما دادەنێت. بۆ نموونە توێژەرانێک وەک کەلان (٢٠١٨: ١٣٢) لە وتووێژێکدا لەگەڵ سکوتناب کانگاس[4]، جیم کومینز[5]، ستیفن بەهری[6]، جیت موهانتی[7]، ڕەخنە لە تیۆریی دەوڵەت-نەتەوە سەبارەت بە زمان دەگرن. توێژەرانی دیکەش لەم ساڵانەی دواییدا ئەم ئایدیۆلۆژییەیان بە بیرۆکەیەکی پاشکەوتوو و نازانستی داناوە کە نەتەنیا سوود و قازانجێکی ئەرێنی بە دوای خۆیدا ناهێنێت؛ بەڵکوو  زیان و دەرئەنجامە نەرێنییەکانی بە سەر کۆمەڵگادا زاڵ کردووە.

**بەپێی ئەم نموونانەی خوارەوە بیرۆکەیەکی لەو چەشنە دەخەینە ڕوو و هەریەکەیان بە ئارگیومێنتێکی زانستی پووچەڵ دەکەینەوە:**

1) پێشتر لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە زمان فاکتەری یەکگرتوویی نێوان ئەتنیکە جۆراوجۆرەکانی وڵاتێکە. لەم جۆرە گوتارانەدا، خەڵک بە «تێگەیشتنی هاوبەش» هەردەم بۆمباران دەکران کە فرەزمانی دەبێتە هۆی تێکچوون و پارچەپارچەبوونی نێوانیان (وودز[8]، ٢٠٠٦: ١٦٢)؛ بەڵام وەها بیرۆکەیەک بێبنەمایە و بە بڕوای کینگ[9] (٢٠١٨) لە دنیای مۆدێرندا تاکزمانی

[1]. Mar-Molinero
[2]. Edwards
[3]. Gramsci
[6]. Tove Skutnabb-Kangas
[7]. Jim Cummins
[8]. Stephen Bahry
[9]. Ajit Mohanty
[8]. Woods
[9]. King

نەتەنیا خاڵێکی بەهێز نییە؛ بەڵکوو  دیاردەیەکی لاواز و ناتەواوە. جۆشوخرۆشێکی سەرنجڕاکێش بۆ ناسنامەی فرەزمانی لە زۆربەی شوێنەکانی دنیادا هەیە کە پیشاندەری زیندوویی جیهانە و دیاردەیەکە کە زۆربەی وڵاتانی جیهان شانازیی پێوە دەکەن. بۆ نموونە ئۆتریێخت لە هۆڵەندا خۆی وەکوو «گرێبەندی فرەزمانی» پێناسە دەکات. مێلبۆرن وەک خاوەن ماڵی ئاخێوەرانی زیاتر لە 140 وڵات خۆی بە شارێکی دەوڵەمەندی بواری فرەکەلتووری وەسف دەکات کە مێژوو و ئابووریی و ناسنامەکەی لەگەڵ کۆچبەراندا پێوەندیی هەیە. لە هەموو جیهاندا، شارەکانی جۆهانسبێرگ و کوالالامپور بەوە دڵخۆشن و شانازی دەکەن کە بانگەشە بۆ سەرمایەی فرەزمانییەکەیان بکەن. شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە زۆربەی شارەکان خوازیاری ئەوەن کە ڕێژەیەک لە فرەزمانی وەک خاڵێکی ئەرێنی لە دنیایەکی بەجیهانیکراودا بەرز بکەنەوە. بۆ وێنە باشترین نموونە لە جیهانشارێکی ئەورووپی، لەندەنە کە بۆ زۆرکەس ئەو شارە شوێنێکی شکۆدار، بەجۆشوخرۆش و مەکۆی زیاتر لە 200 زمانە. لەندەن ئەو شوێنەیە کە خەڵکانی وڵاتانی دیکە هەڵیدەبژێرن و دەیانەوێ تێیدا بژین کە دیاردەی فرەزمانی لەو هەڵبژاردنەدا دەورێکی گرینگی هەیە (کینگ، 2018).

بەم پێیە، ئەو گوتارەی کە ئاخێوەرانی کۆمەڵگایەک بە زمانێکی یەکگرتوو و لێکچوو دەنوێنێت و مەرجی یەکگرتوویی کۆمەڵگا لە زمانێکی تاکزمانیدا دەبینێتەوە، گوتارێکی مەترسیدارە؛ چونکە بەپێچەوانەوە، ئەوە گوتاری فرەزمانییە کە یەکڕیزی و یەکگرتوویی کۆمەڵگا دابین دەکات. ڕەنگە ئەم کەسانە وا بیر بکەنەوە کە زمان دەتوانێ ئامرازێک بێت بۆ بنیاتنانی نەتەوە یان نەتەوەسازی؛ بەڵام وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، بیرۆکەیەکی لەو جۆرە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینە کۆنەکانی سەدەکانی ناوەڕاست کە تێیدا زمانی یەکگرتوو یەکێک لەو پێوەرانەی پێکهێنانی نەتەوە یان دەوڵەتێک بوو، هەروەک هۆبسباوم ئاماژەی پێدەکا کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە ئەورووپا، زمان وەک «تاکە فاکتەری نەتەوە» سەیر دەکرا (هۆبسباوم[١]، ١٩٩٠: ٢١). بەڵام لەسەردەمی ئەمڕۆدا پڕۆژەیەکی وەها کارامە و کاریگەر نییە (هێگارتی[٢]،2020) و ڕەنگە لایەنگرانی ئەم جۆرە تێڕوانینە کە بەردەوام دەڵێن لە هەموو وڵاتانی دنیادا تەنیا یەک زمان بە فەرمی ناسراوە، هێشتا بە مێشک و زەینیان نەگەیشتووە کە کۆمەڵگای تاکزمانی لە هیچ شوێنێکی جیهاندا بوونی دەرەکیی نییە و تەنانەت زۆربەی وڵاتانی دنیا زیاتر لە زمانێکیان بە فەرمی ناساندووە. بۆ نموونە وڵاتێکی وەک سینگاپوور زمانەکانی "ماندارین، مالای، تامیل و ئینگلیزی" بە فەرمی دەناسێت، بەلجیکا سێ زمانی فەرمیی "هۆڵەندی، ئەڵمانی و فەڕەنسی"، لۆکسمبۆرگ سێ زمانی فەرمیی "لۆکسمبۆرگی، فەڕەنسی و ئەڵمانی"، ماڵتا دوو زمانی فەرمیی "ماڵتی و ئینگلیزی"، ئیرلەندا دوو زمانی فەرمیی "ئیرلەندی و ئینگلیزی"، فینلاند دوو زمانی فەرمیی "فینلاندی و سویدی"، قوبرس دوو زمانی فەرمیی "تورکی و یۆنانی" بە فەرمی

[1]. Hobsbawm

[2]. Hegarty

دەناسن و هەروەها بەپێی ماڵپەڕی متمانەپێکراوی ئێتنۆلۆگ[١]، وڵاتی پاپوا گینیای نوێ[٢] کە وڵاتێکی هاوبەشە و دەکەوێتە ناو زەریای هێمن و ئۆقیانووس و نیوگینیاوە، خاوەنی ٨٤٠ زمانی زیندووە لە جیهاندا کە زیاتر لە دوو هێندەی ژمارەی زمانەکانی وڵاتە ئەوروپییەکانە. هەروەها ئەندەنوسیا بە ٧١٠ زمان و نەیجیریا بە ٥٢٤ زمانی زیندوو لە جیهاندا پلەی دووەم و سێیەمیان هەیە لە ڕیزبەندی ئەو وڵاتانەی کە خاوەن چەشناوچەشنیی زمانین. ئەمەش بۆمان دەردەخات کە لە جیهاندا کۆمەڵگای تاکزمانی لە عەرزی واقیعدا بوونی نییە.

سپالسکی[٣] لە کتێبی سیاسەتی زماندا، لیستی زمانەکانی جیهانی لە وڵاتە جیاوازەکاندا دەخاتە ڕوو. بۆ نموونە، لە هیندستان زیاتر لە (٣٧٨) زمان، مەکسیک (٢٨٨)، کامێرون (٢٧٩)، کۆنگۆ (٢١٨)، چین (٢٠١)، بەرازیل (192)، ئەمریکا (176)، سودان (174)، فلیپین (169)، مالیزیا (139)، نیپاڵ (120)، کەنەدا (90)، کۆلۆمبیا (78)، کۆتدیڤوار (77)، فەرەنسا (29)، ئەڵمانیا (25)، ئیتاڵیا (33)، بەریتانیا (12)، سویسرا (12)، پاراگوای (20) و... هەیە (سپالسکی، 2004: 174).

لە ڕوانگەی ئێدواردز[٤] (1994: 55)ەوە، لە جیهانی ڕاستەقینەدا ئاخێوەری تاکزمانەش هەر بوونی نییە و هەموو ئاخێوەران لانیکەم هەندێک وشە لە زمانێکی دیکە دەزانن و لە ڕوانگەی پاتێنەوە کۆمەڵگا تاکزمانەکان بەرهەمی وەهم و خەیاڵن و ئەم کۆمەڵگا خەیاڵییانە دەیانەوێ ئەو ئاخێوەرانەی کە بە زمانی زۆرینە نادوێن بیانخەنە پەراوێزەوە و پشتگوێیان بخەن (پاتێن[٥]، 2006 :45).بە وتەیەکی تر، هەر کۆمەڵگایەک کە تاکزمانی بە بناغەی یەکڕیزی و یەکگرتوویی بزانێت، نەتەنیا یەکگرتوویی لە ناو ئەو کۆمەڵگادا ساز نابێت؛ بەڵکوو ئاخێوەرانی زمانەکانی دیکە دەخاتە پەراوێزەوە و هەر کەسێک کە بە زمانی باڵادەست قسە نەکات، پشتگوێی دەخات.

کەلان (2018) لە وتووێژ لەگەڵ زمانناسە پسپۆڕەکاندا، فاکتەری یەکگرتوویی کۆمەڵگا بەپێی ئامرازی تاکزمانی وەک تێڕوانینێکی پووچ و بێبنەما سەیر دەکات و لە نموونەی ئەو وڵاتانە بەتایبەت باسی ئیرلەندی باکوور دەکات کە سەرەڕای ئەوەی کاتۆلیکەکان و پرۆتستانتەکان زمانێکی هاوبەشیان هەیە بەڵام هێشتا یەکگرتوویی لە نێوانیاندا مسۆگەر نەبووە یان لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا؛ واتە «زمان و زار»، باسمان لەو زمانانە کرد کە سەرەڕای ئەوەی کە لە نێوان ئاخێوەرانیاندا لێکگەیشتی زمانی هەیە بەڵام هەریەکەیان خۆیان سەر بە وڵاتێکی جیاواز پێناسە دەکەن.

لە ڕوانگەی واردافەوە، مەرج نییە پێوەندی و هۆگری و خۆشەویستیی کۆمەڵێک خەڵک بۆ وڵاتێک لە ڕێگەی ئەو زمانەوە دیاری بکرێت کە پێی دەئاخێون. بۆ نموونە ئەگەرچی زۆرینەی خەڵکی ئەڵزاس بەپێی ئەو زمانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاری دەهێنن سەر بە ئاخێوەرێکی جۆرەزمانی ئەڵمانین؛ بەڵام بێگومان حەزیان لە وڵاتی فەڕەنسایە، نەک ئەڵمانیا و لە ئاستی

---

[1]. Ethnologue
[2]. Papua New Guinea
[3]. Spolsky
[4]. Edwards
[5]. Patten

نەتەوەییدا سەیری ڕۆژئاوا دەکەن نەک ڕۆژهەڵات (وارداف، 2006 :28). کەواتە تێڕوانینێکی هەڵەیە ئەگەر وا بیر بکەینەوە کە زمان دەتوانێ ئاخێوەرانی وڵاتێک لە دەوری یەکدا کۆ بکاتەوە و ببێتە هۆی هاودەنگیی و یەکگرتووییان.

2) هەمیشە هۆکارە سیاسییەکان ئەو داواکارییانەی کە لەسەر زمانی یەکەم (وەک دەڵێن زمانی دایکی) دەکرێن لەگەڵ «بزووتنەوەی جیاییخواز»[1]» یان «سەربەخۆخواز»[2] تێکەڵ دەکەن. بەو واتایە کە هەندێک لە ئاخێوەرەکانی زمانی باڵادەست پێیان وایە ئەگەر ئاخێوەرانی دیکە بە زمانێکی تر جگە لە زمانی ئەوان پەروەردە بکرێن، لە داهاتوودا ڕێگە بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوەیان خۆش دەبێت کە ئەم جۆر بیرۆکەیە بە تەواوی هەڵەیە؛ چونکە تێڕوانینێکی لەو چەشنە ئەنجامەکەی پێچەوانەیە؛ واتە جیابوونەوە کاتێک ڕوودەدات کە زمانەکان بە شێوەیەکی هاوسەنگ و یەکسان لە سیستەمی فێرکاریدا هاوبەش نەبن و بەم هۆیەوە، کێشە و ململانێی نێوان ئاخێوەران دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گرووپە بەرهەڵستکارەکان (کەلان، 2018 : 153-151).

بە وتەیەکی دیکە، ئەم ڕوانگەیە گوتاری «خود»/ «ئەوی‌تر» ساز دەکات و ئەم هاوبەشنەبوون و نایەکسانییە دەبێتە هۆی ئەوەی ئاخێوەران دژی یەکتر ڕاوەستن، بەو واتایەی کە کۆمەڵێک لە ئاخێوەران بەرەنگاری زمانی باڵادەست دەبنەوە و لە ئاکامدا گرژی و مشتومڕی زمانی لە نێوان ئاخێوەراندا ڕوو دەدات و هەر ئەمە خۆی بیانوویەکە بۆ جیابوونەوەیان. نموونەیەکی ئاشکرا لەم دیاردەیە لە ڕۆژی ٢ی ڕەشەمەی ساڵی ١٩٥٢دا ڕووی دا کە خوێندکارانی بەنگلادیش دەیانویست زمانی بەنگالی لە یەکێک لە ویلایەتەکانی پاکستان بە فەرمی بناسرێت؛ بەڵام لە کۆتاییدا ئەم دیاردەیە بووە هۆی کوشتنی هەندێکیان و هەروەها بووە هۆی ئەوەی ڕۆژێک بە ناوی «ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی» لە لایەن یونسکۆوە لە جیهاندا دیاری بکرێت (کریستاڵ، 2004 :٢). ئەم شەڕە خوێناوییە کە لەسەر مافی زمانی بەنگلادیشی بوو، دواجار وڵاتی پاکستانی دابەش کرد. بە وتەیەکی دیکە، پێکدادان و ناکۆکی لەسەر زمان، دەورێکی بەرچاوی هەبوو لە جیاکردنەوەی بەنگلادیش لە پاکستان و ڕووداوی سەرەکیی ئەم ناکۆکییە لە زمانەوە دەستی پێ کرد و شەڕێکی ٩ مانگەی بۆ سەربەخۆیی بەنگلادیش هەڵگیرساند کە تێیدا ٣ ملیۆن کەس کوژران (ڕیکرسۆن و هیڵتۆن، ٢٠٠٦: ٨٤).

بەم پێناسەیە، زۆرجار ململانێ و پێکدادانی زمانی لە ژێر کاریگەریی ئەتنیکی-نەتەوەیی توندڕۆیانەدا دەخرێتە ڕوو (کریستاڵ، 2005 :303). ڕەنگە ئەگەر داواکارییە زمانییەکان و ئامانجەکانی خوێندکارانی بەنگلادیش گەیشتبایە ئەنجام، کارەساتێکی لەو شێوەیە ڕووی نەدەدا. نموونەیەکی دیکە، وڵاتێکی وەک سویسە کە سێ چوار زمانی فەرمی تێدایە؛ بەڵام هیچ مەترسی و هەڕەشەیەکی لەسەر نییە و ئەم ئارگیومێنت و بەڵگاندنەی کە دەڵێ بۆ ئەوەی یەکگرتوویی

---

[1]. Secessionist Movement

[2]. Separatist

و یەکپارچەیی وڵاتێک بپارێزرێت، پێویستە زمانەکەمینەکان پەراوێز بخرێن یان بەتەواوی بفەوتێن، بە هۆی نموونە پێچەوانەکانی کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، ناتوانێ بەڵگاندنێکی ڕاست بێت و تەنیا بیانوویەکە بۆ سەپاندنی هێژمۆنی گرووپە باڵادەستەکان بە سەر گرووپە کەمینەکاندا (کلان، 2018 :133).

3) تێڕوانین و هەڵوێستی نالۆژیکی لە دەوری سیستەمی فێرکاریی فرەزمانیدا و بێبەشکردنی منداڵان لە زمانی یەکەم (وەک دەڵێن زمانی دایکی) بە هۆی تێگەیشتنی هەڵە لە زمان و ناهۆشیاریی زمانیی ئەو کەسانەیە کە لە داڕشتنی سیاسەتی زمانیدا دەورێکی بەرچاویان هەیە و لە کۆمەڵگا زمانییەکاندا پەرە بە تێڕوانین و باوەڕە هەڵەکان دەدەن. هەر بۆیە ئەمە پرسێکە کە لەم دواییانەدا لە لایەن زمانناسانەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە و بە شێوەیەکی زانستی وەڵام دراوەتەوە.

**سەیری ئەم نموونەیە بکەن:**

| |
|---|
| «ئیسنا، کۆدی هەواڵ : *1400090201554*، *2*ی خەزەڵوەری ۲۷۲۰» |
| • خوێندکارانی کورد، تورک، عەرەب، بەلووچ و هتد دەبێ سەرەتا فێری زمانی فارسی بن و دواتر بگەنە قۆناغی خوێندن و نووسین. |

لەم دەقەی سەرەوەدا یەکێک لە مامۆستایانی زمان و ئەدەبیاتی فارسی زانکۆی ئەهواز، سەبارەت بە پەسەندکردنی پلانی فێرکاریی زمانە جگەفارسییەکان لە قوتابخانەکاندا، بابەتێکی نازانستییانەی دەربڕیوە کە لە ڕوانگەی پسپۆڕانی فێرکاریی زمانەوە، بۆچوونێکی بێبنەما و بیرۆکەیەکی هەڵەیە. لە ڕوانگەی زمانناسییەوە ئەگەر زمانی یەکەمی منداڵ (وەک دەڵێن زمانی دایکی) لەگەڵ زمانی دووەمدا کە زمانێکی باڵادەستە، جیاواز بێت، پێویستە شەش ساڵی سەرەتایی فێرکارییەکەی لە ڕێگەی زمانی یەکەمەوە بێت؛ چونکە «کارامەیی بنەڕەتیی پێوەندیی نێوانکەسی»[1] لە زمانی یەکەمدا دەنوێندرێتەوە (موهانتی[2] و هاوکاران، 2009).

بە بڕوای زمانناسان، ئامانجی فێرکاریی تاکزمانی جگە لە نوقمبوون[3] و «تواندنەوەی زمانی»[4] هیچ پاڵنەرێک و پاساوێکی بۆ نادۆزرێتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی تواندنەوە وئاسمیلەکردنی زمانەکان لە ناو زمانی باڵادەستدا کە خۆی بە زمانێکی ستاندارد داناوە و سەپاندووە. فێرکاریی نوقمسازی لەسەر بنەمای تیۆریی «مەلەکردن یان نوقمبوون» دامەزراوە. ئەم ڕێکردە بۆ زمانە کەمینەکان خەسارێکی زۆری هەیە؛ چونکە ڕووبەڕووی پرسێکی دوولایەنە دەبنەوە و ئاستی خوێندنەوەیان دەخاتە ژێر مەترسییەوە. وازهێنان لە زمانی یەکەم و بەکارهێنانی زمانی دووەم نەتەنیا پڕۆسەی فێرکاری و فێربوون لاواز دەکاتەوە؛ بەڵکوو کاریگەریی نەرێنی لەسەر گەشەکردنی هۆشەکی و سەرکەوتنی خوێندن دادەنێت (پیلێر، 2016 :107).

---

[1].Basic Interpersonal Communicative Skills (BICS)

[2]. Mohanty

[3]. Submersion

[4]. Linguistic Assimilation

سیاسەتی تواندنەوە و لێکچوواندنی زمانی لە ئێراندا لە لایەن پەهلەوی یەکەمەوە دەستی پێ کرد و بەڵگەنامە فەرمییەکانی ئەو سەردەمە ئەم وتەیە دەسەلمێنن (ڕەسوولی و هاوکارانی، ٢٠١٥).

**سەیری ئەم ڕەستانەی خوارەوە بکەن:**

«ڕێکخراوەی بەڵگەنامە نەتەوەییەکان، کۆدی بەڵگە *297/30482*، شوێنی ئەرشیف *120* ق *5* ئاپ *1*»

- سەرجەم کارگێڕانی قوتابخانەکان دەبێ لە بەشی گرینگیدان و پەرەپێدانی زمانی فارسی چاودێر و هۆشیار بن کە هەم مامۆستا و هەم خوێندکار لە قوتابخانەکاندا تەنیا بە زمانی فارسی قسە بکەن.

«ڕێکخراوەی بەڵگەنامە نەتەوەییەکان، کۆدی بەڵگە *297/33977*، شوێنی ئەرشیف، *126* گ *5* ئاپ *1*»

- هەرچی زووتر دەبێ زمانی فارسی لە ناو خێڵ و عەشیرەکاندا پەرەی پێ بدرێت و لەم دۆخەی هەنووکە دووریان بخاتەوە و بە دامەزراندنی قوتابخانە سەرەتاییەکان، منداڵان و لاوان بکرێنە ئاخێوەرێکی فارسزمان.

ئەم بەڵگانە بە ڕاشکاوانە پڕۆژەی لێکچوواندن و تواندنەوەی زمانی لە ئێراندا دەخەنە ڕوو کە یەکێک لە چوار ئایدیۆلۆژیای تاکڕەهەندیی کۆباروبیاس[1] (١٩٨٣)ـە و داوا لە هەموو ئاخێوەران دەکات لە وڵاتێکی فرەزمانیدا دەبێ فێری زمانێکی باڵادەست بین ولە ناو ئەم زمانەدا بتوێنەوە. هەر بۆیە لە دنیای ئەمڕۆدا، کەلتوورسازی و پێکهێنانی هۆشیاریی زمانی لە فێرکاریی فرەزمانیدا دیاردەیەکی زۆر گرینگە.


هەروەها کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، سیستەمی تاکزمانی یەکێک لە کردارە ناعەقڵانییەکانی پەهلەویی یەکەم بوو کە "فێرکاری بە زمانی فارسی" و "فێرکاریی زمانی فارسی" لەگەڵ یەکتر تێکەڵ کرد و تەنیا مەبەستی لێکچوواندن و تواندنەوەی زمانەکانی دیکە بوو لە ناو زمانی فارسیدا؛ بەڵام نەتەنیا ئەم پڕۆژەیە شکستی هێنا؛ بەڵکوو بووە هۆی سەرهەڵدانی گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکان دژی فارس و زمانی فارسی.

بۆ نموونە محەممەدعەلی فرووغی، پەرلەمانتار و سەرۆکوەزیرانی ئێران لە 8ی سەرماوەزی ساڵی 2629 کە بەرپرسی خولی دووەمی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان بوو، لە جنێڤەوە بۆ کاربەدەستانی ئێران نامەیەکی ناردووە کە تێیدا جەختی لەسەر هاوشێوەسازی و لێکچوواندنی ئێرانییەکان کردووە. لە ڕوانگەی ئەودا، باشترین کار دەبێ بڵاوکردنەوەی نووسراوەکان بە زمانی فارسی بێت؛ بەڵام نەک بە جۆرێک کە هەست بکرێ دەیانەوێ هەموو خەڵکەکە بکەن بە فارس. هەروەها لەو نامەیەدا نووسیبووی کە بەختەوەرانە، زمانی تورکی و کوردی زمانێکی ئەدەبی نین و هیچکام لە زمانە کەمینەکان خاوەن ناوەرۆک و دەقێکی ئەدەبیی تایبەت بە خۆیان نین

[1]. Cobarrubias

و هەر بۆیە بە ئاسانی لە ناو زمان و ئەدەبی فارسیدا دەتوێنەوە («لە پەراوێزی ئێرانناسیدا ۴»، بوخارا، ژمارە 114، ڕەزبەر-خەزەڵوەری 2716، لاپەڕەکانی 185-181).

هەندێک کەس زانیارییان لە سوودەکانی سیستەمی پەروەردەی فرەزمانی کە لەسەر بنەمای زمانی یەکەم (وەک دەڵێن زمانی دایکی) دامەزراوە، نییە. ئەم دیاگرامەی خوارەوە سوود و قازانجی فێرکاریی زمانی مائدری لە پارێزگای باشووری ئەفریقادا پیشان دەدات:




لە دیاگرامی سەرەوەدا، هێڵی یەکەم، ئاستی خوێندنەوەی باشتری ئەو منداڵانە دەخاتە ڕوو کە لە ساڵانی سەرەتاییدا بە زمانەکەی خۆیان فێری وانەکان کراون، هەروەها هێڵی دووهەم ئاستی خوێندنی ئەو منداڵانە پیشان دەدات کە بە زمانی خۆیان وانەکانیان نەخوێندووە. بەپێی ئەو بەڵگە و ئارگیومێنتانەی کە پێشتر خراونەتە ڕوو، ئەم پلانە نەک هەر بۆ منداڵانی دووزمانە کارامە و بەسوود نییە، بەڵکو ئەنجامەکەی نەرێنی و ڕووخێنەرانەیە.

لە ئێراندا پلانی نازانستییانە و ناپسۆڕانەی پڕۆژەی «تاقیکردنەوەی لێهاتوویی زمانی فارسی» لە لایەن جێگری وەزارەتی پەروەردە و فێرکارییەوە پێشنیار کرا و ئامانجی ئەم پڕۆژەیە هەڵسەنگاندن و پشکنینی منداڵان بوو کە لە سەرەتای وەرزی نوێی خوێندندا ئامادەیی منداڵان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک جەستەیی، بیستن، دەروونی، هۆشەکی و ئاستی تێگەییشتنیان لە زمانی فارسی تاوتوێ دەکرا. بەپێی ئەو بەڵگاندن و ئارگیومێنتانەی کە پێشتر درووژێنران، ئەم

پلانە نەتەنیا بۆ منداڵانی دووزمانە بەکەڵک نییە؛ بەڵکوو ئەنجامێکی نەرێنی و تێکدەرانەی بە دوادا دێت.

**سەرنجی ئەم نموونەیەی خوارەوە بدەن:**

> **«ئاژانسی هەواڵی مێهر، کۆدی هەواڵ *4632054*، *10*ی ڕەزبەری *2718*»**
>
> - پلانی لێهاتوویی زمانی فارسی ڕێک هەمان دادپەروەریی فێرکارییە و دەبێتە هۆی ئەوەی مۆرکی زەینکوێری بە قوتابییەکانی ناوچە دووزمانەییەکان نەلکێنن.

لە دەقی ئاژانسی هەواڵنێریی مێهردا باس لەوە کراوە کە پڕۆژەی تاقیکردنەوەی لێهاتوویی زمانی فارسی بەپێی دادپەروەریی فێرکارییە؛ بەڵام وەها ڕوانگەیەک لە بواری زماننناسییەوە، نادروست و هەڵەیە. بە وتەی پیلێر، نادادپەروەریی زمانی کاتێک ڕوو دەدات کە تەنیا یەک زمان لە سیستەمی فێرکاریدا جێگیر بکرێت. بۆ نموونە، خوێندنی باشتر بەپێی ئەو زمانەیە کە ئەرکی «گواستنەوەی زانست»[1]ی لە ئەستۆدایە و زمانەکانی دیکە لەم بوارەوە هیچ بایەخ و بەهایەکیان نییە. بە وتەیەکی تر، کاتێک زمانێک وەکوو زمانی فێرکاری و زانست دەناسێنرێت، بە واتای ئەوەیە کە زمانەکانی دیکە توانای دەربڕینی چەمکە زانستییەکانیان نییە (پیلێر، 2016 :172-180).

**سەرنجی ئەم نموونانەی خوارەوە بدەن:**

> **«ئاژانسی هەواڵنێریی مێهر، کۆدی هەواڵ: ٤٦٣٢٠٥٤، ١٠ی ڕەزبەری *2719*»**
>
> - ڕستەی ١): منداڵانی زیرەک لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا بەهۆی بێگانەبوون لەگەڵ زمانی فارسی و هەروەها لەبەر ئەوەی ناتوانن بە باشی بەم زمانە قسە بکەن لە پڕۆسەی فێربووندا، تووشی کێشەیەکی گەورە دەبن.
> - ڕستەی ٢): ئەگەر خوێندکارە دووزمانەکان نەناسرێنەوە و ڕاهێنانیان پێ نەکرێت، دوای چەند ساڵێک واز لە خوێندن دەهێنن.
> - ڕستەی ٣): زمانی پێوەر فاکتەرێکە بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتنی خوێندکاران.

ئەو ڕستانەی سەرەوە، نەک هەر لە ڕوانگەی زمانییەوە، وتەیەکی ڕاست و زانستی نین؛ بەڵکوو ئەم جۆرە تێڕوانینانە دەرئەنجامێکی نەرێنی و مەترسیداریان بەدواوەیە. بۆ نموونە هۆکاری ئەوەی منداڵان لە ساڵانی سەرەتای خوێندندا واز لە خوێندن دەهێنن هیچ پێوەندییەکی بە دووزمانەییبوونەوە نییە؛ بەڵکوو بەپێچەوانەوە، وازهێنان لە خوێندن بە هۆی سەپاندنی ئەم زمانە پێوەرە ڕوو دەدات. لە ڕوانگەی سپاڵسکی (٢٠٠٤ :٤٧)یەوەە، یەکەمین ئەرک و ڕاسپێریی سیاسەتی فێرکاریی زمان، دەبێ دۆزینەوەی ڕێیەک بێت بۆ پڕکردنەوەی مەودای نێوان زمانی ناوماڵ و زمانی قوتابخانە؛ نەک ئەوەی زمانی ناوماڵ لە بیر بکرێت و زمانی قوتابخانە بە سەر منداڵدا بسەپێندرێت.

---

[1]. Knowledge transformation

پێداویستیی کارامەیی یان «لێهاتوویی هۆشەکیی ـ ئەکادیمی زمان»[1] کە لە پۆلی سێهەمی قۆناخی سەرەتاییدا هەستی پێ دەکرێت، لە داهاتوودا و لە پۆلەکانی سەرتردا لە قۆناخی ناوەندی و دواتریش لە کۆی ژیاندا بەرەبەرە گەشە دەکات. پێویستە منداڵان زیاتر بەپێی ئەو زانیارییانەی لە زمانی دایکیی خۆیاندا بەدەستیان هێناوە گەشە بەو چەمکە دەرهەستانە بدەن.

ئەگەر لە دەسپێکی قوتابخانەدا گەشەی زمانی یەکەم یان وەک دەڵێن زمانی دایکیی منداڵان (کە بێگومان لە ڕێگای پەروەردە و ڕاهێنانەوە جێبەجێ دەبێت) لە بەر چاو نەگیردرێت، لەوانەیە منداڵان هەرگیز لە قۆناغە باڵاکاندا دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەڕەخسێت کە لە هیچ زمانێکدا گەشە بە بیرکردنەوەی دەرهەستی خۆیان بدەن. ئەگەر وانەگوتنەوە بە زمانێک بێت کە منداڵان لەگەڵیا بێگانە بن (بۆ نموونە منداڵی نیاڵی)، ئەوە تەنیا 2 یان 3 ساڵی دەسپێکی قوتابخانە لە قوتابخانەدا دەمێننەوە، ئەویش بەبێ ئەوەی لە وانەگوتنەوەی مامۆستاکان تێبگەن. لەوانەیە ئەو منداڵانە بتوانن کۆی ئەو شتانەی مامۆستاکەیان پێیان دەڵێن بەبێ هیچ فێربوون و تێگەیشتنێک لە وانەکان، تەنیا وەکوو تووتی یان بە شێوەیەکی مەکینەیی دووپات بکەنەوە. هەر بەو هۆیەوە زۆرینەی منداڵانی زمانە کەمینەکان لە دەسپێکی قوتابخانەدا واز لە خوێندن دەهێنن، بەبێ ئەوەی بەهرەیەکی وایان لە ئەو زمانە دەست کەوتبێت و فێری خوێندن و نووسین بە زمانی خۆیان بووبێتن و لە ئاکامدا بەبێ ئەوەی زانستێکیان وەرگرتبێت، لە قوتابخانە وەڕەز دەبن. ئەگەر منداڵان بە زمانی خۆیان ڕا بێن و پەروەردە بکرێن، بە ئاسانی لە وانەکان تێدەگەن و فێری هەموو چەمکەکانی کتێبە وانەییەکانیان دەبن. لێهاتوویی هۆشەکیی ـ ئەکادیمی خۆیان بە زمانی یەکەم بەهێزتر دەکەنەوە و ئەگەری ئەوە هەیە لە داهاتوودا ببنە کەسایەتییەکی بیرمەند و زانا و هەروەها لە ئاستێکی باڵاتردا درێژە بە خوێندنی خۆیان بدەن (موهانتی و هاوکاران، 2009).

لە ڕستەکانی دەقی ٣دا، زمانی پێوەر وەکوو فاکتەرێک بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتنی قوتابیان پێناسە کراوە کە وەها بەڵگاندنێک ئەو کاتە دەتوانێ ڕاست بێت کە ئەم زمانە هاوکات لەگەڵ زمانی یەکەمی ئاخێوەراندا، لە سیستەمی فێرکاریی فرەزمانیدا بەشدار بێت، نەک بە شێوەی سیستەمی فێرکاریی تاکزمانی بەڕێوە بچێت.

لە وتووێژێکدا لەگەڵ دوکتور کاوە قادری، دەروونناس و توێژەری بواری دەروونناسی، مەسەلەی فرەزمانییمان لە ڕوانگەی زانستی دەروونناسییەوە تاوتوێ کرد. بە بڕوای ناوبراو، پرسێکی لەم جۆرە یەکێکە لە پرسە بنەڕەتی و هەرەگرینگەکانی بواری گەشەکردن، هەرچەند ساڵانێکە باسێکی زۆر سەبارەت بە قازانجەکان و دەرئەنجامەکانی فرەزمانی لەسەر گەشەی منداڵان هاتوونەتە ئاراوە و بەڵگەش بۆ هەردووکیان خراونەتە ڕوو؛ بەڵام لە دەیەی ڕابردوودا، ژمارەیەکی بەرچاو لە توێژینەوەکان ئاماژەیان بە قازانج و سوودەکانی فرەزمانی لەسەر

[1]. Cognitive academic language proficiency

گەشەکردنی منداڵان کردووە. بە کورتی دەکرێ بڵێین منداڵانی فرەزمان توانای هۆشەکیی بەرزتریان هەیە، هەروەها کێشەی ڕەفتارییان کەمترە و هاودڵی و هاوڕێیەتییەکی بەهێزتر و هێزی داهێنەرانەی زیاتریان هەیە. جگە لەوەش، ئەم دیاردەیە دەورێکی تایبەت دەگێڕێت لە پاراستن لە بەرانبەر کێشەکانی نەخۆشیی بیرچوونەوە (ئەلزەهایمەر) دا. لە هەندێک حاڵەتدا کە ئەنجامە نەرێنییەکانی فرەزمانی زەق کراوەتەوە، دەبێ بڵێین کە ئەم فاکتەرە نەرێنییانە هیچ پێوەندییەکیان بە دیاردەی فرەزمانی یان دووزمانییەوە نەبووە؛ بەڵکوو گۆڕاوەکانی دیکە کە بریتیین لە هەستکردن بە جیاوازیدانان، وەرنەگرتن لە کۆمەڵگادا و هەژاریی ئابووری دەورێکی بەرچاویان گێڕاوە (ک. قادری، وتووێژی نووسەر،10ی خەرمانانی 2721).

سەبارەت بە پلانی تاقیکردنەوەی لێهاتوویی زمانی فارسی، بۆچوونێکی سەرسووڕهێنەر لە لایەن جێگری سەرۆکی پەروەردەی سەرەتایی خراوەتە ڕوو کە دەڵێت: پلانێکی لەو شێوەیە ڕێک وەکوو دادپەروەریی فێرکارییە؛ چونکە دەستڕاگەیشتن بە فێرکاری زیاتر دەکاتەوە و دەرفەتی بەرابەر و یەکسان بۆ وانەگوتنەوە و فێربوون دەڕەخسێنێت و دەبێتە هۆی ئەوەی بەربەستە فێرکارییەکان بۆ هەمووان لاببرێت. لە وەڵامی ئەم جۆرە تێڕوانینەدا، وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، دەرفەتی یەکسان و دادپەروەریی بەرابەر کاتێک ڕوو دەدات و واتای ڕاستەقینەی خۆی دەدۆزێتەوە کە هەموو زمانەکان لە بواری فێرکاریدا مامەڵەیەکی یەکسان و بەرابەریان لەگەڵدا بکرێت، نەک ئەوەی هەموویان بکرێنە قوربانیی یەکێک و دواتر بە دادپەروەریی بەرابەر ناوی لێ ببرێت. هەروەک سکوتناب کانگاس (2015) دەڵێت: لەم حاڵەتەدا نابێ دادپەروەریی فێرکاری بە تاکزمانی یان سەپاندنی زمانێکی دیاریکراو پێناسە بکرێت؛ چونکە ئەم کردەوەیە خۆی نیشانەیەکی بەرچاو لە هەڵاواردنی زمانییە. ئەگەر سیستەمێکی فێرکاری بە شێوەیەک ڕێک بخرێت کە فێرکاری تەنیا لە ڕێگەی زمانی باڵادەستەوە جێبەجی بکرێت و مامۆستایان لەم زمانە باڵادەستەدا، ئاخێوەرێکی تاکزمانە بن، دیارە کە ئەو جۆرە سیستەمە پیشاندەری جیاوازیدانان و هەڵاواردنی زمانییە (سکوتناب کانگاس، 2015).

بە بڕوای پیلێر جۆراوجۆریی زمانی تایبەتمەندیی هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکانە. لەم ڕووەوە «دادپەروەریی کۆمەڵایەتی» لە بنەڕەتدا دەپەرژێتە سەر هەڵاواردن و جیاوازیدانانی ڕەگەزێتی، ئایینی، نەتەوەیی، ئەتنیکی و هتد؛ بەڵام پرسی جۆراوجۆریی زمانی لە کۆمەڵگا و نەتەوەکاندا بەدەگمەن وەکوو هەڵاواردن و جیاوازیدانان سەیر دەکرێت. بەم پێیە، ئەگەر هۆشیاریی و زانیاریمان لەمەڕ چۆنێتیی پێوەندیی نێوان جۆراوجۆریی زمانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی نەبێت یان نەتوانین لە ناسینی ئەو هەڵاواردن و جیاوازیدانانەی کە لە ڕێگەی زمانەوە دەخرێنە ڕوو، ئاگاداری و هۆشیارییەکی ژیرانەمان ببێت، هەرگیز ناتوانین هەنگاوێکی باش لە ڕێگەی گۆڕانکاریی ئەرێنیدا هەڵبگرین (پیلێر، ٢٠١٦: 2-1). هەر بۆیە ئەوانەی «هەڵاواردنی زمانی»[1]

[1]. Linguistic Discrimination / Linguism

قبووڵ ناکەن، هەرگیز هەڵاواردنی ڕەگەزی، نەتەوەیی، ئەتنیکی و هتدیش وەرناگرن. هەڵاواردنی زمانی ڕەفتارێکی نادادپەروەرانەیە کە لە لایەن زمانە باڵادەستەکانەوە سەبارەت بە ئاخێوەرانی زمانە کەمینەکان زەق و بەرجەستە دەکرێتەوە.

فێلیپسۆن[1] (1992) چەمکی هەڵاواردنی زمانی بەکارهێنا کە وەکوو وشەی ڕەگەزایەتی یان سێکسێزم دەنوێندرێت و لە ڕوانگەی ئەودا هەموو سیستەمە فێرکارییەکان جگە لە زمانی یەکەم (وەک دەڵێن زمانی دایکی) نەبێت، جۆرێک سیستەمی ئیمپریالیستییە، تەنانەت ئەگەر پاڵنەری فێرکار ئەوە بێت کە یارمەتیی فێزخوازەکەی بدات کە لە هەژاری بێتە دەر و دەرفەتی پیشەیی یەکسانی بۆ بڕەخسێت. هەر بۆیە هەتا لەگەڵ هەموو زمانەکان بە شێوەیەکی بەرابەر و یەکسان هەڵسوکەوت نەکرێت، هەموو فێرگە چەندزمانییەکان بە هەڵاواردنی زمانی تاوانبار دەکرێن (فیلیپسۆن، 1992 : 47-46).

سکوتناب کانگاس هاوسەرەکەی فیلیپسۆن بە توندترین شێوە هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت: قوتابخانەکان مەکۆیەکن بۆ «نەسڵکوژی زمانی»[2] و جینۆسایدی زمانەکان (سکوتناب کانگاس، 2000). هەروەها کاترینا تۆماسۆڤسکی[3] (٢٠٠٤)، پەیامنێری نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافی خوێندن ڕادەگەیەنێت کە ئەگەر ئەو ڕێبازە نەگۆڕدرێت، قوتابخانەکان دەتوانن شوێنێکی کوشندە بن. کانگاس (٢٠١٠) پێشێلکردنی مافەکانی فێرکاریی وەکوو پێشێلکردنی «مافی زمانیی مرۆڤ»[4] ناو لێ دەبات کە نەسڵکوژی و جینۆسایدی زمانی بە دوای خۆیدا دەهێنێت. بە بڕوای ئەو، لە جیاتیی سەپاندنی زمانێکی باڵادەست، باشتر وایە نەک تەنیا زمانە ژێردەستەکان هەموو کەسێک لانیکەم بە سەر دوو زمان یان باشتر وایە زیاتر لە دوو زمان شارەزاییان ببێت. پێویستە نەک تەنیا گرووپە کەمینەکان، هەموو ئاخێوەران لە بایەخ و گرینگی ڕەگ و ڕیشەی ئەتنیکی و زمانییەکەی خۆیان ئاگاداری و زانیارییان هەبێت تاکوو بتوانن گەشە بکەن و ڕەخنە بگرن و بیر بکەنەوە. مافی زمان بۆ هەمووان بەشێکە لە مافی مرۆڤ. مافی زمان پێشمەرجی زۆرێک لە مافەکانی تری مرۆڤە. «مافە زمانییەکانی مرۆڤ» لە فێرکاریدا مەرجێکە بۆ پاراستنی فرەچەشنی لە جیهاندا کە هەموو کەسێک لە بەرانبەریدا بەرپرسیارە (سکوتناب کانگاس، 1999 :58).


ڕەنگە هەندێ جار بیستبێتتان کە کەسانێک دەڵێن فێرکاری بە زمانی یەکەم (یان وەک دەڵێن زمانی دایکی) چ سوود و قازانجێکی هەیە؟ کاریگەریی ئەم دیاردەیە چییە؟ ئەگەر بە زمانەکەی خۆمان وانەکان فێر بین ئایا لە داهاتوودا دەبینە فەیلەسووف یان بیرمەند؟ هەموومان ڕووبەڕووی ئەم جۆرە پرسیارانە بووینەتەوە و لێرەدا بۆ وەڵامدانەوە بەم جۆرە بیرۆکانە، بەڵگاندن و ئارگیومێنتەکانی خۆمان لە ڕوانگەی زمانناسییەوە دەخەینە ڕوو.

1. Philipsson
2. Linguistic Genocide
3. Katarina Tomasveski
4. Linguistic Human Rights (LHRs)

سەرەتا قازانج و سوودەکانی فێرکاری بە زمانی یەکەم (یان وەک دەڵێن زمانی دایکی) دەخەینە ڕوو. لە وتووێژ لەگەڵ دوکتۆر ئیرەج مێهربەخش، لێکۆڵەری بواری زمانناسی گرینگایەتی دەوری زمانی یەکەم (وەک دەڵێن دایکی)مان تاوتوێ کردەوە. لە ڕوانگەی ناوبراودا، زمانی یەکەم زمانێکە کە منداڵ بە دایک و ئەندامانی بنەماڵەکەیەوە گرێ دەدات و هەست و سۆزەکانی خۆی لەو چوارچێوەدا لەگەڵ خۆشەویستترین کەسەکانی خۆی دەگۆڕێتەوە و کاتی فێربوونی بابەتێک بە زمانێکی تر، وەریدەگێڕێتەوە سەر زمانە یەکەمەی خۆی تاکوو بتوانێ لێی تێ بگات. بەرگری لە فێربوونی زمانی دایکی لە قۆناغێکی تایبەت یان لە ئاستی قسەکردندا بە واتای بەربەستکردنی هزر و بیرکردنەوەیە لە هەمان ئاستدا.

ئاستی هزر و هێزی بیرکردنەوەی هەر کەسێک پێوەندییەکی چڕی لەگەڵ تواناییەکانی زمانی یەکەم و خەزێنەی وشەیی ئەو کەسەدا هەیە. قەدەغەکردن و بەرگری لە بەکارهێنانی ئەم زمانە لە قوتابخانەدا، بۆ نموونە پێوەندیی قوتابی لەگەڵ مامۆستا و هاوپۆلەکانی لاواز دەکاتەوە و هەروەها دەبێتە هۆی لاوازکردنەوەی ئاستی بەکۆمەڵایەتیبوون و لێهاتوویی پێوەندیگرتنی منداڵ. هەر بۆیە شەش ساڵ هەوڵدانی منداڵ بۆ بەدەستهێنانی لێهاتوویی پێوەندیگرتن لە ڕێگەی ئەم زمانەوە بێئاکام دەمێنێتەوە و متمانەبەخۆیی لە دەست ئەدات و لە ئاستی زمانە باڵادەستەکاندا، زمانەکەی خۆی بە کەم دەبینێتەوە. منداڵ بەم زمانەیە کە قۆناغە گرینگەکانی گەشەی زەینی و سۆزداری تێدەپەڕێنێت. پشتگوێخستنی زمانی یەکەم یان قەدەغەکردنی ئەم زمانە لە سیستەمی فێرکاریدا، قۆناغەکانی کەسایەتی و سۆزداری کە لە تەمەنی منداڵیدا گەشە دەکەن، تووشی کێشەوگرفت دەکاتەوە و ڕەوتی پێکهێنانی کەسایەتیی مرۆڤەکان ئیفلیج دەکەنەوە. مرۆڤی گەورەساڵ کە ناچار دەبێ بە زمانێک جگە لە زمانەکەی خۆی هەست و سۆزەکانی دەرببڕێت، خۆی وەکوو کەسێکی بێدەسەڵات و لاواز دەبینێتەوە و لە ئاستی خەڵکدا وەکوو منداڵێک سەیر دەکرێت (ئـ..مهێربەخش، وتووێژی نووسەر، 11ی ڕێبەندانی 2720).

**دیاگرامی خوارەوە کە لە بانکی نێودەوڵەتی[1] (٢٠٠٥) وەرگیراوە، ئاستی خوێندنی قوتابیانی وڵاتی مالی لە قوتابخانەکاندا دەخاتە ڕوو:**




لە دیاگرامی سەرەوەدا هێڵی چەپ ئاماژەیە بۆ باشتربوونی ئاستی خوێندن بە زمانی یەکەم کە ڕێژەی 32 لە سەدی زیاترە لەو خوێندکارانەی کە بە زمانی فەڕەنسی واتە زمانی فەرمی وانەکانیان خوێندووە. ناوەندی توێژینەوەی یونسکۆ (٢٠١٤) سەبارەت بە فێرکاریی و وانەگوتنەوە دەڵێت: کاتێک لە زمانی یەکەم وەک زمانی فێرکاری بۆ ماوەی ٦ بۆ ٨ ساڵ کەڵک وەردەگیردرێت، کاریگەرییەکی ئەرێنی و ئەنجامێکی بەرچاوی لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە متمانەبەخۆیی قوتابی زیاتر دەبێت و لە هەموو پۆلەکانی خوێندندا بەشداری دەکات و هیچ دڵەڕاوکێیەکی نییە. بەگشتی، توێژینەوەکانی ئەم دواییانە جەختیان لەسەر دەرئەنجامە ئەرێنییەکانی دووزمانەیی کردووەتەوە و بە پێچەوانەی ئەو بیرۆکە هەڵە و نازانستییانەی کە پەرە بە تاکزمانی دەدەن، ئەوە دووزمانەییە کە دەتوانێ پێشکەوتنی ئەرێنی لە گەشەکردنی زمانی، هۆشەکی یان ئەکادیمیی خوێندکاراندا بهێنێتە ئاراوە.

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکە کە دەڵێت ئەگەر بە زمانەکەی خۆمان فێری وانەکان ببین، ئایا لە داهاتوودا دەبینە فەیلەسووف یان بیرمەند؟ ئەم پرسیارە وەکوو پێوەندیی نێوان زمان و بیرکردنەوەیە کە لە بەشی پێشوودا شرۆڤە کرا و ئاماژەمان پێ کرد کە زمان هیچ پێوەندییەکی بە بیرکردنەوەی مرۆڤەوە نییە؛ بۆیە کەس ناتوانێ لە ڕێگەی زمانەوە خۆی وەکوو بیرمەندێک پێناسە بکات. جگە لەوەش، ئەرکی زمان نییە کە بیرمەند بەرهەم بهێنێت، بەڵکوو زمان بۆ مرۆڤ دیاردەیەکی گرینگ و پێویست بووە و بە بڕوای ئەفلاتون سەرچاوەی سەرهەڵدانی زمان دەگەڕێتەوە بۆ پێداویستییەکانی مرۆڤ و بە هۆی زەروورەت و پێویستییەکانی مرۆڤەوە بوو کە زمان سەری هەڵدا و پەرەی پێ درا. پەندێکی ئینگلیزی دەڵێ

[1].World Bank, In Their Own Language, Education for All, (World Bank: Washington, 2005).

«پێداویستی دایکی داهێنانه»[١] و ئێمه له یه‌کەم بابەتی بەشی سەرهەڵدانی زماندا، ئاماژەمان به «گریمانەکانی پێداویستی»[٢] کرد که یه‌کێک له گریمانەکانی ئاخێزگه و سەرچاوەی زمان، ئەم گریمانەیه. واته کار و ئەرکی زمان بەرهەمهێنان و پەروەردەکردنی فەیلەسووف و بیرمەند نییه؛ بەڵکوو زمان بۆ ژیانی مرۆڤ دیاردەیەکی پێویست و گرینگ بووە. وەک بیکەرتۆن (2010: 25) دەڵێت: ڕوون و ئاشکرایه که ئەگەر مرۆڤ بووەته خاوەن زمان، تەنیا لەبەر ئەوەیه که پێویستییەکی زۆری پێی بووە. پێویستییەک که هیچ گیاندارێکی تر هەستی پێ نەکردووە. لەم ڕوانگەوە به هۆی بەردەوامیی ژیانی مرۆڤەکان، زۆر گرینگ بووە که له ڕێگەی زمانەوە پێداویستییەکانی خۆیان بەدی بهێنن.

خاڵێکی گرینگ ئەوەیه که له نێوان فێربوونی «زمانی یەکەم» و «زمانی دووەم»دا جیاوازی هەیه. بۆ نموونه منداڵێکی هەنگاری بەبێ هیچ ماندووبوونێک فێری زمانی هەنگاری دەبێت؛ واته ئەو «خۆنەویستانه»[٣] و به شێوەیەکی نائیرادی ئەم زمانه فێر دەبێت، له کاتێکدا هەوڵدان بۆ فێربوونی زمانی دووەم له ڕووی لۆژیکییەوە، «خۆویستانه»[٤] و ئیرادییه (هرفۆرد[٥]،2014 :30). ئەمە هەر هەمان جیاوازیی نێوان «فێربوونی زمان»[٦] و «بەدەستهێنانی زمان»[٧]ـه که بەدەستهێنانی زمان دیاردەیەکی ئاسایی و سروشتییه یان به شێوەی زاتی و نائاگایانەیه که سەرچاوەی ئەم بیرۆکەیه دەگەڕێتەوە بۆ تیۆرییەکانی نوام چۆمسکی. واته لەم بیرۆکەیەدا پێویست ناکات ئاخێوەر له ڕێگەی پرۆسەی فێرکارییەوە، فێری ئەو زمانه ببێت؛ چونکه به شێوەیەکی ئاسایی و سروشتی لەسەر زمانەکەی خۆی شارەزایی هەیه، مەگەر ئەوەی که بیەوێ بەو زمانه وانەکان بخوێنێتەوە و به شێوەیەکی ئاکادمیکی له سیستەمی فێرکاریدا بەشدار بێت؛ بەڵام فێربوونی زمان به شێوەی ئاگامەندانەیه و له سیستەمی فێرکاریی زماندا، پێویستیی به ڕاهێنان و فێرکاری هەیه.

گروم و لیتڵمور[٨]، فێربوونی زمان وەکوو ڕەوتێکی هۆشیارانه و ئاگایانه سەیر دەکەن که ئەم ڕوته له پۆلەکانی خوێندندا ڕوو دەدات و بەدەستهێنانی زمان به ڕەوتێک دەزانن که تا ڕادەیەک نائاگایانەیه و ئاخێوەر به شێوەیەکی سروشتی له دەرەوەی پۆلەکانی خوێندندا به دەستی دەهێنێت (گروم و لیتڵمور، ٢٠١١: ١٩). بەم پێیه نابێ ئەم دوو بابەته لەگەڵ یەک تێکەڵ بکرێن. بۆ نموونه ئاخێوەرێکی خۆجێیی زمانی کوردی پێویستی به فێربوونی زمانەکەی خۆی نییه؛ چونکه ئەو به شێوەیەکی زگماکی یان سروشتی ئەم فێربوونەی به دەست هێناوە و زمانەکەی خوی دەزانێت و داواکارییەکانی ئەو له بواری مافی زمانییەوە بریتین له «خوێندەواری» یان «فێرکاری بەم زمانه» نەک «فێربوونی ئەم زمانه». به وتەیەکی دیکه، مەبەستی ئاخێوەریکی

[١]. Necessity is the mother of invention
[٢]. Necessity hypotheses
[٣]. Involuntary
[٤]. Voluntary
[٥]. Hurford
[٦]. Language learning
[٧]. Language Acquisition
[٨]. Groom & Littlemore

کورد خوێندنی زمانی کوردی نییە؛ بەڵکوو خوێندن بە زمانی کوردییە. لەم بوارەدا تێڕوانینێکی هەڵە هەیە کە هەندێک کەس پێیان وایە مەبەست لە دواکارییە زمانییەکانی ئاخێوەران فێربوونی زمانەکەی خۆیانە، لە کاتێکدا مەبەست لەم داواکارییانە «خوێندن و فێرکاری بەو زمانەیە» نەک «خوێندن و فێربوونی ئەو زمان»ـە. بۆ وێنە منداڵ بە زمانی یەکەمی خۆی لە سیستەمی فێرکاریدا پەروەردە دەکرێت و دواتر لە پڕۆسەی فێربوونی زماندا، دەتوانێ فێری زمانەکانی دیکە ببێت؛ بەڵام ئەگەر لە وەرزی سەرەتایی قوتابخانەکاندا، بە زمانێک جگە لە زمانی خۆی پەروەردە بکرێت، ئەوە بۆ ئەو منداڵە دیاردەیەکی نەرێنی لێ دەکەوێتەوە کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد.

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە کە ئەگەر ئاخێوەرێکی کورد بیەوێ بە جۆرەزمانەکەی خۆی لە ئێراندا وانەکان بخوێنێت، بە کام جۆرە زمانی کوردی وانەکان دەڵێتەوە؟ ئەگەر وا بێت لەگەڵ ئەم ڕەوتە، عەرەب و تورک و بەلووچ و هتد، مافێکی وەهایان دەوێت و دیاردەیەکی لەم چەشنە نابێتە کێشەوگرفتێکی گەورە؟ لە درێژەدا بۆ تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوەی ئەم پرسیارە، لەگەڵ دوکتۆر هیوا وەیسی پسپۆڕی بواری فێرکاریی زمان، پرسیارەکە شرۆڤە دەکەینەوە. بە وتەی ناوبراو وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستی بە تێبینی و لێکدانەوەیەکی بەربڵاو هەیە؛ بەڵام ئەگەر بمانەوێ وەڵامێکی کورت پێشکەش بکەین، دەبێ بڵێین بەپێی ئەزموونی وڵاتانی دیکە کە خاوەن ئاخێوەرانی فرەزمانین، بۆ نموونە وەک زۆرێک لە وڵاتە ئەوروووپییەکان یان وەک هیندستان و چین، کە تێیاندا چەندین زمان دەخوێندرێت، دەتوانین لێرەدا پڕۆسەیەکی دوو ڕێباز لە بەرچاو بگرین. یان یەکێک لە لقەکانی زمانی کوردی وەک زمانێکی پێوەر و ستاندارد بۆ فێرکاریی و پەروەردە هەڵبژێردرێت و سەرچاوە و کەرەستە فێرکاری و پەروەردەییەکان بەپێی ئەو لقە جێبەجێ بکرێن، ڕێک وەکوو ئەو کارەی کە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بەڕێوە دەچێت. بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستاندا ئاخێوەران بە چوار لقی زمانی کوردی دەئاخێون؛ بەڵام لقی سۆرانی وەکوو زمانێکی ستاندارد هەڵبژێردراوە و هەموو فێرکاریی و پەروەردەکان لەسەر بنەمای ئەم لقەن.

ئەگەرچی لە باری ڕێژەی ئاخێوەرانەوە، لقی سۆرانی جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ کورمانجیدا نییە؛ بەڵام لقی سۆرانی وەک زارێکی ستاندارد هەڵبژێردراوە و زۆربەی ئاخێوەرە کورمانجی و کەلهوڕی و هەورامییەکان لە پڕۆسەی فێرکاریدا بەم لقە دەچنە پێشەوە. لە کاتێکدا لە میدیا و ڕۆژنامەکاندا، لقەکانی دیکە بەکار دەهێنرێن و گۆڤار و ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنی دەوڵەتی و تاکەکەسی، بە هەموو ئەم لقانە پڕۆگرام و نووسینەوەیان هەیە. ئەگەر هەموو ئەم لقانە یەک زار وەکوو پێوەر بۆ فێرکاری هەڵبژێرن و لەسەرچاوەی لقەکانی دیکە کەڵک وەربگرن، پێناچێ کێشەیەک ساز ببێت؛ چونکە لە بنەڕەتدا ئەم چوار لقە یەک ڕیشەیان هەیە و پێکهاتە سەرەکییەکەیان زۆر لە یەکتر نزیکە و ئاخێوەرانی هەر چوار لقەکە ناسنامەی هاوبەشی کوردبوونیان هەیە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو، لقی گۆرانی وەک زمانێکی نێونجی و پێوەر

لە نێوان شاعیران و نووسەران و تەنانەت خەڵکی ئاساییشدا دەوری خۆی بینیوە و تەنانەت سەرەڕای نەبوونی دەوڵەتێکی کوردیش، زۆرێک لە شاعیر و نووسەران بە گۆرانی یان هەورامی شیعریان هۆنیوەتەوە یان بابەتیان نووسیوە.

سەیرتر ئەوەیە کە لقی گۆرانیش هەم لەو سەردەمە و هەم لەسەردەمی ئێستەیشدا کەمترین ئاخێوەری بووە، بۆ نموونە مەولەوی تاوەگۆزی و فانی خانەشۆری کە ئاخێوەری سۆرانی بوونە یان شاکە و خانمەسۆر ئاخێوەری کەلهوڕی بوونە، شیعریان بە گۆرانی هۆنیوەتەوە، لە کاتێکدا دەیانزانی بەردەنگەکانیان ئەو ئاخێوەرانەن کە بە زارە جۆراوجۆرەکان دەدوێن؛ بەڵام کێشەیەکیان لەگەڵ ئەم لقە وەکوو زمانێکی پێوەر یان زمانێکی نێونجی یان زمانێکی نووسین نەبووە. ئێستا زمانی عەرەبیش هەر بە هەمان شێوەیە. سەرنج بدەن ئەو عەرەبییەی کە ئاخێوەرانی عێراقیقسەی پێ دەکەن، جیاوازە لەو عەرەبییەی کە لە وڵاتی یەمەندا بەکاری دەهێنن، تەنانەت لەوانەیە ئاخێوەرێکی عێراقیش لێکگەیشتنی لە زمانی ئاخێوەرێکی یەمەنی نەبێت یان بە ئەستەم تێ بگات؛ بەڵام کاتێک باس لە فێرکاری و پەروەردە دەکرێت، زمانی ستانداردی هەموو ئەم وڵاتانە، بەپێی ئەو زمانە ستانداردەیە کە لە وڵاتی سعودیە بۆ فێرکاری و پەروەردە و هتد بەکاری دەبەن. هەروەها دەکرێ لە ئەزموونی چین و هیندستان کەڵک وەربگیردرێت. ئەگەرچی لە هیندستان، زمانی سانسکریت هاوڕێ لەگەڵ زمانی ئینگلیزی زمانێکی فەرمییە؛ بەڵام زۆربەی لقەکانی دیکەی زمانی هیندیش لە پرۆسەی فێرکاریدا بەشدارن. لە چین سەرەڕای ئەوەی زمانی ماندارین وەکوو زمانێکی هاوبەش دەوری خۆی دەگێڕێت؛ بەڵام لقەکانی دیکەی زمانی چینیش لە ئاستەکانی سیستەمی فێرکاریدا دەورێکی تایبەتیان هەیە.

ئێمەیش دەتوانین لە پلاندارێژیی پەروەردەییدا لە ئەزموونی ئەم وڵاتانە کەڵک وەربگرین. دەتوانین بۆ لقەکانی زمانی کوردی کتێب و دەقی فێرکاری دابین بکەین و لەسەر بنەمای پلاندارێژییەکی ورد و بەپێی ڕێژەی ئاخێوەران، هەموو ئەم لقانە لە پرۆسەی فێرکاریدا بەشدار بکەین. بۆ نموونە لە پارێزگای کرماشان و ئیلام دەکرێ لە کەلهوڕی بۆ زمانی فێرکاری کەڵک وەربگیردرێت و لە دەقە فێرکارییەکاندا وەکوو ئەدەبیات و شیعر و هتد، زارەکانی دیکەیش بەکار بهێنرێت. تەنانەت ئەگەر شارێک لە شارەکانی کرماشان وەکوو سەلاسی باوەجانی و جوانرۆ کە زۆرینەیان بە زاری سۆرانی (جافی) قسە دەکەن، دەکرێ بۆ ئاخێوەرەکانیان لە دەق و بابەتە فێرکارییەکانی سۆرانی کەڵک وەرگرین، یان بۆ فێرکاری لەو شارانەی پارێزگای ورمێدا کە تایبەت بە ئاخێوەرە کوردەکانەن، لە کورمانجی کەڵک وەربگیردرێت. چ کێشەیەک ساز دەکات کە بەوم ڕەوتە بچینە پێشەوە؟ بڵێی کێشەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئابووریی و بووجە؟ مەگەر ئێمە لەم وڵاتە بۆ زۆربەیەک لە شتەکان وەکوو بەرگریی لەناوچوونی فڵانە گیاندار پارە خەرج ناکەین؟ مەگەر بەردەوام سەبارەت بەم شتانە پەرۆش نین و دڵەڕاوکێمان نییە؟ ئایا ڕاگرتنی لقێکی زمانی کەمبایەخترە لە ڕاگرتنی جۆرێک لە ئاژەڵەکان؟ (هـ. وەیسی، وتووێژی نووسەر، 9ی خەرمانانی2722).

بەگشتی، لە وەڵامی وەها بەڵگاندنێکدا، دەبێ بڵێین بەپێی تیۆری ڕویز کە لە بەشی پێنجەمی کتێبەکەدا شی دەکەینەوە، هەبوونی هیچ زمانێک بۆ زمانەکانی دیکە کێشە ساز ناکات. ئاراستەکردنی بیرۆکەی «زمان وەک گرفت»[١] لە تێڕوانینی تاکزمانی و عەقڵیەتی ئاسیمیلاسیۆنیزمەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەبوونی هەر زمانێک جگە لە تاکزمانی، وەک کێشە و گرفت دەزانێت (ئیڤانس و هۆرنبێرگ[٢]، ٢٠٠٥: ٩٤) و زمانی ئاخێوەرانی دیکە وەکوو سەرمایە سەیر ناکات؛ بەڵکوو وەکوو زمانێکی لاواز هەژماری دەکات کە پێویستە بخرێتە پەراوێزەوە و لە کۆتاییدا دەستی بە سەر بوارەکانی دیکە لە سیستەمی فێرکاریدا ڕانەگات (ڕویز، 1984). لەم ڕوانگەدا، بوونی هەر زمانێک جگە لە تاکزمانی، مەترسییە و هەڕەشەیەکە بۆ سەر یەکگرتوویی نەتەوەیی وڵاتێک (ئاکیناسۆ[٣]، ١٩٩٤: ١٤٢) کە هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، ئەم جۆرە هەڵوێستە هەڵە و بێبنەمایە. ئەگەر بە تێڕوانینێکی لۆژیکییەوە سەیری سیستەمی فێرکاریی فرەزمانی لە وڵاتانی جیهاندا بکەین بەبێ هەڵەبەریی لێکچوون و بەراوردکردن، دەتوانین بڵێین لەم ڕوانگەیەوە وەها کێشەیەک دەتوانێ بەتەواوی چارەسەر بکرێت و هەر بۆیە ئەم جۆرە نیگەرانییانە سەبارەت بە فرەزمانی بێهودە و بێمانایە. سیستەمێکی لەو جۆرە کە هەموو زمانەکان لە بەر چاو دەگرێت، ڕوانگەیەکی مرۆڤتەوەرانەیە کە گرینگی بە پێکەوەژیانی زمانەکان دەدات (هۆرنەر و وێبەر[٤]، ٢٠١٥).

پێکەوەژیانی زمانەکان دەتوانێ زمانی فەرمی و نافەرمی، ناوچەیی یان بیانی و نێودەوڵەتی لە خۆ بگرێتەوە. وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد هەر مرۆڤێک لە ساڵانی سەرەتای خوێندندا بە زمانی یەکەمی فێری وانەکان دەبێت و دواتر دەچێتە ناو سیستەمی فێرکاریی فرەزمانییەوە. لەم حاڵەتەدا پێویستە سوود لە ئەزموونی ئەو وڵاتانە وەربگرین کە ئەم پرۆسەیان جێبەجێ کردووە و لە بنەماکانی فێرکاریی بە زمانی یەکەم کەڵکیان وەرگرتووە. بۆ نموونە لە فلیپین فێرکاریی زمانی یەکەم بۆ هەموو ئاخێوەران دامەزراوە و هۆشیاریی زمانیی خەڵک سەبارەت بە سیستەمی فێرکاریی فرەزمانی زیاتر دەکاتەوە کە لە بایەخ و سوودەکانی ئەم سیستەمە ئاگادار ببنەوە.

هەروەها لە بۆلیڤیا دامەزراندنی سێ ناوەندی ئەکادیمی، ڕێگەوشوێنیکی گونجاو بۆ زمانە کەمینەکانی وەک گوارانی[١]، ئایمارا[٢] و کیچوا[٣]. زمانی یەکەمی ئاخێوەران لە سەنیگال توانیویەتی ئاستی خوێندنی قوتابیانی تا ڕێژەی ٦٥ لە سەد بەرز بکاتەوە. هەروەها ئەم سیستەمە لە وڵاتی گواتیمالاشدا ئەنجامێکی ئەرێنی و گونجاوی لە بواری ئابوورییەوە هەبووە. لە وڵاتی سیشێلدا هەموو خوێندکاران تا شەش ساڵی سەرەتایی بە زمانی خۆیان دەخوێنن. لە کەنەدا و فینلاند کە

---

[1]. Language as problem
[2]. Evans & Hornberger
[3]. Akinnaso
[4]. Horner & Weber

[1]. Guaraní
[2]. Aymara
[3]. Quechua

تێیدا خوێندکاران بە زمانێکی کەمینە دەئاخێون (وەک فەڕەنسی یان سویدی) بەو زمانە فێری وانەکان دەبن. لە بورکینافاسۆ و وڵاتانێک وەک هیندستان، تانزانیا، ئیتالیا، کەمبۆدیا، ئوسترالیا، هەروەها لە بەشی پەروەردەی شوێنە تاکەکەسییەکانی وڵاتانێک وەکوو ژاپۆن، کازاخستان، لیتوانیا و تایلەند، پلانی فێرکاریی زمانە کەمینەکان جێبەجێ کراوە کە ئەنجامێکی باش و بەسوودی بە دوای خۆیدا هێناوە.

بەگشتی ئەو کەسانەی کە لەگەڵ پڕۆژەی تاکزمانیدا هاوڕا و هاوبۆچوونن، دەبێ بزانن کە دووزمانەیی لە سیستەمی فێرکاریدا بەرژەوەندی و قازانجێکی بەرچاوی هەیە و دیاردەیەکی کارامە و بەسوودە لە پەروەردەکردنی مێشکی مرۆڤدا. سوودی ئەم دیاردەیە تەنیا بە قسەکردن و ئاخاوتنەوە گرێ نادرێت؛ بەڵکوو بەپێی لێکۆڵینەوەکانی زانکۆی یۆرک لە کەنەدا، ئەو کەسانەی کە لە ساڵانی سەرەتایی ژیانیاندا، دەبنە ئاخێوەرێکی دووزمانە، لە هەندێک هەڵسوکەوتدا شارەزایی هۆشەکیی باشتر لە خۆیانەوە پیشان دەدەن. ئەم دیاردەیە تەنیا لە منداڵاندا نابینرێت بەڵکوو لە گەورەکانیشدا دیاردەیەکی بەرچاوە، بۆ نموونە گەورەکان وەک بەساڵاچووەکان لە هەندێک لە نەخۆشییەکانی مێشک، دەپارێزێت. ئەم سوود و هەڤیازییە لە بنەماڵە دووزمانەکاندا زەقتر و بەرجەستەتر دەردەکەوێت (ڕیکرسۆن و هیڵتۆن[1]، ٢٠٠٦: ٦٩).

هەروەها کە قازانج و سوودەکانی زمانمان بۆ ڕوون بووەوە، ئاسایی و سروشتییە کە چیتر نەڵێین «زمان تەنیا ئامرازێکە بۆ پەیوەندیکردن» هەروەک کالوە دەڵێت: ئەم جۆرە پێناسانە بۆ زمان لەوانەیە پێوەندییەکی خەساو لە نێوان ئاخێوەر و زمانەکەیدا ساز بکات. ئامراز لە ڕاستیدا ئامێرێکە کە لە کاتی پێویستدا بەکاری دەهێنین و دوای بەکارهێنانی، دایدەنێینەوە؛ بەڵام پێوەندیی ئاخێوەران لەگەڵ زمانەکەی خۆیان و زمانی ئاخێوەرانی دیکە بەم شێوەیە نییە. بۆ نموونە کاتێک دەمانەوێ بزمارێک دابکوتین، چەکوشێک بەکار دەهێنین و پاشان دایدەنێینەوە؛ بەڵام کاتێک پێویستمان بە پێوەندیگرتنە، بەو شێوەی پێشوو زمان لە کاڵانەکەی دەرناهێنین و دواتر دایبنێینەوە. لە ڕاستیدا کۆمەڵێک لە هەست و کاردانەوەکان لە بەرانبەر جۆرەزمانەکان و ئەو کەسانەی کە بەکاریان دەهێنن، دەخرێنە ڕوو کە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی زمان وەک ئامرازێکی پەتی سەیر نەکرێت. لەوانەیە حەزمان لە چەکوش بێت یان نەبێت، کە ئەمە شێوازی داکوتانی بزمارەکە ناگۆڕێت؛ بەڵام هەڵسوکەوت و کارلێکە زمانییەکان کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە (کالوە، 1379: 81). هەر بۆیە ئەو نموونانەی کە لە شرۆڤەکانی پێشوودا خراونەتە ڕوو، نەتەنیا زمان وەک ئامرازێکی پەتی سەیر ناکەن؛ بەڵکوو ڕەخنە لەم جۆرە بیرۆکەیە دەگرن کە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی هەڵە لە زمان.

لە وتووێژێکدا لەگەڵ دوکتۆر عەلی ئەسغەر سوڵتانی، زمانناس و توێژەری بواری شیکردنەوەی گوتار، ئەم بابەتەمان تاوتوێ کردەوە. لە ڕوانگەی ناوبراودا، تێڕوانینێکی هەڵە لە

---
[1]. Rickerson & Hilton

ناو دایک و باوکانی کورد و بەلوچ و تورک و هتددا هەیە کە پێیان وایە ئەگەر منداڵەکەیان سەرەتا فێری زمانی فارسی نەبن، ئەوە دەسکەوت و پێشکەوتنێکی بەرچاو بەدەست ناهێنن و پێگەیان لە کۆمەڵگای زمانیدا نزم دەبێتەوە. هەر بۆیە ئەوان هەوڵ دەدەن منداڵەکانیان بەرەو لای زمانی فارسی هان بدەن؛ بەڵام دیاردەیەکی وەها لە ڕوانگەی کەلتوورییەوە، زیان و خەسارێکی قەرەبوونەکراو دەگەیەنێت بە نەوەکانی داهاتوو؛ چونکە کەلتوورە دەوڵەمەندە مێژووییەکان لاواز دەکاتەوە و تێکی دەدات. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش پێویستە بنەماڵەکان ئاگادار و هۆشیار بکرێنەوە کە ڕیشووی کەلتووریی خۆیان دانەپاچن (ع. سۆڵتانی، وتووێژی نووسەر، ١٢ی گوڵانی ٢٧٢١).

بە وتەی گۆمێس و فوارتێز[1] (٢٠٠٣)، ئەگەرچی لێبوردەیی و پێکەوەژیانی زمانی لەگەڵ کەلتووری زمانی دووەم (وەکوو فارسی) بەپێی «توانستی پێوەندیی نێوانکەلتووری»[2]، دیاردەیەکی بەجێ و پێویستە؛ بەڵام ئاخێوەران نابێ زمانی یەکەمی خۆیان پشتگوێ بخەن و لە بیری بەرنەوە. بەگشتی، هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری و خەونی کۆمەڵگایەکی تاکزمانە کە تێیدا هەموو ئاخێوەران لە یەک بگەن، تێڕوانین و بیرۆکەیەکی هەڵەیە. چونکە ئەم جۆرە بیرۆکانە کە هەوڵ دەدەن نایەکسانییەکان لا بەرن و چاکسازی بکەن، ڕەنگە لەوە خراپتری بکەنەوە و نایەکسانییەکان زەقتر بکەنەوە و بە سەر کۆمەڵگادا بیانسەپێنن (جو ناپۆلی و شۆنفێڵد،2010: 172).

ئەگەر بە هەر هۆکارێک زمانێک بە سەر ئاخێوەرانی دیکەدا بسەپێندرێت، ئەوە دژانبەریی ڕەگەزی و باڵادەستیی کەلتووری و هێژمۆنیی ئاخێوەرانی ئەو زمانە زەق دەکرێتەوە. زمان لەگەڵ هێز و دەسەڵاتدا پێوەندییەکی نزیکی هەیە. وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد کاتێک منداڵێک بە زمانێکی تر جگە لە زمانی خۆی لە سیستەمی فێرکاریدا بەشدار دەبێت، لێرەدا تەنیا پرسی فێربوونی زمان لە ئارادا نییە؛ بەڵکوو منداڵەکە لە ڕێگەی ئەم زمانەوە فێری کەلتوور و ئایدیۆلۆژیای زمانە زاڵەکان دەبێت و زمان و کەلتوورەکەی خۆی لە ئاستێکی نزمدا دەبینێتەوە و هەست دەکات زمانەکەی بایەخی ئەوەی نییە لە سیستەمی فێرکاریی زانکۆ و قوتابخانەکاندا وانەی پێ بگوترێت و ئەمەش خۆی ڕاشکاوانە هەڵاواردنی زمانی دەسەلمێنێت. بە بڕوای پیلێر، هەڵاواردنی زمانی، زمانەکانی دیکە لە دەرفەتی بەشداریکردنی یەکسان لە ناو ژیانی کۆمەڵایەتیدا بێبەش دەکات (پیلێر، 2016: 146). ئەو سیستەمە فێرکارییانەی کە تەنیا یەک زمان لە سیستەمی پەروەردەیی خۆیاندا بەکار دەهێنن، هەمیشە بە ئامانجی بنبڕکردنی ئەو زمانە ڕەسەنانەی کە لە ژێر هێژمۆنی گوتاریی زمانی باڵادەستدان، هێرش دەکەنە سەر جۆراوجۆریی زمانەکان و سەرکوتیان دەکەن و بەم شێوەیە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی پێشێل دەکەن (پیلێر، 2016 : 150). وێنەی جۆراوجۆری زمانەکان بە شێوەیەکی نەرێنیی دەخرێنە ڕوو و هەندێک

---

[1]. Gómez,& Fuertes

[2]. Intercultural communicative competence

جار وەک کێشە و گرفتێک بۆ یەکڕیزی و یەکگرتوویی ئاخێوەران و پێکهاتەکانی دوڵەت ـ نەتەوە سەیر دەکرێن؛ بەڵام بەپێچەوانە دەکرێ وەک ئامرازێکی بنەڕەتی بۆ بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتی و یەکگرتوویی ئاخێوەران بەکار بهێنرێن (فکوهی، 1386).

لەوانەیە بیستبێتتان کە هەندێک کەس دەڵێن ئەگەر زمانێکی فەرمی و هاوبەشمان نەبێت چۆن دەتوانین پێکەوە پێوەندی بگرین؟ یان بۆ نموونە دەڵێن زمانی فارسی هەر لە ڕابردووەوە هەتا ئێستا، زمانێکی مێژوویی و نەتەوەیی و فەرمیی ئێرانییەکان بووە، بەبێ ئەم زمانە هیچ ئاخێوەرێک نەیدەتوانی لەگەڵ یەکدا پێوەندی بگرێت. لە وەڵامی وەها بیرۆکەیەکدا دەبێ بڵێین لە ڕابردوودا ئاخێوەران زمانێکی هاوبەشیان نەبووە وهەمیشەش هەوڵیان داوە لەگەڵ یەکتردا پێوەندی بگرن و تەنانەت بەبێ زمانێکی هاوبەشیش توانیویانە پێوەندی بگرن و بگەن بە ئامانجەکانیان. بەڵام دواتر بۆ پێوەندیگرتن و لێکگەیشتنێکی ئاسانتر، زمانێکی هاوبەشیان بەکار هێناوە. بەکارهێنانی زمانیکی هاوبەش کە بتوانێ پێوەندی و تێگەیشتن لە نێوان ئاخێوەراندا ئاسان بکاتەوە زۆر گونجاو و بەجێیە؛ بەڵام بە مەرجێک ئەم زمانە هاوبەشە لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا لە ئاستێکی بەرابەر و یەکساندا بێت؛ واتە نابێ وەکوو زمانێکی باڵادەست بە سەر زمانەکانی تردا بسەپێندرێت و زاڵ بکریت و بە بیانووی هاوبەشبوون ببێتە ئەمپریالیزمێکی زمانی.

ئەو خاڵەی کە لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە هەبوونی چەمکانێکی وەک «زمانی پێوەر»، «زمانی ستاندارد»[1]، «زمانی هاوبەش»[2]، «زمانی نەتەوەیی»[3]، «زمانی فەرمی»[4] لە بنەڕەتدا لە هەموو ئاستەکانی زانستی زمانناسیدا نەتەنیا زانستی نین بەڵکوو وشەڕۆنانی ئەم چەمکانە لەسەر بنەمای وەهم و ئەفسانە داتاشراون. تواندنەوە و یەکاندنی زمانەکان لە ژێر ناوی ئەم جۆرە چەمکانەدا بە واتای پەراوێزخستنی جۆراوجۆریی زمانییە و زمانەکانی دیکە لە تایبەتمەندییە کەلتوورییەکانی خۆیان پووچەڵ دەکاتەوە کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی تێکدان و ڕووخاندنی گەنجینە و خەزێنەی کەلتووریی وڵاتێک. ئاماژەکردنی ئەم جۆرە ناوانە خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی نرخپێدان و بەهادارکردنی زمانە باڵادەستەکان و زمانەکانی دیکە لە بەها و بایەخ و پرێستیژی خۆیان دەسڕێتەوە.

بە وتەیەکی تر، ئەم جۆرە بیرۆکەیە خەسار و زیانێکی زۆری کۆمەڵایەتی و کەلتووری بە دوای خۆیدا دەهێنێت و ئەگەر هەستی نەتەوایەتیی ئاخێوەران لە ئاستی ئەو نیشتمانەی کە تێیدا دەژین دابەزێت، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ئەفسانە و چیرۆکانەی کە لە ژێر ناوی «یەک زمان ـ یەک نەتەوە»دا پەرەیان پێ دەدرێت؛ چونکە ئەم دیاردەیە هەستیاریی ئاخێوەرانی زمانە کەمینەکان دەوروژێنێت و دەبێتە هۆی پارچەپارچەبوونی کۆمەڵگا و لە هەمووی گرینگتر

[1]. Standard language
[2]. Common language
[3]. National language
[4]. Official language

«لێبوردەیی کۆمەڵایەتی»[1]ی ئاخێوەران تێک دەدات و هەستی نەتەوایەتییان دادەبەزێنێت. زۆرێک لە توێژەران پێوەربوونی زمانەکان بە دیاردەیەکی بێبنەما دەزانن و هەندێک جار وەک سووکایەتییەک بە ئاخێوەرانی دادەنێن. بۆ نموونە ڕیچێنتۆ[2] لە کتێبی سیاسەتەکانی زماندا چەمکی «پێوەربوون»ی زمانی وەکوو «ئەفسانەیەک» پێناسە دەکات.

دوونا هاروای[3] بیرداڕێژەری پاشمۆدێرنیتە دەڵێت: خەونی زمانی پێوەر، خەونێکی پانخوازانە و ئەمپریالیستییە (هاروای، 1991 :173). زمانی پێوەر زمانێکە کە بەپێی سەرکوتکردنی جیاوازییەکان بنیات نراوە (کامێرون، 2012 :161). بەم پێیە، پێوەرسازیی زمانی فارسی لە خزمەتی کۆگایەک لە بەرژەوەندیی چینایەتی دایە. بەرژەوەندیی چینایەتیی دانیشتووە خۆشنشینەکان «وەک ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئینگلتەرا» کە لە باری ئابووری و سیاسییەوە بە سەر خەڵکی ناوچەکانی دیکەدا زاڵن و زارەکەشیان وەکوو پێوەر هەڵبژێردراوە. لە کاتێکدا، زاری خەڵکانی تری وڵات بۆ ئاستی زاری خۆماڵی و شێوەزاری ناوچەیی دابەزێنراوە و لاواز کراوە. زمانی پێوەر سازراوی دەستی تاقمێک لە دەستەبژێرە بەرژەوەندیخوازەکان بوو (هەمان، 42 -41). بە وتەیەکی دیکە، لە بۆچوونی ڕەخنەییدا دەڵێین زاڵکردن و زاڵبوونی جۆرەزمانی پێوەر، پیلانێکە لە لایەن چینی دەستەبژێرەوە بۆ وەدەستهێنانی هێز و دەسەڵات (ئسپاڵسکی، ٢٠٠٤ :٢٧). شوهامی[4] (2006: 173) دەڵێت «تاکزمانی ئەفسانەیەکی ساختەیی و جیا لە واقیعە کە دەبێ فەرمیبوونی لە سیستەمی فێرکاریدا بسەلمێندرێت». ئەو لە درێژەدا دەڵێت: زۆر جار ڕێکخراوە پەروەردەییەکان دەبێ «بە تەماحە ئایدیۆلۆژییەکان»ی خۆیانەوە پرۆسەی تاکزمانی پەسەند بکەن.

بەڵگاندنێکی دیکە کە دەڵێت زمانی فارسی بووەتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی ئێران بۆ ماوەی هەزاران ساڵ لەگەڵ یەکتردا پێوەندی بگرن و لە زمانی یەکتر تێبگەن، یەکێکی دیکەیە لەو تێڕوانینە هەڵانە کە بەردەوام پەرەی پێ دەدرێت.

لە وەڵامدا ئێدوارد گرانویل براون[5]، زاڵبوو و ئێراناسی بەناوبانگی بەریتانی کە یەکەم کتێبی لەسەر مێژووی ئەدەبی فارسی (١٩٠٢) نووسی و زۆریش ستایشی زمانی فارسی کردووە و بە شان و باڵیدا هەڵداوە، بڕوای وا بوو کە لەسەردەمی قاجارەکاندا کاتێک لە تاران دەهاتیتە دەرەوە، کەمتر ئاخێوەرێک بە فارسی قسەی دەکرد. جگە لەوەش، لە ڕابردوودا پێکهێنی زمان لەسەر ئایدیۆلۆژیاکانی دەوڵەت-نەتەوەکاندا بە شێوەی تاکزمانی بە سەر ئاخێوەراندا زاڵ نەبووە کە هەموو ئاخێوەران بتوانن شارەزاییان لە خوێندن، نووسین، قسەکردن بە زمانی فارسی ببێت و لە ڕێگەی ئەم زمانەوە لە یەکتر بگەن. بۆیە بیرۆکەیەکی هەڵەیە کە بڵێین زمانی فارسی بۆ ماوەی هەزار ساڵ زمانی باو و فەرمیی هەموو ئاخێوەرە ئێرانییەکان بووە و هەموو ئاخێوەرێک

---

1. Social tolerance
2. Ricento
3. Donna Haraway
4. Shohamy
5. Edward Granville Browne

دەیتوانی بەم زمانە لە قسە و ئاخاوتنی یەکتر تێ بگات. بەڵگە و شاهیدی زیندوو، نەوەکانی پێشوو و باب و باپیرانمانن. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە نەوەکانی پێشووی ئاخێوەرانی کورد، عەرەب، تورک و هتد بکەین کە لە مەکتەبدا فێری زمانی فارسی نەبوونە، بە ئەستەم بەم زمانە پێوەندییان دەگرت و هێشتا و لەسەردەمی ئێستاشدا کەسانێک هەن کە فارسی نازانن و ناتوانن بەم زمانە پێوەندی بگرن.

هەروەک سورخی (2719) دەڵێت: پابەندی بە قسەکردن بە زمانێکی هاوبەش، تایبەتە بە سەردەمی دەوڵەت_نەتەوەی مۆدێرن و دیاردەیەکی تا ڕادەیەک نوێی ئەم دواییانەیە کە لە چەند سەدەیەک لەوە پێشەوە (لە ئەورووپا) گەشەی کردووە. بەر لەوە، کە لەوانەیە بەگشتی بە سەردەمی ئیمپراتۆرییەکان ناو ببرێت، یەکێتیی زمانی پێویستییەکی سەرەکی نەبوو. لە حاڵێکدا کە بەکارهێنانە زمانییەکان بە خورتی جۆراوجۆر بوون، هێندێک لە حکوومەتە ئیمپراتۆرییەکان بە ئاشکرا لەگەڵ سروشتی فرەزمانیی دانیشتووانی ئیمپراتۆرییەکەیاندا گونجابوون، وەک ئێران و میسری کۆن (گریلو[1]، ١٩٩٨ : ٣٧). پاشان تا بەر لە دروستکردنی دەوڵەتی نوێی ئێرانی لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، زمانەکان لە پێککەوتنێکی سروشتی و جوگرافیدا بوون. تەنیا توێژێکی دەستەبژێر خوێندەوار بوون، زۆرینەی ڕەهای خەڵک هەر زمانی فارسییان نەدەزانی. جگە لەوەش، بە وتەی ئوکلار[2] ئیمپراتۆر پێویستیی بە جەماوەرێکی یەکپارچە لەباری زمانییەوە نەبوو؛ چونکە فرمانەکانی لە ڕێگای گرووپێکی بچوکی ڕاسپێردراوی ئیداریی دووزمانەوە بۆ گوێڕایەڵیی خەڵک، ڕاستەوخۆ ڕادەگەیەنران (ئوکارلار، 2009 : ٦٤).

کەواتە بەڵگاندن و ئارگیومێنتێکی لەو شێوەیە کە زمانی فارسی بە زمانێکی هەزاران ساڵە و زمانێکی هاوبەشی هەموو ئاخێوەران دەزانێت، نادروست و هەڵەیە و لەگەڵ ڕاستییەکانی جیهانی زمانناسیدا ناگونجێت. خاڵێکی گرینگ ئەوەیە کە ئەمڕۆ ئەگەر هەموو وڵاتێک پێویستی بە زمانێکی فەرمی بێت، تەنها بە تاکەزمانێکی فەرمی خۆی ناناسێنێت؛ بەڵکوو زۆربەی وڵاتانی جیهان زیاتر لە زمانێک بە فەرمی دەناسێنن. بە وتەیەکی دیکە، لە ٥٥ وڵاتی جیهاندا زیاتر لە زمانێک وەک «زمانی فەرمی» ناسراوە. دەتوانین بۆ دەستڕاگەیشتنی ئاسان بە ئاماری زمانە فەرمییەکانی وڵاتە جیاوازەکان، بە گەڕان لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا، ژمارەی زمانە فەرمییەکان بدۆزینەوە کە ئەگەری زۆرە ساڵانە ژمارەی ئەم زمانانە زیاتر ببێت.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە کاتێک لە ئایدیۆلۆژیا و تیۆرییە بەسەرچووەکەی دەوڵەت_نەتەوە ڕەخنە دەگیرێت و دەخرێتە ژێر پرسیارەوە، ئەمە بە واتای ئەوە نییە کە هەبوونی دەوڵەت و دەسەڵات و نەتەوە گرینگ نەبێت؛ بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە نابێ لە ڕوانگەی دەوڵەت_نەتەوەوە کۆمەڵگا زمانییەکان شرۆڤە بکرێنەوە؛ چونکە لە پڕۆژەی

[1].Grillo

[2].Ucarlar

دەوڵەت ـ نەتەوەدا مافی زمانە نافەرمییەکان پەراوێز دەخرێن و لە کۆتاییدا بە دروشم و وتەی سۆزدارانە پاساو بۆ سەپاندنی زمانێکی باڵادەست دەهێنێتەوە.

بۆ نموونە ئایدیۆلۆژیای ئێرانشارییەکان کە دروشمیان «ئێران وەک شارستانیەت»ـە؛ بەڵام پڕۆژەی زمان بەپێچەوانە هەر وەکوو بیرۆکەی دەوڵەت ـ نەتەوەی فەڕەنسی یان دەوڵەت ـ شارستانی یۆنانی جێبەجێ دەکات کە تێیدا تەنیا زمانێکی دیاریکراو بە فەرمی دەناسێت. هەر بۆیە سەپاندنی تاکزمانی دژ بە ڕوانگەی دەوڵەت ـ شارستانیەتە کە سیستەمی فیکریی ئەم ڕوانگەیە بە شێوەیەکی ئاڵۆز دەخاتە ڕوو؛ چونکە لە هەندێک وڵاتدا دەوڵەت ـ نەتەوە ناتوانێ چوارچێوەی ئەو نەتەوەیە پێناسە بکات و هەروەک ژاک (2006) دەڵێت: ئەو دەوڵەت ـ شارستانییەتەیە کە بە شێوەیەکی بەربڵاو فرەچەشنیی کەلتووری و جۆراوجۆریی زمانی لە نەتەوەیەکدا دەگرێتەوە نەک دولەت ـ نەتەوە. بۆ وێنە لە ڕوانگەی ئێرانشارییەکاندا، بە پێچەوانەی زۆرێک لە وڵاتانی دیکە، مێژووی زمان لە ئێراندا مێژوویەکی دیاریکراوی هەیە و لەم بیرۆکەیەدا، دروشمی «زمانی فارسی وەکوو زمانی هەموو خەڵکی ئێرانی گەورە، مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە»، دووپات دەکرێتەوە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە و ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر ئێران لەگەڵ وڵاتانی دیکە جیاوازە، کەواتە بۆچی گوتاری ئێرانشاری لە تیۆریی دەوڵەت ـ نەتەوە یان دەوڵەت ـ شاریی یۆنانی کە تیۆرییەکی ڕۆژئاواییە بۆ زمان، کەڵک وەردەگرێت؟ ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئێرانشارییەکان بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پڕۆژەکەیان لەسەر بنەمای ئێرانیبوون جێبەجێ دەکەن؛ بەڵام سەبارەت بە سیاسەتی زمانی، بەپێی پڕۆژەی ڕۆژئاواییەکان دەچنە پێشەوە کە پڕۆژەیەکی سەرنەکەوتووە. هەرچەند ئەو کەسانەی کە لە گوتاری ئێرانشاریدا، پەرە بە پڕۆژەی زمانی فارسی دەدەن ڕەوایی و مەشرووعییەتی ئەوەیان نییە کە بۆچوون و تێڕوانینەکانی خۆیان سەبارەت بە زمان دەرببڕن؛ چونکە هەروەک لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا ئاماژەمان پێ کرد، ئەم کەسانە لەگەڵ زانست و بنەماکانی زمانناسیی و لێکۆڵینەوە نوێیەکانی بواری زمان نامۆن و ئەگەر بۆچوونێک سەبارەت بە زمان بخەنە ڕوو، ئەوە بەبێ ئاگاییەکی زمانناسانە و بەبێ چوارچێوەیەکی زانستی بووە یان بۆچوونەکانیان لەسەر بنەمایەکی ئایدیۆلۆژیکی و ناسیۆنالیستی دامەزراوە کە هەوڵ دەدەن بە دروشمی زمانی یەکگرتوو، نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران هاودەنگ و یەکپارچە بکەنەوە کە بیرۆکەیەکی وەها کە کۆمەڵگایەک بە زمانێکی تایبەت و بە واتایەکی مێژووییەوە گرێ دەدات و لە ژێر ناوی وڵاتێکدا پێناسەی دەکات، نەتەوەیەکی خەیاڵی لە مێشکی خەڵکدا وێنا دەکات کە ئەندەرسۆن[1] (1983) بە «کۆمەڵەی خەیاڵی»[2] ناوی لێ دەبات.

[1]. Anderson

[2]. Imagined community

چەمکی کۆمەڵەی خەیاڵی ئاماژە بە پێکهێنانی کۆمەڵایەتیی نەتەوەیەک یان کۆمەڵگایەک دەکات و لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییە دامەزراوە کە کۆمەڵێک لە خەڵک هەرگیز یەکتریان نەبینیوە و یەکتر ناناسن؛ بەڵام هێشتا هەست دەکەن کە سەر بە کۆمەڵگایەکی هاوبەشن چونکە بەرژەوەندی یان هەڵوێستێکی هاوشێوەیان هەیە یان خۆیان وەک بەشێک لە نەتەوەیەکی هاوبەش پێناسە دەکەن. ئەندەرسۆن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە «سەرمایەداریی چاپی» کۆمەڵگای خەیالی پێک دەهێنێت. سەرمایەداریی چاپی تیۆرییەکە لەسەر بناغەی چەمکی نەتەوە دامەزراوە و وەکوو گرووپێک سەیر دەکرێن کە کۆمەڵگایەکی خەیاڵی ساز دەکەن و بەپێی زمان و گوتارێکی هاوبەش، لە ڕێگەی بەکارهێنانی چاپەمەنییەکانەوە بەرهەم دەهێنرێت و لە بازاڕی سەرمایەداریدا بڵاو دەکرێتەوە. هەر بۆیە سەرهەڵدانی ئەم کۆمەڵە خەیاڵییە نەتەنیا پێکهاتە و واتایەکی مێژوویی نییە؛ بەڵکوو لە بنەڕەتدا بەرهەمی وەهم و خەیاڵ بووە.

بە وتەی فکوهی (1396) ئەمڕۆکە ئەگەر کەسێ لایەنگەری لەم بیرۆکەیە بکات، لایەنگری لە چەوساندنەوە و تواندنەوەی زمانەکان کردووە یان بە ڕاستی نەزانانە سەیری ئەم پرسە دەکات؛ بەو هۆکارەی کە ئەزموونە مێژووییەکانیان دیوە و چیتر ناتوانن بڵێن هیچمان نەدیوە. تەنانەت دەزانن شتێکی وا لە کردەوەدا ڕوو نادات و ئەوەیش دەزانن ئەم دیاردەیە لە شۆڕشی فەڕانسەدا ڕووی دا و لێرەیشدا ڕەزاشا بەو شێوەیە شەڕی لەگەڵ ئەتنیکە ئێرانییەکان دەکرد. تەنانەت دەزانن ئاستێکی وەها لە توندوتیژی، لە مێشکدا ناگونجێت و لە ئێراندا ئەم پرۆژەیە نەک هەر جێبەجێ نابێت؛ بەڵکوو بە تەواوی دوورە لە زەین و عەقڵێکی لۆژیکی. ناکرێ بەم ئاستە لە توندوتیژی، زمانی ملیۆنان کەس بگۆڕین کە لەسەر ناوچەیەکی جوگرافیدا دەژین و قەبارەی بە قەد پێنج وڵاتی ئەورووپییە.

جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە لەسەردەمە دێرینەکانیشدا مەحاڵ بووە، ئەمڕۆکە چۆن دەتوانین ئەو کارە جێبەجێ بکەین؟ بەڕاستی ئەمڕۆ ئەم پرسە بۆ ئەوانەی کە شارەزاییان بە سەر کەلتووردا هەیە، بە هیچ شێوەیەک پەسەند ناکرێت و بە وەهم و خەیاڵی دەزانن. ئەگەر بەو شێوەیە بیر بکەینەوە کە 50 ساڵی داهاتوو لە تەورێزدا کەس تورکی قسە ناکات و هەموو بە فارسی دەدوێن یان لە کوردستاندا کەس کوردی قسە ناکات و هەموو بە فارسی دەئاخێون، بەگشتی خەیاڵاتێکی شۆڤێنیستییە و شتی وا هەرگیز ڕوو نادات. بێخەبەری لە جیهان، بێخەبەری لە سیاسەتە کەلتوورییە نوێکانی ئێستای جیهانە. لە ئێستادا ئێمە دەبێ تێبگەین کە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان پێڕەوی سیاسەتی تاکلایەنە و تاکەکەسییانە نین؛ بەڵکوو بەپێچەوانەوە، هەوڵ دەدەن هەنگاوەکانیان بەرەو سیاسەتی هەمەچەشنی و هەمەڕەنگیی فەرهەنگی هەڵبنێن. تەنانەت ئەگەر ئامریکا و فەڕانسە یان هەر شوێنیکی دیکە وەکوو بنەما لە بەر چاو بگرین، دەزانین کە ئەمانە نەتەنیا لە فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان پاڵپشتی دەکەن؛ بەڵکوو هانیشیان دەدەن، بۆچی؟ بۆ ئەوەی کە هەر زمانێکی نوێ، خۆی فەرهەنگێکی نوێیە.

هەروەها فکوهی (1397) دەڵێت: تیۆریی باسکراو کە لە ژێر ناوی ئێرانشاریدا پێشنیار کراوە، نموونەیەکە لە ناسیۆنالیزمی کۆنەپەرستانەی جیهانی سێیەم و پەراوێزخراو یان بۆ وێنە وڵاتانێک وەک "نوێنازیزمی ئەڵمانیا، نوێفاشیزمی فەڕەنسا و هتد" کە نموونەی جۆراوجۆری هەیە بەڵام پێکهاتەکەیان هەمیشە ڕێک هاوشێوەی یەکە. بەگشتی، سەپاندنی هەر زمانێک کاریگەرییەکی ڕووخێنەر و زیانبەخشی لەگەڵدایە؛ چونکە هۆشیاریی ڕەخنەگرانەی ئاخێوەران دەشارێتەوە و ئەم سەپاندنە لەمپەرێکە کە نەتوانن لە بەرانبەر زوڵم و ستەم و سەرکوتدا خۆڕاگر بن. ئەوەمان لە بیر نەچێت کە فێربوونی هەر زمانێک بۆ خۆی زیانبەخش و ڕووخێنەر نییە؛ بەڵام ئەو بەستێن و کۆمەڵگایەی کە تاکزمانی تێیدا زاڵ بێت، بەو مانایەیە کە فێربوونی زمانی باڵادەست بە ئامانجی پارچەپارچەبوونی دەروونی-کۆمەڵایەتی و کەلتووریی ئاخێوەران کار دەکات. بۆ نموونە زمانێکی وەک ئینگلیزی کە میراتی کۆلۆنیالیزمە و دروشمی پشتگیری و پاڵپشتی لە دەنگی گرووپە پەراوێزخراو و ستەملێکراوەکانە، هەرگیز دەوری «جیهانئەنەتەوەیی»[1] ناگێڕێت (پیلێر، 2016 : 202).

شایانی ئاماژەیە کە لە هەندێک حاڵەتدا سەپاندنی زمانێکی کۆلۆنیالیزم لە بەرژەوەندیی ئەو زمانەدا نییە، ڕەنگە زمانی کۆلۆنیالیزم کە زمانێکی داگیرکەر و باڵادەستە، بە شێوەیەکی نائاگاییانە لە ژێر کاریگەریی زمانی کۆلۆنیالیزەکراو (زمانی ژێردەست) دا بێت. بە وتەیەکی دیکە، کاتێک زمانی باڵادەست لە مێشك و زەینی نەستەکی[2] ئاخێوەری زمانی ژێردەستدا جێگیر بکرێت، لەوانەیە ببێتە بەڵای گیانی زمانی باڵادەست؛ واتە ئەم زمانە باڵادەستە کە وەک زمانی دەسەڵات سەیر دەکرێت، بە پێچەوانەشەوە بکرێتە ئامرازی بەرخۆدان و بەرگری کە وەها ئامرازێکی گرینگ دەتوانێ چەکێکی بەهێز بێت بۆ زمانە ژێردەستەکان. بۆ نموونە گابرییێل گارسیا مارکێز بە زمانی کۆلۆنیالیست کە زمانی یەکەمی ئەو نەبوو، کتێبی سەد ساڵ تەنیایی نووسی بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم زمانەوە بەرەنگاری بۆچوونەکانی داگیرکەران و کۆلۆنیالیستەکان ببێتەوە یان بۆ نموونە نووسەری کورد یاشار کەماڵ بە زمانی باڵادەستی تورکی دەینووسی و بەرەنگاری زوڵم و زۆری دەوڵەتی تورک بووەوە و یان زۆرێک لە خەباتەکانی دەستەبژێر و نووسەرە هیندییەکان لە ڕێگەی زمانی ئینگلیزییەوە کە زمانێکی کۆلۆنیالیزم بووە دژانبەریی دەسەڵاتی ئەنگلۆساکسۆنیان کردووە. یان نووسەرانی ئیرلەندی لە شەڕ و ململانێ لەگەڵ کەلتوری کۆلۆنیالیزمدا پێنووسەکەیان بە زمانی باڵادەستی ئینگلیزی بوو و لەم ڕێگەوە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر عەقڵییەتی کۆلۆنیالیستەکاندا هەبوو. بۆیە ئەم زمانە سەپێنراوە ڕەنگە ئامرازێکی بەهێز بێت لە دژی سیاسەتەکانی خودی ئەو زمانە و نائاگایانە لە دژی بیر و بۆچوونەکانی خۆیدا بەکار بهێنرێت. ئەمە هەر ئەو بۆچوونەیە کە هومی بابا لە کتێبی پێگەی کەلتوور[3]دا باسی کردووە.

[1]. Cosmopolitanism

[2].Unconscious mind

[3]. Location of Culture

**ناونانی زمانەکان**

لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا، ئاماژەمان بەوە کرد کە چەمکی «زمان» لە واتایەکی گشتیدا بەکار دەبرێت، هەر ئەو واتایەی کە زمانناسی بەناوبانگ فێردینان دێ سۆسێر[1] بە لانگ[2] ناوی لێ دەبات. هەر بۆیە کاتێ کە دەستەواژەی «زمانی مازەندەرانی» بەکار دەهێنین، مەبەستمان کام زمانەیە؟ ئاخۆ شاری «ساری» یان «ئامۆل» یان «مەحموودئاوا» یان «نوور» یان «شەهسەوار» یان «بابولسەر»ە، مەبەستمان کوێیە؟ یان مەبەستمان لە زمانی فارسی کام زمانە؟ یان لە زمانی کوردی کام زمانە؟ سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کام ناوچە؟ کرماشان یان سنە؟ لەیلاخ یان مەهاباد؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا دەڵێین: زمانی مازەندەرانی، زمانی فارسی یان کوردی هێمایەکی هزرییە کە لە هزری هەمووماندا هەیە و لەم دۆخەدا ئێمە زمانی مازەندەرانی، زمانی فارسی یان کوردی وەکوو «چەمکێکی پۆشێنەر»[3] یان «چەتر-وشە»[4] بەکار دەهێنین و کاتێ ئەڵێین زاراوەی کورمانجی یان سۆرانی و هتد... بە شێوەی چاوپۆشی ئەم چەمکەمان هەڵبژاردووە. هەموو زاراوەکان ئەتوانن وەکوو «زمان» بن و لە ڕاستیدا زمان بۆ کاتێک بەکار دەبەین کە پێویستمان بە چەمکێکی ڕووکەشی و داپۆشراوی بێنیشانەیە. کاتێ دەڵێین زمانی مازەندەرانی یان زمانی فارسی، لە دەرەوەی ئەم چەمکانەدا، بەرئاماژ[5] یان بەرانبەرێکی بەرهەست و بەرچاویان بۆ نادۆزینەوە. هەر بۆیە زمان چەمکێکی هزرییە کە لە واتایەکی گشتیدا شرۆڤە دەکرێت.

لە باوەڕی هەندێک کەسدا وا هەست دەکرێت کە وشەیەکمان بە ناوی «زمان» هەیە کە دەبێ بوونایەتییەکی هاوتای ببێت کە ئەم وشەیە ئاماژەی پێ بکات. بەڵام سۆسێر (1969 :19) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە «زمان وەک بوونەوەرێک بوونی نییە»[6] (لوری، 2007 :3).

سیستەمی زمان لەگەڵ ناوەکانی وەک «ئینگلیزی»، «فەڕەنسی»، «لاتینی» و هتد دەقاودەق نییە و یەک ناگرێتەوە و تەنانەت هیچ گەرەنتییەک نییە کە بۆ وێنە هەر شتێک کە بە ئینگلیزی دادەنرێت، ڕێک سەر بە ئەو سیستەمی زمانییە بێت کە بە ئینگلیزی ناسراوە (هریس[7]، 2001 :123). ناونانی هەموو زمانەکان ساختەیی و دەستکردن و ئامانجی ئایدیۆلۆژیکیان لەگەڵ دایە. بۆ نموونە کاتێک دەڵێین «ئینگلیزیی هیندی»، بە شێوەیەکی بەرهەست و بەرچاو، هیچ بوونێتییەکی دیاریکراو لە هەمبەر ئەم ناوەدا نییە و وەک هەموو زمانەکان، چەمکێکی ساختەیی و دەستکردە. ماوەیەکە وشەناسان و مرۆڤناسان بڕوایان وایە کە ئەم جۆرە تێگەیشتن و بیر و باوەڕە سەبارەت بە ناونانی زمانەکان، لە هەموو کۆمەڵگا زمانییەکاندا باو و گشتگیر بووە؛ بەڵام

1. Ferdinand de Saussure
2. Langue
3. Cover term
4. Umbrella term
5. Referent
6. language is not an entity
7. Harris

ئەم جۆرە بیرۆکە، بیرۆکەیەکی نالۆژیکی و نازانستییانەیە و هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ بنەماکانی زمان و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکاندا نییە و هەروەها لە ژێر کاریگەریی بەڵگاندنە هەڵەکاندا خراوەتە ڕوو (پیلێر، 2018).

تەنانەت لە بەشی ئەفسانەی زمانی پەتی و پاراودا ئاماژە بەوە کرا کە چەمکی «زمان» خۆی لە ڕاستیدا چەمکێکی گریبەستی و ساختەییە. بەپێی ئەم وتانە، پێناسەکردنی زمانێکی وەک ئینگلیزی، فارسی، کوردی و هتد، کارێکی ئەستەمە و ئەم جۆرە ناونانە لە چوارچێوەی بەڵگاندنی لۆژیکی و زانستیدا وەرناگیردرێت.

**سەبارەت بەم بابەتە، هەڵەکانی ناونان لە ڕۆژنامەی شەرقدا دەخەینە ڕوو:**

«ڕۆژنامەی شەرق، ژمارەی *2792*، *13*ی ڕێبەندانی *2716*»

لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران، قەومێک بەناوی گۆران بوونی هەیە کە لە نێوان مەریوان تاکوو گۆرانی کەرەند نیشتەجێن، واتا لە پارێزگای کوردستان تا کرماشان و تاقمێکیشیان لە عێراقدا دەژین. هەروا کە دەزانن گۆرانەکان کورد نین و دابەش دەبن بە سەر هەورامییەکان، باجڵانەکان و خەڵکی گوندی کەنووڵە... و هەرکامیان زاراوەی تایبەتی خۆیان هەیە و حەشیمەتیان نزیک بە یەک ملیۆن کەسە.

هەرواکە لە دەقی ڕۆژنامەی شەرقدا دەیبینن، نووسەر لە چەمکێک بە ناوی «گۆران» کەڵک وەردەگرێ و ئەم کەسانە بە غەیرەکورد ناو دەبات و بۆ هەرکامیان زاراوەیەکی جیاواز دەستنیشان دەکات. لە بەشی 1ی کتێبەدا پەرژاینە سەر «زار و زمان» و ئەم دوو چەمکەمان تاوتوێ و شی کردەوە کە پێناسەی ئەم دوو چەمکە دەتوانێ دەقی سەرەوە بخاتە ژێر پرسیار و ڕەخنەیەکی زانستی لەم بیرۆکەیە بگرێت (بڕوانە بەشی 1ی کتێبەکە).

هەروەها لە دەقی ئاماژەپێکراودا دەستەواژەی «ناوچە کوردنشینەکان» هاتووە. پاشگری "نشین" لە دوای ناودا هاتووە کە بۆ نموونە دەستەواژەیەکی وەک «ناوچە کوردنشینەکان» یان «خەڵکی سنوورنشین» پێک دەهێنێت. ئەم نموونانە پیشاندەری ئەوەن کە شوێناندن و نیشتمانی کوردان وەکوو «خانوویەکی کرێیی» پێناسە کراوە کە گوایە کوردەکان خاوەن ماڵی سەرەکی ئەم خاکە نین و ئەو ناوچانە هی ئەوان نییە. هەروەها، نووسەری دەقی ئاماژەپێکراو، بە ئامرازی زمانیی «کۆواندن»[1] ئاماژەی بە "یەک ملیۆن کەس" کردووە؛ واتە کردەگەرە کۆمەڵایەتییەکانی بە ئامار و ژمارەوە نواندووە (ڤەلیوون، 38:2008) کە بە بڕوای ڤەندایک ئەم جۆرە ئامارانە، هەستێکی وا لە خوێنەردا دەخولقێنن کە گوایە ئەم وتەیە بەپێی دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دەربڕاوە.

شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە تێڕوانین و هەڵوێستی نووسەر سەبارەت بە ناونانی وشەکان ئایدیۆلۆژیکی و لایەنگرانەیە. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە ناونان و نواندنی کردەگەرە

---

[1]. Aggregation

کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەییدا نەک هەر بێلایەن نییە؛ بەڵکوو بە شێوەیەکی مەبەستدار لە خزمەتی ئامانجە ئایدیۆلۆژیکییەکاندایە؛ بەتایبەت کاتێک نووسەر دەیەوێ هەندێک لایەنی ناسنامەیی خەڵک زەق یا کاڵ بکاتەوە، ئەم بابەتە دەبێتە دیاردەیەکی ئایدیۆلۆژیکی (مەکین و مایر[1]، 2012 : 77).

بەپێی لێکۆڵینەوەی مێژوونووسان، جوگرافیناسان و گەڕۆکەکان تا سەدەی نۆزدەهەمی زایینی، هەموو جۆرەزمانەکان لە جوگرافیای کوردستاندا خۆیان بە کورد زانیوە و لە ماوەی هەزاران ساڵ کە لە پێشینەی نیشتەجێبوونی ئەم خەڵکە تێپەڕیوە هیچ خێڵ و هۆز و تایەفەیەکی تایبەت نەبووە کە تەنیا خۆیان بە کورد بزانن و ئەوانی دیکە بە ناکورد و بێگانە ناو بەن. هەروەها دەقە مێژووییەکان پیشاندەری ئەوەن کە کوردبوون جۆرەزمانێکی تایبەت نەبووە و هەموو ئەم خەڵکە لە پانتایی ئەم جوگرافیا بەربڵاوەدا خۆیان بە کورد زانیوە و ئەم وتەیە نەک گریمانەیەکی لەرزۆک بەڵکوو ڕوانگەیەکی پتەو و سەلمێنراوی مێژووییە کە دەیان دەق پشتگیری لێ دەکات و دەیسەلمێنێ و ئەمە مێژووە کە پێمان ئەڵێ سەر بە کوێن و کێن. ناوەرۆکی باسەکە لێرەدایە کە چەمکی «گۆران» لە مێژوودا، هەڵگری واتای «چینی کۆمەڵایەتی»، «خێڵ و تایەفە»، «ئایین»، «شێوەی ژیان» یان «جۆرەزمان»ێکی تایبەتە و بەشێکی جیانەکراو و دانەبڕاو بووە لە کۆمەڵگای کوردستان و لە بنەڕەتدا باسکردن سەبارەت بەم مژارە لە دەرەوەی جوگرافیای کوردستاندا، بیرۆکەیەکی پووچ و بێ‌مانایە (محمدی، 1400 :239-233).

کەواتە ئەگەر سەیری ڕابردوو بکەین، باوباپیرانمان لە هەر ناوچەیەکی کوردستاندا (بۆ نموونە لە کرماشان، ئامەد، هەولێر و...) زۆربەیان لە زمانی یەکتر تێنەدەگەیشتن و لێکگەیشتنی زمانییان نەبووە؛ بەڵام خۆیان بە کورد پێناسە کردووە. هەر بۆیە کوردبوون هەرگیز لەسەر بنەمای زمانی دانەمەزراوە؛ بۆیە ئەوانەی دەڵێن گۆران و هەورامییەکان لە بنەڕەتدا کورد نین و لە ڕووی زمانییەوە گرووپی سەربەخۆن، جۆرێک هەڵەبەرییە کە پێی دەڵێن «هەڵەبەریی ناونان». بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا ئەگەر بڵێین «هەورامی» ناتوانێ «سۆرانی» بێت، ئەم جۆرە گوزارەیە ڕاستە، یان ئەگەر بڵێین «هەورامی» ناتوانێ « کورمانجی» بێت، ئەمەش هەر ڕاستە؛ بەڵام ئەگەر بڵێین هەورامی کوردی نییە، یاخود ڕووبەڕووی پرسیارێکی وەها ببینەوە کە ئایا هەورامی کوردییە یان نا؟ لێرەدا هەڵەبەرییەکە لەم پرسیارەوە سەرهەڵدەدات؛ چونکە بەم پێیە کوردیمان تەنیا لە چەند جۆرەزمانێکی تایبەتدا دابەش و پێناسە کردووە کە بریتین لە سۆرانی و کورمانجی و هتد؛ بۆیە ئەگەر بمانەوێ زمانی کوردی تەنیا بەم زاراوانە پێناسە بکەین و سنووری بۆ دابنێین، هەورامی لە ڕێزبەندیی کوردیدا جێگیر نابێت و ئەم جۆرە هەڵەبەرییە هەمیشە لە لایەن هەندێک لە بزووتنەوە و گرووپە سیاسییەکاندا یان لە لایەن هەندێک زمانناسەوە پەرەی پێ

[1]. Machin & Mayr

دەدرێت کە دەیانەوێ ناسنامەی کورد بە زمانێکی تایبەتەوە پێناسە بکەن و بە شێوەیەکی دەمارگرژانە ئەم جۆرە ناونانە ئایدیۆلۆژیکییانە دووپات بکەنەوە.

بۆ وێنە هەندێک لە زمانناسان بە پشتبەستن بە وەسفکردنی جۆرناسیی زمان (تایپۆلۆجی) هەوڵ دەدەن بەپێی ڕێزبەندیی وشەیی و سیستەمی ڕێککەوتنی زارەکانی "کوهدەشتی و نورئاوایی" بە نوێنەرایەتی لە لەکی، ئاخێوەرانی لەکی وەکوو زمانێکی سەربەخۆ ناو ببەن (دبیرمقدم، 1392 : 897 -862) کە بێگومان دیاردەی «ناونانی لەکی وەک زمانێکی سەربەخۆ» لە ڕوانگەی زمانناسییەوە هیچ کێشەیەک ساز ناکات و کێشەکە زمانبوون یان زماننەبوونی لەکی نییە؛ بەڵکوو هەڵەبەرییەکە لەمەوە سەر هەڵدەدات کە ئەم توێژەرانە دەیانەوێ لە ڕێگەی زانستی جۆرناسیی زمانەوە (تایپۆلۆجی)، لەکی لە زمانی کوردی جیا بکەنەوە و کوردی دابەزێنن؛ واتە کوردی بە سەر چەند جۆرەزمانێکی تایبەت دابەش و پێناسە بکەن یان بۆ نموونە تورکی بە ئازەری ناو بنێن و بە زمانێکی ئێرانی دابنێن.

بەگشتی هەمیشە دەستکاری و چەواشەکارییەکی زۆر لە لایەن توێژەرانی بوارەکانی مێژوو و زمانناسی و هتددا ڕووی داوە. بۆ نموونە کۆمپانیای هیندستانی ڕۆژهەڵات کە کۆمپانیایەکی بەریتانی بوو، دواتر لە چالاکییە بازرگانییەکانی خۆی تێپەڕی و بە شێوەیەکی درێژخایەن ئامانجی سەرەکییەکەی داگیرکاری و کۆلۆنیالیزمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو و بە هۆی ئەوەی توێژەرانی زانکۆش لەگەڵ ئەم کۆمپانیایەدا هاوکارییان دەکرد، هەندێک تیۆریی مێژوویی و زمانناسی لەم سیستەمە کۆلۆنیالەدا سەری هەڵدا.

بە بڕوای نیومار[1] (1988: 16) لە ساڵی 1786دا زمانناس و ڕۆژهەڵاتناسێکی بەریتانی بە ناوی سێر ویلیام جۆنز[2] لە خزمەتی ئەم کۆمپانیایەدا بوو کە بە لێکۆڵینەوەیەک باسی پێوەندیی ڕەگەزیی نێوان زمانە ئاسیایی و ڕۆژئاواییەکان دەکرد. لە ڕاستیدا زمانناسی لەم بوارەدا جگە لە ڕێبازی زانستیی خۆی، ئامانجی دیکەی بەدوادا بوو و لە ڕوانگەی بیرداڕێژەرانی پاشئیستعمارییەوە، زمان بنکەیەکی سەرەکی بوو لە گوتاری پاشئیستعماریدا؛ چونکە ڕەوتی ئیستعمار خۆی بە زمانەوە دەستی پێ کرد. بە بڕوای ڤیشوەناتن[3] (١٩٨٩ :٣)، لە سەردەمی ئیستعماریی وڵاتی هیندا، دەقی ئەدەبیی ئینگلیزی وەکوو دەمامکێک چالاکییەکانی دەسەڵاتخوازانەی داگیرکەرانی دەشاردەوە (کوماراوادیڤلو[4]، 1999). هەر بۆیە پۆلێنبەندیی ئاخێوەران و ناونانی زمانەکەیان بە شێوەیەکی مەبەستدار ئامانجی سەرەکیی هەندێک لە توێژەرانی بواری زمانناسیی و لقەکانی دیکەی زانستە مرۆییەکان بووە.

---

[1]. Newmeyer

[2]. William Jones

[3]. Viswanathan

[4]. Kumaravadivelu

بازئەفکەن (١٤٠١) لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا باسی هەڵەبەریی ناونانی کردووە و بە گێڕانەوە لە کۆک[1] (١٩٨٥)، ئۆرانسکی[2] (١٣٧٩)، ڕاولینسۆن[3] (١٨٦٧)، پرسیارێک دەوروژێنێت و دەڵێت: ئەو زمانەی کە لە گوتاری زمانناسیی ئێراندا بە ناوی «فارسیی کۆن» خراوەتە ڕوو، لەسەردەمی خۆیدا بە چ ناوێک ناسراوە؟ لە وەڵامدا دەبێ بڵێین: داریوش لە ئاماژە بە زمانەکەیدا لە چەمکی «فارسی» کەڵکی وەرنەگرتووە بەڵکوو وشەی «ئاریەنی» بەکار هێناوە. سەبارەت بە هەڵەبوونی ئەم ناونانە هەر ئەوە تەواو و بەسە کە بزانین دەستەوشەی فارسیی کۆن لە بنەڕەتدا پێش لە خوێندنەوەی دەقە کۆنەکان بەکار هاتووە و لە ڕێگەی گریمانە خەیاڵییەکانی نەوەی یەکەمی ئاریاگەرانێک وەک سێر ویلیام جۆنز و سێر جۆن مالکۆم ناوبانگی دەرکردووە و بووەتە وشەیەکی باو و گشتگیر. جگە لەوەش، ئەگەرچی ئێرانناسان دان بەوەدا دەنێن کە لەسەردەمی کۆندا زمانە جیاوازەکان لە ناوچەکەدا دیاردەیەکی ئاسایی و باو بوونە؛ بەڵام لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدەن ئەم جیاوازییانە لە ژێر ناوی "فارسی"دا دابەزێنن و بە ناوی فارسییەوە پێناسەی بکەن و پەرەی پێ بدەن. ئەم پرسە بۆ ناونانی فارسیی ناوەڕاستیش دەگونجێت. لەو سەردەمەدا کە لە ژێر ناوی پۆلێنکردنی فارسیی ناوەڕاستدا پێناسە کراوە، ڕووبەڕووی زمانە جیاوازەکان دەبینەوە کە نە دەتوانن لە یەک زماندا واتە زمانێکی یەکگرتوودا کورت بکرێنەوە و نە دەتوانن پێوەندییان بە یەکێک لە زمانەکانی ئەمڕۆوە بێت.

لە توێژینەوە نوێکاندا، زمان هیچ پێوەندییەکی بە سنوورە جوگرافییەکانەوە نییە؛ چونکە لە هەندێک وڵاتدا پێوەندییەکی یەک بە یەک و دەقاودەق لە نێوان زمان و سنووری جوگرافیاییدا نییە. بۆ نموونە زمانی ئیسپانی لە هەموو وڵاتانی ئەمریکای ناوەڕاست و باشوور جگە لە بەرازیل، زمانێکی فەرمییە و زمانی عەرەبیش لە بیست وڵاتدا زمانێکی فەرمییە (صفوی، 1398 :10). هەر بۆیە ئەم میتۆدە کە دەیەوێ زمان لەسەر بنەمای هەرێمێکی جوگرافی پێناسە بکات، نەک هەر خاڵێکی لاوازە و کەموکووڕی زۆری تێدایە؛ بەڵکوو کۆمەڵگای زمانی لەو هەرێمە جوگرافییەدا، بەپێی پێوەرەکانی تەمەن و ڕەگەز و چینی کۆمەڵایەتیی ئاخێوەران، جیاوازیی هەیە (هریس، 2001 :125). جگە لەوەش، نابێ زمانەکان لەسەر «بنەمای نیشتمانی»[4] دابەش بکرێت و شێوەی ناونانی وڵاتێک بەپێی زمانێکی تایبەت بێت، لەبەر ئەوەی کە ڕوانگەیەکی هەڵە لە پشت ئەم جۆرە ناونانەدا هەیە و ئەگەر سەیری ڕابردوو بکەین ئەم جۆرە ناونانە لەسەر بنەمای خواستی دەسەڵات و زاڵبوونی گرووپێک بە سەر ئەوانی دیکەدا پێک هاتووە، هەر وەک ئەوەی دومێرت جەختی لەسەر دەکاتەوە و دەڵێت: زمانەکان لەسەرانسەری جیهاندا لە دۆخێکی جوگرافیایی نایەکساندا سەریان هەڵداوە (دومێرت، 2011 :261). هەر لەبەر ئەم هۆکارەش، ئەو بیرۆکە هەڵە و بەسەرچووە کە زمان لە پێوەندییەکی یەکلایەنە و بەرتەسک لەگەڵ نەتەوەیەکدا پێناسە دەکات، لە دنیای ئەمڕۆدا هیچ پێگە و بناغەیەکی زمانناسانەی نییە و تێڕوانین و هەڵوێستێکی

---

[1]. Cook

[2]. Oranski

[3]. Rawlinson

[4]. Territorial principle

وەها سەرەتا لە لایەن کەسانێک وەک هێردەر و ڤۆن هومبۆڵتەوە پێشنیار کرا کە لەگەڵ ڕوانگە ناسیۆنالیستەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە سەری هەڵدا. ئەوان ڕۆحی نەتەوەیەکیان لە زمانێکی تایبەتدا دەبینی.

ئەو دەستەواژە و ڕستانەی کە دەڵێن زمان ڕۆحی نەتەوەیە و زمان شادەماری نەتەوەیە، زیاتر لە چوارچێوەیەکی خوازەیی و مێتافۆریدا، زمان وەک نەتەوە پێناسە دەکات کە لە بەشی ٥ی کتێبەکەدا بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەییەوە تاوتوێ دەکرێنەوە. هەروەها ڕوون و ئاشکرایە کە لە هیچ شوێنێکی جیهاندا هیچ نەتەوەیەکی تاکزمانی نییە و هەموو نەتەوەکانی جیهان خاوەن کۆمەڵگایەکی فرەزمانین کە لەم کتێبەدا بەوردی باسی لەسەر کراوە.

بەگشتی، تاکزمانی دیاردەیەکی سروشتی نییە و نابێ وا بیر بکەینەوە کە پێوەندییەکی یەک بە یەک یان دەقاودەق لە نێوان نەتەوە و زماندا هەیە. بۆ نموونە فەرەنسا بە فەڕەنسی، هیندستان بە هیندی و هتد پێناسە بکەین؛ چونکە نزیکەی حەوتهەزار زمان لەسەرانسەری جیهاندا هەن؛ بەڵام نزیکەی سەد نەتەوەمان هەیە. 193 وڵات بە ئەندامی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەژمار دەکرێن. بەم پێیە زۆربەی ئەم وڵاتانە خاوەن کۆمەڵگایەکی فرەزمانین و وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، کۆمەڵگا تاکزمانییەکان بەرهەمی وەهم و خەیاڵن. بۆ نموونە لە هیندستان و نەیجیریا نزیکەی چوارسەد زمان هەیە (ڕیکرسۆن و هیڵتۆن، ٢٠٠٦: ٨٤-٨٣).

کەواتە ئەگەر وڵاتێک ناونانی خۆی بە زمانێکی تایبەتەوە دیاری بکات، گومانی تێدا نییە کە ئیمپراتۆریەتێکی زمانی لەو وڵاتەدا فەرمانڕەوایی دەکات و ئەگەر لە ڕوانگەی «شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەیی»[1] سەیری ئەم پرسە بکەین، شتێکی ڕوونە کە گوتارە بەهێز و باڵادەستەکان دەیانەوێ گوتارە لاوازەکان داگیر و کۆلۆنی بکەن و گرێبەستە زمانناسییەکانی خۆیانیان بە سەردا بسەپێنن (ماوتنێر[2]، 2016: 66).

### نیۆلیبراڵیزم و کاڵاییکردنی زمان[3]

ڕەنگە لە ناو ئاخێوەراندا جاروبار بیستبێتتان کە دەڵێن «فێری ئینگلیزی ببە، ئەم زمانە بۆ داهاتووت، زمانێکی بەسوودە»، «تورکی چ قازانجێکی هەیە؟! منداڵەکەت فێری زمانی فارسی بکە»، «بە کوردی بنووسین کە چی؟!»، «بەلووچی دەبێتە ئاو و نان!؟» «کاتم بۆ ئەو زمانانە تەرخان دەکەم کە بەسوودن!»، «دەتەوێ بە ماستەریی زمان و ئەدەبی کوردی چی بکەیت!؟» و هتد. ئەم جۆرە ڕستانە زۆر جار لە ناو کۆمەڵگای زمانیدا دەبیسترێت؛ بەڵام بۆچی هەندێک لە ئاخێوەران سەبارەت بە زمان، بەم شێوەیە هەڵوێست دەگرن؟ ڕوون و ئاشکرایە کە ئەم جۆرە تێڕوانین و هەڵوێستانە کە زمان وەکوو کاڵایەک پێناسە دەکەن لە ئایدیۆلۆژیای نیۆلیبراڵیزمەوە

[1]. Critical Discourse Analysis (CDA)

[2]. Mautner

[3]. Neoliberalism & Language Commodification (LC)

سەرچاوە دەگرن و هەروەک بلاک[1] دەڵێت کە بە کاڵاییکردن و کاڵاسازی، زمان وەکوو ئامرازێک بۆ سەرمایەی ئابووری بەکار دەهێنن (بلاک، 2018).

بە وتەیەکی دیکە، ئایدیۆلۆژیا نیۆلیبراڵەکان لە «بازاڕی زمانی»[2]دا، ئاخێوەران هان دەدەن کە زمانی ستاندارد کاڵایەکی بەنرخی زمانییە (کامێرون، ٢٠١٢). ئەم گوتارە هێژمۆنیکە لەسەر ژیانی ئاخێوەران کاریگەریی هەیە و بە بیانووی بەدەستهێنانی کار و داهاتێکی باشتر، بانگەشە بۆ زمانی ستاندارد دەکات و ئەو ئاخێوەرانەی کە لەسەردەمی نیۆلیبراڵیزمدا دەژین، بە ناچاری ئەم ئایدیۆلۆژیای تاکزمانییە وەردەگرن کە جێگەی پاشسەرمایەداری دەگرێتەوە (سادفیلو و جانسۆن[3]، 2005 :1).

بە شێوەیەکی گشتی ئەم تێڕوانینە بە واتای ئەوەیە کە زمانێکی تایبەت ئەو کاتەی بایەخدار دەبێت کە بتوانێ لە ناو بازاڕدا وەکوو کاڵایەک، نرخێکی بەرزی بۆ دیاری بکرێت. ڕاگرتن و پاراستنی زمان کاتێک بەسوود و بەقازانجە کە پێداویستییەکانی نەتەوەیەک دابین بکات. بەڵام ئەم جۆرە بەڵگاندنانە بە ئەگەرێکی زۆرەوە مەترسیدارن؛ چونکە لەوانەیە نایەکسانی و نابەرابەریی هێز لە نێوان ئاخێوەرانی زمانە باڵادەستەکان و زمانە ژێردەستەکان زیاتر بکات کە بەم هۆیەوە بایەخی زمانە ژێردەستەکان دادەبەزێنێت و وەکوو زمانێکی کەمینە سەیر دەکرێن (پترۆویچ[4]، 2005 : 405)، (ریچنتۆ[5]، 2005 : 363).

زۆرێک لە شرۆڤەکاران جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لە دەیەکانی ڕابردوودا، سروشتی دەوڵەت ـ نەتەوەکان بەهۆی زاڵبوونی ئایدیۆلۆژیای بازاڕی ئازادی نیۆلیبراڵەوە، گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا هاتووە. ئایدیۆلۆژیا زمانییەکان وەک ئایدیۆلۆژیای زمانی ستاندارد یان ئایدیۆلۆژیای یەک زمان ـ یەک نەتەوە، دەورێکی بەرچاویان لە پاراستنی هێژمۆنی دەوڵەت ـ نەتەوەکاندا گێڕاوە (پیلێر، ٢٠١٥). ئایدیۆلۆژیای زمانی کە پێوەندیی بە نیۆلیبراڵیزمەوە هەیە، زمانێکی جیهانی بۆ بازرگانی یان پەروەردە بە پێویست دەزانێت. زیادبوونی ژمارەی ئاخێوەران بۆ فێربوونی زمانێکی وەک ئینگلیزی و بەکارهێنانی ئەم زمانە لەسەرانسەری جیهاندا بەڵگەیە بۆ زەقکردنەوەی جیهانیی ئەم زمانە تایبەتە (پیلێر و چۆ[6]، 2013).

هەروەها سترود و هیو[7] جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لە کردەوەدا، یەکێک لەو ڕێگە سەرەکییانەی بەشی پەروەردە ئەوەیە کە بە جووڵانەوەی سەرمایە، خەڵک سەرقاڵی فێرکاریی زمانی ئینگلیزی بن؛ واتە وەگەڕخستنی سەرمایە و وەبەرهێنان لە ناو ئەم زمانەدا ئەوەندە بەرچاوە کە تێیدا بەکارهێنەری و بەرخۆرپەروەری دیاردەیەکی باو و گشتگیرە. بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی وەکوو زمانێکی دووهەم یان وەکوو زمانی ئەکادیمی، زمانی نێودەوڵەتی یان زمانێکی

[1]. Block
[2]. Linguistic market
[3]. Saad-Filho and Johnston
[4]. Petrovic
[5]. Ricento
[6]. Piller & Cho
[7]. Stroud & Heugh

جیهانی، یان بۆ مەبەستێکی تایبەت یان بۆ کار و پیشە، یاسای نێودەوڵەتی، بازرگانی و دیپلۆماسی و هتد بەکار دەهێنن و دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم زمانە لەسەر شانۆی جیهاندا خۆی بنوێنێت (سترود و هیو، 2011: 416). جگە لەمانە، ئەمڕۆ لە زانکۆکانی جیهاندا مامەڵە و بازرگانی بە زمانی ئینگلیزی دەکرێت و لە سیستەمی ڕیزبەندیی زانکۆکاندا زمانی ئینگلیزی لە جیهاندا وەکوو تاکە زمانێکی بەنرخ و کاڵایەکی بەقیمەت دەخرێتە ڕوو. بە وتەیەکی دیکە، لە نێوان پەروەردەی باش و زمانی ئینگلیزیدا پێوەندییەکی دوولایەنە هەیە. لە ڕوانگەی ماکس وێبێر[1] کۆمەڵناسی بەناوبانگی سەدەی بیست، ئەم جۆرە ڕیزبەندییانە کە زانکۆکان بەپێی ئەم پێوەرە پۆلێنبەندی دەکرێن، «قەفەسی ئاسنین»ن کە دیموکراسی و ئەخلاق دەکەنە کۆیلەی خۆیان و هەڵبژاردەکانی دیکە سنووردار دەکەن (پیلێر، 2016 : 181 -179).

بوردیۆ (1991) دەستەواژەی «بازاڕی زمانی» دەخاتە ڕوو کە تێیدا زمان وەکوو کاڵایەک نرخی بۆ دیاری دەکرێت. گرووپی باڵادەست بە توانا و بە تایبەتمەندییە جۆراوجۆرە زمانییەکانی خۆیان، وەک سەرمایەیەکی هێمایین بە سەر یاسا و لۆژیکی بازاڕی زمانیدا زاڵ دەبن. لۆژیکی بازاڕ بەپێی شێوازە زمانییە باڵادەستەکان، ئاڵوگۆڕەکان و پێوەندییەکانی بازاڕ پێک دەهێنن و نرخپێدانی کاڵا زمانییەکان دەستنیشان دەکەن، بە شێوەیەک کە زمان و جۆرەزمانەکان کە لەگەڵ لۆژیکی باڵادەستدا دەگونجێن، وەربگیردرێن و جۆرەزمانە ناتەباکان ڕەت بکرێنە و بخرێنە پەراوێزەوە. یەکێک لەو کاڵایانە شێوەزاری ستاندارد و پێوەرە کە نرخ و بەهایەکی زیاتری لە شێوەزارەکانی دیکە هەیە.

لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا، بابەتی زار لەگەڵ شێوەزار و هەروەها ناحەزبوون و جوانبوونی شێوەزارەکان و سووکایەتی بە شێوەزاری ئاخێوەرەکانمان لە ڕوانگەی زمانناسییەوە تاوتوێ کرد و ئاماژەمان بەم دیاردەیە کرد کە لۆژیکی بازاڕی زمان، توندوتیژیی هێمایین بە شێوەیەکی شاراوە و نهێنی دەخاتە ڕوو و لە ئاستی زمانناسیی ورددا ئاخێوەران لە ڕێگای سازگارکردنی خۆیان لەگەڵ ئەم جۆرە توندوتیژییە شاراوە و ڕیزۆماتیکەوە، دەبنە یارمەتیدەری وەبەرهێنرانی دووبارەی ئەم جۆرە توندوتیژییە. گونجاندن و سازگاربوونی ئاخێوەران لەگەڵ لۆژیکی زاڵی بازاڕی زمانیدا دەبێتە هۆی خۆسانسۆریی ئاخێوەران، بە شێوەیەک کە ئاخێوەران ناچار دەبن شێوەزاری خۆیان وەکوو شێوەزاری پێوەر ڕێکوپێک و جوان بکەن و شێوەزارەکەی خۆیان کە ناستاندارد و پێوەر نییە، بخەنە پەراوێزەوە.

لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی زمانێک وەکوو زمانێکی فەرمی لە نێوان جۆرەزمانە جیاوازەکاندا بسەپێندرێت، دەبێ بازاڕێکی زمانی یەکگرتوو هەبێت کە تێیدا بایەخ و نرخی جۆرەزمانەکانی تر لەگەڵ ئەو زمانە (واتە زمانی فەرمی) هەڵسەنگێندرێت. هەموو ئەم شتانە بوردیۆی هان دەدا کە مێتافۆرە ئابوورییەکان زیاتر زەق بکاتەوە. ئاڵوگۆڕی زمانی جۆرێکە لە ئاڵوگۆڕی ئابووری

1. Max Weber

که له نێوان بەرهەمهێنەر (خاوەن سەرمایەی زمانی) و بەکارهێنەر (بازاڕ)دا هاوڕێژەیی هێمایین ساز دەکات که ئەم ئاڵوگۆڕی زمانییە دەتوانێ جۆرێک سوود و قازانجی هێماییین دابین بکات. له ڕاستیدا هەموو شتێک ئەوە دەسەلمێنێت که بازاڕیکردنی زمان له ڕوانگەی بوردیۆدا بەپێی سنووره دەوڵەت-نەتەوەکان دەستنیشان دەکرێت که ڕەوایی و مەشروعییەت دەبەخشێت به زمانێکی زاڵ و فەرمی (کالوه، 1379 : 130-129).

**ناسنامەسازی بەپێی زمان**

ناسنامە بابەتێکی ئاڵۆزە که هەڵگری واتایەکی ڕوون و ئاشکرا نییە. ئەم چەمکه به بوارەکانی دەروونناسی، کۆمەڵناسی، مرۆڤناسی و توێژینەوە ڕێکخراوەییەکانەوە گرێ دراوە (موتنێر[1]، 2016 :97). به وتەی هاڵ[2] هەرچەند ناسنامه «له ڕابردووی مرۆڤەوە بەرهەم دێت و دەخولقێندرێت»؛ بەڵام هەمیشه تووشی گۆڕانکاری دەبێت؛ چونکه جەخت لەسەر «بەبوون»[3] دەکاتەوە نەک «هەبوون»[4] (هاڵ، 1996 :445). هەندێک کەس بڕوایان وایە که ناسنامەکان به شێوەی دۆخی و بگۆڕ دەردەکەون و بەردەوام له ژێر پێکهێنان و گواستنەوە و ڕاستکردنەوەدان (فرانسیس و لو ڕوکس[5]، 2011).

بەگشتی، ناسنامەکان له بنەڕەتدا وەستاو و سەقامگرتوو نین بەڵکو پشت به بەستێنه جیاوازەکان و کاته جیاوازەکان دەبەستن. ئێمه به درێژایی ژیانمان ناسنامەی نوێ وەردەگرین. له ڕاستیدا، له هەر ساتێکدا هەر یەکەمان بەپێی ئەو چوارچێوە و بەستێنەی که تێیداین و ئەو کەسانەی که لەگەڵیاندا کارلێکمان هەیە، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ناسنامه دەبینەوە. هەروەها، ئەو تایبەتمەندییانەی که لەگەڵ هەر ناسنامەیەکی تایبەتدا پێوەندییان هەیە، تایبەتمەندییەکی بگۆڕن و به تێپەڕبوونی کات دەگۆڕدرێن (بکهوفێر[6] و هاوکاران، 1999). هەروەها بۆکاڵتز[7] و هاڵیش جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکەنەوە و دەڵێن «ناسنامه له ناو گوتاردا سەر هەڵدەدات و له گوتار زیاتر تێناپەڕێت». نابێ ئەو ڕاستییە له بیر بکەین که ناسنامەکان دەتوانن هەروەک گوتارەکان بگۆڕدرێن (بۆکاڵتز و هاڵ، 2005، 607).

ئەگەر ئەم ڕوانگه کردارییه له بەر چاو بگرین، پێناسەی نەریتیی ناسنامه له چاکترین حاڵەتدا تووشی هەڵەمان دەکات و له خراپترین حاڵەتدا به لاڕێماندا دەبات. کەواته بابەته ناسنامەییەکان پێدەچێ له باری هەستی[8]یەوە ڕوون و ئاشکرا دەربکەون؛ بەڵام له ژێر کاریگەریی خاوەندارێتی مرۆڤەکاندان. له ڕاستیدا بیرکردنەوەی بنیاتگەری له شیکردنەوەی گوتاردا، ناسنامەکان وەک بنیاتێکی کۆمەڵایەتی دادەنێت. هەر بۆیه ئەم جۆره گومانانه وایان کردووه هەندێک له نووسەران چەمکی ناسنامه بەتەواوی ڕەت بکەنەوە (موتنێر، 2016

---

[1]. Mautner
[2].Hall
[3] Becoming
[4] Being
[5]. Francis &Roux
[6]. Bechhofer
[7]. Bucholtz
[8].intuitively

:100). بۆ نموونە بروبیکێر و کۆپێر (2000 :8) ئەم پرسیارە ئاراستە دەکەن: «ئایا بەڕاستی پێویستمان بە زاراوەیەکی وەها لێڵ و قورس و قووڵ هەیە؟».

لەم بەشەدا پرسیار ئەوەیە کە «ناسنامەی زمانی»[1] چییە؟ ئەگەر ئاخێوەرێک بە فارسی قسە بکات و بدوێت، ئایا خۆی بە فارسی پێناسە دەکات؟ ئەگەر ئاخێوەرێک بە ئینگلیزی قسە بکات، ناسنامەی ئەمریکیی هەیە؟ ئەگەر ئاخێوەرێک بە عەرەبی قسە بکات، ئایا ناسنامەی خۆی بە وڵاتێکی عەرەبییەوە گرێ دەدات؟ ئەم جۆرە پرسیارانە سەبارەت بە ناسنامەی زمانی باس و مشتومڕێکی زۆریان لەسەرە. بیرداڕێژانی شیکردنەوەی گوتار، وەڵامی ئەم پرسیارە بەم شێوەیە دەدەنەوە «من چۆن زمان بە شێوەیەکی جیاواز لەوانی دیکە بەکار دەهێنم؟ و بەکارهێنانی ئەم جیاوازییە چ شتێک لەبارەی منەوە ئاشکرا دەکات؟» (برگر[2]، 2016 :117).

پێشتر ئاماژەمان بە ناوانی زمانەکان کرد و ڕەخنەمان لەوە گرت کە زمان وەکوو بوونەوەرێک بوونی نییە؛ بۆیە بە بڕوای هاڵ و نیلْپ[3]، شیکردنەوەی گوتاریی فرەزمانی لە دوو دەیەی سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا، لێکگەیشتنی ئاخێوەران لە زمانە جۆراوجۆرەکان، وەکوو بوونایەتییە بەرهەست[4] و سنووردارەکان، دەخاتە ژێر پرسیارەوە. لەم ساڵانەی دواییدا توێژەرانی ئەم بوارە بە ڕەخنەگرتن لەم بابەتە، بڕوایان وایە کە تاکزمانی ڕوانگەیەکی ئایدیۆلۆژیکییە کە لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەت_نەتەوەکانی ئەورووپا لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا زەق و بەرجەستە کرا (هاڵ و نیلْپ، 2015).

لە ڕاستیدا، «نەتەوەخوازیی زمانی»[5] لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا لەگەڵ بزووتنەوە سەرەکییەکانی ئەورووپادا سەری هەڵدا و زمان بووە هێمای ناسنامەی گرووپێک (کریستاڵ، 2005 :303)؛ بەڵام ئەمڕۆ وەها ڕوانگەیەک پەسەند ناکرێت؛ چونکە وەک پێشتر باسمان کرد هیچ وڵاتێک لە جیهاندا نابینیت کە تەنیا خاوەنی یەک زمان بێت و هەموو وڵاتانی جیهان خاوەنی کۆمەڵگایەکی فرەزمانین؛ بۆیە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری بابەتەکە بکەین، عەقڵانی و لۆژیکی نییە کە وڵاتێک بە زمانێکەوە گرێ بدەین و وەک هێمای ناسنامەیی ئەو وڵاتە پێناسەی بکەین. جگە لەوەش، ناسنامە نەتەوەییەکان لە بنەڕەتدا وەستاو و نەگۆڕ نین کە بمانەوێ بە ناسنامەی زمانی پێناسەیان بکەین. ئەگەر لەسەر زمان و نواندنەوەی ناسنامە لە وڵاتانی فرەزمانیدا بکۆڵینەوە، هەر شارۆمەندێک خاوەن ناسنامەیەکی چەندزمانییە. «ناسنامەی چەندزمانی»[6]، ناسنامەیەکی «چەتری»یە کە تێیدا هەر ئاخێوەرێک بە هۆی هۆشیاری و ئاگایی لە خەزێنەی زمانەکەی خۆیەوە، ڕاشکاوانە بە ئاخێوەرێکی چەندزمانە دەناسێنرێت (فیشر و هاوکاران[7]، 2018).

[1]. Linguistic identity
[2]. Asa Berger
[3]. Hall & Nilep
[4]. concrete entities
[5]. Linguistic nationalism
[6]. Multilingual identity
[7]. Fisher & et al

ئێنسالْدۆ[1] (2010: 617) دەڵێت ناسنامەی زمانیی ئاخێوەران لە ڕێگەی «زۆرینەیی ڕەمزە زمانییەکان[2]»ـەوە پێک دێت. ئەمە پیشاندەری ئەوەیە کە ئاخێوەر، تەنیا بە ڕەمزێکی زمانییەوە نادوێت؛ بەڵکوو لە ئاخاوتنی خۆیدا فرەڕەمزی بەکار دەهێنێت. بۆ نموونە لەوانەیە ئاخێوەرێک بە چەند ڕەمزی زمانی وەک فارسی، کوردی، ئینگلیزی، تورکی و هتد بدوێت.

بە وتەی سەفەوی (1398 :16-15) نابێ بە شێوەیەک زمان پێناسە بکرێت کە ئەگەر کەسێ بە تورکی قسەی کرد، سەداسەد بە تورکی بزانین، یان بە عەڕەبی ئاخاوت، بە عەرەب دایبنێین. ناکرێ میسری، لوبنانی یان مەراکشییەک بە عەرەب بزانین؛ چونکە سنوورە جوگرافییەکان، زمان و ڕەگەزەکان لە پێوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتردا نین، ڕەگەزەکان بەپێی تایبەتمەندییە بایۆلۆژیکییەکان جیاوازن لە یەکتر و ئەم بابەتە پێوەندیی بە جێگەی نیشتەجێبوون یان بەکارهێنانی ئەو زمانەوە نییە کە لە ناوچەیەکدا کەڵکی لێ وەردەگیردرێت.

بۆ نموونە بەپێی بنچینەی ڕەگەزی، ژاپۆنییەکان، چینییەکان، کۆریا و موغوولەکان سەر بە ڕەگەز و ڕەچەڵەکێکن؛ بەڵام بە زمانگەلێکی جیاواز قسە دەکەن و ئەوانەمان لە درێژەی مێژوودا هەر بە تورک ناسیوە یان بۆ نموونە ناتوانین پرتەقاڵیزمانەکانی وڵاتی پرتەقاڵ لەگەڵ بڕازیل کە زمانی فەرمی خۆیان پرتەقاڵییە، سەر بە ڕەگەزێکی هاوتا دابنێین، هەروەها وڵاتگەلێک هەن کە بە زمانی ئێسپانیولی قسە دەکەن؛ بەڵام ڕەگەزیان جیاوازە. سەبارەت بە ئاخێوەرانی عەرەبزمانیش بابەتەکەهەروایە. بۆ وێنە دانیشتووانی بەشێکی زۆر لە وڵاتە عەرەبییەکان کە بە زمانی عەرەبی قسە دەکەن، لە ڕاستیدا عەرەب نین. تاکێکی میسری، لیبیایی یان ڕەشپێستێکی مووریتانی ناکرێ بە عەرەبیان بزانین. بەم پێناسەیە، ڕەگەز و ناسنامەی مرۆڤەکان لە یەک زماندا پێناسە ناکرێن.

بە وتەیەکی دیکە، باسکردن لە ناسنامەی مرۆڤەکان لە ڕووی ڕەگەز و تەمەن و چینی کۆمەڵایەتی و ئەتنیک و زۆربەی فاکتەرەکانی دیکەوە، لانیکەم وەکوو کێکپێژی وایە؛ واتە ناسینەوە و جیاکردنەوەی ئەو بەشانەی کە لە ناو کێکەکەدا هەن، کارێکی ئەستەمە و لەوانەیە دووکەس پێکهاتەیەکی هاوشێوە و یەکسان بەکار بهێنن؛ بەڵام لە ئەنجامدا بەرهەمێکی جیاواز بخولقێنن. کەواتە، ناتوانین بەبێ لەبەرچاوگرتنی کاریگەریی فاکتەرەکانی دیکە لەسەر هەڵبژاردنە زمانییەکانی ئاخێوەرێک، سەبارەت بە زمان و ئەتنیک، بدوێین و بکۆڵینەوە (فاوت[3]، 2011 :244).

ناسنامەی زمانی ئاماژە بە ناساندنی ئاخێوەرێکی تاکزمانی و فرەزمانی دەکات. ئەو ئاخێوەرانەی کە دووزمانە یان فرەزمانەن لە ڕێگەی «ڕەمزگۆڕین[4]»ی زمانی و هەڵبژاردنی زمانییەوە، لە کارلێک و بەستێنە جیاوازەکاندا، ناسنامەیەکی جیاواز دەنوێنن. ڕەمزگۆڕینی زمانی یان بازدانی زمانی ئاماژە بە ڕەوتێک دەکات کە تێیدا ئاخێوەرانی دووزمانە و فرەزمانە لە

1. Ansaldo
2. plurality of linguistic codes
3. Fought
4. Code-switching

گفتوگۆیەکدا، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە ڕەمزەکان دەگۆڕن یان بەگشتی گواستنەوەی ئاخاوتنە لە ڕەمزێکەوە بۆ ڕەمزێکی تر (وینریش[1]، 1953؛ گامپرز[2]، 1971).

لە ڕوانگەی مایرز و ئێسکاتون[3] (1993) ـەوە، ڕەمزگۆڕین زیاتر «هەڵبژاردنێکی بێنیشان» بۆ ئاخێوەرە فرەزمانییەکانە؛ واتە بەکارهێنانی زیاتر لە یەک زمان (ڕەمزی فرەزمانی)، نۆرمی پێوەندیگرتن لەگەڵ ئاخێوەران ساز دەکات و ئەمەش ناسنامەی فرەزمانیی ئاخێوەرەکان نیشان دەدات. بۆ ئەو کەسانەی کە بە زمانی زۆرینە و بە زمانی کەمینە دەدوێن، دیاردەی ڕەمزگۆڕین دەتوانێ بۆ دەستنیشانکردنی ناسنامە جۆراوجۆرەکان، دەورێکی تایبەت بگێڕێت (فاوت[4]، 2011 :242). زێنێتلا[5] (1997) ڕەمزگۆڕین وەکوو دیاردەیەکی ئاڵۆز باس دەکات کە دەتوانێ سەرچاوەیەک بێت بۆ فرەناسنامەیی لە زماندا.

بەم پێیە تەنیا جێگە و پێگەیەک کە ناسنامەی زمانی هەیەتی، وەکوو یەکێک لە فاکتەرە کەلتوورییەکانی کۆمەڵگا سەیر دەکرێت کە هەر کەلتوورێک دەتوانێ خاوەنی خەزێنەیەکی فرەزمانی بێت. کەواتە ناسنامەی زمانی لە دنیای ئەمڕۆکەدا ناتوانێ پێناسەیەکی ڕەها بێت بۆ کوردبوون، تورکبوون و عەرەببوون و... و هەروەها ناتوانێ پێناسەیەک بێت بۆ نەتەوە یان نەتەوە ساز بکات؛ چونکە ئەم جۆرە پێناسانە کە لە چەمکی ناسنامەدا دەخرێنە ڕوو، پێناسەیەکی قووڵ و وردبینانە نین و زیاتر سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکە کۆنەکانی زانستە مرۆییەکان. ڕایلی[6] لە کتێبی زمان، کەلتوور و ناسنامەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تەنیا مێژووە پێمان دەڵێت ئێمە کێین و ناسنامەش لەو چیرۆکانە دەخولقێت کە بۆ خۆمانی دەگێڕینەوە. هەڵبەت ئەم مێژووە ئەو مێژووە نییە کە «ئەویتر» بۆمانی دەگێڕێتەوە؛ چونکە ئەویتر گوتاری مێژوویی دەخاتە ژێر دەسەڵات و ڕکێفی خۆیەوە و وشەکانی خۆی لە زاری ئێمەدا دەڵێتەوە و لە زەینماندا دەیچەسپێنێت (ڕایلی، 2007 :244).

بەگشتی، تیۆرییە نائاسایی و ڕەگەزییەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە ناسنامەکان وەستاو و نەگۆڕ نین و کێیەتی ئێمە دەستنیشان ناکەن؛ بەڵکوو وەکوو پرۆسەیەک سەیر دەکرێن کە لە بواری مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە بنیات نراون کە هەم بگۆڕن و هەمیش مشتومڕیان لەسەرە (ڕیتزێر[7]، 2010 :229).

---

[1]. Weinreich

[2]. Gumperz

[3]. Myers-Scotton

[4]. Fought

[5]. Zentella

[6]. Riley

[7]. Ritzer

## بەشی پێنجەم:

## پێوەندیی مێتافۆرەکان لەگەڵ پرسە زمانییەکان

### مێتافۆر[1]ەکان و پرسی زمان

مێتافۆر زمانەکەمان لەخۆ دەگرێتەوە و ئەم پێکهێنە نەتەنیا وەکوو هونەرێکی ئاخاوتن سەیر ناکرێت؛ بەڵکوو لە زماندا دیاردەیەکی باو و بەربڵاو و گشتگیرە (خمیلنێتسکی و سولکۆوسکی[2]، ٢٠١٦ :٨). شیکارگوتاران پێیان وایە کە مێتافۆرەکان چالاکانە بۆ بەڕێوەبردنی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ئاخێوەران بەکار دەهێنرێن (کامێرون، 2003). ئەگەر زمان ئامرازی سەرەکیی کۆنترۆڵکردنی مرۆڤەکان بێت، ئەوە مێتافۆریش ئامرازێکی بنەڕەتییە کە مرۆڤەکان دەتوانن لەو ڕێگەیەوە زمان کۆنترۆڵ بکەنەوە و گوتارێک بخولقێنن. مێتافۆرەکان چۆنێتیی بیرکردنەوە و هەستەکانمان سەبارەت بە جیهان دەنوێنن؛ بۆیە تێگەیشتنی زیاتر لە مێتافۆرەکان پێکهێنێکی گرینگە لە ئازادیی هرز و بیرکردنەوەدا (چارتێریس[3]، 2004 : 252).

بە بڕوای سمینو و ماسکی[4] (1996 : 267) هەموو مێتافۆرەکان چ بە پاڵنەرێکی سیاسی یان بەبێ هیچ پاڵنەرێکی سیاسی بخولقێن، بەناچار بەشێک لە لایەنەکانی ڕاستی زەق دەکەنەوە و بەشێکی دیکەی دادەپۆشن. لە هەموو ئەو حاڵەتانەی کە زمان تێیاندا بەشدارە، مێتافۆرەکان دەورێکی سەرەکی دەگێڕن و هەمیشە کاریگەرییان هەیە؛ چونکە بە شێوەیەکی تایبەت هانمان دەدەن سەیری جیهانی دەوروبەر بکەین؛ بۆیە تێگەیشتنێکی باشتر لە زمان، بنەمای پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی باشترە. «ڕێکردی ڕەخنەیی مێتافۆر»، بەو شێوازەیە کە تێیدا مرۆڤەکان بە شێوەیەک پەروەردە بکرێن کە بتوانن بیر و هزری دەسەڵاتداران هەڵبسەنگێنن و شرۆڤەی بۆ بکەن. بەبێ ئەم توانایە، هیچ دیموکراسییەک و هیچ بژاردەیەک ڕوو نادات. ئەگەر مێتافۆرەکان بە شێوەیەکی نالۆژیکیانە هەڵبژێرین یان لە واتای ناڕاستەوخۆیان تێنەگەین، هەر ئەو مێتافۆرانە دەمانڕووخێنن و دەمانکوژن (ڕوماین[5]، 1996 :192)؛ بۆیە لەم بەشەدا ڕۆڵی مێتافۆر لە دەوری پرسەکانی زماندا دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە و بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە باس لەو مێتافۆرانە دەکەین کە سەبارەت بە پرسی زمان لە مێشکی خەڵکدا جێگیر بوونە، بە جۆرێک کە ئاخێوەران تێگەیشتنێکی هەڵەیان لە پرسە زمانییەکان نەبێت؛ چونکە لە ڕوانگەی سێمینۆ[6]وە، لێکۆڵینەوەی ورد لەبارەی مێتافۆرەکانەوە دەتوانێ ئاگایی و هۆشیاریمان بەرزتر بکاتەوە و مرۆڤەکان دەتوانن باشتر لە دەستەواژە و چەمکاندنی مێتافۆرەکان تێبگەن و بە تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە بیر لە هەڵەنەبوونیان بکەنەوە (سێمینۆ، ٢٠٠٨ :٢٤).

---

1. Metaphor
2. Chmielecki & Sułkowski
3. Charteris
4. Semino & Masci
5. Romaine
6. Semino

### ڕێکردی مێتافۆری لە ڕوانگەی باتیستێلا[1]وە

باتیستێلا پێی وایە کە وێنا زەینییەکان و گریمانە هەڵەکان کە بە مەبەستی دژانبەریی لەگەل جۆراوجۆرییە زمانییەکان پێکدێن و پەرە بە ئایدیۆلۆژیا تاکزمانییەکان دەدەن، زیاتر لە مێتافۆرەکاندا دەردەکەون (باتیستێلا، ٢٠٠٥ :١٥٤). ناوبراو ئەو مێتافۆرە سەرەکییەکانەی کە سەبارەت بە ئایدیۆلۆژیا زمانییەکان لە زەینی خەڵکدا پێک هاتوونە، بەسەر پێنج مێتافۆر دابەش دەکات:

1) زمان وەک بوونەوەرێکی زیندوو[2] : کاتێک باس لە گەشەکردن یان پەرەسەندنی زمان دەکەین، ئەم جۆرە مێتافۆرە بەکار دەهێنین. بۆ نموونە کاتێک دەڵێین: «ئەم ڕستە نارێزمانییە» یان «ئەم جۆرە ڕێنووسە خەسار و زیان بە زمان دەگەیەنێت» یان «وشەی ڕەسەن دەبێتە هۆی گەشەکردنی زمان»، بەم چەشنە بیروکانە، زمان وەکوو بوونەوەر یان مرۆڤێکی زیندوو وێنا دەکەن کە مرۆڤەکان هەوڵی کوشتنی دەدەن یان دەیانەوێت خەسار و زیانی پێ بگەیەنن.

2) زمان وەک شتێکی ئەنتیک[3]: ئەم مێتافۆرە جەخت لەسەر کەلتوور و پێگەی کۆمەڵایەتیی زمان دەکاتەوە. بۆ نموونە بەکارهێنانی زمانی ستاندارد لە ئاستی زمانە ناستانداردەکانی دیکەدا، خاوەن بایەخ و پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرزترە. واتە زمانە ناستانداردەکان بێبەشن لە پرێستیژ و پێگەی کۆمەڵایەتی.

3) زمان وەک سەرمایە[4]: ئەم مێتافۆرە ئاماژە بەو دیاردەیە دەکات کە پێویستە زمانی ستاندارد وەکوو میرات و سەرمایە سەیر بکرێت و هەوڵ بدەین بیپارێزین. لەم حاڵەتەدا، ئەگەر زمانی ستاندارد وەکوو سەرمایە و بەهای ئابووری سەیر بکرێت، واتاکەی ئەوەیە کە جۆرەزمانەکانی دیکە وەکوو سەرمایە سەیر ناکرێن و لە ڕوانگەی ئابوورییەوە پێگەیەکی هەژار و لاوازیان هەیە.

4) زمان وەک نەتەوە[5]: ئەم مێتافۆرە، یەکگرتوویی نەتەوە و کۆمەڵگا لە زماندا دەبینێت و زمانێکی تر جگە لەم زمانە بە فاکتەری دابڕان و پارچەپارچەبوونی نەتەوە و کۆمەڵگا دەزانێت. لە ڕاستیدا ئەگەر تاکزمانی بە فاکتەری یەکگرتوویی نەتەوەیەک بزانین، واتای ئەوەیە کە ئاخێوەرانی زمانەکانی دیکە بە سنوورشکێن و ئاژاوەگێڕ دەناسین.

5) زمان وەک بیرکردنەوە[6]: ئەم مێتافۆرە فاکتەری بیرکردنەوەی ڕاست و دروست تەنیا لە زمانی ستاندارد و پێوەردا دەبینێت. واتە لە ڕوانگەی ئەم مێتافۆرەدا، جۆرەزمانە ناستانداردەکانی دیکە بێبەشن لە هەر چەشنە هزر و تێفکرینێک (باتیستێلا، 2005 : 157-154).

---

[1]. Battistella

[2]. Language as living organism

[3]. Language as artifact

[4]. Language as capital

[5]. Language as nation

[6]. Language as thought

**ڕێکردی سێڕەهەندی لە ڕوانگەی ڕویزەوە**

ڕێکردە مێتافۆریکییەکەی باتیستێلا کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد لە هەندێک حاڵەتدا لەگەڵ ڕێکردی ڕیچارد ڕویز[1]دا هاوتەریب و هاوشێوەیە. چوارچێوە تیۆرییەکەی ڕویز زمان «وەک گرفت»[2] یان «وەک ماف»[3] و یان «وەک سەرچاوە»[4] سەیر دەکات کە لەسەر سیاسەتەکانی پەروەردە و فێرکاریی زمان دەکۆڵێتەوە. ئەم چوارچێوەیە، ئامرازێکی گرینگ و کاریگەرە بۆ شیکردنەوەی ڕەخنەیی سیاسەتەکانی زمان کە ئەو تیۆرییە ڕابردوو و نوێیانە تاوتوێ دەکاتەوە کە سەبارەت بە سیستەمی فێرکاریی دووزمانی بەتایبەت زمانە کەمینەکان لەگەڵ زمانە فەرمییەکانن (ڕویز، 1984). ئەم ڕێبازە سێڕەهەندییە دەتوانێ ئەو تیۆرییە باوانەی کە لە ئێران و وڵاتانی دیکە دژایەتی فێرکاریی زمانی یەکەم (وەک دەڵێن زمانی دایکی) دەکات، بخاتە بەر پرسیار و ڕەخنەوە (کەلان، 2018 :19).

1) زمان وەک گرفت: ئەم باوەڕە زمان وەک گرفت یان کێشەیەک سەیر دەکات و تیۆرییەکە کە بەردەوام دەڵێت: گرفت و کێشەیەک لە ئارادایە. بۆ نموونە ئەو کاتە زمانی یەکەم (وەک دەڵێن زمانی دایکی) دەبێتە گرفت و کێشە کە خەڵک پرسی زمان لە مێشکیاندا وەک کێشە و گرفتێک وێنا بکەن.

2) زمان وەک ماف: دەکرێ ماف لە ڕوانگەی مافی تاک و مرۆیی و یاسایی یان دەستوورییەوە پێناسە بکرێت. زمان وەکوو مافی ئاخێوەر، بریتییە لە ئازادیی ئاخاوتن و قسەکردن و پاراستنی زمانەکەی.

3) زمان وەک سەرچاوە: بیرۆکەی «زمان وەک سەرچاوە» کۆمەڵگا بە شێوەی فرەزمانی پێناسە دەکات نەک بە شێوەی تاکزمانی. زمان وەک سەرچاوە، سەرمایەیەکە بۆ کۆمەڵگا و لە پێکهێنانی پردی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا زۆر بەسوود و بەقازانجە و دەتوانێ وەک ئامرازێک بۆ کەمکردنەوەی ئەو ململانێ و گرژییانە بێت کە لە نێوان ئاخێوەراندا ڕوو دەدەن. زمان وەک سەرچاوە، ڕێگە بۆ تاک و گرووپەکان خۆش دەکات کە لە سیاسەت و ئابووری جیهانیدا دەورێکی بەرچاو بگێڕن (ڕویز، 1984).

**شیکردنەوەی مێتافۆرەکان لە زەینی خەڵکدا**

زیاتر لە ۳۰۰ بەڵگە بە مەبەستی ناساندنی گوتارە باوەکان لە ئێراندا بۆ دژایەتیکردن لەگەڵ فێرکاریی زمانی یەکەم (وەک دەڵێن زمانی دایکی) خراونەتە ڕوو (کالان، ۲۰۱۸: ۱۹). ئەم بەڵگانەی چل ساڵی ڕابردوو بریتین لە بەڵگە سیاسییەکان و ئەو بەیاننامە و بەخشنمانەی کە لە لایەن دەزگا و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانەوە بڵاو کراونەتەوە. بۆ نموونە لەسەرەوەی ئەو بەڵگەنامانەدا وەزارەتی پەروەردە و ئەکادیمیای زمان و ئەدەبی فارسییە کە ئەندامەکانیان ڕاشکاوانە لەگەڵ سیستەمی فێرکاریی فرەزمانیدا دژایەتییان کردووە. نووسەری ئەم کتێبە

[2]. Richard Ruíz

[3]. Language as a Problem

[4]. Langauge as a Right

[5]. Language as a Resource

سەبارەت بەم پرسە زمانییانە، بەڵگەکانی دیکەی سەردەمی پەهلەوی تا سەردەمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی تاوتوێ کردووە کە نموونەی ئەم بەڵگانە لە بەشەکانی پێشووی کتێبەکەدا و هەروەها لەم بەشەدا خراونەتە ڕوو.

**لە خوارەوە سەرنجی نموونەی ئەم بەڵگانە دەدەین کە لە چوارچێوەی مێتافۆرەکاندا پێک هاتوونە:**

**1. شیکردنەوەی مێتافۆری «زمان وەک نەتەوە»**

**«ڕاپۆرتی دانوستانی پەرلەمان، پێداچوونەوەی کۆتایی یاسای دەستووری کۆماری ئیسلامی، بەرگی دووەم»**

- ڕستەی دەقی (١): پێویستمان بە ئاڵقەیەکی پێکەوەلکاو هەیە بۆ ئەوەی یەکگرتوویی نەتەوەیی لە وڵاتدا بپارێزین. ئەگەر بڕیار بێت کە کتێبە وانەییەکان لە هەر ناوچەیەکدا بە زمانی ئەو ناوچەیە بنووسرێت، ئەوە لە یەکتر دوورمان دەکاتەوە، هەر بۆیە یەکگرتوویی نەتەوەیی لاواز دەبێتەوە.

**«عەسری ئێران، کۆدی هەواڵ: *317253*، *7*ی ڕێبەندانی*2713*»**

- ڕستەی دەقی (٢): خوێندن بە زمانی ئەتنیکەکان، زۆر مەترسیدارە.
- ڕستەی دەقی (٢): ئەمە بابەتێکی مەترسیدارە و بۆنی پیلانگێڕی لێوە دێت.
- ڕستەی دەقی (٢): فێرکاری بە زمانە خۆجێیی و ئەتنیکییەکان لە قوتابخانەکاندا دژی ئاسایشی نەتەوەییە.

**«ئاژانسی هەواڵی کۆماری ئیسلامی، کۆدی هەواڵ: *81058548*، *5*ی ڕەشەمەی *2713*»**

- ڕستەی دەقی (3): فێرکاریی زمانە خۆجێییەکان لە قوتابخانەکاندا داواکاریی هەندێک لە گرووپە سیاسییەکانە.

ئەو ڕستانەی کە لە نموونەکانی سەرەوە هاتوونە، دەستەواژەی «یەکگرتوویی نەتەوەیی»، «بۆنی پیلانگێڕی»، «بابەتی مەترسیدار»، «دژی ئاسایشی نەتەوەیی»یان تێدایە و هەموویان لە مێتافۆری «زمان وەک نەتەوە»دا دەنوێندرێنەوە. کاتێک فێرکاریی زمانە نافارسییەکان لە قوتابخانەکاندا دژی ئاسایشی نەتەوەیی لە قەڵەم دەدرێت و بە دیاردەیەکی مەترسیدار سەیر دەکرێت، لێرەدا مێتافۆری «زمان وەک نەتەوە» لە مێشکدا زەق دەبێتەوە؛ چونکە ئەم جۆرە دەستەواژانە ئاماژە بەوە دەکەن کە تاکە فاکتەرێک کە دەتوانێ یەکگرتوویی نەتەوەیی ساز بکات، زمانێکە بە ناوی «زمانی پێوەر».

بەم پێیە زمانەکانی دیکە وەکوو شەڕەنگێز و ئاژاوەگێڕ ناویان لێ دەبرێت. لەم تێڕوانینەدا، بەردەوام مێتافۆری «ئوستوورەی ئاژاوەگێڕ»[1] لە مێشکی خەڵکدا ئەو واتایە دەگەیەنێت کە جیاوازیی زمانەکان، کۆمەڵگا دابەش دەکات و دەبێتە هۆی جیابوونەوەی خەڵک. بە وتەیەکی تر، ئەم چەمکە لەسەر ئەو باوەڕە دامەزراوە کە ئاخێوەر ناتوانێ هاوکات هەم دڵسۆز و

[1]. Myth of divisiveness

ئەمەگناسی بەها نەتەوەییەکانی خۆی بێت و هەمیش پارێزەری جۆراوجۆریی زمانی بێت. هەروەها لەسەر ئەو گریمانەیە دامەزراوە کە ئەو زمانەی ئاخێوەر قسەی پێ دەکات ئەمەگناسیی ئەو لە بەرانبەر بەها نەتەوەییەکاندا کەم و لاواز دەکاتەوە. هەر وەک پێشتر وتمان وەها گریمانەیەک هەڵەیە و پیشاندەری تێگەیشتنی هەڵە لە زمانە؛ چونکە ئەگەر سەیری وڵاتانی وەک سویس بکەین، ئەوان مودێلێک دەخەنە ڕوو کە تێیدا جۆرەزمانەکان و کەلتوورە جیاوازەکان، لە ژێر ئاڵایەکی هاوبەش و کەلتوورێکی نەتەوەیی یەکپارچەدا، سەقامیان گرتووە و یەکگرتوو ماونەتەوە (باتیستێلا، 2005 :153-150). لە مودێلی سێڕەهەندیی ڕویزدا، ئامانج لەم جۆرە سیاسەتانە، پەراوێزخستن یان سڕینەوەی دیاردەی فرەزمانییەکانە کە لە بەرژەوەندیی زمانی باڵادەستدایە (ڕویز، ٢٠١٠: ١٦٦).

بە وتەیەکی دیکە، ئەو بیرۆکەی کە زمانێکی تایبەت وەک فاکتەری یەکگرتوویی نەتەوەیەک سەیر دەکات، لە ڕاستیدا هەوڵ دەدات نیشتمانێک لەو زمانە تایبەتەدا پێناسە بکات؛ بەڵام وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، ئەوە سەپاندنی تاکزمانییە کە دەبێتە هۆی جیابوونەوە و دابەشبوونی کۆمەڵگاکان، نەک جۆراوجۆریی زمانی. بە فەرمی ناساندنی زیاتر لە یەک زمان و بەشداریکردنی هەموو زمانەکان لە بوارە جیاوازەکاندا، دەبێتە هۆی هاودەنگی و یەکگرتوویی نەتەوەیی؛ چونکە نەتەوەیەک کە خۆی بە تاکزمانییەوە پێناسە دەکات و فاکتەری یەکگرتوویی خۆی لە زمانێکی تایبەتدا دەبینێتەوە، ڕوانگەیەکی تۆتالیتاری و پاوانخوازانەی هەیە کە لە بەرژەوەندیی گرووپە باڵادەستەکانی کۆمەڵگادایە و زمانەکانی دیکەش دەخاتە پەراوێزەوە.

**سەرنجی ئەم نموونانەی خوارەوە بدەن:**

| |
|---|
| «ماڵپەڕی هەواڵ-شیکاری ئازەرییەکان، ٥ی سەرماوەزی *2714*» |
| ● ڕستەی دەقی (٤): بابەتی فێرکاریی زمانە خۆجێییەکان لە قوتابخانەکانی ئێراندا یەکێکە لە قۆناغەکانی پرۆژەی جیایی و پارچەپارچەبوونی ئێران. |

وەک لە ڕستەی (٤) دا ئاماژەی پێکراوە، داخوازییەکانی زمان لە ئێراندا لەگەڵ باسی «جیاییخوازی» تێکەڵ کراوە کە ئەم بیرۆکەیە لە بەشی (٤) ی کتێبەکەدا خراوەتە بەر ڕەخنە. ئەوەی لەم ڕستەدا ڕوون و ئاشکرایە، مێتافۆری «زمان وەک نەتەوە»یە کە تێیدا هەر زمانێکی تر جگە لە زمانی فارسی وەک پرۆژەیەک بۆ جیاییخوازی و دابەشکردنی ئێران سەیر دەکرێت و بە ڕاشکاوییەوە ڕایگەیاندووە کە هەموو ئەو گرووپ و کەسانەی کە مافی زمانییان دەوێت لە بنەڕەتدا جیاییخوازن و وەک خۆیان دەڵێن «تەجزیەتەڵەبن».

**نموونەیەکی دیکە لە خوارەوە ببینن:**

| |
|---|
| «ئیسنا، کۆدی هەواڵ: *140012020131 5*، *2*ی ڕەشەمەی ٢٧٢٠» |
| ● ڕستەی دەقی (٥): زمانی فارسی دەتوانێ فاکتەرێک بێت بۆ پەرەسەندنی هاودەنگی و یەکگرتوویی ئێرانییەکان. |

وەک پێشتر ئاماژەمان بەم دیاردەیە کرد و لە بەشی چوارەمی کتێبەکەشدا بە بەڵگاندن و ڕێکردە زمانناسییەکان و فاکتەکانی دەرەوەی زمانناسی ئەم بابەتەمان شی کردەوە، هاوەدەنگی و یەکڕیزی و یەکگرتوویی نەتەوەیی لە تاکزمانیدا نادۆزرێتەوە و ئەم تێڕوانینە کۆنە دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەی «یەک نەتەوە-یەک زمان» کە پەرە بە تاکزمانی دەدات. لە حاڵێکدا شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە لە ڕاستیدا جۆراوجۆریی زمانییە کە هاوەدەنگی و یەکڕیزی و یەکگرتوویی نەتەوەیی ساز دەکات.

**بۆ نموونە لەم ڕستەی خوارەوەدا حاشاکردن و نکۆڵیی و وەرنەگرتنی زمانێک لە کۆمەڵگادا، ناکۆکی، ململانێ و «پێکدادانی زمانی»[1]ی لێکەوتەوە:**

| |
|---|
| «فراتاب، کودی هەواڵ: *0780*، *11780*، *31*ی گەلاوێژی ٢٧٢٠» |
| ڕستەی دەقی (6): سڕینەوەی نووسراوەی کوردیی تابلۆکانی زانکۆ کوردستان |

لە ڕۆژی عاشوورای ساڵی ٢٧٢٠دا تاقمێک خوێندکار لە دەستەی بەڕێوەبەریی زانکۆی سنە، نووسراوە کوردی، ئینگلیزی و عەرەبییەکانی سەر تابلۆکانی کۆلێژی زمان و ئەدەبیات و ناوەندی توێژینەوەی کوردستان‌ناسی و باڵەخانەی ناوەندیی زانکۆی کوردستانیان ڕەش کردبووەوە و تەنیا نووسراوە فارسییەکانیان هێشتبووەوە. لە ئاکامدا ناوەندی نووسەرانی کوردستان و چالاکانی خوێندکاری و فەرهەنگی لە بەرانبەر ئەم کردەوەدا ناڕەزایەتیی خۆیانیان دەربڕی و بە هەڵوێستێکی دوژمنانە لە بەرانبەر زمان و فەرهەنگی کوردیدا لە قەڵەمیان دا.

دیارە کە ئەو کەسانە زمانی فارسییان بە فاکتەری یەکگرتوویی و زمانەکانی دیکەیان بە فاکتەری پارچەپارچەبوونی کۆمەڵگای ئێران داناوە. لێرەدا مێتافۆری «زمان وەک نەتەوە» پاساوێک بۆ ئەم کردەوە بوو؛ چونکە ئەوان یەکگرتوویيان لە زمانی فارسیدا دەبینی. لە بەشی چوارەمی کتێبەکەدا باس لەوە کرا کە کاتێک وڵاتێک بە تاکە یەک زمانی تایبەتەوە پێناسە دەکرێت، ئەم دیاردەیە بەرگری و دژایەتیی ئاخێوەرانی زمانەکانی دیکەی بە دوادا دەبێت و پرسێکی لەو جۆرەش دەبێتە هۆی پارچەپارچەبوونی کۆمەڵگا و هەروەها «لێبوردەیی کۆمەڵایەتی»[2] لە نێوان ئاخێوەراندا لاواز دەکات و هەستی نەتەوایەتیی ئاخێوەران دادەبەزێنێت و لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی پێکدادانی زمانی لە نێوان ئاخێوەراندا کە ئەم پێکدادان و ململانێیانە بە جۆرێک «ئایینی زمانی» ساز دەکات کە نموونەی لەم چەشنە پێشتر لە جیهاندا ڕووی داوە. بۆ نموونە سێلیگ هاریسۆن[3] سەبارەت بە «دەیە مەترسیدارەکان» هۆشدار دەدات کە هیندستان تووشی ململانێ و پێکدادانی زمانی دەبێت (هاریسۆن، ١٩٧٥).

ململانێ و پێکدادانی زمانی لە بەلجیکا و بەنگلادیش و کیبێک و کەتەلۆنیا نموونەی دیکەن کە دەکرێ ئاماژەیان پێبکرێت، یان لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٩دا هۆکاری سەرەکیی شەڕ دژی

---

1. Language conflict
2. Social tolerance
3. Selig Harrison

دەوڵەتی تورکیا، قەدەغەکردنی زمانی کوردی بوو (نیویۆرک تایمز، ٢٤ی ژوونی ١٩٩٩، وەرگیراو لە وتەکانی ئۆجەلان).

ئەم پرسەمان لە وتووێژێکدا لەگەڵ دوکتۆر سەردار فتووحی کۆمەڵناس و پسپۆڕی باڵای بواری فەلسەفە، خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لە ڕوانگەی ناوبراودا، ئەم بیرۆکەیە لە نێوان ڕوانگە جیاوازەکانی وەک «مۆدێرنیزم لەگەڵ پاشمۆدێرنیزم»، «یەکگرتوویی لەگەڵ فرەدەنگی»دا هەیە کە لایەنێک جەخت لەسەر «زمانی باڵادەست» دەکات و لایەنەکەی تریش جەخت لەسەر «جۆراوجۆریی زمانی» دەکات. هەروەها کەسانێک وەک هیگڵ، ئانتۆنی گیدێنز و هتد هەوڵیانداوە لە نێوان ئەم ڕوانگە جیاوازانەدا ئاشتی ڕێکبخەن. ئێمە لێرەدا مەبەستمان چۆنێتیی ڕێکخستنی ئەم ئاشتییە نییە و وەها بابەتێک، بابەتێکی دوورودرێژە؛ بەڵام دەکرێ ئاماژە بە خاڵێک بکەین، ئەویش ئەوەیە کە لە ڕوانگەی یەکگرتووخوازانەوە و هەندێ جار لە مۆدێرنیتەدا پێی دەوترێت تاکزمانی و وەکوو زمانی باڵادەست دەناسرێت. ئەم ڕێبازە هەوڵ دەدات ناهاوسانییەکان یەکسان و هاوسان بکاتەوە و جیاوازییەکان داپۆشێت و وردەکارییەکان بسڕێتەوە و هەر بۆیە هەمیشە ناوەندێک پێناسە دەکات کە تێیدا زمانێک زاڵ و باڵادەستە. ئەم ناوەندە خاوەن پێکهاتەی هێزە.

بۆ نموونە قوتابخانە و زانکۆ و میدیا و تەنانەت هەندێ جاریش هێزی زۆرەملی لەم ناوەندەدا بەشدارن. هەروەها پێوەرەکان لەم ناوەندەدا لەسەر بنەماکانی زمانی باڵادەست پێناسە دەکرێن و هەرچی زیاتر لە زمانی ناوەندی نزیک دەبێتەوە، وەکوو ئاخێوەرێکی باش و ڕەسەن پێناسە دەکرێیت و دەردەکەویت. لەسەر بنەمای ئەم پێوەرانەیە کە هەستەکان (وەک نوکتە و فیلم و هتد) و عەقڵانیەت (وەکوو پلاندانانی ڕشتن و هتد) زەق و بەرجەستە دەکرێنەوە.

**لە دۆخێکی وەهادا، بەرکەوتنەکە بەم دوو شێوەی خوارەوە دەخرێتە ڕوو:**

1) ڕەنگە ئاخێوەرانی زمانە ژێردەستەکان، سەپاندنی زمانێکی باڵادەست وەرنەگرن (کە ئاساییە وەرینەگرن) و بەم پێیە لە بەرانبەر زمانی باڵادەستدا هەڵوێست بگرن؛ هەر بۆیە جۆرێک «کەلێنی کۆمەڵایەتی» لە نێوان ئاخێوەراندا گەورە و گەورەتر دەکرێتەوە و ڕق و سووکایەتی و هتد بەدوای خۆیدا دەهێنێت. ئاخێوەرانی زمانی باڵادەست و ئاخێوەرانی زمانی ژێردەست لە ململانێیەکی ڕاشکاودا (بە شێوەی گوتاری و هەندێ جاریش لە فۆرمی چەکداریدا) ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. لە ئێران و تورکیا و هتد زۆر جار لەگەڵ وەها دۆخێکدا ڕووبەڕوو بووینەتەوە و بەم ڕەوتە لە داهاتووشدا بەرەوڕوو دەبینەوە.

2) لەوانەیە ئاخێوەرانی زمانی باڵادەست، بەپێی هێزی زۆرەملێ یان لەسەر بنەمای میکانیزمی ئایدیۆلۆژیکی (وەک قوتابخانە، میدیا و هتد) زمانەکەی خۆیان بە سەر زمانەکانی دیکەدا بسەپێنن. لەم حاڵەتەدا بەرەنگاریی ئاخێوەرانی زمانە کەمینەکان بە شێوەی نهێنییە نەک بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە. واتە بەرەنگارییەکانیان بە شێوەی تاکە دژ بە "ژینگە، مرۆڤ، شتەکان و هتد". بە وتەیەکی دیکە، بەرەنگاریی ئاخێوەرانی زمانە کەمینەکان بە شێوەی تاک

دەردەکەوێت نەک بەکۆمەڵ. بۆ نموونە بە شێوەی نائاگایانە ژینگەی ژیانیان تێک دەدەن (وەک شکاندنی کەلوپەلی قوتابخانە، فڕێدانی زبڵ لە شەقام، لادانە کۆمەڵایەتییەکان و هتد) و لەم ڕێگەوە خۆیان دەردەخەن؛ چونکە بەپێی بنەماکانی دەروونشیکاری، هەر شتێک کە لە هەر شوێنێکدا سەرکوت دەکرێت، لە شوێنێکی تردا بە شێوەیەکی جیاواز و ڕەنگە توندڕەوانەتر خۆی دەردەخاتەوە.

لێرەدا ئاخێوەرانی زمانە کەمینەکان لەسەر بنەمای زمان (کۆمەڵێک وشە و ڕستە و یاسا) گەشەیان کردووە و کاتێک ئاخێوەرێک نەتوانێ لەسەردەمی منداڵیدا وشە و ڕستەکان بە زمانی یەکەمی خۆی دەرببڕێت لە ئاکامدا، دەربڕینەکانی بە شێوازێکی دیکە وەکوو توندوتیژی، بۆقلێدان، خەسارگەیاندن بە هەر شتێک کە بۆنی زمانی باڵادەستی لێوە بێت و هتد دەردەبڕێت و هەر بۆیە لێبوردەیی کۆمەڵایەتی لە نێوان ئاخێوەراندا دادەبەزێت. بەپێی توێژینەوە جۆراوجۆرەکان و بە پشتبەستن بە ژمێرکۆی وڵاتانی جیهان (بە وتەی برایان و ستیڤن، ٢٠١٨)، ڕێژەی لادان لە ناو کۆچبەراندا (ئەوانەی بە زمانی خۆیان قسە ناکەن) دوو هێندە زیاترە لە ژمارەی ئەو ئاخێوەرانەی کە بە زمانی خۆیان قسە دەکەن. هەروەها بە پێی توێژینەوە ئەنجامدراوەکان (نازمفەر و هاوکاران، 2014) لادانە کۆمەڵایەتییەکان (کوشتن، شەڕی شەقامەکان و هتد) لە پارێزگاکانی ئەلبورز (کەرەج) و لوڕستان زۆرترین ڕادە و لە پارێزگاکانی تەبرێز، سمنان، شیراز و یەزد کەمترین ڕادەیە؛ واتە ئەو پارێزگایانەی کە دەوری زمانی یەکەم (وەک دەڵێن زمانی دایکی) تێیاندا لاوازترە، لادانی کۆمەڵایەتی زیاتریان هەیە. لە ڕوانگەی پلۆرالیزم (زۆرینەخوازی) یان پاژگرایانەدا کە بە پاشمۆدێرنیزم ناوی لێ دەبەن، جەخت لەسەر پاراستنی زمانە جیاوازەکان و ڕێزگرتن لە جۆراوجۆریی زمانی دەکرێتەوە. ئەم ڕوانگەیە بەپێچەوانەی ڕوانگەی یەکەم (کە جیهانڕەش و سپی دەبینێت) جیهانی دەوروبەر لە فرەچەشنی و فرەڕەنگیدا جوان دەبینێت.

لە ئاستی کۆمەڵایەتیشدا پێویستە جیاوازییە کەلتوورییەکان لە بەر چاو بگیردرێت؛ چونکە لە کەلتووره دیموکراتیکەکاندا هەرچی جۆراوجۆریی زمانی زیاتر بێت، لێبوردەیی کۆمەڵایەتیش زیاتر دەبێتەوە (وەک وڵاتی سویس)؛ بەڵام لەو کۆمەڵگایانەی کە کەلتووری دیموکراتییان تێدا نییە، هەر جۆرە جۆراوجۆرییەک وەکوو ناکۆکی سەیر دەکرێت. لەم ڕووەوە، کۆمەڵگا بە شێوەیەکی مۆزاییکی دەکێشرێت کە ئاخێوەرەکانی هاوکات لە تەنیشت یەکتر و لە ململانێ لەگەڵ یەکتردا ڕادەوەستن، هەر وەک وڵاتی عێراق (س. فتووحی، وتووێژی نووسەر، ٧ی گوڵانی 2722).

لە ئێراندا «سیاسەتی زمان»ی لە لایەن عەباس ئیقباڵ ئاشتیانی لە گۆڤاری "یادگار" و لە ڕۆژنامەی "ئیتلاعات" ساڵی 2645دا یەکەم هەنگاو بوو لەسەر مژاری پلانی سیاسەتە زمانییەکانی پەهلەوی دووهەم، کە ئەم سیاسەتانە بە مەبەستی زەقکردنەوەی زمانی فارسی و پەراوێزخستنی زمانەکانی دیکە جێبەجێ کرا.

**سەرنجی ئەم نموونەیەی خوارەوە بدەن:**

> «گۆڤاری یادگار، ژمارە *603*، ساڵی *2645*؛ ئیتلاعات، ژمارە *5970*، *9*ی ڕێبەندانی *2645*»
>
> ● ڕستەی دەقی (٧): ئەگەر وڵاتەکەمان بیەوێ زیندوو بمێنێتەوە و لە مەیدانی خەباتی سیاسەتی زمانیدا لانیکەم بەرگری لە خۆی بکات، دەبێ سیاسەتی تاکزمانیی هەبێت و بۆ ئەم کارە پلانێکی گونجاو دابڕێژێت و بە ئیرادەیەکی پتەو هاوکات لەگەڵ تەگبیر و دوورنواڕی جێبەجێ ببێت بۆ ئەوەی لەم بوارەدا سەر بکەوێت؛ چونکە خوانەخواستە، لەم قۆناغەدا ئەگەر ئەم پڕۆژەیە شکست بهێنێت و زمانێکی تر لە ئێراندا بە سەر فارسیدا زاڵ بێت، ئێران و ئێرانی دەفەوتێت.

لە ڕستەی دەقی (7) دا ئیقباڵ ئاشتیانی هۆکاری یەکڕیزی و یەکگرتوویی وڵاتی ئێران لە زمانێکی تایبەتدا (وەک زمانی فارسی) دەبینێتەوە و لە ڕوانگەی ئەودا، ئەگەر زمانێکی تر جگە فارسی لە ئێراندا زاڵ ببێت، بە دڵنیاییەوە یەکگرتوویی و یەکڕیزیی ئێرانییەکان تێکدەچێت. ئەم ڕوانگەیە هەر ئەو مێتافۆرەیە کە زمان وەک نەتەوە دەبینێت. مەبەست لە «سیاسەتی زمانی»یش ئەو پلاندارێژیی زمانییەیە کە ئیقباڵ ئاشتیانی بۆ یەکەم جار ئەم بابەتەی لە گۆڤارەکانی ئێراندا خستە ڕوو. غەفار سەمەر (224:1396) پێی وایە پلاندارێژیی زمان لقێکی تازەیە، هەربۆیە هەندێک زاراوە و پێناسەی تێدایە کە بە شێوەی جۆراوجۆر بەکار هاتوونە و هەندێ جاریش ئەم زاراوانە لە جیاتیی یەکتر بەکار دەبرێن. بۆ نموونە دوو دەستەواژەی «پلاندارێژیی زمان» و «سیاسەتڕێژیی زمانی» لە جیاتیی یەک بەکار هاتوونە؛ بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا «پلاندارێژیی زمان» وەک زاراوەیەکی گشتگیرتر و بەربڵاو بە شێوەیەک بەکار هاتووە کە لایەنە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی زمان لە کۆمەڵگادا لە خۆ دەگرێت و بووەتە بەشێکی دانەبڕاوە لە زانستی زمانناسیی کۆمەڵایەتی.

لە پێوەندیی لەگەڵ ئەو سیاسەتە زمانییانەی کە لە ڕستەی دەقی (٧) دا ئاماژەی پێ‌کراوە، ئاشتیانی بە ڕوونی ڕایگەیاندووە کە ئەگەر زمانێکی تر جگە فارسی لە ئێراندا زاڵ بێت، ئەوە دەبێ فاتیحەی ئێران و ئێرانی بخوێندرێت. خولقاندنی ئەم جۆرە مێتافۆرانە کە لە مێشکدا جێگیر دەبن، بە واتای ئەوەیە کە تەنیا یەک زمان دەتوانێ ئاخێوەرانی وڵاتی ئێران لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە و یەکگرتوویی ساز بکات، ئەویش زمانی فارسییە و باقی زمانەکانیش پیلانگێڕ و ئاژاوەگێڕن. لە کاتێکدا لە بەشەکانی پێشووتر ڕەخنەمان لەم جۆرە بیرۆکەیە گرت و بەو بەڵگاندن و تیۆرییانەی کە ئاراستە کران، ئەم جۆرە بیرۆکانە سەبارەت بە زمان ڕەت دەکرێنەوە.

## 2. شیکردنەوەی مێتافۆری «زمان وەک سەرمایە»

«ئاژانسی هەواڵی خوێندکاران، کۆدی هەواڵ: *559642*، *21*ی خەزەڵوەری ٢٧١٦»

- ڕستەی دەقی (١): زمانی فارسی سەرمایە و میراتی گەورەی ئێمەیە و ناسنامەی نەتەوەییمان بەهێز دەکات.

«ئیسنا، کۆدی هەواڵ: *96121407429*، *14*ی ڕەشەمەی٢٧١٧»

- ڕستەی دەقی (٢): زمانی فارسی یەکێک لە دەوڵەمەندترین زمانە مرۆییەکانە.

«عەسری ئێران، کۆدی هەواڵ:*317253*، *7*ی ڕێبەندانی٢٧١٣»

- ڕستەی دەقی (٣): ئێمە زمانێکی ستانداردمان هەیە کە زمانی نەتەوەیی و فەرمیی و سەرمایەی ئێمەیە، ئەگەر بچینە ناو زمانە خۆجێیەکانەوە، کێشەمان بۆ ساز دەبێت.

«یانەی ئاژانسی هەواڵی جوان، کۆدی هەواڵ: *8052728*، *17*ی ڕێبەندانی ٢٧٢١»

- ڕستەی دەقی (4): ئەوان لە پڕۆگرامی «ئازاری زمانە کەمینەکان لە ئێران»دا، لەگەڵ زمانی فارسی دژایەتی دەکەن کە میراتی هاوبەشی سەدان ملیۆن ئاخێوەرە.

دەستەواژەی «سەرمایە»، «میرات» کە لەگەڵ زمانی نەتەوەیی و ستانداردا بەکار براون و لە بەرانبەردا «زمانە خۆجێییەکان»، «زمانە کەمینەکان» زەق کراونەتەوە و سەرنجی بەردەنگیان بەرەو لای خۆیان ڕاکێشاوە. ڕەگ و ڕیشەی هەمووی ئەم دەستەواژانە دەگەڕێتەوە بۆ مێتافۆری «زمان وەک سەرمایە». واتە ئەگەر زمانی ستاندارد سەرمایە و نرخی ئابووری هەبێت، ئەوە بە واتای ئەوەیە کە جۆرەزمانەکانی تر وەک سەرمایە سەیر ناکرێت و لە ڕوانگەی ئابوورییەوە دەستەنگ و هەژار پێناسە دەکرێن (باتیستێلا، ٢٠٠٥: ١٥٤).

لە بەشی چوارەمدا ئاماژە بەوە کرا کە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە کە تەنیا یەک زمان بە سەرمایە دادەنێت، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ «ئایدیۆلۆژیای نیۆلیبراڵیسم» کە بە کاڵاییکردن و کاڵاسازی، زمان دەکاتە ئامرازێک بۆ سەرمایەی ئابووری و لە بازاڕی زمانیدا، هەردەم بە ئاخێوەران دەڵێت: زمانی ستاندارد کاڵایەکی بەنرخە و تەنیا ئەم زمانەیە کە دەتوانێ پێداویستییەکانی ئاخێوەران لە کۆمەڵگادا دابین بکات. ئەم گوتارە هێژمۆنییە، ژیانی ئاخێوەران دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و مەرجی دەستڕاگەیشتن بە کار و داهاتێکی باش، تەنیا لە زمانی ستانداردا دەبینێت. ئاخێوەرانیش کە لەسەردەمی نیۆلیبراڵیزمدا دەژین، بەناچار ئەم ئایدیۆلۆژیا تاکزمانییە وەردەگرن کە جێگەی تێڕوانینەکانی پاشسەرمایەداری دەگرێتەوە. بەڵام ڕویز دژی ئەم بیرۆکەیە ڕادەوەستێت و جەخت لەسەر فێرکاریی چەندزمانە دەکات و بە بەڵگاندنێکی ئەرێنییەوە، گرینگی و بەهای ئابووریی زمانەکان دەخاتە ڕوو (ڕویز،2010: 162-160).

هەروەها زۆربەی توێژەران هەندێک ڕێبازیان دەستنیشان و پێشنیار کردووە کە تێیدا زمانەکان وەک خەزێنەی فەرهەنگی و سەرمایەیەکی تایبەت دەتوانن کاریگەرییەکی زۆرتریان لەسەر سەرچاوە و سەرمایە سەربازی و پیشەسازی و ئابوورییەکان هەبێت. بە هەمان شێوە

مۆرا و وینک[1] (2001) ئاماژە بەوە دەکەن کە فێرکاریی دووزمانە دەتوانێ سەرچاوەیەکی گرینگ بێت لە دەستکەوتی خوێندندا. بەم پێیە، نابێ تەنیا یەک زمان وەک سەرچاوە و سەرمایە سەیر بکرێت؛ بەڵکوو دەبێ سەرجەم زمانەکان بەگشتی وەک سەرمایەی کەلتووری لە بەر چاو بگیردرێت.

لە ڕستەی دەقی (١) دا ئاماژە بە «ناسنامەی زمانی» کراوە کە لە بەشی چوارەمی کتێبەکەدا، ناسنامەسازیی زمانی وەکوو دیاردەیەکی بگۆڕ و داینامیک پێناسە کراوە. لە وتووێژێکدا لەگەڵ د. زەهرا ئەبولحەسەنی، مامۆستای زمانناسیی زانکۆی تاران، بابەتی ناسنامەی زمانیمان تاوتوێ کرد. نابراو پێی وابوو هەر وڵاتێک خاوەن کۆمەڵگای زمانیی جۆراوجۆرە و بۆیە شتێک بە ناوی ناسنامەی زمانی لە بنەڕەتدا هەر بوونی نییە. بۆ نموونە لە جیهاندا نزیکەی ٧٠٠٠ هەزار زمانمان هەیە و نزیکەی ١٩٤ وڵاتی فرەزمانیمان هەیە و بەم پێیە ناتوانین بڵێین کە ناسنامەی زمانیی من لەم وڵاتەدا دەبێ لەسەر بنەمای ئەم زمانە دیاری بکرێت و وەک هێمایەکی نەتەوەیی دابنرێت. کەواتە لە نەتەوەیەکی فرەزماندا، باسکردن لە ناسنامەی زمانی بوونی نییە و شتێکی بێبنەمایە (ز. ئەبولحەسەنی، وتووێژی نووسەر، 11ی پووشپەڕی ٢٧٢٢).

لە ڕستەی دەقی (٣) دا، بە ڕوونی باس لە زمانێک بە ناوی زمانی نەتەوەیی و فەرمی کراوە کە ئەم زمانە وەک تاکە سەرمایەی نەتەوەیەک خراوەتە ڕوو و لە بەرانبەردا زمانەکانی دیکەی بۆ ئاستی «خۆجێیی» و «ناوچەیی» دابەزاندووە و لە ڕستەی دەقی (4) یشدا هاوشێوەی دەقی پێشوو تیشک خراوەتە سەر دەستەواژەی «زمانە کەمینەکان». لە ڕاستیدا گوتاری زمانە باڵادەستەکان هەمیشە هەوڵ دەدەن پڕۆسەیەکی لەو چەشنە بە ناوی «زمانی خۆجێیی»، «زمانی دایکی»، «زمانی کەمینە» جێبەجێ بکەن و بە سروشتاندن و سروشتیسازی، ئاسایی بکەنەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم جۆرە دەستەواژانەوە، ئاخێوەرانی زمانەکانی دیکە خۆیان لە کەمینەبووندا ببینەوە و پێناسە بکەن و لە پەراوێزدا بمێننەوە.

لە درێژەدا بە هاوکاری دوکتۆر پژمان بەرخورداری پسپۆڕی بواری کۆمەڵناسی، چەمکی کەمینەبوونمان خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لە ڕوانگەی ناوبراودا، چەمکی کەمینە لە تیۆریی ڕەخنەیی هاوچەرخدا، باری چەندێتی و دێموگرافیکی تێیدا نییە. لە ڕاستیدا پێویست ناکات چەمکی کەمینە ئاماژە بە چین یان تاقمێک بکات کە ژمارەیان لە گرووپ و تاقمێکی تر کەمتر بێت. ئەگەر بمانەوێ وردتر لەم چەمکە بڕوانین، کەمینە ئاماژە بە «پێگەی سووژەبوون» دەکات. پێگەیەک کە جیاوازیی هەیە لەگەڵ پێگەی گرووپی زاڵ و باڵادەست. ئەم پێگەیە هەڵگری ئەو هێما و سەمبولانەیە کە بەرەنگاری هێمای گرووپە زاڵەکان و ئۆستوورە نهێنییەکانی دەبێتەوە.

پێکهێنە زمانی و کەلتوورییەکانی کەمینەکان لەم واتایەدا جۆرێک «پێگەڕووەرێنی[2] و قەڵەمڕەوهەڵوەشێنی» تێدایە کە هەردەم خەریکی فۆرمبەندیکردنی جۆرە تایبەتەکانی

[1]. Mora & Wink

[2].Deterritorialization

«هەستیارێتی»[1]ی خۆیانن. بە وتەیەکی دیکە، ڕووبەڕووی بازنەی بابەتی دیار و نادیاری گرووپی زاڵ و باڵادەست دەبنەوە. ئەم پێگەڕوەرێنییە، تایبەتمەندیی هەرەگرینگی گرووپی کەمینە دەگرێتە خۆ. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش، ئەگەری ئەوە هەیە کە کۆمەڵێک لە ڕووی چەندێتییەوە ژمارەیەکی زۆر بن؛ بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە توانایی هێژمۆنیککردنی ئێلێمانگەلی کەلتووریی خۆیانیان نەبێ و بە شێوەیەکی مەترسیدار لە گوتاری باڵادەستدا دەکەونە بازنەی «ئەویترەوە» کە ئەبێ حاشا و نکۆڵی لە ماف و هەبوونیان بکرێت. لە لایەکی ترەوە کۆمەڵێک کە لە بواری سیاسییەوە هێژمۆنیک نییە و مۆرکی کەمینەی لێدراوە، هەوڵ دەدات تاکوو بە فۆرمدان بە ماشینێکی زمانی و هێماییەنەوە، مێکانیزمە گوتارییەکانی گرووپی زاڵ لە ناو خۆیدا تێک بدات و توانستی نوێ بۆ خۆی دابین بکات. تەنانەت بیرمەندێکی وەکوو دێلۆز سەبارەت بە «ئەدەبیاتی کەمینە» دەڵێت: ئەگەری ئەوەش هەیە گۆڕانکارییەک کە گرووپی کەمینە لە ناو زمان و کەلتووری گرووپی زۆرینەدا دەیخولقێنێت، خۆی ببێتە بەدیهێنەری ئەدەبیاتی کەمینە. داپچڕان و تێکدانێک کە ڕەمزە کەلتوورییەکانی گرووپی زۆرینە دەیخولقێنێت و ئەو بزوێنەر و پێوەندییە نوێیانەی کە پێکی دەهێنێت، تایبەتمەندیی «کەمینەبوون» دەستنیشان دەکات (پ. بەرخورداری، وتووێژی نووسەر، 12ی گوڵانی ٢٧٢٢).

بەگشتی، ئەگەر ئەم کەسانە سەبارەت بە قازانجی سەرمایە زمانییەکان زانیارییان ببوایە، هەرگیز زمانێکی تایبەتیان بە سەرمایە و میراتی هەموو ئاخێوەرانی ئەو خاکە دانەدەنا، ئەویش لە خاکێکدا کە جۆراوجۆریی زمانی تێدایە. بە پێچەوانەوە، هەموو زمانەکانیان وەک سەرمایە و خەزێنەیەکی فەرهەنگی دادەنا و لە کردەوەدا سوود و قازانجی ئەو زمانانەیان لە بەر چاو دەگرت.

لە وتووێژ لەگەڵ دوکتۆر ستار محەممەدی، کۆمەڵناس و لێکۆڵەری بواری کۆمەڵناسیی ئابووریدا، ئەم بابەتەمان خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لە ڕوانگەی ناوبراودا زمان هەر شتێک بێت، لە کارلێکی ڕۆژانەی مرۆڤەکاندا (بە شێوەی گوتراو یان نووسراو) هەردەم دێتە بەرهەم و بەرهەمهێنانەوە. لێرەدا خاڵی گرینگ ئەوەیە کە ئەم کارلێکانە لە کەناڵی نێوان ئاخێوەراندا دێنە ئاراوە. بە وتەیەکی دیکە، بەپێی بنەما تیۆرییەکان و گریمانە سەرەکییەکانی «تیۆری شەبەکە یان تۆڕ»، هەر مرۆڤێک لەم تۆڕەدا لەگەڵ کەسانی تر پێوەندیی هەیە و وەها تۆڕێک بە پانتایی گۆی زەوی بەربڵاوە و هەموو مرۆڤەکان دەگرێتەوە. گرینگ ئەوەیە کە پتەویی و دەوامی ئەم تۆڕە بە پێوەندییە زمانییەکانەوە گرێ دراوە و بەبێ پێوەندییە زمانییەکان چیتر کێشەی ئابووری، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی ڕوو نادەن.

کەواتە زمان کلیلی چوونە ناو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە کە لە ناو ئەم تۆڕەدا دەردەکەوێت. لێرەدا جەخت لەسەر پێوەندییە ئابوورییەکانی ناو تۆڕەکە دەکرێت. هەر

---

1.Sensibility

کۆمەڵگایەک کە زمانێکی جیاوازی لەگەڵ کۆمەڵگاکانی دیکە هەیە، تۆڕ و شەبەکەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە. ئاخێوەرانێک کە شارەزای زمانی کۆمەڵگاکانی دیکەن، کۆمەڵگاکەی خۆیان بە تۆڕی کۆمەڵگاکانی دیکەوە گرێ دەدەن. بۆ نموونە ئاخێوەرێکی کوردزمان، کاتێ فێری فارسی دەبێت، لەم ڕێگەیەوە لەگەڵ تۆڕی کۆمەڵگای فارس، تورک، عەرەب و... لە ئێراندا پێوەندی دەگرێت. بۆ نموونە ساڵانێکە لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا باسی فێرکاریی زمانە دایکییە خۆجێیەکان لەگەڵ زمانی فەرمی دەکرێت؛ بەڵام یەکێ لە لەمپەڕە سەرەکییەکانی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە، تەرخانکردنی بووجەیە. فێرکاریی ئەم زمانانە لە سیستەمی پەروەردەدا بووجەی تایبەتی پێویستە و فێرکردنی ئەم زمانانە پێویستی بە شوێنی فێرکاری، ژمارەی مامۆستا و نووسینی کتێب و... هەیە و پەرەپێدان و پشتگیری لەم زمانانە تەنیا بە کاری خۆبەخش و خۆویست جێبەجێ ناکرێت؛ بەڵکوو پێویستە بۆ پاراستن و ڕاگرتنی زمانەکان لە کۆمەڵگادا، پارە و داهاتی ماڵی خەرج بکرێت. لەم حاڵەتەدایە کە دەکرێ هیوامان بە داهاتوو و مانەوەی زمان (چ لە ڕێگەی سیستەمی فێرکاریی فەرمی و چ لە چوارچێوەی فێرکاریی نافەرمیدا) ببێت.

زمان وەکوو سەرمایەی فەرهەنگیی بەهێز، کاریگەرییەکی بەرچاوی لە گەشەی ئابووریدا هەیە. بۆ نموونە کاتێ ئاخێوەرێکی کورد، فێری زمانی ئینگلیزی دەبێ، دەتوانێ لەگەڵ شارۆومەندانی وڵاتانی دیکە پێوەندی ساز بکات و شەبەکە (تۆڕە) کەی خۆی بەرینتر بکاتەوە و ببێتە کەناڵی پێوەندیگرتن لە نێوان تۆڕی کوردستان و تۆڕی کۆمەڵگاکانی دیکەدا.

ئەگەر دان بەم ڕاستییەدا بنێین، دەکرێ بڵێین کە بە شێوەیەکی بەهێز هەر ئاخێوەرێک لە هەر شوێنکی ئەم گۆی زەوییەدا گرێ دەدرێتە ئاخێوەرەکانی دیکەوە. ئاخێوەرانی ناو ئەم تۆڕە زۆر بەربڵاو و جۆراوجۆر و جیاوازن لە یەکتر.

مرۆڤەکان جگە لە تایبەتمەندیی ئەتنیکی، ڕەگەزی، ڕێژەیی و هتد، تێکەڵاوێک لە جۆرەکانی سەرمایەی ئابووری، کەلتووری و کۆمەڵایەتی پێک دەهێنن کە چۆنێتیی و چەندێتیی پێوەندییەکانیان لە ناو تۆڕەکەدا دەستنیشان دەکرێت. تواناییە زمانییەکان بەشێکن لەسەرمایەی کەلتووریی مرۆڤەکان. بۆ نموونە سامان، دارایی و کارامەیی لە پیشەکاندا بەشێکن لەسەرمایەی ئابووری. هاوڕێیان و ناسراوان و هەموو ئەوانەی کە ئاخێوەر لەگەڵیاندا پێوەندی دەگرێت، پێگەی سەرمایەی کۆمەڵایەتی ئەو ئاخێوەرە دیاری دەکەن. ئەم سەرمایەگەلە لانیکەم دەتوانن یەکترین بەهێز یان لاواز بکەنەوە.

لە ناو تۆڕ و لە کارلێکە ئابوورییەکاندا، ئەو کەسانە کە توانایی و لێهاتوویی کەلامیی (گوتەیی) باشیان هەیە، باشتر دەتوانن لەگەڵ خەڵک و نەتەوەکانی دیکە دانوستان و ئاڵوگۆڕ بکەن. واتە ئەگەر کارداهێن یان چالاکی ئابووری بە سەر زمانەکانی دیکەدا شارەزا بێت، دەتوانێ پێوەندەیی ئابووریی نێوان تۆڕەکەی خۆی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا گەشە پێ بدات (س. محەممەدی، وتووێژی نووسەر، 20ی جۆزەردانی 2721).

### 3. شیکردنەوەی مێتافۆری «زمان وەک بوونەوەرێکی زیندوو»

**«ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی فەرهەنگی، کۆدی هەواڵ: ١٤٨٥٣، ٢٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٠»**

- ڕستەی دەقی (١): بەرپرسی ئەکادیمیای زمان و ئەدەبی فارسی: من خەمی زمانی فارسی دەخۆم. پێویستە وەک بوونەوەرێکی زیندوو گرینگی پێ بدرێت و پارێزگاری لێ بکرێت.

**«دوانزەهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری ئێران لە کەناڵی دەنگ و ڕەنگی تاران، ٢٢ی گوڵانی٢٧١٧»**

- ڕستەی دەقی (٢): مەگەر تۆ فێرکاریی زمانی کوردیت بۆ کورد ڕزگار کرد؟ خودا زمانی کوردی ڕزگار کرد.

**«ئیلێنا، کۆدی هەواڵ: *807343*، *16*ی خەرمانانی٢٧١٩»**

- ڕستەی دەقی (٣): نابێ زمانە خۆجێییەکان بە شێوەیەک بەکار بهێنرێن کە خەساریان بۆ زمانی فارسی ببێت.

**«ئاژانسی هەواڵی فارس، کۆدی هەواڵ: *5367780*، *18*ی سەرماوەزی٢٧٢١»**

- ڕستەی دەقی (4): ڕێژەی تەواوی زمانە خۆجێییەکان لە ئێراندا دیار نییە، نابێ یاسایەک دابین بکرێت کە ببێتە هۆی لاوازبوونی زمانی نەتەوەیی.

**«ئاژانسی هەواڵی بۆرنا، کۆدی هەواڵ: *276906*، *23*ی خاکەلێوەی*2714*»**

- ڕستەی دەقی (٥): بەکارهێنانی وشە بێگانەکان هەڕەشەیەکە بۆ سەر زمانی فارسی.

ئەم جۆرە ڕستانەی کە بەردەوام باس لە «هەڕەشە لەسەر زمان»، «نیگەرانی سەبارەت بە زمان»، «خسارگەیاندن بە زمان»، «لاوازکردنی زمان»، «ڕزگارکردنی زمان» و... دەکەن، لەو چەشنە مێتافۆرانەن کە زمان وەک بوونەوەرێکی زیندوو سەیر دەکەن کە هەموو کات و ساتێک هەڕەشەی لەسەرە و ئەگەری ئەوەی هەیە کە بەهۆی ئەم هۆکارانەوە لە حاڵی کوشتن و مردندا بێت (باتیستێلا، ٢٠٠٥: ١٥٤). پێشتر لە بەشی سێیەمی کتێبەکەدا باسمان لەوە کرد کە دیاردەیەکی وەها، زیاتر پەرە بە تۆقاندن و «هەراسی ئەخلاقی»[1] دەدات و ئەم هەراس وتۆقاندنە، کاتێک ڕوو دەدات کە بابەتێک ببێتە پرسێکی گرینگ لە گوتاری گشتیدا و ئەوەندە بە ترس و نیگەرانییەوە سەبارەت بەو بابەتە باس بکرێت کە گوایە بەڵایەکی گەورە خەریکە ڕوو دەدات. ئەم ترس و هەراسە لە ڕێی میدیا و چاپەمەنییەکانەوە پەرەی پێ دەردێت. هەروەها بە بڕوای لیکاف، هەراس و ترسێکی وەها بێبنەمایە و هەر بۆیە دەبێ ئاخێوەرانی زمانەکان بە تەنیا جێ بهێڵین (لیکاف،1990: 298) یان هەر وەک ڕابێرت هاڵ[2] (1960) دەڵێت ڕێگە بدەن زمانەکەتان بە تەنیا بمێنێتەوە[3]؛ زمان پێویستی بە پاسەبان و پارێزەر نییە.

کاتێک دەوترێت زمان بوونەوەرێکی زیندووە، بەڵگاندنێکی نالۆژیکی و سۆزدارانەیە. زانستی زمانناسی، زمان وەکوو ئامرازێک سەیر دەکات کە بۆ پێوەندیگرتن لە نێوان بوونەوەرە

---

1. moral panic
2. Robert Hall
3. Leave Your Language Alone

زیندووەکان بەتایبەت مرۆڤەکاندا بەکار دەربردرێت (میلروی، 1992 : 23). خودی زمان بوونەوەرێکی زیندوو نییە بەڵکوو ئامرازێکە کە بوونەوەرە زیندووەکان بۆ ئاخاوتن و پێوەندیگرتن کەڵکی لێ وەردەگرن.

لە ڕستەی (5)دا کە وشە بیانییەکان بە هەڕەشە و مەترسییەک بۆ سەر زمانی فارسی دادەنرێت، ئەم دەربڕینە هاوتەریب لەگەڵ پەتیگەریی زمانی یان «پشتیوانێتی زمانی»[1] دانراوە کە ڕێکارێکی ڕەچەتەیی و تەجویزییە بۆ لابردن و سڕینەوەی وشە بیانییەکان و ئەمەش لە ڕێگای ئەکادیمیای زمانەوە جێبەجێ دەکرێت (توماس[2]، 1998 :101). لە بەشی سێهەمی کتێبەکەدا، بابەتی پەتیگەریی زمانیمان خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە کە ئەم دیاردەیە لە ئاستی زماندا هەست بە جۆرێک مەترسی دەکات و هەوڵی پاڵاوتن و خاوێنکردنەوەی زمان دەدا. ئەم تێڕوانینە کە لە ئایدیۆلۆژیای زمانییەوە سەرچاوە دەگرێت، زۆرجار کۆمەڵە ئامانجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لە پشتە (ویزبرگ[3]، 2010).

ئەگەر بە بیرکردنەوەیەکی قووڵ سەیری زمان بکەین، وشەوەرگرتن و قەرزکردن لە زمانەکانی دیکەوە، دیاردەیەکی سروشتییە و وەها تێڕوانینێک کە هەوڵی قەدەغەکردنی ئەم وشانە دەدات، لە گرژترین حاڵەتی خۆیدا هاوڕێ لەگەڵ بزووتنەوەی پاکتاوکردنی ڕەگەزی بووە و جاروباریش لە توندترین شێوەی خۆیدا، ژینۆساید و کۆمەڵکوژیی لەگەڵ بووە (ژۆزێف، 2007 :57).

**سەرنجی ئەم نموونانەی تر بدەن کە زمان وەکوو بوونەوەرێکی زیندوو دادەنێن:**

| |
|---|
| **«ئاژانسی کتێبی ئێران، *16*ی ڕێبەندانی *2721*»** |
| • ڕستەی دەقی (6): فارسیی ئازیز، زمانی هەموومانە. |
| **«ئیسنا، کۆدی هەواڵ: *1400121511001*، *15*ی سەرماوەزی *2721*»** |
| • ڕستەی دەقی (7): ڕاپەڕین دژی زمانی فارسی! |

لە ڕستەی دەقی (6) دا دەڵێت: زمانی فارسی بۆ هەمووان ئازیزە و لە ڕستەی دەقی (7) دا زمانی فارسی وەکوو بوونەوەرێکی زیندوو سەیر دەکرێت کە گوایە هەندێک کەس دژی ئەم زمانە ڕادەپەڕن و نەیارەکان هەوڵ دەدەن زمانەکانی دیکە دژی زمانی فارسی هان بدەن.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، زمان بوونەوەرێکی زیندوو نییە کە خەڵک بتوانن دژی کوودەتا بکەن و بیڕووخێنن. جگە لەوەش، زمان بەستەزمان و دڵبەر و خۆشەویست و نازداری مرۆڤ نییە کە ئەم جۆرە مێتافۆرانەی بۆ بەکار بهێنین. ئەم جۆرە هەڵوێست و تێڕوانینانە بەرانبەر بە زمان کە دەیەوێ بەڵگاندنە لۆژیکییەکان سەبارەت بە پرسە زمانییەکان پشتگوێ بخات و بە هەست و سۆزەوە زمانی باڵادەست بێتاوان و بەستەزمان پیشان بدات، بە جۆرێک هەڵەبەریی «پەنابردن بە هەست و سۆزداری»[4]یە کە زمانی باڵادەست وەکوو زمانێکی بێسووچ

[1]. Linguistic protectionism
[2]. Thomas
[3]. Veisbergs
[4]. Appeal to emotion

و ستەملێکراو پێناسە دەکات یان وەکوو بوونەوەرێکی بێئازار دەیناسێنێت کە هەندێک کەس هەوڵ دەدەن خەسار و زیانی پێ بگەیەنن.

### 4. شیکردنەوەی مێتافۆری «زمان وەک بیرکردنەوە»

| «ئاژانسی هەواڵنێریی مێهر، کۆدی هەواڵ 4632054، 10ی ڕەزبەری 2718» |
| --- |
| • ڕستەی (١): منداڵانی زیرەک لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا بەهۆی بێگانەبوون لەگەڵ زمانی فارسی و هەروەها لەبەر ئەوەی ناتوانن بە باشی بەم زمانە قسە بکەن، لە پرۆسەی فێربووندا تووشی کێشەیەکی گەورە دەبن. |
| • ڕستەی (٢): ئەگەر خوێندکارە دوو زمانەکان نەناسرێنەوە، دوای چەند ساڵێک واز لە خوێندن دەهێنن. |
| • ڕستەی (٣): زمان پێوەرە فاکتەرێکە بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتنی خوێندکاران. |
| • ڕستەی (4) پلانی تاقیکردنەوەی لێهاتوویی زمان ڕێک هەمان دادپەروەریی فێرکارییە و دەبێتە هۆی ئەوەی مۆرکی زەینکوێری بە قوتابییە ناوچە دووزمانەییەکانەوە نەلکێنن. |

هەروەها کە لە بەشی چوارەمی کتێبەکەشدا ڕستەکانی سەرەوەمان شی کردەوە، لە ڕستەی (١) و (٤)دا، وشەی «زیرەک»، «زەینکوێر» لە مێتافۆری زمان وەک بیرکردنەوەدا دەردەکەون (باتیستێلا، 2005 : 154)؛ واتە ئەوانەی کە بە زمانێکی دیکە جگە زمانی ستاندارد وانەکانیان دەخوێنن، لە بواری بیرکردنەوە و زیرەکی و ڕادەی هۆشی و توانای فێربوونەوە، لێنەهاتوو و ناکارامەن. لێرەدا دەربڕینی ئەم جۆرە وشانە نەک هەر بنەمایەکی زانستییان نییە؛ بەڵکوو بە بڕوای ڕویز کێشەکە لەوەدایە کە هەندێک کەس زمانی یەکەم وەکوو گرفتێک دەزانن (ڕویز، ١٩٨٤). لە ڕستەی دەقی (٢) دا وەکوو نوقسانیی هزری و لاوازیی بیرکردنەوەیی سەیری دووزمانەیی کراوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی خوێندکار واز لە خوێندن و قوتابخانە بهێنێت. هەروەها کە لە بەشی چوارەمی کتێبەکەدا ئاماژەمان پێ کرد ئەم جۆرە تێڕوانین و تێگەیشتنە لە زمان هەڵەیە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری توێژینەوە زمانناسییەکان بکەین کە سەبارەت بە فرەزمانی ئەنجام دراون، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم مێتافۆرانەی کە دووزمانەیی و فرەزمانی بە نوقسانیی هزری یان لاوازیی بیرکردنەوە دادەنێن، لەسەر بنەمایەکی نازانستییانە و گریمانەیەکی هەڵە دامەزراون.

بیالیستۆک[1] و هاوکاران (2005) دەڵێن ئەو ئاخێوەرانەی کە دووزمانە یان فرەزمانەن، توانایی و لێهاتووییەکی باشتر لە خۆیانەوە دەردەبڕن. بۆ نموونە لە چارەسەرکردنی کێشەکان و گەشەکردنی هۆشەکی و دەروونیدا سەرکەوتووتر دەبن و هەروەها بەدەگمەن تووشی نەخۆشیی فەرامۆشی (ئەلزەهایمەر) دەبنەوە.

---

[1]. Bialystok

له ڕستەی (3) دا کە زمانی ستاندارد بە فاکتەری پێشکەوتنی خوێندکاران دادەنێت و پەرە بە سیستەمی فێرکاریی تاکزمانی دەدات، بە مێتافۆری «زمان وەک بیرکردنەوە» ئاماژە دەکات و دەڵێت: تەنیا زمانێک کە دەبێتە هۆی گەشەی زەینی و دەروونیی منداڵ، زمانی پێوەرە. باتیستێلا (2005: 154) بە ڕوانینێکی گاڵتەجاڕانە باس لەم بابەتە دەکات و دەڵێت: لە پزیشکیدا، نوسخە یان ڕەچەتە ئەرکێکی تایبەتی هەیە و بۆ چاکبوونەوەی نەخۆشییەک یان بۆ دامرکاندنەوەی نیشانەکانی نەخۆشییەک دەنووسرێت کە واتای مێتافۆرە پزیشکییەکەی لە زماندا لەم ڕوانگەیەوە ڕوون و ئاشکرایە؛ واتە هەندێک کەس زمانی ستاندارد بە نیشانەی تەندروستیی زمانی دەزانن و جۆراوجۆریی زمانی بە نەخۆشی و چڵکێکی مێتافۆری سەیر دەکەن. کەواتە ئەم جۆرە بیرۆکانە سەبارەت بە زمانەکان نەتەنیا نازانستی و هەڵەن؛ بەڵکوو لە ڕوانگەی زمانناسییەوە، دەرئەنجامێکی زیانبەخش و نەرێنییان هەیە کە لە بەشی چوارەمی کتێبەکەدا بە وردی باس کراوە.

بەگشتی، ئەم پلانە زمانە جگەفارسییەکان وەک نەخۆشییەک سەیر دەکات و لەم جۆرە مێتافۆرەدا منداڵانی ئاخێوەری ئەو زمانانەش بە نەخۆش دادەنێ و بۆ چارەسەرکردنیان دەیانباتە تاقیگەی توانستی لێهاتوویی زمانی فارسییەوە. ئەم تێڕوانینە، زمانەکانی دیکە بەبێ کەڵک و لاواز دەبینێت (سورخی، 2719).

### 5. شیکردنەوەی مێتافۆری «زمان وەک شتێکی ئەنتیک»

«بەخشنامەی پەروەردە و فێرکاریی شارستانی سەقز، ژمارە:***3000/39053/625*** یەکشەممە ***1***ی سەرماوەزی ***2710***»

- ڕستەی دەقی (١): لە پێناو پاراستنی مافی هاوکاران و خوێندکاراندا، پێویستە کۆبوونەوەکان تەنیا بە زمانی نەتەوەیی بەڕێوە بچێت.

**«ئاژانسی هەواڵی فارس، کۆدی هەواڵ: *5367780*، *18*ی سەرماوەزی *2721*»**

- ڕستەی دەقی (٢): لە ڕوانگەی زمانناسیی مێژووییەوە، دەکرێ بڵێین کە زمانی فارسی، زمانی دایکی، زمانی کەلتووریی و مێژوویی هەموو ئێرانییەکانە.

**«هەمشەهری، کۆدی هەواڵ: *150701*، *30*ی ڕێبەندانی *2721*»**

- ڕستەی دەقی (٣): تاکە زمانی کلاسیکی زیندووی دنیا، زمانی فارسییە.

هەروەها کە دەیبینن ئەو ڕستانەی (١)، (٢) و (3) هەموویان ئاماژە بە پرێستیژ و پێگەی کۆمەڵایەتیی زمانی فارسی دەکەن کە نرخ و بایەخێکی بەرزتری لە ئاستی زمانەکانی دیکەدا هەیە. ئەم جۆرە تێڕوانینە بە واتای ئەوەیە کە جۆرەزمانەکانی دیکە بێبەشن لە پرێستیژ و پێگەی کۆمەڵایەتی (باتیستێلا، 2005 : 154).

ئەگەر سەیری «هەرەمی سیستەمی جیهانی زمانیی سوان»[1] بکەین، دەبینین کە لەم هەرەمەدا «زمانی پەراوێزیی»[2]، «زمانی ناوەندی»[3] واتە زمانی دەوڵەتێک، «زمانی سەروو-ناوەندی»[4] واتە زمانی نێودەوڵەتی دەخرێنە ڕوو. لێرەدا زمانە پەراوێزییەکان دەبێ فێری زمانی ناوەندی بن، زمانی ناوەندیش دەبێ فێری زمانی سەروو-ناوەندی وەک ئینگلیزی بن کە لە لووتکەی هەرەمەکەدایە. ئەم سیستەمە هەرەمییە، زمانەکان لە باری بایەخەوە پلەبەندی دەکات و پێگەیان دەداتێ. زمانێک، وەک زمانە پەراوێزییەکان کە لە فێرکاریی و پەروەردەدا جێگەیان نابێتەوە، پێگە و بایەخی خۆیان لە دەست دەدەن و ئەو زمانانەی کە لە لووتکەی هەرەمەکەدان، خاوەنی پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی سەرتر و بەرزترن (پیلێر، ٢٠١٢: ١٤-١٥).

لە بەشی چوارەمدا ئاماژەمان بەوە کرد کە ئەو ڕوانگەیەی زمانەکان ستانداردسازی و پێڤەراندن دەکاتەوە، لە خزمەتی بەرژەوەندیی چینایەتی دایە. بەرژەوەندییەکانی ئەو چینانەی کە لە باری ئابووری و سیاسییەوە لەوانی دیکە سەرتر و باڵاترن و زارەکەیان وەک زارێکی ستاندارد هەڵدەبژێردرێت، لە کاتێکدا زاری ئاخێوەرانی دیکەی ئەو وڵاتە تا ئاستی «زارخۆماڵی[5]، شێوەزاری خۆجێیی و دایکی» دادەبەزێت.

لە ڕستەی دەقی (١) دا کە ئاماژە بە پاراستنی مافی ئاخێوەرە خۆجێییەکان لە شاری سەقزدا کراوە، دەبێ بڵێین کە ئەو جۆرە مافانە بە زمانی فارسی بەدی نایەن، چونکە بە بڕوای ڕویز زمان وەک مافی تاک، هەڵگری ئازادیی ئاخێوەرەکانە کە ئەم مافە لە سیستەمێکی فەرمی وەکوو سیستەمی فێرکاری و پەروەردەییدا دابین دەکرێت و هەروەها «مافی زمانی»[6] بە واتای پاراستنی هەموو زمانە میراتییەکانە. هەروەک چۆن مرۆڤێک کە ئازادانە بیروباوەڕەکەی خۆی دەردەبڕێت و لایەنگریی لێ دەکات، زمانیش، ڕێک وەکوو یەکێک لە مافەکانی مرۆڤ، هەڵبژاردەیەکی ئازادە. هەر بۆیە نکۆڵیکردن و حاشاکردن لە مافی زمانی لە کۆمەڵگادا دەبێتە هۆی دروستبوونی نادادپەروەری و نایەکسانی.

هەواڵنێری نەتەوە یەکگرتووەکان کە جەخت لەسەر پرسەکانی زمانە کەمینەکان دەکاتەوە، دەستەواژەی «مافە زمانییەکانی مرۆڤ»[7] دەخاتە ڕوو کە لە بەشی چوارەمی کتێبەکەدا ئاماژەمان بەم دەستەواژەیە کرد. دەستەواژەی «مافە زمانییەکانی مرۆڤ» وەک یەکێک لە پۆلەکانی مافی مرۆڤ، ڕیزبەندیی دەکرێت کە تەنیا لە زمانی یەکەم واتە ڕاستەقینەکەیدا خۆی دەدۆزێتەوە.

لە وتووێژێکدا لەگەڵ دوکتۆر لوقمان ڕادپەی توێژەری یاسای نێودەوڵەتی، بابەتی مافە زمانییەکانمان تاوتوێ کرد.

لە ڕوانگەی ناوبراودا، هەمیشە ئەو تێڕوانینانەی کە سەبارەت بە مافی ئاخێوەران دێنە ئاراوە، زیاتر حاڵەتێکی ڕواڵەتی و فۆرماڵیتەیان هەیە؛ چونکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خاوەن زمانە باڵادەستەکان ڕێک وەکوو سەردەمی دەوڵەت-نەتەوە بیر دەکەنەوە و نەتەنیا مافی زمانە کەمینەکان پێشێل دەکەن؛ بەڵکوو ئەم پرسە گرینگە بە شێوەیەکی نالۆژیکی، گرێ دەدەنە

1. De swaan's global-language-system pyramid
2. peripheral language
3. central language
4. hyper-central language
5. patois
6. Language right
3 - Linguistic Human Rights (LHRs)

گرووپە جیاییخوازەکانەوە (لە ئێراندا پێیان دەڵێن گرووپە تەجزییەتەڵەبەکان). هەر بۆیە ئەم کەسانە هیچ باوەڕێکیان بە ماف و یاسا نییە و تەنانەت ئەگەر مافێک لە یاسای بنەڕەتیدا پەسەند کرابێت، ئەوان لە کردەوەدا جێبەجێی ناکەن و بەڕێوەی نابەن. لە کاتێکدا مافی زمانی یەکێکە لە مافەکانی مرۆڤ کە پێویستە ڕێزی لێ بگیردرێت و پاراستنی جۆراوجۆریی زمانی لە بەر چاو بگیردرێت و بخرێتە ناو سیستەمی پەروەردەوە؛ چونکە ئەو زمانەی کە لە سیستەمی فێرکاریی و پەروەردەدا جێگیر نەبێت، لە داهاتوودا تووشی مەرگی زمانی دەبێت و تیا دەچێت (ل. ڕادپەی، وتووێژی نووسەر،30ی گوڵانی 2722).

لە ڕستەی دەقی (٢) دا، زمانی یەکەمی (وک دەڵێن زمانی دایکیی) هەموو ئێرانییەکان بە زمانی فارسی ناو دەبرێت کە لە ڕوانگەی زمانناسییەوە، تێڕوانینێکی هەڵە و نازانستیانەیە. سەبارەت بە دەستەواژەی «زمانی دایکی» دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ بەشی یەکەمی کتێبەکە و دیسان لە درێژەی ئەم بەشەدا، ئەم دەستەواژەیە دەخەینەوە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

لە ڕستەی دەقی (٣) دا، زمانی فارسی وەک تاکە زمانی کلاسیکی زیندووی دنیا پێناسە کراوە کە ئەم جۆرە تێڕوانینە لە زانستی زمانناسیدا هیچ جێگە و پێگەیەکی نییە؛ چونکە بۆ نموونە زمانی لاتینی وەک یەکێک لە زمانە کلاسیکەکانی دنیا، لە ڤاتیکاندا هێشتا زیندووە و لە ڕادیۆ و ئینتەرنێت و لە کتێب و فیلمەکاندا و لە ڕێوڕەسمە جۆراوجۆرەکان و تەنانەت لە پۆلەکانی قوتابخانە سەرەتاییەکاندا هەیە و بەکار دەبرێت، تەنانەت فەرهەنگنووسەکانیش وشەی نوێی لاتینی ڕۆدەنێن بۆ ئەوەی پێوەندیی ئەم زەمانە لەگەڵ جیهانی مۆدێرندا بپارێزن (ڕیکسۆن و هیڵتۆن، ٢٠٠٦ : ٢٤٢-٢٤١). هەروەها زمانی یۆنانیش لە یۆناندا هێشتا ئاخێوەری هەیە و زمانی سانسکریتیش لە هیندستاندا وانەی پێ دەخوێندرێت و ئاخێوەری هەیە و ئەو زمانانەی کە لە ناوچەی زاگرۆسی کوردستاندان، هەموویان زیندوون و ئاخێوەریان هەیە. بەگشتی ئەم جۆرە نرخپێدانە لە زانستی زمانناسیدا هیچ بنەمایەکی زانستییان نییە و زیاتر لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیستیدا تێکەڵ کراون کە بەردەوام جەخت لەسەر گەورەنوێنیی مێژوویی و کەلتووریی وڵاتێک دەکەنەوە. ڤەندایک (2006: 78) ئەم ئایدیۆلۆژیایە وەک «خۆهەڵکێشانی نەتەوەیی»[١] دادەنێت و ناوی لێ دەبات.

**نموونەیەکی دیکە لە خۆهەڵکێشانی نەتەوەیی لەم دەقەی خوارەوەدا ببینن:**

| |
|---|
| **«ئاژانسی هەواڵی کتێبی ئێران، ١٦ی ڕێبەندانی ١٤٠٠»** |
| ● ڕستەی دەقی (٤): زمانی فارسی، زمانی تورک و کورد و بەلووچ و عەرەب و تورکمانەکانە و هەموو قەومێکی دیکەی ئەم خاکە، شانازی بەوە دەکەن کە خاوەنی ئەم گەنجینە بەنرخەن. |

[1]. self-glorification

لە دەقی (٤) دا زمانی فارسی نەتەنیا لە مێتافۆری «زمان وەک شتێکی ئەنتیک»دا بە دەستەواژەی «گەنجینەی بەنرخ» پێناسە کراوە؛ بەڵکوو  بە خۆهەڵکێشانی نەتەوەیی و بە دەربڕینێکی سۆزدارانە و نالۆژیکییەوە، ئەم زمانە وەکوو زمانی هەموو تورکەکان، کوردەکان، بەلووچەکان، عەرەبەکان و تورکمانەکان ناوی لێ براوە. لە وەڵامی ئەم بەڵگاندنە نالۆژیکی و تێڕوانینە هەڵەیەدا کە سەبارەت بە زمانی فارسی خراوەتە ڕوو، دەکرێ بڵێین لە ڕووی زمانناسییەوە، زمانەکانی تورکی و عەرەبی لە ڕیزبەندیی زمانە ئێرانییەکان و لە ڕیزی زمانی فارسیدا نین؛ هەر بۆیە ئەم جۆرە تێڕوانین و بیر و باوەڕانە لە زمانناسیدا هیچ بارێکی زانستییان نییە. ئەم جۆرە ئایدیۆلۆژییانە کە وڵاتێکی فرەزمانی، تەنیا بە زمانێکی تایبەت (وەک فارسی) بە دنیا دەیناسێنن، لایەنە هێژمۆنییەکانی زمانە باڵادەستەکان زیاتر زەق دەکەنەوە.

**لە درێژەدا نموونەی زیاترمان باس کردووە:**

<table>
<tr><td>

**«ڕێکخراوەی توێژینەوە و پلاندارێژیی پەروەردەیی، *28*ی گوڵانی *2720*»**

● ڕستەی دەقی (٥): بە وتەی پسپۆڕان، هیچ زمانێک بە پاراوی و جوانیی زمانی عەرەبی نییە. لە کاتی بێژەکردن لە زمانی ئینگلیسی و فەرانسەدا، زیاتر نووکی زمان و ددانەکانی پێشەوە بەکار دەبرێن و هەر ئەم دیاردەیە بۆمان دەردەخات کە سروشتیترین و ڕەسەنترین زمان، زمانی عەرەبییە. ئەم زمانە بە هۆی بزوێنە درێژەکان و پیتە شەددەکانیەوە، زمانێکی ئاهەنگدار و زەنگدارە.

● زمانی عەرەبی لە بواری وشەناسی و نەحودا خاوەن ڕێسایەکی ڕێکوپێک و زانستییانەیە و ڕەوانبێژییەکی دڵگیر و سەرسووڕهێنەری تێدایە کە زۆربەی زمانناسان دانی پێدا دەنێن.

</td></tr>
</table>

هەروەها کە دەبینین لە ڕستەی دەقی (7) دا، ئەم وتارە، وتارێکە بۆ ناساندن و فێرکاری و وانەگوتنەی مامۆستایانی زمانی عەرەبی کە تێیدا ئەو مێتافۆرانە بەکار هاتوونە کە «زمان وەک شتێکی ئەنتیک» دەخەنە ڕوو. بۆ نموونە ئەم دەقە زمانێک بە «پاراوی و جوانی»، «ڕەسەنتر»، «ئاهەنگدار و زەنگدار» پێناسە دەکات، لە حاڵێکدا ئەم تایبەتمەندییانە لە زمانەکانی دیکەدا بەدی ناکات.

لە وتووێژ لەگەڵ د.سادق موحەممەدی، زمانناس و توێژەری بواری دەنگناسی، ئەم چەمک و دەستەواژانە وەکوو «بێژەکردنی هەڵە و ناهەڵە»، «ئاهەنگدار» و «زەنگدار» و... خستە بەر باس و لێکدانەوە. لە ڕاستیدا، ئەم چەشنە بیرۆکە کە مۆرکی نرخپێدان وەکوو «مۆسیقایی و ئاهەنگین»، «سروشتی و ڕەوان»، «ڕێکوپێک»، «فەلسەفی-زانستی»، «دڵگیر و جوان و دڵ-بزوێن» و... بە زمانێکی تایبەت دەچەسپێنێت و لە ئاستی زمانەکانی دیکەدا سەرتر و بەرزتر

دەیترخێنێت و ئەوانی دیکە وەکوو زمانێکی ناحەز و نزم پێناسە دەکات، لە ژێر کاریگەریی بیرۆکەی «ئیمپێرسیونیزم»[1]دا پەرەی پێ دەدرێت.

لایەنگرانی ئەم جۆرە بیرۆکەیە، کاتێک لەگەڵ دیاردەکاندا ڕووبەڕوو دەبنەوە، بە تێڕوانینێکی قووڵ سەیری ڕووداوەکان ناکەن و لە ڕوانگەیەکی زانستییەوە پرسە زمانییەکان تاوتوێ ناکەن؛ بەڵکوو هەوڵ دەدەن کە بابەتە زانستییەکان بەتایبەت پرسە زمانییەکان، بە شێوەیەکی خێرا و کاتی شی بکەنەوە و لە هزری خەڵکدا جێگیری بکەن.

بە وتەیەکی تر، ئەوانە هەوڵ دەدەن کە خوێندنەوەیەکی دەمکی و کاتی لە ڕووداوە زانستییەکان، لە زەینی خۆیاندا وێنا بکەن و دواتر ئەم بیرۆکانە بکەنە زەین و مێشکی ئاخێوەرانی کۆمەڵگاوە و لە ئاکامدا وەکوو «زڕەزانست»[2] پەرەی پێ بدەن. مەبەست لە زڕەزانست ئەو لێدوان، بیرۆکە یان ئەو چالاکییانەیە کە بانگەشەیان بۆ دەکرێت کە زانستین بەبێ ئەوەی لەگەڵ پەیڕەوە زانستییەکان گونجاو و پەسەندکراو بێت. هەر بۆیە وەها ڕوانینێک بەرانبەر بە دیاردە و پرسە زمانییەکان لە لایەن خەڵکەوە زیاتر وەردەگیردرێت؛ چونکە ڕوانگەیەکی ڕەمەکییانە و ئاساییە. بەداخەوە ئەم ڕوانگەیە، زۆرترین کاریگەری لەسەر زماننامی و لقەکانی داناوە و زۆربەی ئەو کێشە و بابەتانەی سەبارەت بە زمان بڵاو دەبنەوە، سەرچاوەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ڕوانگە و بۆچوونە لاوەکی و سەرسەرییانە کە لە لایەن ئەم کەسانەوە پەرەیان پێ دەدرێت.

لەم باسەدا، ئەگەر بمانەوێ ئەو بابەتانەی کە لەگەڵ دەنگەکانی ئاخاوتندا پێوەندییان هەیە تاوتوێ بکەین، دەبێ لە چوارچێوەی دەنگناسی و واچناسیدا، بابەتە دەنگی و واچییەکان شی بکەینەوە. «دەنگ» و «واچ» دوو ڕووی یەک دراون و پێڕەوی لە ڕاستیی و حەقیقەتێک دەکەن. بەم واتایە کە ڕوویەکی ئەم دراوە خەریکی تاوتوێکردنی دەنگەکان دەبێت و ڕووەکەی تری لە واچەکانی زمان دەکۆڵێتەوە. دەنگناسی بە واتای تاوتوێکردنی دیاردەیەکە کە لە دەرەوەی زمانێکی تایبەتدا ڕوو دەدا و میکانیزمەکانی بەرهەمهێنان، گوێزانەوە و درکپێکردنی ئەو زمانە دەگرێتەوە. بە وتەیەکی دیکە، چۆنێتیی بەرهەمهێنانی دەنگەکان بە «دەنگناسیی درکاندن»[3] و چۆنێتیی گواستنەوە و گەیاندنی دەنگەکان بە «دەنگناسیی ئەکۆستیکی»[4] و چۆنێتیی تێگەیشتن و درکپێکردنی دەنگەکان بە «دەنگناسیی بیساری»[5] ناو دەبرێن کە لێرەدا مەبەستمان شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ئەم بەشانە نییە؛ بەڵکوو ناوەڕۆکی باسەکەمان ئەوەیە کە بڵێین: ئەگەر کەسێک بیەوێ لەسەر سروشت و تایبەتمەندیی دەنگەکان بە شێوەیەکی زانستی بکۆڵێتەوە، دەبێ ئەم سێ ئاستە لە بەرچاو بگرێت و لەم ڕوانگەیەوە دەنگەکانی زمان تاوتوێ بکات.

---

1. Impressionism

2. Pseudoscience

3. Articulatory phonetics

4. Acoustic phonetics

5. Auditory phonetics

لە دەنگناسیی درکاندا، لەگەڵ «شوێنی درکاندن»، «شێوەی درکاندن» و «دەنگدار یان بێدەنگ»بوونی دەنگەکانی ئاخاوتن ڕووبەڕوو دەبینەوە. مەبەست لە دەنگناسیی بیساریش ئەوەیە کە لە ڕێگەی گوێچکەکانەوە لە دەنگەکانی زمان تێبگەین. بە وتەیەکی دیکە، لەم ئاستەدا چۆنێتیی وەرگرتنی دەنگ لە زەین و گوێی ئاخێوەردا تاوتوێ دەکرێت. سێهەمین ئاست، دەنگناسیی ئەکۆستیکییە کە تێیدا دەنگەکان وەکوو شەپۆلێک پێناسە دەکات، لێرەدا مەبەست لە شەپۆل ئەو لەرینەوەیە کە لە گەردیلەکانی هەوادا پێک دێت. ئەم ئاستە لەگەڵ چەمکی «توندی»، «فراوانی»، «زێر و بۆڕی»، «بەردەوامی»، «بەرینی» و... پێوەندی هەیە. ئەم میکانیزمانە لە شەپۆلی فیزیاوە وەرگیراون. لە ئەنجامدا، وەسفکردنی وردبینانەی زانستیی دەنگەکان لە ناو ئەم سێ بەشەدا تاوتوێ دەکرێن و جگە لەم بەشانە نەبێت هیچ ڕوانگەیەکی دیکە سەبارەت بە تاوتوێکردنی دەنگەکان لەبواری زمانناسییەوە زانستییانە نییە.

کەواتە ئەگەر هەر دەنگێک لە ناو ئەو سێ بەشەدا تاوتوێ بکرێت، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ هەر دەنگێک سیما و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و هیچ دەنگێک بە سەرتر یان خوارتر پێناسە ناکرێت و ئاستی هیچ دەنگێک لە دەنگەکانی دیکە بەرزتر و بەهێزتر و لاوازتر نییە.

لە کاتی بێژەکردنی وشەکاندا، ڕەوتی دەنگی پێمان دەڵێت کە بێژەکردنی جوان و پاراو وەهم و خەیاڵە. بە وتەیەکی دیکە، ڕەوتی دەنگی لە دوو ئاستی «نواندنەوەی واچی»[1] و «نواندنەوەی دەنگی»[2]دا شی دەکرێتەوە. لە نواندنەوەی واچیدا، واچەکان و لە نواندنەوەی دەنگیدا، جگە لە واچەکان، «واچۆک»[3]ەکانیش شی دەکەینەوە. ڕێسا واچییەکان دەبنە هۆی ئەوەی کە واچەکان بە شێوەی واچۆک دەرکەون. بۆ نموونە ئەگەر لە زمانی کوردیدا «سڵام» بە «سڵاو»، /b/ بە /w/ بگۆڕدرێت، لە زمانی بابوڵیدا «تەبر» بە «تەڤەر» واتە /b/ بە /v/، لە سیستانیدا «سەبز» بە «سەوز» واتە /b/ بە/w/ بگۆڕدرێت، جۆرێک ڕەوتی دەنگییە کە بە نەرمبوونەوەی دەنگی ناوی لێ دەبەن.

کەواتە ئەم ڕەوتە دەنگییانە بە واتای ئەوە نییە کە دەنگێک بە هەڵە یان ناهەڵە بێژە کراوە؛ بەڵکوو  ئەم ڕەوتە دەنگییانە دیاردەیەکی سروشتی و ئاساییی زمانەکانن. لەم ڕوانگەیەکدا، گۆڕانی دەنگەکان بەپێی بنەمای ئابووری لێک دەدرێنەوە. بۆ نموونە فۆرمێکی نیشاندار وەک فۆرمێکی بێنیشان دەردەکەوێت؛ چونکە بێژەکردن و شێوەی درکاندنیان ئاسانتر و ڕاحەتترە. وەکوو "دەس خۆش" لە جیاتیی "دەستت خۆش" و هتد. هەر بۆیە ئەم دیاردەیە بە واتای ئەوە نییە کە فۆرمێکی هەڵە لە بێژەکردندا پشتڕاست بکرێتەوە و بە فۆرمێکی ناهەڵە و دروست دەربېڕدرێت؛ بەڵکوو هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، بێژەکردنی ڕەوان و پاراو و ڕەسەن لە بواری زانستی دەنگناسیدا بیرۆکەیەکی هەڵەیە (س. موحەممەدی، وتووێژی نووسەر، 1ی سەرماوەزی 2721).

[1].Phonological representation

[2]. Phonetic representation

[3]. Allomorph

**سەبارەت بە مێتافۆری «زمان وەک شتێکی ئەنتیک» لەم خشتەدا نموونەی زیاتر دەخەینە ڕوو:**

**«یانەی ڕۆژنامەنووسانی لاو، کۆدی هەواڵ: *5691535*، *24*ی پووشپەڕی *271٦*»**

● ڕستەی دەقی (8): ئەم یەکپارچەیی و هاوئاهەنگییە لە ئەدەبی فارسیدا، بۆتە هۆی ئەوە کە لە ساڵەکانی 2010، 2011، 2012 و 2013 پلەکانی پێشکەوتن ١٧، ٢٢، ٢٤و ٢٩ تێپەڕێنێت.

● بەدڵنیاییەوە زمانی فارسی زمانێکی چاک و خاوەن توانایەکی باڵایە.

**«ناوەندی زمانی ئینگلیزیی کامبریج، *5*ی ئاپڕیلی*2017*»**

ڕستەی دەقی (9): سەرجەم وشە تورکییەکان خاوەن ڕەگ و ڕیشەیەکی سەرەکی و ڕەسەنن.

**«کەناڵی ڕووداو، *7*ی ژوولای *2020*»**

● ڕستەی دەقی (10) : کوردی یەکێکە لە دەوڵەمەندترین زمانەکانی جیهان.

**«تەنسیم، *1*٨ی ڕێبەندانی *2721*»**

● ڕستەی دەقی (11): زمانی فارسی، زمانێکی بەربڵاوە. لە ڕابردوودا فارسی لە هەندێک ناوچەدا، زمانێکی نێونجی بووە. هەروەها زمانێکی بەنرخ و مایەی شانازیی خەڵک بووە.

**«ماڵپەڕی گرووپی زمانی فەڕانسە، پەیمانگای تەکنەلۆجیای تاران»**

● ڕستەی دەقی (12): زمانی فەڕەنسی لە ناوچەی ئیل دی فەڕەنسا، شێوەزارێکی پێوەرە و ئەم شێوەزارە پاراوترین و فەرمیترین زاری زمانی فەڕەنسییە.

**«چیست-نیوز، کۆدی هەواڵ:*265050*، *15*ی پووشپەڕی *2718*»**

● ڕستەی دەقی (13): زمانە ناوچەییەکان لە چوار چیرۆک زیاتر تێناپەڕن کە هێزێکیان بۆ زۆرانبازی لەگەڵ ئەدەبیاتێکی وەکوو شکسپیردا نییە.

لە ڕستەی دەقی (8) دا زمانی فارسی بە دەستەواژەی «توانای باڵا»، «هاوئاهەنگی و خۆشئاهەنگی» و «یەکپارچەیی» ڕیزبەندی کراوە کە جۆرێک نرخپێدان بەم زمانەیە. لە ڕستەی دەقی (9) دا ڕەگی سەرجەم وشە تورکییەکان، «ڕەسەن و سەرەکی» پێناسە کراون، ڕستەی دەقی (10) بە «دەوڵەمەندبوونی زمان»ی کوردی ئاماژەی کردووە و لە ڕستەی دەقی (11) دا باسی «بەنرخبوون و بەربڵاوبوونی» زمانی فارسی کردووە.

لە ڕستەی دەقی (12)دا یەکێک لە شێوەزارەکانی زمانی فەڕەنسی وەکوو شێوەزارێکی «پاراو» نوێندراوە و ڕستەی دەقی (13) زمانە ناوچەییەکان بە شێوەیەک پێناسە دەکات کە خاوەن خەزێنەیەکی کەلتووری نین و لە ئاستی ئەدەبیاتی جیهانیدا لاوازن و لە چوار چیرۆک زیاتر تێناپەڕن. بەگشتی، ئەم چەمک و دەستەواژانە، لە زەینی ئاخێوەراندا مێتافۆری «زمان وەک شتێکی ئەنتیک» وێنا دەکەن کە ئەم تێڕوانینە لە ڕووی زمانناسییەوە هەڵەیە و پیشاندەری ئەوەیە کە لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا زانستی زمانناسی نامۆیە و ئەم چەشنە قسانە لە لایەن

کەسانێکەوە دەوترێن و پەرەیان پێ دەدرێت کە نەتەنیا زمانناس نین بەڵکوو ئاگایی و هۆشیاریی زمانناسانە و تێگەیشتنی زمانییان سەبارەت بە پرسە زمانییەکان لاوازە.

هەرچەند وەها باسێکمان لە بەشەکانی پێشووتردا خستە ڕوو؛ بەڵام لە کۆتاییشدا بیر و بۆچوونی کەسێکی تر لە شارەزایانی بواری زمانناسی دەخوێنینەوە. لە وتووێژ لەگەڵ د. سەید مەهەدی سەجادی زمانناس، وەرگێڕ و لێکۆڵەری بواری زمان و زمانناسی، ئەم بابەتە خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لە ڕوانگەی ناوبراودا، مەبەست لە «زمانناسی» تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوەی زانستیی زمانە و ئەم کارە گرینگە، ئەرکی زمانناسە نەک کەسێکی تر.

لە کۆمەڵگایەکدا کە سەبارەت بە زمان ئەو وشە، دەستەواژە و چەمکانەی کە بە جۆرێک نرخپێدان و مۆرکی سەرتر و باشتریان پێوە دەچەسپێت، بۆ نموونە دەستەواژەی «زمانی شیرین»، «زمانی ڕەسەن»، «زمانی دەوڵەمەند»، «زمانی پڕبایەخ» و هتد... بەکار دەبەن، ڕوون و ئاشکرایە کە ئەم کەسانە لەگەڵ زمانناسیدا بێگانەن. لە کۆمەڵگایەکدا ئەگەر هەر کەسێک بەبێ کەمترین ڕەوایی و توانایییەک کە بە زانستی ئاکادیمیک ناسراوە، وەک «توێژینەوەی زانستی و زانکۆیی»، «ئەخلاقی گشتی و پیشەیی»، «بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و بەبێ کەمترین لایەنگری» ڕێگە بە خۆی بدات بە هەر ناو و نازناوێک (وەک ئەدیب و شاعیر، چالاکوانی فەرهەنگی، ئەدەبی، هونەری، هۆگری زمان و هتد) و بە هەر پاساو و ئامانج و ڕادەیەک لە ئاگایی و زانیاری، جەخت لەسەر تەنیا یەک زمان بکاتەوە و خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەکانی تەنیا لەسەر یەک زمان و بە تاقە یەک زمان بێت، ڕوون و ئاشکرایە کە لەگەڵ زمانناسیدا بێگانەن و زۆربەی هەرە زۆری ئەم کەسانە کە بەناوی زمانناس ناوبانگیان دەرکردووە، لە ڕاستیدا «زمانناسانی مووچەخۆرن» نەک «زمانناسانی مەعریفەیی».

لە کۆمەڵگایەکدا کە «تاکە زمانێکی تایبەت» بە زمانی نەتەوەیی، فەرمی، پێوەر و... ناو ببرێت و جۆرەزمانەکانی تر وەک زمانی ناوچەیی سەیریان بکرێت، شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە زانستی زمانناسی لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا نامۆیە. خاڵی سەرسووڕمان ئەوەیە کە زۆرجار دەوترێ خزمەت و ڕێزلێنان بەم زار و جۆرەزمانانە (ئەویش تەنیا بۆ خۆنواندن و بەس بۆ کاری بانگەشە و فریودانی خەڵک) خزمەت و ڕێزلێنان بە زمانی نەتەوەییە. هەروەها لە کۆمەڵگایەکدا کە دەستەواژەگەلێکی وەک «زمانە کەمینەکان» برەوی پێ بدرێت، شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە زانستی زمانناسی لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا نەناسراو و نامۆیە و ئەو شتەی لەم کۆمەڵگانەدا وەک زمانناسی پێناسە دەکرێ و بەم ناوەوە ئەنجام دەدرێ، لە جیاتیی خزمەت، خەیانەتێکی نەبەخشراوەیە و نکۆڵی لێ ناکرێت. بە وتەیەکی کورتتر، لە ئەوها کۆمەڵگایەکدا «زمانگەرایی» زاڵ و حوکمڕەوایە نەک «زمانناسی».

سەجادی لە درێژەی باسەکەیدا سەبارەت بە مێتافۆری «زمانی دایکی» وتی: ئەوەی کە بە ناوی «زمانی دایکی» لە ناو زۆربەی خەڵکدا وەکوو چەمکێک باو و گشتگیر بووە، هەم ناوەکەی و هەم واتاکەی لە ڕوانگەی زانستی زمانناسییەوە بە هەڵە ڕۆیشتووە؛ لەبەر ئەوەی ناوی

زانستیی ئەم دەستەواژەیە «زمانی یەکەم»ـە و لێرەدا وشەی «دایک» لە بنەڕەتدا بە واتای «سەرەکی یان بناخەیی»ـە نەک بەواتای زمانی دایکیی مرۆڤ. بۆ نموونە کەسانێک هەن کە تەنانەت زمانی دایکییان نازانن یاخود ئەگەر بیشیزانن لە ژیانیاندا دەورێکی وەهای نییە بۆیان و لە ڕاستیدا کەرەسەی بیرکردنەوەیان بەو زمانە نییە و دەکرێ بڵێین: زمانێک کە زۆرترین دەور لە ژیانیاندا دەگێڕێت، زمانی شوێنێکە کە تێیدا گەورە و پەروەردە بوونە و یان وڵاتێکە کە تێیدا دەژین. بە وتەیەکی دیکە، زمانی بنەڕەتی و بناخەییان زمانی دایکییان نییە. هەروەها «زمانی فەرمی» چەمکێکی ئایدیۆلۆژیکی و بەدەر لە زانستی زمانناسییە و نموونەیەکی ڕاشکاو لە ئیمپریالیزمی زمانییە کە مافی زمانیی ئاخێوەران لە جۆرەزمانەکانی دیکەدا پێشێل دەکات.

لە جیاتیی ئەم دەستەواژەیە لە زمانناسیدا دەستەواژەیەکی دروست و زانستی بە ناوی «زمانی نێونجی» بەکار دەهێنرێت کە بۆ هەڵبژاردنی ئەم زمانە دەبێ دوو مەرجی زانستی لە زمانناسیدا بە شێوەیەکی لۆژیکی و عەقڵانی پێکەوە ڕەچاو بکرێ:

١- بەگشتی خاوەن پێشینەی ئەدەبی بێت و بەتایبەت لە هەمبەر جۆرەزمانەکانی دیکەدا پێشینەیەکی ئەدەبیی کۆن و دەوڵەمەندی هەبێت.

٢- مافی نیشتمانێتی هەبێت.

پێوەر و فەکتەرەکانی دیکە، نازانستییانەن و لە بواری زمانناسیدا ڕەت دەکرێنەوە. بۆ نموونە ڕێژە و ژمارەی ئاخێوەران یەکێک لەو فاکتەرە نازانستییانەیە کە بەردەوام جەختی لەسەر دەکرێتەوە. ئەگەر لە کوردستاندا مەبەست هەڵبژاردنی زمانێکی نێونجی بێت، ئەوە «گۆرانی[١]»یە نەک جۆرەزمانەکانی تر؛ چونکە گۆرانی بەپێچەوانەی جۆرەزمانەکانی تر، خاوەنی ئەو دوو مەرجەیە کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد. شایانی باسە کە فەلسەفەی هەبوونی زمانی نێونجیش، ئاسانکاریی پێوەندی نێوان ئاخێوەرانی جۆرەزمانەکانە و خزمەت بەوانە نەک وەک زمانی نەتەوەیی، فەرمی، پێوەر و... هەموو پێداویستییەکان و هەلومەرجەکان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و جۆرەزمانەکانی دیکە وەکوو زمانێکی ژێردەست لە خزمەتی ئەودا بن؛ چونکە لەم حاڵەتەدا لە زەینی ئاخێوەرانی کۆمەڵگادا بەم شێوەیە جێگیر دەبێت کە تەنیا زمانی نەتەوەیی یان پێوەر و ستاندارد بەنرخ و بایەخدارن و زمانەکانی دیکە هیچ نرخ و بایەخێکیان نییە و لە ئاکامدا ئاخێوەرانی جۆرەزمانەکانی دیکە، زمانەکەی خۆیان بەکەم دەزانن.

لێرەدا زمانێک دەبێتە زمانێکی ئیمپریالیستی کە مافی زمانەکانی دیکە پێشێل دەکات و ئاسمیلەیان دەکاتەوە و بەگشتی دەبێتە هۆی لەناوبردن و نەمانی زمانەکانی دیکە؛ چونکە لە لایەکەوە هەموو زمانەکان خاوەن ژێرخانێکی کەلتووری و گەنجینەیێکی مێژوویین و هێما و پێناسە، شەجەرە و بنچینەی فەرهەنگێکن و لە یەک وتەدا هەر زمانێک ڕۆحی ئاخێوەرانی خۆیەتی، بەشێوازێک کە ئەوان بەبێ زمانەکەیان ناتوانن ڕێز لە فەرهەنگ و کەلتوورەکەیان بگرن و لە لایەکی ترەوە، مرۆڤ بە فێربوونی هەر زمانێکی نوێ، ڕۆحێکی نوێ ئەچێتە

[١] . جۆرەزمانێکی کۆینێ (Koine) یە کە لە ڕابردوودا وەک ستراتیژێکی زمانی بەکار دەهێنرا.

جەستەیەوە و وەک ئەڵێن: ئەوەی دوو زمان بزانێ بەقەد دوو مرۆڤە (س. م. سەجادی، وتووێژی نووسەر، ١ی جۆزەردانی 2722).

**شیکردنەوەی چەندێتیی[1] مێتافۆرەکان**

لە شیکردنەوەی چۆنێتی[2]دا، هەندێک بەڵگەمان (لەسەردەمی پەهلەوی یەکەم تا سەردەمی ئێستاوە) خستە ڕوو کە لە پاڵ شیکاریی چۆنێتیدا، بە شێوەی شیکردنەوەی چەندێتیش، ئەم بەڵگانە دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە. گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانە لە بواری شیکردنەوەی چۆنێتیدا، دەردەبڕن کە داتاکان بە یارمەتی پەیکەرەزمانییەکان شی دەکرێنەوە و ئەمە پیشاندەری ئەوەیە کە بۆ بەهێزکردنەوەی شیکاریی میتۆدی چۆنێتی، دەکرێ لە میتۆدی چەندێتیش کەڵک وەربگرین (ئەنتۆنی و بەیکەر[3]، ٢٠١٥). واتە ئەگەر دووبارەبوونەوە و ڕێژەی بەکارهێنانی پێکهێنێکی زمانی لە شیکردنەوەی دەقێکدا بەرفراوان بێت، دیارە کە ئەم پێکهێنە تایبەتییە و پێکهێنێکی گرینگ و زەق و بەرچاوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش دەکرێ میتۆدی چەندێتی لە خزمەتی میتۆدی چۆنێتیدا بەکار بهێنرێت.

**لە دیاگرامی (1) دا، بەپێی شیکردنەوەی چۆنێتیی دەقەکان، ڕێژەی سەدی ئەو مێتافۆرانەی کە لەسەر مەسەلە زمانییەکان لە زەینی خەڵکدا جێگیر بووە، دەستنیشان کراون:**




هەر وەک لە دیاگرامی (١) دا هاتووە. ڕێژەی مێتافۆری «زمان وەک نەتەوە» زۆرترین نواندنەوەی هەیە و ئەم مێتافۆرە لە چوارچێوەی هزریی ڕویزدا پیشاندەری ئەوەیە کە زمانە

[1] Quantitative

[2] .Qualitative

[3]. Anthony & Baker

کەمینەکان وەک کێشە و گرفتێک سەیر دەکرێن و هەروەها لە مودێلی باتیستێلادا، ئەم مێتافۆرە کلیشەییە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەگەر ئەمەگناسیی خۆمان لە بەرانبەر زمانی پێوەردا دەرنەبڕین، ئەوە کارلێک و پێوەندییەکانی نێوان ئاخێوەران لە کۆمەڵگادا دەپچڕێت و ئەم دیاردەیە بە واتای ئەوەیە کە زمانەکانی دیکە هاودەنگیی و یەکگرتوویی ئاخێوەران لە وڵاتێکدا تێک دەدەن. بەڵگاندنێکی لەم چەشنە کە هەمیشە دروشمی تاکزمانی یان زمانی ستاندارد دووپات دەکاتەوە، خۆی جۆرێک کێشە و ململانێ و شەڕ دژی زمانەکانی دیکە ساز دەکات. پێشتر وتمان کە بیرۆکەیەکی لەم چەشنە سەبارەت بە زمانەکان نەک هەر پووچ و بێبنەمایە؛ بەڵکوو جۆراوجۆریی زمانی وەک «خێرێکی کۆمەڵایەتی»[1] بەقازانجە و ڕێگە بۆ بەشداریکردنی ئاخێوەران لە گوتاری گشتیدا دابین دەکات (کامێرون، ۲۰۱۲: ۲۵-23)؛ بەڵام هەروەک لە بەشی چوارەمی کتێبەکەدا ئاماژەمان پێ کرد، پەرەپێدانی تاکزمانی لەسەر بنەمای سەرکوتکردنی جۆراجۆریی زمانەکان دامەزراوە کە بە بڕوای بیردارێژانی پاشمۆدێرنیزم خەونێکی پانخوازانە و ئیمپریالیستییە.

لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ دوکتۆر کامران مورادی کۆمەڵناس و توێژەری ئەم بوارە، بە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە، ئەم بابەتەمان خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بە وتەی ناوبرا، پرسی سەرەکی لەم ڕوانگەیەدا ئەوەیە کە ناسیۆنالیزمی زمانی، بە وەرگرتنی بیرۆکەی دەوڵەت-نەتەوە، زمانێکی تایبەت بە سەر ئاخێوەرانی کۆمەڵگادا دەسەپێنێت و پێی وایە کە تاکزمانی دەتوانێ وڵاتێک هاودەنگ و یەکگرتوو بکاتەوە. بۆ تێگەیشتن لەم ڕوانگەیە، سەرەتا پێویستە بابەتەکە لە بواری ئەخلاقییەوە تاوتوێ بکرێت و هەروەها پێویستە لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری لە پێوەندی لەگەڵ لایەنە ئەخلاقییەکەیدا شی بکرێتەوە.

شیاوی ئاماژەیە کە چەمکی «ئەخلاق» بە هیچ شێوەیەک لە لقێکی سەربەخۆ و تاکڕەهەندی و کلاسیکدا پێناسە ناکرێت و واتای ئەخلاق لەم نووسراوەیەدا لە هەمبەر «ئەویتر»دا واتای خۆی دەدۆزێتەوە. ئەم بابەتە کە لەم ڕوانگەیەدا خراوەتە ڕوو، پێگە و دەورێکی سەرەکی دەگێڕێت، بەتایبەت کاتێک کە گرووپێکی باڵادەست، لە ڕێگەی زمانەوە دەسەڵاتی خۆیان دەسەپێنن، بابەتی ئەخلاق زەقتر دەبێتەوە. هەر بۆیە پێش شیکردنەوەی ئەم باسە، پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە سەپاندنی بیرۆکەی تاکزمانی بە سەر کۆمەڵگا فرەزمانییەکاندا جیا لەوەی کە لە چ بوارێک یان ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی وەرگیرابێت، دیاردەیەکی نائەخلاقانەیە و بایەخە ئەخلاقییەکان پێشێل دەکات. زۆربەی فەیلەسووف و بیرمەندانی هاوچەرخ وەک لیڤیناس بڕوایان وایە کە ئەخلاق لە بنەڕەتدا بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەویتردا دەردەکەوێت و پێوانەکردنی ئەخلاق بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەویتردا واتای خۆی دەدۆزێتەوە؛ بۆیە لە ڕوانگەی لیڤیناسدا بەفەرمی ناسینی ئەویتر و گرینگیدان بە ئەویتر، پێشمەرجێکە بۆ چەمکی ئەخلاق.

---

[1]. Social good

هەتا ئەوی‌تر (گرووپی ژێردەست) ناسنامەیەکی هاوشێوەی ناسنامەی گرووپی باڵادەستی نەبێت، پێوەندییەکی وەها لە بواری ئەخلاقییەوە کێشە ساز دەکات. ئەگەر دەوڵەت‌ـنەتەوە دەتوانێ پاساوێک بێت بۆ تاکزمانی و پەرەپێدانی زمانێکی تایبەت، دەبێ بڵێین پاساوێکی لەو شێوەیە بە هیچ جۆرێک شیاو و دروست نییە، چونکە لای هەمووان ڕوون و ئاشکرایە کە پێناسەکانی ئەمڕۆ بۆ نەتەوە و پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتدا چیتر بەپێی بنەمای ئەتنیکی و زمانی و کەلتووری نییە و زۆربەی تیۆرییە سیاسییەکانی دەوڵەت‌ـنەتەوە جەخت لەسەر پلۆرالیزم و فرەلایەنیی کەلتووری دەکەنەوە. ئەوەی پەرە بە تاکزمانی دەدات نەک سیستەمی دەوڵەت‌ـنەتەوە؛ بەڵکوو گوتارێکی تۆتالیتێر و گشتخوازە. گوتارێک کە پێش هەموو بابەتێک خۆی وەکوو سەرچاوەی ناسنامە پێناسە دەکات و لە هەر «فۆرمێکی ئەوی‌ترێتی»[1] دەترسێت. بۆ نموونە سیاسەتی ئاسمیلەکردن و تواندنەوەی کەلتووری و زمانی هەڵوێستێکن بۆ کەمکردنەوەی ئەم جۆرە ترسانە.

لێرەدا سەبارەت بە سەرچاوەی ئەو چەشنە هەراس و ترسانە لە گوتارە فاشیست و تۆتالیتێرییەکاندا باس ناکەین؛ بەڵام دەکرێ ئاماژە بەم خاڵە بکەین کە هۆکاری سڕینەوەی ئەوی‌تر هەر لە ڕابردووەوە هەتاکوو ئێستا، ترس لە جیاوازییەکان بووە. بۆ وێنە لە ڕابردوودا ئەگەر ئەو جۆرە سڕینەوەیە بە شێوەیەکی فیزیکی جێبەجی دەکرا، ئێستا و لەم سەردەمەدا سڕینەوەی ئەوی‌تر بە میکانیزمگەلی دیکە ئەنجام دەدرێت. هەروەک ئاگامبێن دەڵێت لەسەردەمی ئێستادا، دەسەڵات و هێز لە ڕێگەی تواندندنەوە و ئاسمیلەکردنەوە، هەوڵی سڕینەوەی جیاوازییەکان دەدات. ئاگامبێن ئەم میکانیزمە بە «سڕینەوەی گشتگیر»[2] ناو دەبات. میکانیزمێکی لەم جۆرە لە سیاسەتی زماندا دەبینرێت کە ئامانجە سەرەکییەکەی، سڕینەوەی جۆراوجۆرییە زمانییەکانە و وەک پێشتر وتمان لە ڕوانگەی دەروونشیکاریی کۆمەڵایەتیدا دەگەڕێتەوە بۆ ترس و هەراسێکی دێرینە لە جیاوازییەکان (ک. مورادی، وتووێژی نووسەر، 12ی گوڵانی ٢٧٢٢).

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە نووسەری ئەم کتێبە بەرپرسی نووسین و وتەی ئەو کەسانە نییە کە وتووێژی لەگەڵ کردوون و خستنەڕووی بۆچوونەکانیان لەم کتێبەکەدا بە واتای وەرگرتن و پەسەندکردنی نووسراوەکانیان نییە. ئەوەی لە بەشی یەکەمەوە تا کۆتایی ئەم کتێبە هاتووە، نووسەر بە ڕوانگەیەکی زمانناسانە و زانستەکانی دەرەوەی زمان، تێڕوانین و تێگەیشتنە هەڵەکان لە زمان دەخاتە بەر ڕەخنە و بە ئارگیومێنت و چوارچێوەیەکی دیاریکراو، ئەو بیرۆکە هەڵانەی کە لەبارەی زمانەوە دەردەبڕدرێن، ڕەت دەکاتەوە و لە ئەنجامدا، خوێنەر دەتوانێ بەپێی ئەو داتا و ئارگیومێنتانەی کە خراونەتە ڕوو، ئاستی هۆشیاریی زمانیی خۆی بەرێتە سەرەوە و تێگەیشتنێکی شیاو و گونجاوی لە پرسە زمانییەکان هەبێت.

[1].otherness

[2]. Inclusive exclusion

## وشەنامە

| کوردی | ئینگلیزی |
|---|---|
| وەرگێڕانی ڕەها | absolute translation |
| وەرگێڕانی کورتە، وەرگێڕانی پوختە | abstract translation |
| شێوەزار | Accent |
| هەڵاواردنی شێوەزار | accent discrimination |
| شێوەزارپەرستی | Accentism |
| وەرگێڕانی شیاو (پەژرێنی) | acceptable translation |
| دەنگناسیی ئەکۆستیکی | acoustic phonetics |
| سەرناو | Acronym |
| زمانی ئادەم | adam's language |
| وشەی بانگکردن | address term |
| وەرگێڕانی بەس (پوخت) | adequate translation |
| وەرگێڕانی شیکردنەوەیی | analytic translation |
| زمانناسیی مرۆڤناسانە | anthropological linguistics |
| پەنابردن بۆ پێناسەی وشەنامەیی | appeal to definition |
| زمانناسیی کارەکی | applied linguistics |
| داڕێژەی نرخپێدان | appraisal pattern |
| دەنگناسیی درکاندن | articulatory phonetics |
| زمانناسیی گەردوونی | Astrolinguistics |
| دەنگناسیی بیساری | auditory phonetics |
| پاشسازی | Backformation |
| وەرگێڕانی هەڵگەڕاو | back-translation |
| کارامەیی بنەڕەتیی پێوەندیی نێوانکەسی | basic interpersonal communicative skills (bics) |
| وەرگێڕانی ڕاگەیێنەیی (گەیاندن) | communicative translation |
| زمانناسیی بایۆلۆژیک (ژیوزمانناسی) | Biolinguistics |
| وەرگێڕانی بێسەروا | blank verse translation |
| تێکەڵکردن | Blending |
| وشەوەرگرتن/ قەرزکردن | Borrowing |
| زمانی ناوەندی | central language |
| قرتاندن | Clipping |
| ڕەمزگۆڕین | code-switching |
| لێهاتوویی هۆشەکی-ئەکادیمی زمان | cognitive academic language proficiency |
| زمانناسیی کاگنێتیڤ | cognitive linguistics |

| | |
|---|---|
| Cohesion | لکاندن |
| common language | زمانی هاوبەش |
| computational linguistics | زمانناسیی کۆمپیوتەر |
| Conversion | گۆڕین |
| corpus linguistics | زمانناسی پەیکەرەیی |
| Cosmopolitanism | جیهاننەتەوەیی |
| covert translation | وەرگێڕانی شاراوە |
| cradle tongue | زمانی لانکە |
| critical discourse analysis(CDA) | شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەیی |
| critical period | سەردەمی هەستیار |
| cultural capital | سەرمایەی کەلتووری |
| cultural translation | وەرگێڕانی کەلتووری |
| dialect | زار |
| darwinian linguistics | زمانناسیی داروینیی |
| derivation | داڕشتن |
| descriptive | وەسفی |
| descriptivism | وەسفگەرایی |
| diagrammatic translation | وەرگێڕانی هێڵکارانە |
| dialectology | زارناسی |
| dialect awareness program | بەرنامەی ئاگایی زار |
| direct translation | وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ |
| discourse analysis | شیکردنەوەی گوتار |
| divine source | ئاخێزگەی خودایی |
| dysphemism | ناحەزوێژی |
| ecolinguistics (=ecological linguistics) | زمانناسیی ژینگەیی |
| econo-linguistics | زمانناسیی ئابووری |
| economy condition | مەرجی ئابووری |
| economy principle | بنەمای ئابووری |
| educational linguistics | زمانناسیی پەروەردەیی |
| elision | سڕینەوە (دەنگسڕینەوە) |
| élitist purism | پەتیگەریی بژاردەگەر |
| ethnocentric translation | وەرگێڕانی ئەتنیکتەوەر |
| ethnographic translation | وەرگێڕانی ئەتنیکنووسانە |
| ethnolinguistics | زمانناسیی ئەتنیکی |
| etymological fallacy | هەڵەبەریی ڕیشەناسانە |
| euphemism | جوانوێژیی |

| | |
|---|---|
| evolutionary linguistics | زمانناسیی پەرەسەندنی |
| exegetic translation | وەرگێڕانی لێکدانەوەیی |
| expert authority | دەسەڵاتی پسپۆڕ |
| family language | زمانی بنەماڵە |
| father tongue | زمانی باوکی |
| first language | زمانی یەکەم |
| fluent translation | وەرگێڕانی ڕەوان |
| folk etymology | ڕیشەناسیی ڕەشۆکییانە |
| folk linguistics | زمانناسیی ڕەشۆکی |
| forensic linguistics | زمانناسیی دادوەری |
| formalism | فۆرماڵیزم |
| free translation | وەرگێڕانی ئازاد (سەربەخۆ) |
| full translation | وەرگێڕانی پڕ (کامڵ) |
| functional phonetics | دەنگناسیی ئەرکی |
| functionalism | ئەرکخوازی |
| generative grammar | ڕێزمانی بەرهەمهێنان |
| genetic fallacy | هەڵەبەریی ڕەچەڵەکناسانە (ژێنێتیکی) |
| genetic source | ئاخێزگەی ڕەچەڵەکناسانە (ژێنێتیکی) |
| gloss translation | وەرگێڕانی وشەیی |
| glossogenetics | ئاخێزگەی بۆماوەیی |
| grammar nazi | نازییەکانی ێزمان |
| grammatical translation | وەرگێڕانی ڕێزمانی |
| historical linguistics | زمانناسیی مێژوویی |
| hyper-central language | زمانی سەروو-ناوەندی |
| idiolect | زاری تاکەکەسی |
| idiomatic translation | وەرگێڕانی ئیدیۆمەتیک |
| imitation hypotheses | گریمانەکانی لاساییکردنەوە |
| imagined community | کۆمەڵەی خەیاڵی |
| immanent | دەروونبین |
| imposed norms hypothesis | گریمانەی نۆڕمە سەپێندراوەکان |
| information structure | پێکهاتەی زانیاری |
| inherent hypothesis | گریمانەی زاتی |
| inherent value hypothesis | گریمانەی بەهای زاتی |
| instrumental translation | وەرگێڕانی ئامێریانە |
| intercultural communicative competence | توانستی پێوەندیی نێوانکەلتووری |
| interlinear translation | وەرگێڕانی نێوانهێڵی |

| | |
|---|---|
| interlingual translation | وەرگێڕانی نێوانزمانی |
| International Phonetic Alphabet (IPA) | ئەلفبێی دەنگیی نێودەوڵەتی |
| intersemiotic translation | وەرگێڕانی نێواننیشانەیی |
| intralingual translation | وەرگێڕانی دەروونزمانی |
| invention | داهێنان |
| inverse translation | وەرگێڕانی پێچەوانە |
| involuntary | خۆنەویستانە |
| language as a problem | زمان وەک گرفت |
| language as a resource | زمان وەک سەرچاوە |
| langauge as a right | زمان وەک ماف |
| language as artifact | زمان وەک شتێکی ئەنتیک |
| language as capital | زمان وەک سەرمایە |
| language as living organism | زمان وەک بوونەوەرێکی زیندوو |
| language as nation | زمان وەک نەتەوە |
| language as thought | زمان وەک بیرکەردنەوە |
| Language Commodification (LC) | کاڵاییکردنی زمان |
| language ideologies | ئایدیۆلۆژیا زمانییەکان |
| language learning | فێربوونی زمان |
| language proficiency | لێهاتوویی زمان |
| language police | پۆلیسی زمان |
| language reform | چاکسازیی زمان |
| language right | مافی زمان |
| language guardians | پارێزەرانی زمان |
| langue | لانگ (زمان) |
| legal linguistics | زمانناسیی یاسایی |
| letter | پیت |
| lexical presupposition | پێشگریمانەی وشەیی |
| lexical style | شێوازی وشەیی |
| lexical translation | وەرگێڕانی وشەیی |
| lexicography | فەرهەنگنووسی |
| lingua franca | زمانی نێونجی |
| linguism/ linguistic discrimination | هەڵاواردنی زمانی |
| linguist | زمانناس |
| linguistic anthropology | مرۆڤناسیی زمانناسانە |
| linguistic assimilation | تواندنەوەی زمانی |
| Linguistic Chauvinism | شۆڤینیزمی زمانی |

| | |
|---|---|
| linguistic context | پێکهاتەی زمانی |
| linguistic determinism | قەدەرگەرێتیی زمانی |
| linguistic discrimination / linguism | هەڵاواردنی زمانی |
| linguistic diversity | جۆراوجۆریی زمانی |
| linguistic gatekeepers | دەرکەوانانی زمان |
| linguistic genocide | نەسڵکوژی زمانی، جینۆسایدی زمانی |
| linguistic guerrilla war | شەڕی گەریلایی زمان |
| Linguistic Human Rights (LHRs) | مافە زمانییەکانی مرۆڤ |
| linguistic identity | ناسنامەی زمانی |
| linguistic insecurity | نائەمنیی زمانی |
| linguistic market | بازاڕی زمانی |
| linguistic philosophy | فەلسەفەی زمانناسانە |
| linguistic protectionism | پشتیوانێتی زمانی |
| linguistic purism | پەتیگەریی زمانی |
| linguistic relativism | ڕێژەگەریی زمانی |
| linguistic shaming | شەرمی زمانی |
| linguistic/ language typology | جۆرناسیی زمان (تایپۆلۆجی زمان) |
| linguistics of literature | زمانناسیی ئەدەبیات |
| linguistic subordination | ژێردەستبوونی زمانی |
| literal translation | وەرگێڕانی دەقاودەق (وشەبەوشە) |
| literary linguistics | زمانناسیی ئەدەبی |
| literary translation | وەرگێڕانی ئەدەبی |
| lying hypothesis | گریمانەی درۆکردن |
| macrolinguistics | زمانناسیی درشت |
| maxim of manner | ڕێکاری شێوە |
| maxim of quality | ڕێکاری چۆنێتی |
| metaphor | مێتافۆر (خوازە) |
| metaphoric infection | چڵککردنی مێتافۆریکی |
| microlinguistics | زمانناسیی ورد |
| Mathematical linguistics | زمانناسیی بیرکاری |
| minoritizing translation | وەرگێڕانی کەمینەسازی |
| moral panic | هەراسی ئەخلاقی، تۆقاندنی ئەخلاقی |
| morphology | وشەناسی (مۆرفۆلۆجی) |
| mother tongue / mother language | زمانی دایکی |
| multilingual identity | ناسنامەی چەندزمانی |
| mutual intelligibility | لێکگەیشتن |
| national language | زمانی نەتەوەیی |

| | |
|---|---|
| native language | زمانی خۆجێیی |
| natural sound source | ئاخێزگەی دەنگە سروشتییەکان |
| necessity hypotheses | گریمانەکانی پێداویستی |
| neologism | وشەی نوێ، نوێوشە |
| neurolinguistics | دەمارناسیی زمان |
| non-linguistic factors | فاکتەرە نازمانییەکان |
| non-mutual intelligibility | لێکنەگەیشتن |
| oblique translation | وەرگێڕانی ناهاوشان |
| official language | زمانی فەرمی |
| onomata | ناو |
| onomatopoeia | دەنگەناو |
| oral – gesture source | ئاخێزگەی جووڵانەوەی زارەکی |
| overt translation | وەرگێڕانی ڕاشکاو |
| over-translation | زێدەوەرگێڕان |
| paraphrase | دووبارەوێژی |
| parent tongue | زمانی دایباب |
| parole | پارۆڵ (ئاخاوتن) |
| partial intelligibility | تێگەیشتنی یەکلایەنە/ ناتەواو |
| partial translation | وەرگێڕانی ناتەواو |
| patois | زارخۆماڵی |
| semantic degeneration /pejoration | نزمبوونەوەی واتایی |
| perceptual dialectology | زارناسیی دەرکی (ئیدراکی) |
| peripheral languages | زمانی پەراوێزی |
| person deixis | نیشانەی کەسی |
| personal authority | دەسەڵاتی تاکەکەسی |
| philology | وشەناسی |
| philosophy of language | فەلسەفەی زمان |
| phiologist | وشەناس |
| phone | دەنگ |
| phoneme | واچ |
| phonetics | دەنگناسی |
| phonology | واچناسی |
| physical adaptation source | گریمانەی سازاندنی جەستەیی |
| political correctness | زمانڕاستیی سیاسی |
| political linguistics | زماناسیی سیاسی |
| pragmatics | مەبەستناسی |
| prescriptivism | ڕەچەتەگەرایی |

| | |
|---|---|
| proactive translation | وەرگێڕانی چالاک |
| psycholinguistics | دەروونناسیی زمان |
| radical translation | وەرگێڕانی بنەڕەتی |
| reanalysis | داڕشتنەوە |
| register | شێوەزمان |
| restricted translation | وەرگێڕانی سنووردار |
| rewrite rules | ڕێساکانی دووبارەنووسینەوە |
| rhymed translation | وەرگێڕانی سەروادار |
| secessionist movement | بزووتنەوەی جیاییخواز |
| self-glorification | خۆهەڵکێشانی نەتەوەیی |
| semantic amelioration | بەرزبوونەوەی واتایی |
| semantic degeneration / pejoration | نزمبوونەوەی واتایی |
| semantic elevation | بەرزبوونەوەی واتایی |
| semantic narrowing | تەسککردنەوەی واتایی |
| semantic translation | وەرگێڕانی واتایی |
| semantic widening | پەرەدانی واتایی |
| semantics | واتاناسی |
| semiotics | نیشانەناسی |
| sense-for-sense translation | وەرگێڕانی چەمک بە چەمک |
| separatist | سەربەخۆخواز |
| sexism | ڕەگەزخوازی (سێکسیزم) |
| shortening | کورتکردنەوە |
| signified | مەدلوول (بەرئاماژەر) |
| signifier | دال (ئاماژەر) |
| social connotation hypothesis | گریمانەی واتای شاراوەی کۆمەڵایەتی |
| social practice | کرداری کۆمەڵایەتی |
| social tolerance | لێبوردەیی کۆمەڵایەتی |
| sociobiological | سۆسیۆبیۆلۆژیکاڵ، بایۆلۆژی-کۆمەڵناسانە |
| sociolect | جۆرەزمانی کۆمەڵایەتی |
| sociolinguistics | زمانناسیی کۆمەڵایەتی |
| sociology of language | کۆمەڵناسیی زمان |
| source text | دەقی سەرچاوە |
| speech style | شێوازی ئاخاوتن |
| Specialist translation | وەرگێڕانی پسپۆڕانە |
| spoken language | زمانی گوتن، زمانی گوتراو |
| standard language | زمانی ستاندارد |
| stylistics | شێوازناسی |

| | |
|---|---|
| submersion | نوقمبوون |
| sun language theory | تیۆریی زمانی هەتاو |
| symbolic violence | توندوتیژیی هێماپین |
| syntax | نەحو (سینتاکس) |
| T/V distinction pronounce | جیاوازیی جێناویی تۆیی-ئێوەیی |
| target text | دەقی مەبەست |
| territorial principle | بنەمای نیشتمانی |
| the principle of least effort | بنەمای کەمکۆشین |
| theoretical linguistics | زمانناسیی تیۆرییانە (تیۆریکی) |
| total translation | وەرگێڕانی تەواو |
| transcendent | پەڕانبین |
| translation competence | توانستی وەرگێڕان |
| translation studies | تاوتوێکردنەکانی وەرگێڕان |
| unbounded translation | وەرگێڕانی بێسنوور |
| unidirectional intelligibility | تێگەیشتنی یەکلایەنە |
| usage police | پۆلیسی کۆنترۆڵ |
| variety | جۆرەزمان، چەشنەزمان |
| verbal hygiene | تەندروستیی زمانی |
| verse to prose translation | وەرگێڕانی هۆنراوە بۆ پەخشان |
| vertical translation | وەرگێڕانی ئەستوونی |
| voluntary | خۆویستانە |
| warning hypothesis | گریمانەی هۆشیارکردنەوە/ ئاگاداری |
| word- for–word translation | وەرگێڕانی وشەبەوشە |
| written language | زمانی نووسین، زمانی نووسراو |
| xenophobic purism | پەتیگەریی بێگانەهەراسانە |

## سەرچاوەکان:

**English References:**


Aitchison,J. (2001).*Language change*. In: Cobley P, editor. The Routledge companion to semiotics and linguistics. London: Routledge.

--------------. (2012). *Linguistics Made Easy*. London: Hodder Education.

Akinnaso, F. N. (1994). Linguistic unification and language rights. *Applied Linguistics*, 15(2), 139-168.

Hellinger, M, & Bußmann, H. (2001, 2002, 2003). *Gender Across Languages*: *The Linguistic Representation of Women and Men*, Vol. 1, 2, 3. Amsterdam: Benjamins.

Akmajian, A, R.A. Demers, A.K. Farmer & R.M. Harnish. (2010). *Linguistics*: *An Introduction to Language and Communication*, 6th edition. Cambridge, MA:MIT Press.

Allott, N. (2010). *Key terms in pragmatics*. London: Continuum.

Anderson, B. (1983), *Imagined Communities*. London and New York: Verso.

Ansaldo, U. (2010).Identity alignment and language creation in multilingual communities. *Language Sciences*, 32, 615-623.

Amini, R. (2022). A critical reading on language endangerment: focusing on endangered languages in Iran. *Journal of Critical Applied Linguistics Studies*,1(1): 85-99.

Anthony, L. & Baker, P. (2015). ProtAnt: A tool for analysing the protoypicality of texts. *International Journal of Corpus Linguistics*,20(3), 273–292.

Aytürk, İ. (2004). Turkish Linguists against the West: The Origins of Linguistic Nationalism in Atatürk's Turkey. *Middle Eastern Studies*, 40 (6), 1–25.

Baker, P. & Ellece, S. (2011).*Key Terms in Discourse Analysis*. London: Continuum.

Baker, P, Gabrielatos, C, & McEnery, A. (2013). *Discourse Analysis and Media Attitudes*: *The Representation of Islam in the British Press*.Cambridge: Cambridge University Press.

Baker, P, Hardie, A. & McEnery, T. (2006). *A Glossary of Corpus Linguistics*. Edinburgh, Edinburgh University Press.

Battistella, E L. (2005). *Bad Language*: *Are Some Words Better than Others*.Oxford and New York: Oxford University Press.

Bechhofer, F, McCrone, D, Kiely R. & Stewart, R. (1999). Constructing National Identity: Arts and Landed Elites in Scotland. *Sociology*, 35(1):195-199.

Beeman, W. (1986).*Language*, *status*. *& power in Iran*. Bloomington: Indiana University press.

Benjamin.W. (1916). On *Language as Such and on the Language of Man*, op. cit, p. 109.

Berger, A.A. (2016). *Applied Discourse Analysis*: *Popular Culture*, *Media*, *and Everyday Life*.New York: Macmillan.

Bialystok & et al. (2005). The effect of bilingualism on cognitive control in the Simon task. *Neural mage*,24, 40-49

Bickerton, D. (2010).*Adam's tongue*: *How humans made language*, *how language made humans*. NewYork: Hill & Wang.

Blackledge, A, & Pavlenko, A. (2002). Ideologies of language in multilingual contexts. *Multilingua*, 21(2/2), 121-140.

Block.D. (2018).What on earth is 'language commodification'? In: Schmenk, B, Breibach, S and Küster L (eds) Sloganization in *Language Education Discourse*. *Bristol*: *Multilingual Matters*, 121–141.

Blommaert, J. (2005). *Discourse*: *A critical introduction*.Cambridge,UK:CambridgeUniversity Press.

Boase-Beier, J. (2011b).*A Critical Introduction to Translation Studies*. New York: Continuum.

Bourdieu, P. (1991). *Language and symbolic power*. Cambridge Polity Press.

Bourdieu, Pierre. (1998).*Practical Reason* (*On the Theory of Action*). Stanford, CA: Stanford University Press.

Brown, K. & Miller, J. (2013). *The Cambridge dictionary of linguistics*. Cambridge: Cambridge. University Press.

Browne, G. E. (1902).*A literary history of Persia*.London: Fisher Unwin.

Brubaker, R. & Cooper, F. (2000). Beyond "Identity". *Theory and Society*, 29(1), 1-47.

Bucholtz,& Hall,K. (2005). Identity and interaction: a sociocultural linguistic approach. *Discourse Stud*, 7 (4–5):585-614.

Cameron, L. (2003). *Metaphor in Educational Discourse*. London: Continuum.

Cameron, D. (2005).Language, gender and sexuality: current issues and new directions. *Applied Linguistics*, 26 (4),482-502.

--------------. (2012). *The commodification of language*: *English as a global commodity*. In T. Nevalainen & E. C. Traugott (Eds.), The Oxford handbook of the history of English (pp. 352–361). Oxford: Oxford University Press.

--------------. (2012b). *Verbal Hygiene*. London: Routledge.

Campbell, L & Mixco, M. (2007). *Glossary of Historical Linguistics*. Edinburgh, Edinburgh University Press.

Carr, P. (1993).*Phonology*, Basingstoke: Macmillan.

---------. (2008). *A Glossary of Phonology*. Edinburgh: Edinburgh University Press.

Carroll, T. (2001). *Language Planning and Language Change in Japan*. Richmond, Surrey: Curzon.

Chambers, J.K, & Trudgill, P. (1998). *Dialectology*, second ed, Cambridge: Cambridge University Press.

Chapman, S. (2012). *Pragmatics*. London: Palgrave Macmillan.

Charteris-Black, J. (2004). *Corpus approaches to critical metaphor analysis*. Berlin: Springer.

Chase, S. (1938). *The Tyranny of Words*, New York: Harcourt, Brace and Co. London: Methuen.

Childs, G.T. (2012). *What's the difference between dialects and languages*? In E.M. Rickerson & B. Hilton (eds.), The 5 Minute Linguist: Bite-Sized Essays on Language and Languages (2nd edn.). Equinox Publishing.

Chmielecki, M & Sułkowski, L. (2016). *Metaphors in Management - Blend of Theory and Practice*. Frankfurt am Main: Peter Lang.

Chomsky, N. (1965). *Aspects of the Theory of Syntax*. Cambridge, Mass.: MIT Press.

--------------. (1980).*Rules and Representations*, Oxford: Basil Blackwell.

--------------. (2000).*New Horizons in the Study of Language and Mind*, Cambridge: Blackwell. Cambridge University Press.

Cobarrubias, J. (1983). Ethical Issues in Status Planning. In J. Cobarrubias & J. A. Fishman (eds.), *Progress in Language Planning*: *International Perspectives*. The Hague: Mouton Publishers.

Cohen, S. (1973).*Folk Devils and Moral Panics*. St Albans: Paladin.

Cooper, R. L, & Spolsky, B. (1991). The influence of language on culture and thought: *Essays in honor of Joshua A. Fishman's sixty-fifth birthday*. New York: Mouton de Gruyter.

Cowles, W.H. (2011). *Psycholinguistics 101*. New York. Springer Publishing Company, LLC.

Croft, W. (2003), *Typology and Universals* (2nd ed.), University of Manchester: Cambridge.

Crystal, D. (2004). The language revolution. Cambridge: Polity Press.

-----------. (2005). *How language works*. London: Penguin Books.

--------------. (2008). A Dictionary of Linguistics and Phonetics. (6th ed.). Oxford:

-----------. (2010). *A Little Book of Language* (*Little Histories*).London: Yale University Press.

Danesi, M. (2004). *A Basic Course In Anthropological Linguistics*. Toronto: Canadian Scholars' Press Inc.

Deumert,A. (2011). *Multilingualism*. In: Mesthrie, R. (ed). The Cambridge handbook of sociolinguistics. Cambridge: Cambridge University Press. 261-282.

Diamond, A. A. (1959). *The History and Origin of Language*. New York: Philosophical Library.

Dixon, R. M. W. (2016): *Are some languages better than others*? *New York*: Oxford University Press.

Donegan, P. J, & Stampe, D. (2009). Hypotheses of Natural Phonology. *Poznań Studies in Contemporary Linguistics*, 45(1), 1–31.

Duranti, A. (1997). *Linguistic Anthropology*. Cambridge University Press.

Edwards, J. (1994). *Multilingualism*. London: Routledge.

Evans, B.A, & Hornberger, N.H. (2005). No Child Left Behind: Repealing and unpeeling federal language education policy in the United States. *Language Policy*, 4, 87-106.

Evans, V. (2007). *A Glossary of Cognitive Linguistics*. Edinburgh: Edinburgh University Press.

Evans,V. (2014).*The Language Myth Why Language Is Not an Instinct.Cambridge*: Cambridge University Press.

Fairclough, N. (1989). *Language and Power*. London: Longman.

-----------------. (1992). *Discourse and Social Change*. Oxford: Wiley-Blackwell

-----------------. (1995). *Critical Discourse Analysis the Critical Study of Language*. Longman Group Ltd. Essex.

-----------------. L. and Wodak, R. (1997). Critical discourse analysis. In T. A. van Dijk (ed.), *Discourse Studies. A Multidisciplinary Introduction*, Vol. 2. Discourse as Social Interaction (pp. 258–84). London: Sage.

-----------------. (2003). *Analyzing Discourse*: *Text Analysis for social Research*.New York: Routeldge.

-----------------. (2003b). Political correctness: the politics of culture and language. *Discourse Soc*, 14, 17–28.

Fan, Z. (2006). "*The Mechanism of Euphemism*: *A Cognitive Linguistic Interpretation*". US- China Foreign Language. Vol. 4. No.7.No.34.

Fasold, R. W. & Connor-Linton, J. (2006). *An introduction to language and linguistics*. Cambridge, UK: Cambridge University Press.

Fawcett, P. (2003).*Translation and Language*: *Linguistic Theories Explained*, St Jerome, Manchester. Return to article.

Ferguson, Charles A. (1959). Religious factors in language spread, *in Cooper* (ed.), pp. 95--106.

Fisher,L,Evans,M,Forbes,K,Gayton,A,&Liu,Y. (2018).Participative multilingual identity construction in the languages classroom:A multi-theoretical conceptualisation.*International Journal of Multilingualism*,1–19.

Fodor, J. (1985). Precis ofModularity of Mind. *Behavioral and Brain Sciences*, 8: 1-42.

Foucault, M. (1973). *The order of things: An archaeology of the human sciences*. New York: Vinatge.

Fought,C. (2011). *Language and ethnicity*. In: Mesthrie, R. (ed). The Cambridge handbook of sociolinguistics. Cambridge: Cambridge University Press. 238-257.

Francis, D. & A. le Roux. (2011). Teaching for Social Justice Education: The Intersection Between Identity, Critical Agency and Social Justice Education." *South African Journal of Education*,31 (3): 299–311.

Fuller, J. M. (2012). *Bilingual Pre-Teens: Competing Ideologies and Multiple Identities in the U.S.* And Germany. London: Taylor & Francis.

Gadamer, H.G. (1994).*Truth and Method*. Translation Revised by Joel Weinsheimer Weinsheimer and Donald G. Marshal, Continuum, New York.

Giles, H, Richard T. Bourhis, and Ann,Davies. (1975).Prestige speech styles: the imposed norm and inherent value hypotheses. In Language in Anthropology. IV: Language in Many Ways, William C. McCormack, and Stephen Wurm (eds.), 589-596. The Hague: Mouton.

Grillo, R. (1998). *Pluralism and the Politics of Difference: State, Culture, and Ethnicity in Comparative Perspective*. Oxford: Oxford University Press.

Gómez,M. S. & Fuertes.O. P. (2003). *A Revision of the Role L1 Plays in Second Language Learning*. In P. Abad García and J.R. Fernández Suárez (eds.), Estudios de Filología Inglesa. 193-205. Valladolid: Universidad de Valladolid.

Gooskens, C. (2018). *Dialect intelligibility*. In Charles Boberg, John Nerbonne & Dominic Watt (eds.), Handbook of dialectology, 204–218. Oxford: Wiley-Blackwell.

Govier, T. (2009). *A Practical Study of Argument*. Cengage Learning.

Gramsci, A. (1971). *Selections from the prison notebooks*. Q. Hoare & G. N. Smith (trans). London: Lawrence and Wishart.

Grice, H. P. (1975). *Logic and conversation*. In P. Cole and J. L. Morgan (eds), Syntax and semantics 3: Speech acts. New York: Academic Press. pp. 41–58.

Groom, N. & Littlemore, J. (2011). *Doing applied linguistics: A guide for students*. Abingdon: Routledge.

Groot, G. R. (2003). *Language and Law*. The Netherlands: Maastricht University Press.

Gula, R.J. (2002). Nonsense: *A handbook of logical fallacies*. Mt. Jackson, VA: Axios Press.

Gumperz. J.J. (1971). *Language in Social Groups*. Language and National Development. Vol. 3. Stanford, CA: Stanford University Press.

Hall, K. & Nilep, C. (2015). Code-Switching, Identity, and Globalization. *Discourse Analysis*, 597-619.

Hall, R. (1960). *Linguistics and Your Language* (2nd revised edn of Leave Your Language Alone), Garden City, NJ: Anchor.

Halliday, M. A. K. & Hasan, R. (1976). *Cohesion in English*. London: Longman.

Halliday, M. A. K. (1994). *An introduction to functional grammar*. 2nd edn. London: Arnold.

Haugen, E. (1991). The mother tongue.Edited by Cooper, R. L, & Spolsky, B. (1991). In:*The influence of language on culture and thought*: *Essays in honor of Joshua A. Fishman sixty-fifth birthday*. New York: Mouton de Gruyter.

Hodge, R & Kress, G. (1993 [1979]). *Language as Ideology*. 2nd ed. London and New York: Routledge.

Haraway, D. (1991).*A cyborg manifesto*', *Simians*, *Cyborgs and Women*: *the Reinvention of Nature*.New York: Routledge.

Harris R. (2001).*Linguistics after Saussure*. In: Cobley P, editor. The Routledge companion to semiotics and linguistics. London: Routledge.

Harrison,S.S. (1957). *The Most Dangerous Decades*: *An Introduction to the Comparative Study of Language Policy in Multi-lingual States*. New York: Language and Communication Research Center, Columbia University.

Haspelmath, M. & Tadmor, U. (Eds). (2009). *Loanwords in the world's languages*: *a comparative handbook*. Berlin, Germany: De Gruyter Mouton.

Hegarty, P. (2020). Strangers and States: Situating Accentism in a World of Nations. *Journal of Language and Social Psychology*, 39(1),172–179.

Heidegger, M. (1971). *On the way to language* (Hertz, P. D, Trans). San Francisco: Harper Collins.

Hickmann, M. (2000). *Linguistic relativity and linguistic determinism*: some new directions. *Linguistics*, 38 (2): 410.

Hobsbawm, E. (1990). *Nations and Nationalism since 1780*. Cambridge: Cambridge University Press.

Horner, K. & Weber, J-J. (2015). *Multilingual education and the politics of language in Luxembourg*. In: Peersman, C, R. Vosters and G. Rutten (eds). Contact and Conflict along Language Borders: Romance-Germanic Encounters in the Low Countries. Berlin/New York: Mouton de Gruyter. pp. 233-253.

Horobin, S. (2016). *How English Became English: A Short History of a Global Language*. Oxford: Oxford University Press.

House, J (2018).*Translation: The Basics*.London & New York: Routledge.

Horner, K. (2009). Language, Citizenship and Europeanization. Unpacking the Discourse of Integration. In Discourses on Language and Integration: *Critical perspectives on language testing regimes in Europe*, ed. by Gabriella Hogan-Brun, Claire Mar-Molinero, and Patrick Stevenson, 109–128. Amsterdam: John Benjamins.

Hudson, R. A. (1996). *Sociolinguistics*. 2nd edn. Cambridge: Cambridge University Press.

Hurford, J. (2014). *Origins of Language: A Slim Guide*. Oxford: Oxford University Press.

Hyland, K &Paltridge, B. (2011).*Continuum companion to discourse analysis*. Bloomsbury Companions. London, U.K.: Continuum.

Hymes, D. (1963). *Objectives and Concepts of Linguistic Anthropology*. In D. G. Mandelbaum, G. Lasker and E. M. Albert (eds.), The Teaching of Anthropology (pp. 275–302): American Anthropological Association. Memoir 94.

Illich, I. (1981).Taught Mother Language and Vernacular Tongue, in D. P. Pattanayak, pp. 1–39.

Illich, I. (1981). *Shadow work*. Salem: Open Forum.

Iyer,J.G. (2016). Linguistic Chauvinism.*Veda's Journal of English Language and Literature*-JOELL,3(2), 43-47.

Jacques, Martin. (2009). *When China rules the world*. London: Allen Lane.

Jakobson, R. (1963). *Fundamentals of Language*. Paris:Les Editions de Minuit

Jo Napoli, D. & Lee-Schoenfeld, V. (2010). *Language matters: A guide to everyday questions about language (2nd ed.)*. Oxford: Oxford University Press.

Joseph, J. (2007).*Language and Politics*.Edinburgh: Edinburgh University Press.

Katamba, F. & Stonham, J. (2006). *Morphology*. London: Macmillan Press LTD.

Katamba, F. (2004).*English Words: Structure, History, Usage*.London; New York: Routledge.

Kaya, M.S. ( 2011). *The Zaza Kurds of Turkey: A middle Eastern minority in a globalised society*. London: Tauris.

Kennedy, G. (1998) *An introduction to corpus linguistics*, London: Longman.

King, L. (2018). *The Impact of Multilingualism on Global Education and Language Learning*. London: Cambridge Assessment English.

Kluge, F. (1967). *Etymologisches Wörterbuch der deutschen Sprache*.Berlin: de Gruyter.

Kumaravadivelu, B. (1999). *Critical classroom discourse analysis.* TESOL Quarterly, 33(3), 453-484. http://dx.doi.org/10.2307/3587674.

Labov, W. (1966). *The social stratification of English in New York City* (*3rd printing, 1982*). *Arlington*, VA: Center for Applied Linguistics.

Ladefoged, P & Johnson, K. (2011). *A Course in Phonetics*. 6th ed. Australia: Thomson, Wadsworth.

Lakoff, G, & Turner, M. (1989). *More Than Cool Reason*: *A Field Guide to Poetic Metaphor*. Chicago: University of Chicago Press.

Lakoff, R. (1990). *Talking Power*: *The Politics of Language*, New York: Basic Books

Lei, X. (2006). *Sexism in language.* Northern polytechnic university, Xi'an, China. Journal of language and linguistics,volumn 5 number 1.

Levorato, A. (2003).*Language and Gender in the Fairy Tale Tradition*. Basingstoke: Palgrave Macmillan.

Llamas, C, Mullany, L, & Stockwell, P. (2007). *The Routledge Companion to Sociolinguistics*. London: Routledge.

Laurie, B. (2007).*The Linguistics Student's Handbook*.Edinburgh, Edinburgh University Press.

Machin, D, & Andrea, M. (2012). *How To Do Critical Discourse Analysis.* London: Sage.

Malmkyar, K. (2002).*Origin of Language*. The Linguistics Encyclopedia. Edited By: Kirsten Malmkyar. Second Edition. London: Routledge.

Mar-Molinero, C. (2000). *The Iberian peninsula*: *conflicting linguistic nationalisms*. In S. Barbour and C. Carmichael (eds.) Language and Nationalism in Europe. Oxford: Oxford University Press.

Martin, B,& Ringham, F. (2000). *Dictionary of Semiotics.* London and New York: CASSEL.

Martinet, A. (1984).Double articulation as a criterion of linguisticity.Language Sciences, 6 (1): 31–8.

Maass, A, Suitner, C, and Merkel, E. (2013). "Does political correctness make (social) sense," in *Social Cognition and Communication*, eds J. P. Forgas, O. Vincze, and J. Laszlo (New York, NY: Psychology Press), 331–346.

-----------------. (1955). *Economie des changementsphonktiques.* Berne: Verlag.

Matthews,P.H. (2001). A Short History of Structural Linguistics, Cambridge: Cambridge University Press.

-----------------. (2003). *Linguistics*: *A Very Short Introduction.* Oxford University Press.

Mautner, G. (2016). *Discourse and Management: Critical Perspectives Through the Language Lens*. Basingstoke: Palgrave Macmillan.

McMahon, R. (2012). *Evolutionary Linguistics*. Cambridge University Press.

McWhorter, J. (2016).*There's No Such Thing as a 'Language'*. The Atlantic, Atlantic Media Company.

Meillet, Antoine. (1982). *Linguistique historique et linguistique générale*. Genève-Paris: Slatkine- Champion.

Mesthrie.R. (2011).*The Cambridge Handbook of Sociolinguistics*.Cambridge: Cambridge University Press.

Meyerhoff, M. (2011).*Introducing Sociolinguistics*. *2nd edition*. London: Routledge.

*Education for Social Justice: Globalising the Local* (pp. 278291). New Delhi: Orient Blackswan.

Mills, M, H. (ed.). (1999). *Slavic Gender Linguistics*, Amsterdam: John Benjamins.

Milroy, J. (1992). *Language Variation and Change*, Oxford: Blackwell.

Mohanty, A.K, Mishra, M.K, Reddy, N.U. and Ramesh, G. (2009).Overcoming the lan guage barrier for tribal children: MLE in Andhra Pradesh and Orissa, India. In A.K. Mohanty, M. Panda, R. Phillipson and T. SkutnabbKangas (eds) *Multilingual*

Mora, J.K, Wink, J, & Wink, D. (2001). Dueling models of dual language instruction: A critical review of the literature and program implementation guide. *Bilingual Research Journal*, 24(4), 435-460.

Myers-Scotton, C. (1993). *Social Motivation for Codeswitching: Evidence from Africa*. Oxford: Clarendon Press.

Newmeyer, J. F (1988). *The politics of linguistics*. Chicago: The University of Chicago Press.

Nørgaard, N. M, R. & Busse, B. (2010), *Key Terms in Stylistics*.London: Continuum International Publishing Group.

Ogden, C. K. & I. A. Richards (1923), *The Meaning of Meaning: A Study of the Influence of Language upon Thought and of the Science of Symbolism*, London: Kegan Paul, Trench,Trubner and Co.

Paget, R. (1930).*Human Speech*.London:Kegan Paul.

Patten, A. (2003).Liberal neutrality and language policy. *Philosophy and Public Affairs*, 31 (4): 356–86.

Paul, L. (2008). *Kurdish language i: History of the Kurdish language*. In Ehsan Yarshater, Mohsen Ashtiany & Mahnaz Moazami (eds.), Encyclopædia iranica, online edn. New York: Encyclopædia Iranica Foundation.

Petrovic, J.E. (2005). The conservative restoration and neoliberal defenses of bilingual education. *Language Policy*, 4, 395-416.

Phillipson, R. (1992). *Linguistic Imperialism*, Oxford: Oxford University Press.

Piller, I. (2001). Naturalization Language Testing and its Basis in Ideologies of National Identity and Citizenship. *International Journal of Bilingualism*, 5 (3): 259–277.

-------. & Cho, J. (2013). Neoliberalism as Language Policy. *Language in Society*, 42(1), 23-44.

-------. (2015). *Language ideologies.* In K. Tracy, C. Ilie, & T. Sandel (Eds.), The International encyclopedia of language and social interaction (Vol. 2, pp. 917-927).

-------. (2016). *Linguistic diversity and social justice*: An introduction to applied sociolinguistics. Oxford University Press.

Pinker, S. (2014). *The Sense of Style*: *The Thinking Person's Guide to Writing in the 21st Century*. New York, NY: Penguin.

Preston, R.D. (2012). *What's the right way to put words together*? In E.M. Rickerson & B. Hilton (eds.), The 5 Minute Linguist: Bite-Sized Essays on Language and Languages (2nd edn.). Equinox Publishing.

-------. (1999).*A handbook of perceptual dialectology.*Amsterdam: Benjamins. [A bibliography of worksdevoted principally to perceptual dialectology.].

Radford, A. (2009). *Analyzing English Sentences*: *A Minimalist Approach*. Cambridge: Cambridge University Press.

Reaser, J. (2006). *The effect of dialect awareness on adolescent knowledge and attitudes*. Unpublished Ph.D. dissertation, Duke University.

Reisigl, M & Wodak, R. (2009). *Discourse and Discrimination*: *Rhetorics of Racism and Antisemitism*. London-New York: Routledge.

Ricento, T. (2005). Problems with the "language as resource" discourse in the promotion of heritage languages in the USA. *Journal of Sociolinguistics*, 9(3), 348–368.

Ricento, T. (Ed.) (2006). *An introduction to language policy. Malden*, Oxford, Victoria: Blackwell.

Rickerson, E. M, & Hilton, B. (2006). *The five-minute linguist*: *Bite-sized essays on language and languages*. London: Equinox Pub.

Riley, P. (2007). *Language*, *culture and identity*: *An ethnolinguistic perspective*. London:Continuum.

Ritzer, G. (2010). *Sociological Theory*. New York: McGraw Hill Education.

Romaine, S. (1996). War and peace in the global greenhouse: metaphors we die by. *Metaphor and Symbolic Activity*,11(3),175–94.

Romaine, S. (2000). *Language in society*: *An introduction to sociolinguistics*. Oxford: Oxford University Press.

Rousseau,J. J. (1966).*Essay on the Originof Language,J. H. Moran andA*. Gode (trans.) Chicago: Universityof Chicago Press.

Ruiz, R. (2011). *Afterword: Cooking with Nancy*. In F.M. Hult & K.A. King (Eds.), Educational linguistics in practice: Applying the local globally and the local globally (pp.173-178). Bristol: Multilingual Matters.

-------. (1984). Orientations in language planning. *NABE Journal*, 8, 15-34.

Saad-Filho, & Johnston. D. (2005).Introduction. In: Saad-Filho A and Johnston D (eds), *Neoliberalism: a critical reader*. London: Pluto.

Saeed, J. I. (2016). *Semantics*. Oxford: Blackwell Publishing.

Salkie, R. (2001). *The Chomskyan Revolutions*. In: Cobley P, editor. The Routledge companion to semiotics and linguistics. London: Routledge.

Sapir E. (1951).*The status of linguistics as a science*, [In] Mandelbau D. (ed.), Selected Writings, University of California Press:Berkeley.

Schiffrin, D, Tannen, D. & Hamilton, H. E. (2001) 'Introduction', in D. Schiffrin, D. Tannen and H. E. Hamilton (eds), *The Handbook of Discourse Analysis*. Oxford, UK. and Malden, MA: Blackwell.

Schmid.M, Cole, A & Jeffries,E. (2020).*Accentism is alive and well – and it doesn't only affect the north of England*.The Conversation. Retrieved from https://www.google.com/amp/s/theconversation.com/amp/accentism-is-alive-and-well-and-it-doesnt-only-affect-the-north-of england-148825.

Schmitt, N. (2002). *An Introduction to Applied Linguistics*. London: Arnold.

Sebeok, T. A. (1960).*Style in Language*. Cambridge, Mass.: MIT Press.

Semino, E. & Masci,M. (1996). Politics is Football: Metaphor in the Discourse of Silvio Berlusconi in Italy. *Discourse and Society*, 7/2, 243–69.

Semino, E. (2008). *Metaphor in discourse*. Cambridge: Cambridge University Press.

Seuren, P. A. M. (1998). *Western linguistics: An historical introduction*. Oxford: Blackwell.

Shohamy, E. (2006). Imagined multilingual schools: How come we don't deliver? In Garcia, O,Tove Skutnabb-Kangas and M.Torres-Guzman (eds.) Imagining multilingual schools. *Languages in education and globalization Clevedon: Multilingual Matters*. 171–83.

Shute, S. (1981). *Sexist Language And Sexism*. In M. Vetterling. Braggin (Ed) Sexist Language: A modern Philosophical analysis Totowa.

Sihler, A. (2000). *Language History*. Amsterdam studies in the theory and history of linguistic science. Series IV, Current issues in linguistic theory. Vol. 191.

Skutnabb-Kangas, T. (2000), *Linguistic Genocide in Education – or Worldwide Diversity and Human Rights*, Mahwah, NJ and London: Lawrence Erlbaum.

Skutnabb-Kangas, T, & Phillipson, R. (Eds.). (1995). *Linguistic human rights: Overcoming linguistic discrimination*. Berlin, Germany: Mouton de Gruyter.

Spolsky, B. (2004). *Language policy*. Cambridge: Cambridge University Press.

Steinberg. D. (1993). *An Introduction to Psycholinguistics*. Longman: London & New York.

Stibbe, A. (2015).*Language, Ecology, and the Stories We Live by*.New York: Routledge.

Steinmetz, Sol. (2008). *Semantic Antics: How and Why Words Change Meanings*. Random House Reference.

Stroud, C. & Heugh, K. (2011) *Language in education*. In: Mesthrie, R. (ed).The Cambridge handbook of sociolinguistics. Cambridge: Cambridge University Press. 413-439.

Swift, J. (1966).A proposal for correcting, improving and ascertaining the English Tongue' (1712), in W.F. Bolton (ed.) *The English Language: Essays by English and American Men of Letters*, 1490–1839, Cambridge: Cambridge University Press.

Švelch, J, & Sherman, T. (2018). I see your garbage": Participatory practices and literacy privilege on "Grammar Nazi" Facebook pages in different sociolinguistic contexts. *New Media & Society*, 20(7), 2391–2410.

Teubert, W. 2010. *Meaning, Discourse and Society*. Cambridge: Cambridge University Press.

Thomas, G. (1991). *Linguistic purism*. London/New York: Longman.

Thavenius, J. (1981). *Modersmål och fadersarv. Svenskämnets traditioner i historien och nuet*. [Mother tongue education and fatherly heritage. The traditions of the school subject Swedish in past and present]. Stockholm: Symposion Bokförlag.

Tollefson, J.W. (1991). *Planning Language, Planning Inequality*, Longman, London.

Trask, R. L. (1996). *A Dictionary of Phonetics and Phonology*. New York: Routledge.

Trask, R. & Mayblin, B. (2000). *Introducing Linguistics*. Cambridge: Icon Books.

Trask, R. L. (1996).*Historical Linguistics*, London: Arnold.

Trousdale, G. (2010).*An introduction to English sociolinguistics*. Edinburgh: Edinburgh University.

Trudgill, P. (1972).Sex, covert prestige, and linguistic change in the urban British English of Norwich. *Language in Society*,1,179-196.

-------------. (2000). *Sociolinguistics: An introduction to language and society*. London: Penguin.

Ucarlar, N. (2009). *Between Majority Power and Minority Resistance: Kurdish Linguistic Rights in Turkey*. Lund University.

Van Dijk, T. (1991). *Racism and the Press*. London: Routledge.

------------. (1993). *Analyzing Racism Through Discourse Analysis, some Methodological Reflections*. London: SAGE Publications.

--------------. (2006). Ideology and Discourse Analysis. *Journal of Political Ideologies*, 11(2), 115-140.

.................. (2008), *Discourse and Context: A Socio-cognitive Approach*. Cambridge: Cambridge University Press.

Van Leeuwen, T. (2008). Legitimation in discourse and communication. *Discourse and Communication*, 1(1), 91-112.

----------. (2008b). *Discourse and Practice: New Tools for Critical Discourse Analysis*. New York: Oxford University Press.

Veisbergs, A. (2010).Development of the Latvian Language, Purism and Prescriptivism.*Linguistic Studies in Latvia*,Vol. 18, Issue 1.

Venuti, L. (Ed.) (1992). *Rethinking translation; discourse, subjectivity, ideology*. London: Routledge.

.----------- (1998).*The Scandals of Translation. Towards an Ethics of Difference*. London & New York: Routledge.

------------. (2004). *Translation, community*, utopia. In L. Venuti (Ed.), Translation studies reader (2nd ed, pp. 482-502). London, England: Routledge.

Virtanen, Ö.E. (2003).*Recent Changes in Turkey"s Language Legislation*. Ciemen Mercator. (Escarré International Centre for Ethnic Minorities and Nations) Working Papers 11.

Viswanathan, G. (1989). *Masks of conquest: Literacy study and British rub in India*. New York: Columbia University Press.

Wardhaugh, R. (2005), *An Introduction to Sociolinguistics*. London: Blackwell.

Weinreich, U. (1953). *Languages in Contact: Findings and problems*. New York: Publications of the Linguistic Circle of New York.

Wintergerst, A. C, & McVeigh, J. (2011). *Tips for teaching culture: Practical approaches to intercultural communication*. White Plains, NY: Pearson Longman.

Wodak, R. (2012).*Politics as Usual: investigating political discourse in action*,Edited ByJames Paul Gee, Michael Handford.New York: Routledge.

Wolfram, W. & Schilling-Estes, N. (2006). *American English*. Oxford: Blackwell.

Woods,N. (2006).*Describing Discourse: A Practical Guide to Discourse Analysis*.London.

Woolard, K. A. (1994). Language Ideology. *Annual Review of Anthropology*, 23, 55-82.

Yule, G. (2000). *Pragmatics*. Oxford: University Press.

--------- (2010). *The Study of Language*. Oxford: Oxford University Press.

Zentella, Ana Celia. (1997). *Growing Up Bilingual*. New York: Blackwell.

Zipf, G.K. (1949). *Human Behavior and the Principle of Least Efsort. Cambridge*: AddisonWesley.

**Persian an Kurdish References:**

احمدیان، قدرت و محمد کریم محمدی (1397). «نظریه تاریخ ترک و زبان خورشید»؛ خوانشي گفتماني از هويت ملي كماليستي. مجله مطالعات ملی، 20 (1)، 78-59.

اردبیلی، لیلا (1391). منشأ پیدایش زبان از دیدگاه شناختی، لیلا اردبیلی، سایت انسان‌شناسی و فرهنگ، anthropologyandculture.com.

آقاگل‌زاده، فردوس (1390). «آسیب‌شناسی تحقیقات تحلیل گفتمان انتقادی در ایران». مجموعه مقالات نخستین هم‌اندیشی تحلیل گفتمان و کاربردشناسی. تهران: نویسه پارسی، 22-11.

آقاگل‌زاده، فردوس (1391). زبان‌شناسی حقوقی نظری و کاربردی، تهران: نشر علمی.

آقاگل‌زاده، فردوس (۱۳۹۴). زبان‌شناسی کاربردی و مسائل میان‌رشته‌ای، تهران: نشر علمی.

آقاگل‌زاده، فردوس (1392). فرهنگ توصیفی تحلیل گفتمان و کاربردشناسی، تهران: نشر علمی.

بازافکن، محمد (1401)، واکاوی فرایندهای دیگری‌سازیِ کورد در برساخت گفتمانی ایران، رساله دکتری، دانشگاه تربیت مدرس تهران.

چنگیزی، احسان (1395). فرهنگ توصیفی دستور تاریخی، تهران: نشر علمی.

خانلری، پرویز (۱۳۴۸). تاریخ زبان فارسی. تهران: بنیاد فرهنگ ایران.

دبیرمقدم، محمد (1392). رده‌شناسی زبان‌های ایرانی. تهران: سمت.

دبیرمقدم، محمد (1393). زبان‌شناسی نظری: پیدایش و تکوین دستور زایشی، ویراست دوم. تهران: سمت.

راسخ‌مهند، محمد (1393). فرهنگ توصیفی نحو، تهران: نشر علمی.

راسخ‌مهند، محمد (1394). فرهنگ توصیفی مکاتب زبان‌شناسی، تهران: نشر علمی.

رسولی، حسین؛ رضا دهقانی و علیرضا کریمی (1396). سیاست‌های زبانی پهلوی اول در کردستان و پیامدهای آن (با تأکید بر مدارس). فصلنامه مطالعات تاریخ فرهنگی، 8 (30)، 98-78.

زندی، بهمن (1393). زبان‌شناسی تربیتی به‌مثابهٔ حوزهٔ پژوهشی میان‌رشته‌ای. مجله مطالعات میان‌رشته‌ای در علوم انسانی، 6(4)، 69-51.

زینی‌وند، تورج و روژین نادری (1396)، ادبیات تطبیقی در الجزایر؛ از استعمار تا بهار سیاسی. دوفصل‌نامهٔ علمی ـ پژوهشی پژوهش‌های ادبیات تطبیقی، 3 (5)، 175-151.

زینی‌وند، تورج و روژین نادری (1398). امپریالیسم زبانی از دیدگاه نقدی عزّالدّین المناصره. نشریه پژوهش های بین رشته ای ادبی (ادبیات و پژوهش هاي میان رشته‌ای)، 1، (1)1، 202-181.

سورخی، ڕەحیم (2019) گوتاری جەوهەرخوازانەی تاکزمانی لە ئێران، گۆڤاری شیکارانەی کۆمەڵایەتی-سیاسیی تیشک 21(52)،79-57.

شورل، آیو (۱۳۸۹). ادبیات تطبیقی، ترجمه طهمورث ساجدی، تهران: انتشارات امیر کبیر.

شهریاری‌فرد، آذین (1396). مجموعه مقالات چهارمین همایش ملی زبان‌شناسی رایانشی، تهران، نشر نویسه پارسی.

شیروان، ژینوس (1386). امروزه زبان‌شناس بودن به چه معناست. پژوهشـنامه علوم انسانی: 1 (55)، 36 ـ 27.

صفوی، کورش (1392). زبان‌شناسی و ادبیات «تاریخچه چند اصطلاح»، تهران: نشر هرمس.

صفوی، کورش. (1394). معنی‌شناسی کاربردی، تهران: انتشارات همشهری.

صفوی، کورش (1395). فرهنگ توصیفی مطالعات ادبی، تهران: نشر علمی.

صفوی، کورش (1398). نوشته‌های پراکنده: دوازده گفتگو (جلد 7)، تهران: نشر علمی.

صفوی، کورش (1399). فرهنگ توصیفی فلسفۀ زبان، تهران: نشر علمی.

عبدالکریمی، سپیده (1393). فرهنگ توصیفی زبان‌شناسی شناختی، تهران: نشر علمی.

عبدالکریمی، سپیده (1396). درآمدی بر زبان‌شناسی اجتماعی، تهران: آوای خاور.

عظیمی‌فرد، فاطمه (1392). فرهنگ توصیفی نشانه‌شناسی، تهران: نشر علمی.

غفارثمر، رضا (1396). مبانی جامعه‌شناسی زبان. تهران: انتشارات دانشگاه تربیت مدرس.

فرح‌زاد، فرزانه (1394). فرهنگ توصیفی مطالعات ترجمه، تهران: نشر علمی.

فکوهی، ناصر (1386). نقش زبان و هویت‌های قومی و محلی در توسعه نظام آموزش عالی، مطالعات فرهنگی و ارتباطات، 9 (3)، 160-127.

فکوهی، ناصر (1396). یکسان‌سازی و خطرات آن. ماهنامه فرهنگی-اجتماعی ژیلوان، 10 (10)، 15-11.

فکوهی، ناصر (1397). ایرانشهری بزک ایدئولوژی‌های فاشیستی، مجله خردنامه همشهری، 173 (173)،27-19.

فیروزی، علیرضا؛ مصطفی صادقی و ایمان میرمرتضوی (1397). نگاهی بر وضعیت کنوني زبانشناسي زیستي. مجله زیست‌شناسی ایران، 2 (3)، 121-112.

قطره، فریبا (1396). واژه‌نامه توصیفی فرهنگ‌نویسی، تهران: نشر نویسه پارسی.

کالوه، لویی، ژان. (1379). درآمدی بر زبان‌شناسی اجتماعی. ترجمۀ محمدجعفر پوینده. تهران: انتشارات نقش جهان.

کرد زعفرانلو کامبوزیا، عالیه (۱۳۹۲). واج‌شناسی؛ رویکردهای قاعده بنیاد. تهران: سمت.

کلان، امیر (2018). چه کسی از آموزش چندزبانه می‌هراسد؟ ترجمۀ هیوا ویسی، نسخۀ دیجیتالی فارسی.

گندم‌کار، راحله (1399). فرهنگ توصیفی معنی‌شناسی، تهران: نشر علمی.

مارتینه، آندره (1393). مبنای زبان‌شناسی عمومی (اصول و روش‌های زبان‌شناسی نقش‌گرا). ترجمه هرمز میلانیان. تهران: انتشارات هرمس.

مجله هفته مونترال (1400). فارسی شکر نیست، https://hafteh.ca/canada.

محمدی، ابراهیم و حسن امامی (۱۳۹۰). کارکردهای ترجمه در حوزۀ ادبیات ملل (با تاکید بر ادبیات فارسی و عربی). فصل‌نامه مطالعات ترجمه، 9 (33)، ۲۲،۹-7.

محمدی، امیر (1400). تاریخ لیلاخ: پیش از تاریخ تا دورۀ معاصر، سنندج: انتشارات دانشگاه کردستان.

محمودزاده، کامبیز (1394). فرهنگ توصیفی زبان‌شناسی کاربردی، تهران: نشر علمی.

مدرسی قوامی، گلناز (1395). فرهنگ توصیفی آواشناسی و واج‌شناسی، تهران: نشر علمی.

میرزائی، آزاده (1400). فرهنگ توصیفی زبان‌شناسی پیکره‌ای، تهران: نشر علمی.

میرزایی، فرامرز و سید اسماعیل قاسمی‌موسی (1392). «تصریح ضمایر جنسیتی» در ترجمه محمدرضا مرعشی پور از رمان «راه» نجیب محفوظ. مجله پژوهش های ترجمه در زبان و ادبیات عربی، 3(9)،84-71.

میرمکری، منیژه (1399). بررسی فهم متقابل بین گویش‌های کُردی جنوبی و کُردی میانی در ایران. رساله دکتری زبان‌شناسی، دانشکده علوم انسانی، دانشگاه آزاد سنندج، صفحه 250.

میرمکری، منیژه؛ غلام‌حسین کریمی دوستان؛ یادگار کریمی و وحید غلامی (1398). قابلیت فهم متقابل بین گویش کُردی جنوبی و کُردی میانی (مطالعۀ موردی گونه‌های بدره‌ای و مهابادی). فصلنامه زبان‌شناسی اجتماعی دانشگاه پیام نور تهران جنوب، 2(4)، 87-67.

نغزگوی کهن، مهرداد (1384). اهمیت یافته‌های لهجه‌شناسی در زبان‌شناسی تاریخی. مجله زبان و زبان‌شناسی انجمن زبان‌شناسی ایران، 1 (1)، 128-115.

نغزگوی کهن، مهرداد (1394). فرهنگ توصیفی زبان‌شناسی تاریخی، تهران: نشر علمی.

نیلی‌پور، رضا؛ اکبر دارویی؛ مرتضی فرازی؛ حیات عامری؛ ابوالفضل صالحی و آذر مهری (1392). فرهنگ توصیفی آسیب‌شناسی گفتار و زبان، تهران: فرهنگ معاصر.

# Misconceptions About Language

**Adel Mohammadi, Ph.d.**

978-91-89818-27-9